# ولاتی بێ پایتەخت



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# وڵاتی بێ پایتەخت

محەمەد جەلیزادە



کتێب: وڵاتی بێ پایتەخت
نووسینی: محەمەد جەلیزادە
نووسیار: فەخرەدین ئامێدیان
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٦١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: حاجی دلاوەر
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٢٩٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# سەرگوزەشت

بەشێکی زۆری تەمەنم لە کۆڕەکانی باوکم و برادەرەکانیدا بەسەر بردووە؛ کە زۆربەیان نووسەر و مێژووزان و ئەدەبدۆست بوون. لە کوێش؟ لە بەغدایەکی سەردەمی تەبعیزدا کە هەمیشە بیر لەوە کراوەتەوە بۆچی کورد ئەوها بەدبەختە و بۆچی دەوڵەتی نەبووە؟ مەراقی هەرە گەورە، یەک پرسیار بوو: بۆچی سەر ناکەوین؟

لە سەرەتاوە حەزم لە داستان و چیرۆک بوو. داستانێکی فارسی هەیە بەناوی ئەسکەندەرنامە، پڕە لە پاڵەوانێتی و جەنگ و تەلەسم. کە منداڵ بووین، باوکم بۆ ئێمەی دەخوێندەوە و یەکسەر دەیکردە کوردی؛ وام دەزانی چیرۆکەکە بە کوردی نووسراوە. جگە لەوەش، لە چیرۆکەکەدا باسی ئەسکەندەر دەکات وەکو پاڵەوانێکی موسوڵمان کە غەزای کافران دەکات. لە پۆلی سێی سەرەتایی بووم بۆ یەکەم جار ئێمەیان برد بۆ کتێبخانەی خوێندگەکە. کتێبێک لە چاوم چەقی بەناوی «الاسکندر الاکبر». ڕانەوەستام تا دەگەمەوە ماڵێ، بەڵکو هەر لەوێدا دەستم پێکرد بیخوێنمەوە؛ بەڵام یەکسەر تووشی سەر سوورمانێک بووم. ئەو ئەسکەندەری کتێبخانەکە وەکو ئەسکەندەرەکەی «ماڵێ» نەبوو؛ نە موسوڵمان بوو؛ نە فارس بوو؛ نە پیریش بوو؛ بەچەشنی نیگارەکانی نێو ئەسکەندەرنامە. خودایە چییە مەسەلە؟ لەماڵێ پرسیار دەستی پێکرد *بابە کامەیان ڕاستە؟*

*کوڕم ئەوەی خۆمان چیرۆکە نەک ڕاستی.*

*باشە، کە ئەسکەندەر دوژمنی فارس بووە، ئەدی چۆن لە ئەسکەندەرنامەدا فارس دەیکەنە پاشای خۆیان؟*

*کوڕم شتی ئەوها زۆر دەقەومێ.*



لەو کاتەوە مەراقێک پەیدا بوو؛ فارس چۆن توانییان دوژمنی خۆیان بکەنە لایەنگر؟ تەنانەت بە نەوەکانی خۆیان بڵێن کەوا ئەسکەندەریش لەخزمەت ئێران و ئیسلامدا جەنگاوە؟ ئەسڵەن چۆن توانییان ناوی ئەو دوژمنەیان بەو جۆرە باس بکەن؟

چ ڕاستە و چ شتێک درۆیە... گەشتێکی دوور و درێژ لەگەڵ خوێندنەوەی مێژوو دەستی پێکرد کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. دواتر بۆم دەرکەوت کە شتی زۆر سەیرتر هەیە، ئێمە بە سەراوژێر تێیان گەیشتووین. لە نەوەتەکاندا ئەورووپایی و عەرەب وایان دەزانی هێڵی ٣٦ دیوارێکی دروست کردووە لەنێوان کورد و عەرەب؛ کەچی لە ڕاستیدا مووسڵ لە سەرووی ئەو هێڵە دابوو و سلێمانیش لە خوار هێڵەکە دابوو. کەواتە ڕاستییەکانی سەرزەمین وەک ئەوە نین کە لەسەر کاغەز دان. هەمان شتیش بۆ ئێمەی کورد بەخواری هاتوون ئەگەر ئێستا بڵێم ریچاردی شێردڵ ئێمە وامان بیستووە کە پاشای ئینگلیزە، کەچی دەرچوو لە بنەماڵەیەکی نۆرمان (ڤایکینگ) بووە کە لە ناوچەی ئەنژووی فەرەنسا حوکمی دەکرد، بە فەرەنسی قسەی دەکرد و زۆربەی تەمەنی بۆ گرتنی پاریس تەرخان کردووە و هەڵمەتی خاچیی کردووە بۆ ئەوەی خۆی بە پاریس و ڕۆما بسەلمێنێت و لە شەڕێکدا لەپێناو گەیشتن بە پاریس، بریندار بووە و مردووە و ئینگلستان هەندە بەخەیاڵیدا نەهاتووە و... هتد. شتی ئەوها لەمێژوودا زۆرن. گەنجی کورد تازە بە تازە شک لەوە دەکەن کە کاوەی ئاسنگەر کورد نییە؛ بەڵکو زوحاکە کە کوردە. پەلە مەکەن، شتی سەیرتر هەیە لە ناوئاخنی ئەم کتێبەدا کەوا ڕەنگە زۆر تێگەیشتە لەبەر چاومان سەراوژێر بینەوە.

کەسانێکیش هەن کە مەراقیانە بزانن «نووسەر لەگەڵ کێیە و دوژمنی کێیە»؛ یان خۆیان دادەنووسێن تاکو کەسێک ڕایەک دەدات، ئەوسا ئەگەر

دوژمن بێت ئەوان لێی دەبنە برادەر و ئەگەر دۆستانە بێت ئەوان لێی دەبنە دوژمن. بەداخەوە، رەنگە هەرگیز نەگەنە ئەو راستییە. تاکە داواشم ئەوەیە کە خوێنەر پەلە نەکات؛ بۆ نموونە ئەگەر گوترا ئینتیمای تورک لە ئینتیمای کورد بەهێزترە، یاخۆ ئەگەر گوترا فلان کردەوەی حەجحاج بە ناچاری بووە، ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ناوبراوەکان ١٠٠٪ ڕاست بوون یاخۆ دوژمەنەکانیان ١٠٠٪ چەوت بوون. نەخێر، شتێک نییە لەم جیهانەدا بێی بگوترێ ١٠٠٪ باش و ١٠٠٪ خراپ. دەبێ لەوپەڕی تەجەڕود خۆ بگرین. با لەبیر خۆمان ببەینەوە خەڵکی کوێین و ئینتیمای نەتەوەیی و دینی و سیاسیمان چییە. با وابزانین لە سەر هەسارەیەک دانیشتووین بەدووربین سەیری زەمین دەکەین.

رەنگە پرسیاریش بکرێ کە «ئایا ئەم نووسەرە وەکو باوکیتی؟» ئەم پرسیارە دەبێ خوێنەر بیداتەوە. لە راستیشدا تا مرۆڤ تەجەڕود دەکات لە تینی باوانی خۆی و لە هەڵکەوتنی زگماکی خۆی زۆری دەوێ، ناشتوانم حاشا بکەم لە هەبوونی ئەو کارتێکردنە؛ بەڵام شتێکی گرینگ هەیە دەبێ خوێنەر ڕەچاوی بکات: باوکم بەبێ مەبەست گرفتێکی بۆمن دروست کرد کە دەیگوت «نووسەر ئەو کەسەیە کە شتی دووبارەکراو باس ناکات». رایەکیشی هەبوو بەرانبەر شاعیران و نووسەران؛ بۆنموونە لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا ساڵی ١٩٨٥ گوتی «موتەنەبی» لە شیعردا و «عەققاد» لە نووسیندا لەو شوێنە هەنگاویان دەست پێ دەکات کە شاعیر و نووسەری دیکە هەناسەبڕکە دەبن تا دەگەنە ئەو ئاستە. جا وەرە شتێک بنووسە کە باوکێکی ئەوها ڕای لێ بێت.

ئەم کتێبە چۆن دەستی پێ کرد؟ لە هاوینی ١٩٩٣ بەغدام بەجێ هێشت بەرەو کوردستانێکی ئازادکراو؛ کەچی هەندەی نەبرد شەڕێک لێرە و هەرایەک لەوێ دەقەوما تاکو شەڕی ناوەخۆ هەڵگیرسا. لە پایزی ١٩٩٤ هەندێک شەڕەکە خامۆش بۆوە و یاڵڵا یاڵڵا ئاشتی بەرپا دەبێ، کەچی



هەر هەندەمان زانی توندتر هەڵگیرسایەوە. شەڕی راگەیاندن رۆڵێکی زۆر گەورەی هەبوو لە بەجۆش هێنانی شەڕ؛ ئەوە شتێکی ئاسایە. گرفتەکە لەو کەسانەدا بوو کە دەیانویست حیزبەکان ئاشت بکەنەوە. دەیان دیدار و سیمینار دەکران؛ باس باسی چینایەتی (هێڵە ئاسۆییەکانی کۆمەڵگە) بوو. کەس باسی ناوچەگەری و شارپەرستی (هێڵە ئەستوونییەکان)ی نەدەکرد.

لە زستانی ١٩٩٤-١٩٩٥ باری ئابووری لەوپەڕی سەختیدا بوو؛ لە شەوانی بێ کارەبا و بێ سووتەمەنی و بێ تفاقدا فیکرە هەڵدەکولان. لە خانوویەکی بلۆکدا -کە دوژمنی لەش و دەروونی ئینسانە- خەمی ناوەکی و دەرەکی بەسەرمدا دەباری. فیکرەیەک دەهاتە خەیاڵم، هەڵدەستامەوە دەمخستە سەر کاغەز. بەرە بەرە چوارچێوەی کتێبێک گەڵاڵە بوو. بۆ پرس و ڕا وەرگرتن نووسینەکەم پێشانی مامۆستا عبدالخالق علاءالدین دا. مامۆستای ناوبراو هاندەرێکی گرینگ بوو بۆ پەرەپێدانی نووسینەکە؛ بەڵام بەداخەوە هەندەی نەبرد بۆ هەندەران باری کرد. ساڵ بە ساڵ ناوئاخن و مادەی کتێبەکەم زیاد دەبوو تا وای لێ هات هەستم دەکرد نامەیەک لەنێو گیرفانمدایە دەبێ بە خەڵکی بگات؛ بەڵام نە لە خۆم و نە لە خەڵکم ڕا نەدەدیت بەئاسایی قەبوولی بکەن. لە ساڵی ١٩٩٨ دا بەشێکی ئەم کتێبەم لە گۆڤاری شانەدەر بڵاو کردەوە. وەک پێشبینی کرابوو هەندێک تەگەرە هاتنە پێش و بەباشم نەزانی خۆم تووشی سەرئێشە بکەم؛ بۆیە نووسینەکانم بەلاوە نا.

لە ساڵی ١٩٩٩ باوکم گەیشتبووە ٨٠ ساڵ و تووشی دەردی ئەلزیهایمەر ببوو. ڕۆناڵد ریگن پێشتر تووشی ببوو، ماوەی ١٠ ساڵ شاردیانەوە تاکو کەس بەو جۆرەی نەبینێت، کەچی خزم و کۆمەڵگەی ئێمە بەپێچەوانەی ئەوە رەفتاریان لەگەڵ ئەو نەخۆشییەدا کرد. هەندێکیان تاسەر ئەو فیکرەیان قەبووڵ نەکرد کە مسعود محمد «ڕەنگە» هەڵەیەک بکات؛

دەیانویست هەموو قسە و کردەوەکانی ڕاست بن. لە ڕاستیدا من لە ١٩٩٩ بە مردووم دانا، خەڵک هەیکەل و ئاکارێکی مردوویان دەدیت. ئیتر ئەو ٣ ساڵەی کۆتایی ژیانی زۆر ماندووی کردین تا ٢٠٠٢/٤/١ کە کۆچی دوایی کرد. سەبارەت بەمەرگیش، مامۆستا «عبدالله حسن زادە» قسەیەکی زۆر راستی فەرموو کە گوتی: «مامۆستا مەسعوود دەیگوت خۆزیا لینین ١٠ ساڵ درەنگتر مردبایە و خۆزیا ماو ١٠ ساڵ زووتر مردبایە؛ بەڵام خۆزیا خۆیشی دوو ساڵ زووتر مردبایە». بەڕاستی قسەکە تاڵە بەڵام لە هەمان کات ئەوپەڕی دڵسۆزی و پەرۆشی دەخات کە مامۆستا «عبدالله حسن زادە» هەبووی بۆ باوکم.

هەندەی پێ نەچوو ئاسۆی نێودەوڵەتی ئاڵۆز دەبوو و دیسان بۆنی خوێن هەواکەی کپ کرد؛ تا ڕۆژی پێش نەورۆزی ٢٠٠٣ کە جەنگ بەرپا بوو. دوای جەنگ، بۆ ماوەی دوو ساڵ و چەند مانگێک لە کەرکووک بۆ ڕێکخراوێکی مرۆیی کارم کرد و دەرفەتی نووسین و بیرکردنەوەی بۆ من نەهێشت. لە دوای هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥/١/٣١ باری کەرکووک و عێراق بەگشتی بەرەو هەڵدێر ڕۆیشتن و ئیشەکەمان چەندە سست بوو، سستتر دەبوو. لە لایەکی دیکەوە ئەژنۆم پێویستی بە نەشتەرگەری دەکرد. نەشتەرگەرییەکە منی ناچار کرد چوار مانگ لەنێو جێگە بمێنم. دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی بە سەرچاوەکانی کۆن و بە کتێبی نوێشدا بێمەوە تاکو کتێبەکەم ساغ بکەمەوە. ئەوجار بەخۆم گوت «ئەگەر بۆچوونەکانم ڕاستن، ئەوە باشە؛ دەنا ئەگەر ڕاست نین کەواتە تا کەی لەسەر باوەڕێکی چەوت لێ بخورم؟» ناوی خودام لێ هێنا و یاڵڵا.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ناوێک بۆ کتێبەکە، لەکاتی خۆیدا بیرم لەم ناونیشانانەی کردووەتەوە وەکو ئەوانەی خوارێ:

نێر و مێ

ئینتیما



میترۆپۆلیس

عەشیرەت و شار

شارپەرستی و عەشیرەتگەری

مێژوو بەگوێرەی ئینتیما

خۆبییاتی و ئوممەت

لە کۆتاییدا هەر گەڕاومەوە سەر ناوی یەکەم جار، وڵاتی بێ پایتەخت.

## ڕێ خۆشکردنێک بۆ تێگەیشتنی ئینتیما

وشەیەکی زۆر گرینگ لە زمانی کوردیدا هەڵکەوتووە: خۆبییاتی؛ لە زمانی دیکەدا وشەی پڕ بە پێستی ئەم واتایەم نەبیستووە. باوەڕم وایە کە خۆبییاتی شتێکە وەکو زەڕە، کە وزەیەکی تێدا شاردراوەتەوە و دەشێ بە خراپە و بە چاکە بەکار بێت. خۆبییاتی و ئینتیما دوو دیوی یەک دراون؛ دەشێ بگوترێ خۆبییاتی جۆرێکە لە «ممارسە»ی هەستی ئینتیما. ئەگەر ئینتیما تەنیا هەستەکە بێت و بەس، خۆبییاتی کۆمەڵێک ڕەفتار و رەوشت دەگرێتەوە هەر لە لایەنگرتنی «خۆبییەکان» تا دابونەریتی تایبەت بەو ئینتیمایە. پێوەرەکەش زۆر ئاسانە، هەر مرۆڤێک نەستێکی هەیە پێی دەڵێ «کێ لە خۆمانە» ئەوە «خۆبییە» و ئەگەر کەسێک باسیان بکات بە خراپە، یەکسەر دەشێوێ. جا هەیە بە شارەکەی دەشێوێ، هەیە بە دینەکەی هەڵدەچێ. بەوە یەکسەر دەتوانین بزانین کە ئینتیمای ئەم مرۆڤە بۆ ئەو لایەنەیە.

بەرنامەیەکم دیت دەربارەی مافیاکانی ئەمەریکا. باسیان دەکرد کە پیاوی مافیا ئەگەر برادەرێک بهێنێتەوە و بڵێ «ئەوە برادەری خۆمە» تێ دەگەیشتن کە دەبێ لێی وریا بن. دەنا ئەگەر بڵێ «ئەوە برادەری خۆمانە» یەکسەر تێ دەگەیشتن کە بۆتە ئەندامی مافیاکە. کە ئەوەم دیت گوتم جا چ پێویست بە مافیا و ئەم قسانە دەکات؟ خۆبییاتی کوردەواری بەبێ دەمانچە و جانتای دۆلار هەموو دەزانن وشەی «لە خۆمانە» چ دەگەیێنێ؛ ئەوەیە خۆبییاتی.

کە دەگوترێ ئینتیما، ڕەنگە یەکسەر سەرنجمان بۆ کوڵن ولسۆن بچێت؛ ناوبراو لە سەرەتای کتێبە ناودارەکەی «اللامنتمی»دا باسی یەکێک دەکات، دەڵێ: «*گەنجێک لە هیچ شتی کەم نەبوو؛ واش هەر هەستی*



*دەکرد شتێکی کەمە وەک بڵێی پێویستی بەقەرەبوویەکی دەروونی دەکرد.*»
لە ڕاستیدا ئەم جۆرە هەستە، نەک هەر لە چەند مرۆڤێکدایە، بەڵکو هەندێک کۆمەڵگەی سەرلەبەر ئەو هەستەیان تێدایە، وا دەزانن لە خەڵکی دیکە شایستەترن و پێویستییان بە دڵدانەوە و قەرەبووی «مادی، دەروونی» هەیە؛ چونکە مەسەلەکە بووەتە بەشێک لە ئینتیمای ئەو کۆمەڵگە.

لەم کتێبەدا ئینتیما وەکو فاکتەرێکی زیندوو دێتە بەر چاوان؛ لەنێو ئەندامانی هەر کۆمەڵگە و نەژادێکدا هەیە، رەوشت و رەفتاریان کۆنترۆڵ دەکات و تایبەتمەندییەکانی هەر نەتەوەیەک بەخۆوە دەگرێت. وەک چۆن جان جاک ڕۆسۆ ژیانی گەل بە ژیانی مرۆڤ دەچوێنێت کەوا قۆناغی منداڵی، گەنجی، پیری هەیە. ئینتیماش لێرەدا هەمان ڕۆڵی هەیە؛ وەکوو بوونەوەرێکی خاوەن کار و کاردانەوە.

لەم کتێبەدا خەریکی دوو ڕەوتی کۆمەڵایەتی جودا دەبین؛ یاخۆ بڵێیم دوو جۆر خۆبییاتی. یەکەمیان، عەشیرەتگەری (خۆبییاتیی نێر)؛ ئەمە لە زۆر شوێندا باس کراوە. دووەم، شارپەرستی (خۆبییاتی مێ)؛ ئەمەیان بەدەگمەن باس کراوە و بەڕای من ئەگەر بە چاک بێت یان بەخراپ، شارپەرستی لە ناوئاخنەکانی مێژوودا ڕۆڵێکی زۆر گەورەتری هەبووە.

لە هەر شێوە ژیانێک کە پێویستییان بە دەست و بازوو بێت، بێگومان پایەی ئافرەت کەم دەبێتەوە. نموونەی بێ ژمار هەن لە تێکڕای کیشوەرەکاندا کە ئافرەت وەکو رەشەوڵاغ مامڵەتیان لەگەڵدا دەکرێت و لە بچووکترین تەگەرەدا دەکوژرێن و فڕێ دەدرێن؛ وەکو کۆنە شمەکی نێو ماڵ. بە پێچەوانەی ئەوە، ژیانی نێو شارە، کە لەوێدا نرخی دەست و بازوو کەمتر دەبێتەوە، لەوێدا پایەی ئافرەت و مێیەتی بەرز دەبێتەوە. ڕەنگە هەندێک جار بەڕادەیەک بەرز بێتەوە کە ئافرەت و مێیەتی بپەرسترێن و

هەرچی پێی دەگوترێ «نێرەتی و ماسوولکە» نەفرەتیان لێ بکرێت. دەبینین وا لە هەندێک کۆمەڵگەی ئەورووپاییدا یاساکان و ڕەوتی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەموویان بە لای ئافرەت دان؛ لە ئافرەتیش تێ دەپەڕێت بەرەو منداڵ و هەرزەکار (بەتایبەتیش کچ). تەنانەت دەڵێن «*منداڵ، ئافرەت، سەگ، ئینجا پیاو*».

هەر وڵاتێک هەوایەکی تایبەتیی هەیە. لە وڵاتی گەرمدا ئافرەت زوو پێدەگەن و زووش پیر دەبن. لەهەمان کاتدا هەستی جینسی بەهۆی گەرماکە زۆر توند دەبێت. هەمووش دەزانین کە پیاو لەپاش جیماعدا بێز لە ئافرەت دەکەن؛ ئەوە حیکمەتێکی تێدایە. جا لە وڵاتی گەرم و تۆزاویدا هەم مەیلە جینسییەکە توندترە و هەم بێزەکەی پاش جیماع توندتر دەبێت. کەچی لە وڵاتی فێنکدا ئافرەت درەنگتر پیر دەبن، مەیلە جینسییەکەش بەو ڕادە شێتانە نییە؛ وێڕای ئەمەش، پیاو بەو ڕادە بێز لە ئافرەت ناکەن، چونکە هەواکە گەرم و تۆزاوی نییە تاکو ئەو هەموو چڵک و ئارەقە و بۆگەنی لە لەشی ئافرەتدا دروست بکات. جا دەبینین لەبەر شتێکی ئەوها بچووک، ڕەوتی کۆمەڵایەتی جودا و ئوممەت و کولتووریی جودا لەسەر رووی زەمین پەیدا بوونە. فەرموون بەراورد بکەن لەنێوان خێزانێکی ڕووس لەگەڵ خێزانێکی بیابانە ئاگرینەکەی عێراق. ئەم شتە بچووکە، ئەو جیاوازییە زلەی پەیدا کردووە لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا.

با خوێنەر سەیری پێ نەیەت؛ چونکە شتی گەورە لەئەسڵدا لە شتی بچووکەوە پەیدا دەبن. بۆنموونە، ئەم هەموو جیهانە زلەی دەوروبەرمان لەناخدا بریتییە لە چەند ئەلیکترۆن و پرۆتۆن و نیۆترۆنێک. مرۆڤیش لە بچووکترین ناوئاخنەکانی هەست و نەستی خۆیدا شتی زۆر گەورەی بنیات ناوە؛ بەڵام ئێمە زۆربەی جار چاومان بە شتی زل هەڵدەفرێت؛ باسی هەرەمەکانی میسر بکە. هەندێک کەس وا دەزانێ پاڵەوانی چوارشانە هەرەمەکانیان دروست کردووە. لە راستیدا مرۆڤی باریک و لاواز وەکو



مێروو دەیان ساڵ کاریان کردووە تا ئەو کارە بێ چەشنەیان ئەنجام داوە؛ باسی ئەمەریکا بکە، دەڵێن «کاکە ئەمەریکا زۆر گەورەیە، چونکە چەکی زۆر گەورەی هەیە» لەراستیدا هێزی ئەمەریکا لەوەدایە کە هەندێک شتی زۆر بچووکی هەیە وەکو گەنم و برنج و دەرە و پێپسی؛ باسی ئیمپراتۆریەتی رۆم و تورک بکە، وا دەزانن ئەوانە هەموو زەبەللاح و شەڕکەری ترسناک بوون بەچەشنی «عدنان قیسی و محمد علی کلەی»، کەچی لەراستیدا سەربازەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتانە زۆر لە دوژمن دەترسان؛ بۆیەش لە بچووکترین بەرەنگاریدا یەکسەر شەڕی مان و نەمانیان دەکرد؛ واتە «ترس» ئەم ئیمپراتۆریەتانەی دروست کرد نەک عەنتەر و هەمزاغایەکی چاونەترس. ئێستا و ئێستاش ئەم راستییەمان هەزم نەکردووە کە باسی تورک دەکرێت کوردەکە دەڵێ «کوڕە تورک چییە؟ یەک پخخەیان لێ بکەی هەڵدێن؛ بەڵام چ بکەین دەوڵەت و سوپایان هەیە». ئاخر برام هەر ئەو ترسەیە -کە من و تۆ نیمانە- دەوڵەت و سوپای دروست کردووە.

نموونەیەکی تر سەبارەت بە مەسەلەی شتی گەورە و شتی بچووک. سیستەمی ئابووریی ئەم جیهانە گەورەمان ئێستا لەسەر نرخی زێڕ وەستاوە. ئەگەر بپرسین بۆچی؟ رەنگە زۆر کەس بڵێت: ئاخر زێڕ زۆر گرینگە، زێڕ زێڕە. وا دەزانن خۆی ئەو نرخەی هەیە، نەک دەروونی من و تۆ ئەو نرخەی دابێتێ. دەبا هەندێک بیر لەم خاڵە بکەینەوە. ئایا زێڕ چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟

١- مادەیەکی جوانە و بەتریسکەیە؛ نە ژەنگ هەڵدێنێت و نە ڕەنگی دەگۆڕێ؛

٢- پان و درێژ دەکرێتەوە (قابل للطرق والسحب Flexible)؛

٣- باشترین گەیێنەری کارەبایە.

باشە، ئایا نرخی زێڕ بەهۆی ئەوە پەیدا بووە کە باشترین گەیێنەری کارەبایە؟ نەخێر؛ چونکە پێش دۆزینەوەی کارەبا، زێڕ هەمیشە گرینگ بووە. ئەدی بەهۆی ئەوەیە کە پان و درێژ دەکرێتەوە؟ نەخێر؛ چونکە زۆر مادەی دیکە هەمان خاسییەتیان هەیە. مایەوە سەر ئەوەی کەوا زێڕ نەگۆڕە و جوانییەکی هەمیشەیی هەیە. ئەمەش خاڵی هەرە گرینگ پەیدا دەکا کەوا زێڕ چاوی ئافرەت هەڵدەفرێنێت. ڕەنگە بگوترێ چاوی ئافرەت کوجا مەرحەبا لەگەڵ سیستەمی ئابووریی جیهان و بانکەکانی سویسڕا و سیاسەتی ئەمەریکا و ڕووسیا و بۆمبی ئاتۆمی و تیشکی لێزەر و ئەم قسە قەبانە. جا دیسان دەگەڕێینەوە سەر هەمان خاڵ؛ تێکڕای ئەو شتە زلانە لەسەر ناوئاخنێکی بچووکی دەروونمان دروست کراون. هەر ئەو شتە بچووکانەشن وا دەکەن ئەو جیاوازییە گەورە هەبێت لە نێوان شێوەژیانی رووس و عەرەب و... کەواتە ئەگەر بخوازین لە گرفتەکانی خۆمان بگەین، پێشتر دەبێ عەیبە بچووکەکانی کۆمەڵگەکەمان دەستنیشان بکەین.

یاسای خودا، یاخۆ وەکو مامۆستا هێمن گوتوویەتی «قانوونی تەبیعەت» لەم سروشتەدایە کە دەیبینین. بە تەلسکۆپ سەیری ئاسمان دەکەین دەبینین ئەستێرەی ئاگرین کە ملیۆن جار لە خۆرەکەی ئێمە گەورەترن ئەوانە لە دەوری تۆپەرەش Black Halls دەسووڕێنەوە و هەڵدەمژرێن و دەتوێنەوە. بەماکرۆسکۆپ سەیر دەکەین، دەبینین تۆو هێرش دەکەن بۆ هێلکە، بەشەڕەکەللە ڕێگەی خۆیان دەکەنەوە و پەردەکە هەڵدەدڕن بۆ نێو هێلکەکە و دەتوێنەوە؛ بەوەش ژیانێکی تازە پەیدا دەبێت. هەمان شت لە ڕاڕەوی مێژوودا رووی داوە کەوا نێر هێرشی بۆ مێ کردووە و بە تۆبزی پێی گەیشتووە و پابەندی ژیانێکی تازەی کردووە. کۆمەڵگەکانیش هەمان جم و جۆڵیان هەبووە، خەڵک لە کۆمەڵگەی عەشایەری (نێر) بەرەو کۆمەڵگەی شارستانی (مێ) رۆیشتوون. لەوێدا بەخۆشی بووبێت یان بە ناخۆشی، سنووری شاریان بەزاندووە و زۆر جار خوێنیش رژاوە؛ بەڵام



دواتر پیتاندن و توانەوە و ژیانێکی نوێ (ئینتیمایەکی زیندوو) هاتووەتە کایەوە.

دەشێ ناوچەکانی جیهانمان دابەش بکەین بۆ دوو جۆر «خاکی بدەر» ، «خاکی وەرگر» . خاکە بدەرەکان واتە هەرێمەکانی «بیابان، شاخ، لەوەڕگە و چۆڵ» سامانی مرۆیی لەوانەدا دەچۆڕێتەوە بۆ خاکی وەرگر. کەچی هەرێمە وەرگرەکانی وەک «هەرێمی کشتوکاڵی، وڵاتی شارستانی و ئاوەدان» ئەوانە خەڵک روویان تێ دەکەن. ئێستا ئەورووپا و ئەمەریکا نموونەی هەرە گەورەن بۆ خاکی وەرگر (هێلکە- مێ). لەمسەر ئەوسەری جیهانەوە سامانی مرۆیی روویان تێ دەکەن؛ جاران وڵاتی شارستانی هەبوون وەک هیندستان، ئێران، عێراق، میسر، ئەوانە هەزاران هێرشی عەشایەرییان بەسەردا گەڕاوە. هەندێک جار ئەو پیتاندنەی نێوان عەشیرەت و شار ئەنجامی باشی دەبوو، تۆوەکە هێلکەکەی دەپیتاند و بوونەوەرێک لەسەر شێوەی کۆمەڵگەیەکی زیندووی خاوەن ئینتیما دروست دەبوو. هەندێک جاریش پیتاندن رووی نەدەدا. جار هەبووە تۆوەکە هێلکەکەی مراندووە، جار هەبووە هێلکەکە تۆوەکەی مراندووە. جاریش هەبووە هێلکە و تۆو لە پەنا یەک ژیاون، بەڵام بەبێ تێکەڵاوی و ئینتیگرێشن (Integration)، بوونەوەرێک پەیدا بووە کە پێیان دەگوترێ خەڵک نەک گەل. جیاوازیش لەنێوان «خەڵک» و «گەل» ئینتیمایە. لەمیانی ئەم کتێبەدا دەزانین هەبوون و نەبوونی ئینتیما چ کارێک لە چارەنووس دەکات.

محمد جەلیزادە

بەهاری ٢٠٠٦ – هەولێر

# هەندێک خەڵک و خاک

لە جەنگی جیهانیی دووەمدا هەر هەندە پاریس گیرا، فەرەنسییەکان پابەندی حوکمی هیتلەر بوون. ئەوانەی دواتر بەرهەڵستی نازییەکانیان کرد وەکو کۆمونیستەکان و لایەنگرانی جەنەراڵ دیگۆل، ڕێژەیەکی کەمی گەلی فەرەنسا بوون؛ تەنانەت چەندە فەرەنسی دژی نازییەکان وەستاون، هەندەش لە فەرەنسییەکان لەگەڵ نازییەکان تێکەڵ ببوون؛ بۆ نموونە ٣٠٠ چەکدارێکی فەرەنسی لەبەرلین پاش مردنی هیتلەر بە چەند ڕۆژێکیش چەکیان بۆ رووس دانەدەنا. مەبەست ئەوەیە کە ڕێژەی هەرە گەورەی گەلی فەرەنسا پابەندی حوکمەتە نازییەکەی پاریس بوون.

بەپێچەوانەی فەرەنسا، وڵاتی وەک یۆگۆسلاڤیا و یۆنان ئەوانە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی کە ئەڵمان داگیری کردن، شەڕیان نەوەستاند. جا لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش کە «ئایا کام هەڵوێست باشتر بوو، هەڵوێستی فەرەنسییەکان یاخۆ هەڵوێستی یۆنانییەکان؟» ئێمەی خوێنگەرم ڕەنگە بەبێ سێ و دوو دەنگ بۆ شۆڕش و بەرهەڵستی بدەین؛ بەڵام دەبێ یەک شت بزانین کە سوپای ئەڵمان لە ئەسینا کشانەوە، یۆنانییەکان یەکسەر خۆ بەخۆ تێک بەربوون. هەمان ڕاستی لەگەڵ یۆگۆسلاڤیا دووبارە دەبێتەوە؛ بە یەک جیاوازی: یۆگۆسلاڤیا یەکسەر ئازاد نەبوون تاکو تێک بەربن بەڵکو زوو کەوتنە بەر ڕکێفی دیکتاتۆرییەت (دیکتاتۆریەتی تاکەکەس وێرای دیکتاتۆریەتی عەقیدەیەکی حەددی) تا نەتەوەکان لەگەڵ یەکەم دەرفەتی ئازادی، یەکسەر کەوتنە گیانی یەکتر. بێگومان ئێستا تێڕوانینەکەمان دەگۆڕێت و یەکسەر ناڵێین «یۆنان باشە و فەرەنسا خراپە»؛ چونکە هەر نەبێ فەرەنسییەکان یەکتریان نەکوشت. دەبێ ئەم مەسەلە چ بێت؟



ماکیاڤیللی لە «میر»دا شتێک ڕادەگەیێنێ بەواتای «دوو جۆر دەوڵەت هەن، یەکەمیان سوپای نیزامیی هەیە؛ ئەوانە بە سەختی داگیر دەکرێن؛ بەڵام کە داگیر کران ئەوسا بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێن. دووەمیان دەوڵەتی خاوەن میلیشیا و چەکداری بەکرێگیراو، ئەوانە بە ئاسانی داگیر دەکرێن؛ بەڵام هەڵدەگەڕێنەوە و بە سەختی کۆنترۆڵ دەکرێن».


ئایا مەسەلەی جیاوازی نێوان فەرەنسا و یۆنان دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی سیاسی و جۆری سوپاکانیان؟ خۆ بەبێ ئەوەی یەخەی فەرەنسا و یۆنان بگرین، ئەوەتا عێراقەکەی خۆمان سوپایەکی نیزامی و سیستەمێکی مەرکەزی هەبوو کەچی بەپێچەوانەی قسەکەی ماکیاڤیللی خۆی نواند. هاوپەیمانەکان بە مانگێک داگیریان کرد کەچی کۆنترۆڵ ناکرێت و ناکرێت. ئایا بۆچوونەکەی ماکیاڤیللی چەوت بوو؟ نەخێر، چەوت نەبوو؛ بەڵام دیارە فاکتۆرێکی دیکە لە ئارا دایە. هەر نەتەوەیەک جۆرە ئینتیمایەکی تایبەتی هەیە کە لە روحمی جیۆگرافیا و مێژووەکەیەوە هەڵکولاوە. فەرموون سەیری ئەو دوو وڵاتە بکەن.




پاریس لە جەرگەی هەموارترین شوێنی فەرەنسا دایە. لە سەردەمی ڕۆم گاڵەکان تێیدا دەژیان و پاریس مەڵبەندێکی سەربازیی بوو. لە ٢٥٠ ز بۆتە شارۆچکەیەکی مەسیحی. کە هێرشی

عەشایەری رۆما داگیری دەکات لە ٥٠٨ ز عەشایەری فەرەنک پاریسیان داگیر کرد. سەرۆکەکەیان کلۆڤیس، ژنێکی لەوان هێناوە و لەسەر دەستی ئەو بۆتە مەسیحی ئەوە نیشانەی پێتاندن و ئینتیگرێشنە لەنێوان عەشیرەت و شاردا. دەوڵەتی فەرەنک وەکو هێزێکی گەنج لەجەرگەی ئەورووپا سەری هەڵدا. پاش چەند سەدەیەک جموجۆڵی سەربازی و شەڕی ناوچەگەری، لە ٩٨٧ کۆنتی شارەکە (بەهۆی شارەکە) بووەتە پاشای هەموو فەرەنسا. سەدە لەدوای سەدە خەڵکی هەموو ناوچەکان روویان تێ کردووە و تواونەوە و ئەو لەهجەی خەڵکی پاریس بەکاریان هێناوە، بووەتە زمانی گەلێکی یەکگرتوو کەوا بەتوندی ئالوودەی پایتەختەکەیەتی. پاریس پایتەختە و قیبلەیە و مەڵبەندی دەسەڵاتە و هەموو شت«کە بۆ فەرەنسا و بەڕای من، تا شکستی ناپۆلیۆن لە ١٨١٥ز فەرەنسا گەورەترین و کاریگەرترین دەوڵەت و هێزی ئەورووپا بووە. سەبارەت بە پایتەختەکەشی، نەبیستراوە کە ڕۆژێک لە رۆژان پایتەخت بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

بەپێچەوانەی ئەوە، شارە یۆنانییەکان لە دەوراندەوری دەریای ئیجەدا پەیدا بوون؛ واتە سەنتەری وڵاتەکەیان دەریایە. لە دەوریدا دەیان پایتەختی ناوچەیی هەبوو کە هەریەک شێوەزمانێک و ئینتیمایەکی






تایبەتی دەنواند. مێژووی کۆنیشیان بریتییە لە خۆبەخۆییەکی بێهودان؛ مەگەر لە ڕقی داگیرکەرێک یەکتریان گرتبێت، دەنا -کورد ئاسا- هەر کاتێک دوژمنی دەرەکی نەمابێت زۆربەی جار دووبەرەکی ساز بووەتەوە.

خاڵی هەرە گرینگ لە جیاوازی نێوان ئەم دوو وڵاتەی پێشوو ئەوەیە یەکیان (فەرەنسا) وڵاتی سەنتەردارە کۆنترۆڵکردنی پایتەخت یەکسەر دەکێشێتەوە سەر کۆنترۆڵکردنی تێکڕای وڵاتەکە؛ کەچی ئەو ناوچانەی کە یۆنانییە کۆنەکان تێدا ژیاون، سەنتەریان نییە و ئەگەر نیوەی داگیر بکرێت نیوەکەی دیکە پەکی پێ ناکەوێت. لێرەدا دەگەینە کاکڵی بابەتەکەمان لە دیارخستنی دوو جۆر وڵات.

١- *وڵاتی سەنتەردار: وڵاتێکە پایتەختی سروشتیی هەیە. ئەو پایتەختە یەکیەتیی ئینتیمای دابین کردووە بۆ خەڵکەکە. بۆیەش کۆنترۆڵکردنی پایتەخت دەکێشێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو وڵاتەکە.* بۆ نموونە، قاهیرە لە میسر، تاران لە ئێران، لەندەن لە ئینگلستان، توونس لە توونس، وارسۆ لە پۆڵەندا و... هتد.


٢- *وڵاتی بێ پایتەخت. وڵاتێکە چەندین پایتەختی ناوچەیی هەیە؛ بەڵام هیچیان یەکیەتیی ئینتیمایان بۆ خەڵکەکە دابین نەکردووە و بۆ ئەوەی بە داگیرکردنی وی تێکڕای وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکرێت* وەکو ئەڵمانیا، یەمەن، شام و لوبنان، ئەفغانستان، کوردستان و هتد.

تێبینی: شایانی گوتنە کە نەتەوە نوێیەکانی جیهان بەبەر ئەم راستییانە ناکەون. بۆ نموونە گەلانی هەردووک بەشی ئەمەریکا، ئۆسترالیا تا رادەیەکیش تورک ئەو گەلانە تەمەنیان گەنجە بۆیە بەبەر بۆچوونەکانی ئەم کتێبە ناکەون. ئێستاش با سەیری چەند نموونەیەک بکەین لە وڵاتی سەنتەردار.

## ١- میسر

ئەگەر هەستی ئینتیما بەگوێرەی بەڵگەنامە و مافی ئافرەت و پارە و ئافرەتی نیوە ڕووت بایە، دەبوو لوبنانی لە هەموو کەسێک یەککگرتووتر بووبان؛ چونکە ڕێژەی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و هونەرمەند بە دەیان جار لە خەڵکی میسر زۆرترە. کەچی خۆبییاتی (لە بەرگی شارپەرستی، تیرەپەرستی، ناوچەگەری، دین و مەزهەب) تەنگیان بەو بەهەشتەی لوبنان هەڵچنیوە. بەپێچەوانەش، میسری ئەگەر ملیۆنەها نەخوێندەواریان هەبێت، هەستی یەکیەتی ئینتیما براوەترین کارتیان بووە لە مێژوودا.

### سروشت




هەزاران شار و ئاوەدانی لەسەر ئەم نەخشەدا بڵاو بوونەتەوە؛ بەڵام تەنیا یەک ناوچەی شارستانیی هەیە کە بتوانێ هێڵەکانی بازرگانی و هاتوچۆ کونترۆڵ بکات؛ ئەوەش لە زارکی دەلتادایە کە نیل دەبێتە دوو بەش. باکوور ناتوانێ پێوەندی لەگەڵ باشووردا بکات بەبێ ناوچەی قاهیرە؛ چونکە ئەملا ئەولای ڕووبارەکە



بیابانی مردوون. ئەوانە سنوورێکی سروشتییان ڕەخساندووە بۆ ناوچە شارستانییەکان.

لە مێژوودا نەبیستراوە سوپایەک لەو بیابانانەڕا بەسەر خەڵکی میسر دابدات. بەڵێ ڕاستە پێوەندی لەگەڵ سوودان و حەبەشە هەیە؛ بەڵام هۆزێکی کۆچەر تا دەگاتە ناوچە شارستانییەکانی باکوور، بەدرێژایی نیل لە دەیان قۆناغدا نیشتەجێ دەبێت و شێوەژیانی کۆچەری دەگۆڕێتەوە بە شێوەژیانێکی وەرزێری. ئینجا هەمانە دەروازەی خۆرئاوای ئەسکەندەرییە بەرەو لیبیا. بەدرێژایی مێژووی زانراو، لەو قۆڵەوە تەنیا سێ جار هێرش بۆ میسر کراوە. یەکەمیان پێش زاینی مەسیح لەشکرێکی یۆنانی لە لیبیاوە هاتن. دووەمیان هێرشی فاطمییەکان کە لە توونسەوە هاتن و ٢٠٠ ساڵێک حوکمیان کرد (ئەمەیان لە هەموویان کاریگەرتر بوو). سێیەمیان هێرشی ڕۆمڵ تا نزیک ئەسکەندەرییە هات؛ بەڵام لە عەلەمێن شکا و ئیتر هیچ تینێکی نەبوو. کەواتە دەشێ بە باسکێکی پارێزراوی بزانین. تاکە دەروازەیەکی زەمینی کە ئاواڵە بێت. ناوچەی سوێسە، ئەوەش بەدرێژایی مێژوو لەشکرکێشی و جموجۆڵی عەشایەری بۆ میسر خوڵقاندووە. بەندەرەکانی سەر دەریای سپی وەکو ئەسکەندەرییە، ئەوانەش تا ڕادەیەک دەروازەیەک بوون بۆ هێرش و دەسەڵاتی دەرەکی وەکو ڕۆم و یۆنانی و دواتر ناپۆلیۆن و ئینگلیز.

ئینجا با باسی ناوچەکانی نێو میسر بکرێت. هیچ ناوچەیەک نییە لە میسردا پێشبڕکە لەگەڵ ناوچەی قاهیرە بکات لە بواری کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆ و پێوەندیدا. مەمفیس، عەسکەر، میسر، «*القاهرة المعزیة*»، هەر یەک لەمانە ناوی شارێک بوون کە تەنیا چەند کیلۆمەترێک لەوەی دیکە دوور بووە. هەمووشیان لە ناوچەی قاهیرە (زارکی دەلتای نیل) دامەزراون و لە ئەنجامدا هەموو بوونە بەشێک لە یەک شاری ١٢ ملیۆنی. بە کوردی و بە کورتی، ناوچەی قاهیرە کۆنترین مەڵبەندی دەسەڵاتی تێدا

هەڵکەوتووە لەسەر رووی زەمیندا؛ چونکە لە هەزاران ساڵەوە تا ئەمڕۆ پایتەختی میسر لە هەمان شوێن بووە، هەر جارە بە ناوێکی جودا.

## ڕەوشت

خەڵکی ئەسمەر لە باشوورێکی گەرمدا مەیلیان هەیە بۆ هەوای فێنک و پێستە مەیلەو سپییەکانی باکوور. ئەم بارە سایکۆلۆجییە ئارامییەکی ئابووری و سیاسیی دابین کردووە بۆ میسر؛ بۆ نموونە، پێش چەند هەزار ساڵێک «طیبە» (پایتەختی هەرێمی باشوور) تەراتینەی لەگەڵ مەمفیس کردووە؛ بەڵام بەڕای من چۆڕانەوەی سامانی مادی و مرۆیی لە باشوورێکی ئەسمەر و گەرم بەرەو باکوورێکی مەیلەو سپی و فێنک گومانی نەهێشتووەتەوە لە سەرکەوتنی مەمفیس[(١)].

ئینتیما بۆ قاهیرە مایەیەکی گەورەیە بۆ یەکیەتیی ئینتیمای میسرییەکان. شێوەزمانی قاهیرە ئەمڕۆ لە بواری ئەدەب و ڕاگەیاندندا پێشبڕکە لەگەڵ زمانی عەرەبی پەتیدا دەکات. سامانی مادی و مرۆیی لە تێکڕای ناوچەکان ڕوو لە قاهیرە دەکەن و لەئەنجامدا هەموو بە شاری خۆیانی دەزانن. بەوەش هەستی ئینتیمای هەموو خەڵکی وڵاتەکە بەتوندی ئالوودەی ئەو شارە بووە. بەڵێ لێرە و لەوێ هەندێک ئینتیمای تەسکی وەک عەشیرەتگەریی لادێییەکان و هەندێک شارپەرستی خەڵکی

(١) محمد حسين هيكل لە «خريف الغضب»دا دەڵێ: "سادات لە ڕەشپێستەکانی باشوور بووە و زۆر بە پەرۆشەوە ویستوویەتی ژنێکی سپی بێنێت. هەمان ڕاستی لەگەڵ نەفەرتیتی رووی داوە کە شازادەیەکی میتانی بووە و میسری ناویان لێ ناوە نەفەرتیتی (جوان گەیشت). هەمان ڕاستیش لە سەرگوزەشتەی حەزرەتی یوسفدا دووبارە بووەتەوە کاتێک ئافرەتی خانەدانی وڵاتەکە شەیدای ئەو گەنجە باکوورییە بووە. مەسەلەی رەش و سپیش پابەندی رەوتی گشتییە و ڕەنگە لە ئەسکەندیناڤیا بە پێچەوانەوە بێت، دەنا مەبەست لەوە نییە کەسێک لە کەسێک باشتر بێت.




ئەسکەندەرییە بەدی دەکرێن؛ هەروەها ئینتیمای ئوممەیی وەک ڕەوتی ئیسلامی و عەرەبی و کۆمۆنیستی و دیاردەی وەک ئەورووپا پەرستی و ڕەوتی ژنسالاری و رەوتی تریش هەن؛ بەڵام ڕەوتی نیشتیمانی- کە قاهیرە سەرلوتکەکەیەتی- هەموو رەوت و ئینتیماکانی دیکە ڕادەماڵێت.

ئینجا مەسەلەی حوکم و داگیرکەر دێتە پێش؛ فەرموون یەک نموونە بدۆزنەوە لە حوکمەتێکی «ناوەکی، دەرەکی» کە توانیبێتی ناوچەی قاهیرە کۆنترۆڵ بکات؛ ئەوسا دەبیسین، سەرتاسەری وڵاتەکە پابەندی ئەو هێزە بووە.

ئینتیما بۆ پایتەختێکی وەکو قاهیرە، نەک هەر میسری ڕاماڵیوە بەڵکو کاری کردووەتە سەر ئینتیمای هەرێمەکانی شام و عێراقیش. سەیری ئەم نەخشەیە بکەن؛ ناوچە دەسەڵاتی هەندێک لە دەوڵەتە میسرییەکانی تێدا دیارە و ئەگەر سنووری ڕەسمیش نەگەیشتبێتە ئەو ڕادە، هەرێمەکانی کە بە ڕەنگی تۆخ دیار کراون، لایەنگری میسر دەبوون. «جمال عبدالناصر» بانگەشەی بۆ بزووتنەوەیەکی ئوممەیی کرد. لە ڕاستیدا بەرژەوەندی نیشتیمانی خۆی پێش هەموو شتێک دانابوو. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەگەر یەکیەتییەکی عەرەبی بێتە دی، پایتەختی ئەم یەکیەتییە هەرگیز لە قاهیرە ناترازێت. هەرچۆنێک بێ، میسری بەو قۆناغەدا تێ پەڕین و وازیان هێنا کەچی یەمەن و شام و عێراق هێشتا ئەو دەهۆڵە دەکوتن؛ هەمان شت لە سەردەمی «*الحاكم بأمر الله*» (٥/٨/٩٨٥ز لەدایک بووە) ئەو خەلیفە دەمارێکی شێتیی هەبووە. هەر رۆژە کوشتار و ئاژاوەیەکی ناوەتەوە تا لەکۆتاییدا خوشکی خۆی «*ست الملك*» کوشتی و کەلەشەکەی بزر کرد. کەچی تا ئێستا دەرووزەکانی لوبنان بە «مهدي المنتظر» لە قەڵەمی دەدەن؛ گوایە لە ئاخیر زەماندا زیندوو دەبێتەوە.

پاش فاتمییەکان سەلاحەددین پەیدا دەبێت و میسر دەکاتە مەڵبەندی حوکمی خۆی.[1] دیسان دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی میسر تا مووسڵ و هەولێر و یەمەن و حیجاز دەڕوات. خوێنەر با سەیری تویکلەکان نەکات کە *«الحاکم»* شیعە بوو و سەلاحەددین سوننە بوو و *«عبدالناصر»* قەومی بوو؛ بەڵکو سەیری ناوچەی جەمسەرکێشی ئەوانە بکات کە چۆن دەستیان پێ کردووە و چۆن پاش نەمانیان خەڵکی وڵاتی دیکە وازیان لە دەهۆڵکوتانەکە نەهێناوە. ئەمە توانای راستەقینەی هەر وڵاتێک دیار دەخات بۆ راکێشانی ئینتیما و وەلائی دەوروبەر. لەگەڵ ئەوپەڕی رێزم بۆ هەموو هەستێکی دینی و مەزهەبی، بەڵام بەڕای من ئەگەر لێی ورد ببینەوە دەبینین ئەو کەسەی تا ئێستا «عبدالناصر» دەپەرستێ لەگەڵ ئەو



(١) سەیرم بەو کەسانە دێت کە تازە بە تازە رەخنە لە سەلاحەدین دەگرن گوایە دەبوو خزمەتی کوردستان بکات. ئەگەرچی بەڵگە زۆرن لە هەستی کوردێنیی سەلاحەدین، بەڵام دەبێ پرسیارەکە بەو شێوە بکرێت کە سەلاحەدین و پتۆلیمۆس و بیبەرس و دەیان تۆوی هەمە چەشن بەبێ «هێلکەکە»ی میسر چ دەبوون؟ دواتر باسی ئەم کەسایەتییە گرینگەی کورد دەکرێت.



کەسەی کە تا ئێستا «الحاکم بامر الله» دەپەرستێ، هەردووک یەک حاڵەتن. هەردووک ئینتیمایان بۆ میسر راکێشراوە (استقطاب کراوە).

محمد حسنین هیکل لە «الخریف الغضب»دا بەراوردییەکی کردووە لە نێوان میسر و ژاپۆن؛ دەڵێ کە ئەمریکا ژاپۆنی داگیر کردووە، وڵاتەکە زوو هەڵستاوەتەوە؛ کەچی لە میسردا داگیرکەر دەمانەوە و هتد. ناوبراو دەبوو بەراوردییەکە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری میسر کردبایە ئەوسا تێ دەگەیشتین میسر چ نیعمەتێکی جیۆگرافیی هەیە. باوەڕم وایە داگیرکەری راستەقینەی میسر ئەو دەوڵەتانەن کە پایتەختەکانیان لە دەرەوەی میسر بوونە؛ ئاشووری، فارس، رۆم، بیزەنتی، تورک، ئینگلیز. ئەوانە زلهێزی سەردەمەکانی خۆیان بوون کە نەک میسر، بەڵکو دەیان وڵاتی دیکەشیان داگیر کردووە؛ بەڵام بۆ نموونە، ئەسکەندەر و مەکەدۆنییەکان ٣٣٠ پ ز. داگیریان کرد. بەڵێ تێکەڵاوی و توانەوە بەباشی رووی نەدا ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ رەوشتی هێلینییەکان نەک بۆ سروشتی میسر (دواتر باس دەکرێت). بەڵام هەرنەبێ پایتەختەکەیان لەنێو میسر بوو و دەسەڵاتی میسریان گەیاندەوە شام و دەریای سپی. دەتوانین نموونەیەکی بچووک بێنینەوە لە جیاوازیی نێوان ئەو دوو جۆرە لە حاکمی بێگانە. سێر هارۆڵد ئیدریس بل[1] بەراوردییەکی کردووە لەنێوان دوو نامە (دوو عەریزە)؛ یەکیانساڵی ٢٤٣ پ.ز. لەلایەن فەرمانبەرێک لە هەرێمی میسری ناوەندەوە بۆ پتۆلیمۆسی سێیەم، نەوەی پتۆلیمۆسی گەورە، ناردووە کە لە ئەسکەندەرییە پاشا بوو دەڵێ:

*«بۆ پاشا پتۆلیمۆس. من ئەنتیگۆنۆس، سڵاو. من ستەمم لێ کراوە بەدەستی پاترۆن، بەرپرسی پۆلیس لە شاری تۆپارکی خواروو... هتد»*.

وەک دەبینین نامەیەکی کەم و پوختە؛ نە نیفاق و نە ترس لە ئارادایە.

(١) الهیلینیة في مصر ١٦٦.

کەچی نامەی دووەم فەرمانبەرێکی باشووری میسر دەینێرێ بۆ کارگێڕێکی بێزەنتی لە باکووری میسر ساڵی ٥٦٧ ی زایینی؛ واتە پاش ٧٠٠ ساڵ لە نامەی پێشوو کە پایتەخت لە میسر نەمابوو. ئەگەرچی دینی مەسیحی بڵاو ببووەوە و گوایە هەموو لەسەر یەک دینن؛ کەچی بزانن چ پاڕانەوە و ترس و نیفاقێک لەئارا دابووە.

*«بۆ فلاڤیۆس تیرادۆیۆس ماریانۆس میخائیل جوبرائیل کۆنستانتین تیۆدۆر ماتینۆس جولیانۆس ئاتەناسیۆس، رابەری ناودار و پاتریارکی پایەدار و شکۆدار کە بڕیاری بۆ دراوە لەلایەن حاکمی گشتی جوستین و دۆقی ئۆگۆستانەی هەرێمی «طیبە» بۆ ساڵی دووەم. ئەم داواکارییە و پاڕانەوە لەلایەن بەخسیرەکانەوە ئاراستەت دەکرێت کەوا شایستەی توندترین جۆر بەزەیین. ئەوانەن مڵکدارە بچووکەکان و خەڵکە بەدبەختەکەی گوندی «ئەفرۆدیتی» کە دەکەوێتە نێو مڵکی پیرۆزی ژێر سنووری دەسەڵاتی شکۆداری تۆ. هەروەها سەرجەمی ڕەوانی و ڕاست رەفتاری لە کردەوە و فەرمانەکانتاندا دەدرەوشێنەوە کەوا لەمێژ بوو چاوەڕوانی بووین، بەچەشنی مردووەکان کە چاوەڕوانی هەستانەوەی مەسیح - خواوەندی نەمر- دەبن لە رۆژی قیامەتدا؛ چونکە تۆ لەپاش ئەو، خودان و خواوەندی ئێمەیت، رزگارکەر و هاندەرو چاکەکەری ڕاستگۆ و میهرەبانی»؛ تا دەڵێ «بەبێ ترس و سام هاتووین بە سەرشۆڕییەوە سکاڵای خۆمان لە خزمەت جەنابت دیار بخەین کە حاڵمان بە چی گەیشتووە"*... واتە ئەگەر حوکمەتەکەش خەڵکی خۆولاتی نەبووبن، جیاوازییەکی گەورە هەبووە لەچاو حوکمەت و پایتەختی دەرەکی.

داوبەدوای ئەوە، عەرەب بە ئاسانی گرتیان؛ بەڵام میسر هەمیشە مەیلەو سەربەخۆ مایەوە بەرانبەر بە دەسەڵاتی پایتەختەکانی وەکو مەدینە، کووفە، دیمەشق، بەغدا. بەڵێ تا ماوەیەک باج و خەراجیان داوە؛ بەڵام هەرگیز نەبیستراوە ڕۆژێک بچن خۆ بەقوربانی دیمەشق و بەغدا بکەن. هەندەشی



نەبرد دەوڵەتی تۆلۆنی لە میسر پەیدا بوو کە ناوچەی دەسەڵاتیان لە میسر و شام و حیجازدا بوو (نەخشەکەی پێشوو). پاش ئەوە لەسەردەمی فاطمی و دواتر ئەییووبی، کێشی میسر بەباشی وەدەرکەوت کە کۆمەڵێک ولات دەستیان پێکرد لە چەرخی میسر بخولێنەوە وەکو یەمەن، حیجاز، باکووری ئەفریقیا، ولاتی شام. تەنانەت مووسڵ و بەغدای عەبباسی خەریک بوو بە دەهۆڵی فاتمی شیعەکان هەڵپەڕن کە لە ڕاستیدا مەسەلە کێشی میسر بوو نەک مەزهەب.

نموونەی هەرە باش لە هێرشەکەی لەشکری عوسمانی بوو بۆ دەرکردنی فەرەنسییەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا. «محمد علی پاشای گەورە» بە ئەلبان و کورد و تورکەوە هەموو لە میسردا توانەوە و بەرژەوەندیی نیشتیمانی بەسەر هەموو رەوتێکدا زاڵ بووەوە.


تۆ بڵێی ئەو خەڵک و خاکە بێ عەیب بن؟ نەخێر، عەیبیان زۆرە. بۆ نموونە ولاتی ئەوها گۆڕانکاریی سیاسی تێدا زۆر بەسەختی دەکرێت. بیرۆکراسیەتی چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند هەر هەندە قاڵبیان گرت، ئیتر بەئاسانی ناگۆڕێن. هەروەها بەهۆی هەبوونی سەنتەر، داگیرکەر توانیویەتی بۆ ماوەی درێژ کۆنترۆڵی بکات. دەیان عەیبی دیکە هەن بەڵام لەبواری یەکگرتوویی و جەمسەرکێشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا ئەستەنبووڵ پێش قاهیرە دێت؛ ئەوەش بەمەرجێک کەوا ناوچە دەسەڵاتی ئەستەنبووڵ سنووری بەسەر دەیان هەرێم و ناوچەدا ئاواڵەیە، کەچی قاهیرە سنووری سروشتیی هەیە و هەندە دوچاری چەک و سوپا نابێتەوە؛ واتە هەر یەک چاکە و خراپەی خۆی هەیە.

## ٢- ئێران

تەماشاکردنێکی سەرپێیی بۆ نەخشەی ئێران، شتێکی ئەوتۆ دیار ناخات؛ بەڵام ئەگەر ناوچە ئاوەدانەکان جودا بکەینەوە لە ناوچە چۆڵەکان، ئەوسا راستییەکی زۆر جودا ئاشکرا دەبێت. ئێران لە دوو قۆڵی سەرەکی پێک هاتووە.

١- قووڵاییەکەی بانی فارس (سێکوچکەی ئەصفەهان کرمان شیراز). سنوورەکەی وەکو هەمبانەیە جا دەشێ ناوی لێ بنێین (هەمبانەکەی فارس).

٢- هەرێمەکانی ئازەربایجان، زاگرۆس، خوراسان کە کانگەی عەشایەر و هێزە چەکدارەکانی ئەو «هێلکە» بوونە؛ بەتایبەتیش خوراسان کە






دەروازەی ئاسیایە، ئەوەیان سەرچاوەی سەرەکی بووە لە مێژووی ئێراندا کە زۆربەی جار تۆوی دەوڵەت و سوپاکانی ئێران لەوێوە هاتوون.


### سروشت

فارس وڵاتێکی شارستانیی ئارامە. هەمیشە ژێرخانێکی ئابووریی گەورەی هەبووە لە وەرزێری و بازرگانی و پیشەسازیدا. لەلایەکەوە ئاستی زەوی بەرزە، ئەوەش هەواکەی فێنک دەکات. لەلایەکی دیکەوە سێ لای بە دەریا و بیابان پارێزراون؛ تاکە جارێک لەشکر لە بیابانی خۆرهەڵاتەوە بەسەر شارەکانی فارسی دادابێت لە ١٧٢٠ز، رووی دا کە لەشکرێک لە ئەفغانستانەوە بیابانی بڕیوە و بەسەر شارە فارسەکانی داداوە؛ دەنا بیابان و دەریاکانی دەوری هەمبانەکە هەرگیز نەبوونەتە مایەی هەڕەشە و نائارامی.

ئێران هەندەی میسر ئاسوودە و ئارام نییە؛ چونکە سنوورەکانی هەندێک ئاواڵەترن. هەرێمەکانی ئازەربایجان، زاگرۆس، ئەهواز... هتد، هەموویان هەرێمی بێ پایتەخت و نائارامن و هەموو بەسەر زارکی هەمبانەکەدا کراونەوە. هەریەک لەوانەش کار و کاردانەوەیەکی هەبووە لە مێژوویدا. جا دەبینین خەریتەی سیاسیی دەوڵەتە ئێرانییەکان لەچاو دەوڵەتەکانی میسر، هەزاران کیلۆمەتر کەم و زیادیان دەکرد لە قۆڵەکانی قەفقاس، زاگرۆس، ئەنەدۆڵ، عێراق، شام و میسر، ناوەندی ئاسیا، ئەفغانستان تا هیندستان؛ کەچی فارس و خوراسان و ئازەربایجان، ئەوانە لە نەگۆڕە سیاسییەکانی دەوڵەتە ئێرانییەکان بوون. رەفتاری هەمبانەکەش لەمەڕ رووداوە سیاسییەکاندا تا رادەیەکی باش وەکو رەفتاری فەرەنسا بووە. بۆ نموونە لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامدا دەبیسین هەرێمەکانی ئازەربایجان، خوراسان و تەنانەت خودی عێراق بووەتە یەک پارچە ئاگر؛ کەچی لە هەرێمی فارس وا نەبوو. بەڵێ جاری واش هەبووە هێرشی

عـەشـایەری لە فـارسـدا قـەڵاتی لە کـەللەسـەر دروست کـردووە؛ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەرێمی فـارس ئارامتر و یەکگرتووتر خۆی نواندووە؛ بۆ نموونـە نەبیـسـتراوە رۆژێک شـیراز خـۆی لە کـرمـان و ئەسفـەهان جـودا بکاتەوە.

پایتەختی دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەتە ئێرانییەکان بەچەشنی پایتەختی مـیـسـر نەبوون کـە لەیەک ناوچەدابن؛ بەڵکو جـێگۆڕکـێیەکی سـەیریان کردووە؛ هەمانە ئیلام لە چاخە کۆنەکاندا، هەمەدان ئینجا پێرسپۆلیس لە سەردەمی ماد و ئەخمینیدا، تەیسەفوون لە سەردەمی ساسانیدا -ئەمەیان ئەسڵەن لە خاکی فارسدا نەبوو-، ئینجا تەورێز و ئەسفەهان لە سەردەمی سەفەویدا، ئەوجار کە تاران بووەتە پایتەخت، وەک دەڵێن مەنجەڵ و قەپاغ یەکتریان گرتەوە. بەڵێ پایتەخت جێگۆڕکەی کردووە؛ بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە ئەو عەشایەرانە تا چ ڕادەیەک توانیویانە زارکی هەمبانەکە کۆنترۆڵ بکەن و پیتاندنی نێر و مێ بکەن.






ئەم نیگارە تایبەتە بەپێلە عەشایەرییەکانی کە پیتاندنێکی تەواویان لەگـەڵ هەمبـانـەکـەی فـارس نەکـرد (واتە ئینتیـمـاکـەیان ئینتیـمـایەکی نیشتیـمـانیی ئێـرانی نەبووە بەتەواوەتی). ماد، مـەکەدۆنی، ئەشکانی، عـەرەب، سـەلجووقی، مەغـۆلی، ئاق قۆینلوو و قـەرە قـۆینلوو، ئەفغـان، ئەفشار، هەر یەک لە کاتێکی جودادا ئەوانە بە جۆرێک لە جۆرەکان تەنیا زارکی هەمبانەکەیان کۆنترۆڵ کرد و بەس. هەندێکیان لە دەریای سپییەوە تا چین پەلیـان هاویشـتـووە؛ بەڵام هیـچیـان دەوڵەتی ئارام و تەمەن درێژی نەبوون. سەرنج بدەنە دەوڵەتی میدیا کە بۆ ماوەیەکی کورت باڵی بەسەر وڵاتێکی زۆر فـراوان داگـرت بەڵام «پیـتـاندن» رووی نەدا؛ واتە هێـزە عەشایەرییەکان تیکەڵ بە«هێلکەیەکی» شارستانی نەبوو وەکو بابل یان ئاشـوور یـان فـارس. ئەکبـەتانە «هەمـەدان»ی پایتـەختـیـان نە توانای کــۆنتـــرۆڵکردنی هەیە وەکـــو تاران، نە سنوورێکی دابڕاوی هەیە؛ سـەلجـوقـیـیـەکـانیش هەمـان حـاڵەت بوون. بنکەیان لە تەورێز دانابوو دەسەڵاتیشیان دە هەندی ئازەربایجان بڵاو ببووەوە؛ بەڵام ئازەربایجان سێ لای ئاوالەن بـۆ هێـرشی دەرەکی و هەر خـۆی لەژێر «اسـتـقطاب»ی وڵاتی فارسدایە.


ئەرنۆڵد تۆینبی[1] ئاماژەی کردووە بۆ چەند پێلێکی عەشایەریی تەمەن کورت کـە مـەرج نییـە لە ئێران ژیابن. دەڵێ ئاڤارەکان (باکووری دەریای رەش) لە سـەدەی شـەشـەمی زایینیـدا تەنیـا ٥٠ سـاڵێک حـوکـمی سلاڤـەکانیـان کردووە و یەکسـەر دەوڵـەتیان هەڵوەشاوەتەوە. عەشایەری هوون تەمەنی دەسەڵاتیان تەنیا لەگەڵ تەمەنی ئەتیلا (رابەرە ناودارەکەی هوون) بوو. ئینجا مەغۆل لە عێراقدا تەنیا ٨٠ ساڵێک حوکمیان کردووە کـەچی دەڵێ مـەغـۆل لە باکـووری چین لە ١١٤٢ تا ١٣٦٨ی زایینی

(١) ئەرنۆڵد تۆینبی بحث في التاریخ، موجز المجلدات السبعة. لاپەڕە ٢٨٨.

حوكمیان كردووە؛ ئەمەیان بە ئیستیسنا دادەنێت.

بەڕای من هیچیان لەم یاسایە ئیستیسنا ناكرێن. ئاڤار ئەستەنبوولیان گەمارۆ دا بەڵام پێیان نەگیرا. هوون هەندە دڕندە بوون كە لە هیچ شارێكی ئیتالی و گالی (فەرەنسا) دانەسەكنان و هەر كە ئەتیلا مرد، یەكسەر ون بوون. ئینجا مەغۆل؛ بەڵێ مەغۆل بەغدایان گرت، بەڵام بەغدایەكی كاولكراو؛ واتە تۆوەكە هێلكەكەی مراند. كەچی لە باكووری چین شارستانیەتەكەیان قەڵاچۆ نەكرد. قوبیلای خان، نەوەی جەنكیز خان، بایەخێكی گەورەی بە نیزام و شارستانەتی دا.

مەبەست ئەوەیە كە هەر پێلێكی عەشایەری هەندێك مۆركی مێیەتی تێدا نەبێت، بای ئەوەی ئالوودەی شارێك بێت، ئەوانە تەمەنیان لە حوكمدا كورتە. هەندێكیشیان رەنگە بای ئەوەندە پێشكەوتوو بن بەڵام پیتاندنەكەیان لەگەڵ شارێكی لاواز كردووە؛ جا ئەوانیش تەمەنیان كورت






دەبێت. ئێستا ڕەنگە بزانین بۆچی برادۆست و موكریان ڕەگیان لە ورمێ و مەراغە هەڵكەندرا. هەریەك لەوانە خۆیان لە قەڵاتێك حەشار دابوو لە دەرەوەی ئەو شارانە دامەزران؛ واتە «پیتاندن» لەگەڵ شار رووی نەدا. عەشیرەتیش كە تێكەڵ بە شار و ناوچەیەك نەبوو، زووتر هەڵدەقەندرێ.

بەپێچەوانەوە نموونەكانی پێشوو، ئەو عەشایەرانەی ڕوویان لە وڵاتی فارس كرد و پیتاندن رووی دا، لەوێدا پشتیان پارێزراو بوو؛ بۆیەش دەوڵەتەكەیان بەهێز و درێژخایەن بوو. ئەم نیگارە شێوازێكی ئەو راستییە دیار دەخات. پێش هەموویان فارسی ئەخمینی كە پیتاندنێكی تەواویان لەگەڵ هەمبانەكەی فارسدا كرد؛ ئینجا ساسانی كە ئەسڵەن لە نێو فارس هەڵكەوتن؛ ئینجا سەفەوییەكان وەكو بزووتنەوەیەكی دینی لە ئازەربایجان هەڵكەوتن؛ بەڵام دواتر كە شا عەبباس پایتەختی گواستەوە لە تەورێز بۆ ئەسفەهان ئەوە پیتاندنێكی تەواو بوو و كەوتنە نێو هەمبانەكە و توانەوە. زەندەكان لەو مەیانەدا حاڵەتێكی تایبەت دەنوێنن كەوا ئەگەرچی كەوتوونەتە نێو فارس، بەڵام هێڵی ستراتیجییان كۆنترۆڵ نەكرد و لەهەمان كاتیشدا پیتاندن رووی نەدا (دواتر باس دەكرێن)؛ دەنا قاجار ئەوان ستراتیجیترین هێلكەیان زیندوو كردەوە. ئەسفەهان كەوتووەتە زاركی ئەو هەمبانە. سەیر نییە كە بۆ ماوەی دوو سەدەیەك پایتەختی دەوڵەتێكی بە هێز بووبێت؛ بەڵام لەوەش ستراتیجیتر ناوچەی تارانە.

ناوچەی تاران تا پێش چەند سەدەیەك تاكە دەروازەیەك بووە لە نێوان تێكڕای ئاسیا، چین و هیندستان، لەگەڵ تێكڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ئەورووپا– كە پێی گوتراوە ڕێگەی ئاوریشم. دواتر كە ڕێگەی دەریایی بە باشووری ئەفریقیا دۆزرایەوە و ڕێگەیەك لە باكووری دەریای خەزەر، ئینجا دروست كردنی هێڵی قیتاری سیبیریا لەنێوان ئەورووپا و چین، ئەوانە نرخی تارانیان كەم كردەوە؛ دەنا هێڵی ئاوریشم بەبێ تاران نەدەكرا.



سەقامگیربوونی تاران بە پایتەخت لە کۆتایی سەدەی هەژدەمدا ڕووداوێکی مێژوویی زۆر گرینگ بووە. سەرنج بدەن کە لەوساوە ئێران و تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لافاوی عەشایەری ئاسیایی بەخۆوە نەدیتووە، بەچەشنی لافاوەکانی ماد و فارس، ئینجا مەغۆل و تورک و نادرشای ئەفشار. تەفسیرەکەش زۆر ئاسانە «هێلکەکە هاتە سەر ڕێگە تۆوەکان».

## ڕەوشت

ئینتیمای نیشتیمانی لەنێو فارساندا لە میسر کەمتر نییە. ڕەنگە لە بەرگێکی مەزهەبیدا خۆی نواندبێت؛ بەڵام پاڵنەری سەرەکی نیشتیمانە نەک دین. وڵاتی فارس خانمێکی شارستانیی نەرمە خزمەتی ئەو مێردە دەکات ئاسوودەیی بۆ دابین بکات و لە هەمان کات هەندە نایبەستێتەوە. ئەو مێردەش بریتییە لەو حوکمەتانەی کە لە ناوچە عەشایەرییەکانەوە هاتوون و هەر یەک لەوانە ڕەوشتێکی هەبووە؛ بەڵام زۆربەی کات لەگەڵ



مێردە ئاسیەوییەکە گونجاوە (خوراسان) پاش ئەوەی هەندێک لە ئازەربایجان خولاوەتەوە و دووربەدووری فێری ڕەوشتی ئەو شارستانەتەی فارس بووە. ڕۆشنبیری کوردیش تووشی گرفتێکی سەیر بووە بەرانبەر مەسەلەی ئینتیمای فارس. هەندێکمان داوای کۆمیونیزم و ئەنارکی و مەشاعەتی جینس دەکەین کەچی کە مەسەلە دەگاتە فارس یەکسەر دەڵێین ئاخر فارس شیعەن و سیخەیان هەیە. دواتر ئەم ئیزدیواجییەتە ڕون دەکرێتەوە.

خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە پێویست بە ڕۆنکردنەوە دەکات؛ ئەو عەشایەرانەی کە لە ناوەندی ئاسیاوە هاتوون بۆ بانی ئێران، ئەگەر ئاری بووبن یان ئاراڵی، مەیلێکی توندیان هەبووە بۆ یەکیەتی (ولاء)، لەسایەی یەک دەوڵەت یان یەک بنەماڵە یان یەک دین. دەوڵەت و دین تەرخان دەکران بۆ پەرستنی یەک ڕەمزی خواوەندی؛ بۆنموونە ئەخمینییەکان یەکەم ئینتیمای تەوحیدییان پەیدا کردووە لە جیهاندا. با پەلە نەکەین چونکە ئەو فیکرە تەوحیدییەی ئەخمینییەکان شتێکە ئەمڕۆ ڕۆشنبیری کورد ئەگەر دینی بێ یان مارکسیت، ئەسڵەن تەحەمولی ناکات. بەسیەتی بگوترێ ئەو پێڵە عەشایەرییانە تەنگیان بە وردە دەوڵەتی شار و عەشیرەتی بچووک هەڵچنیوە و دژایەتی دیاردەکانی «إجتهاد»ی دینی و فرە مەزهەبی و فەلسەفەیان کردووە. بۆ نموونە سەلجووقییەکان موسوڵمان بوون کەچی پێش مەغۆلەکان بە ماوەیەکی درێژ زەماوەندی کتێب سووتاندنیان لە بەغدا دەگێڕا[1] بۆ بەستنی ڕێگە لە هەر جۆرێک دەمەقاڵی دینی و مەزهەبی و جوداکردنەوەی «ولاء».

(١) حسن العلوي، التأثيرات التركية في المشروع القومي العراقي.

## بەراوردی میسر و ئێران

میسر و ئێران دوو نموونەی زۆر باشن بۆ ولاتانی بەپایتەخت؛ بەراوردییەک لە نێوانیاندا بای ئەوەیە زۆر لایەنمان بۆ دیار بخات:

١- زەوی بەراویان زۆرە. ئەم بارە ئابوورییە دەکێشێتەوە سەر زیادبوونی رێژەی گوندی و شارییەکان بەرانبەر رێژەی کۆچەر و عەشایەر. ٢- پایەی ئافرەت لە خێزاندا باشترە لە چاو کۆمەڵگەی عەشایەری. ٣- «مناخ بحري»؛ زاراوەیەکی عەرەبییە، واتاکەشی فێنکی دەریا نە زۆر گەرم و نە زۆر سارد؛ واتە گەرما تینیان بۆ ناهێنێت ئەوەش سەلماندراوە کە کارێکی گەورە دەکاتە سەر رەوشتی گشتیی کۆمەڵگە. ٤- دەریا و بیابان سنووریان لە هەندێک لا دەپارێزێت.

## جیاوازییەکان

١- ئاستی زەوی لە میسردا نزمە؛ سەرچاوەی ئاو یەک رووبارە پێیدا دێت و ئاودێریی مسۆگەر دەکات؛ کەچی ئاستی زەوی لە ئێران بەرزە. ئەوە وای کردووە بەفر و بارانێکی زۆر بگرێتەوە. بەسیەتی بزانین ئاستی ئاو لە گۆمی ورمێ لە ئاستی سەری رەش دایە (١٢٧٠ م) چ جا دەشت و چیاکانی دەوروبەر.


٢- میسر تەنیا یەک لای ئاواڵەیە، کەچی ئێران زارکێکی زۆر گەورەی هەیە و چەندین لای بەسەر ولاتانی دەوروبەردا کراوەتەوە؛ بۆیە پتر تووشی هێرش و کاولکاری بووە. بەلام لەهەمان کاتدا مۆرکی ئیمپراتۆریی بە ئێران بەخشیوە کەوا لە چەند قۆناغێکی مێژوودا زلهێزی جیهان بووە. کەچی میسر مۆرکێکی نیشتیمانیی هەبووە و جار بە جار دەسەلاتی گەیشتووەتە شام.

ئێستا با روو بکەینە ولاتانی بێ پایتەخت.

# وڵاتی بێ پایتەخت

## ئەڵمان

مەبەست لە ئوممەتی ئەڵمانە بەگشتی کەوا لە سێ دەوڵەتدا بڵاو بوونەتەوە. با سەیری دەوڵەتە جوداکانی ئەو ئوممەتە بکەین؛ لەسەردەمی ڕۆمدا هۆزی ئەڵمان بەسەر وڵاتێکی زۆر فراواندا بڵاو بوونەوە. سەنتەری وڵاتەکەیان نە دەریایە -وەکو یۆنان- و نە چیایە -وەکو کوردستان- بەڵام ئەوەیە شاری گەورە لەناوەندی وڵاتەکەدا هەڵنەکەوتووە. جا دەبینین دابەش بوونە بۆ سێ دەوڵەت (تا سەرەتای نەوەتەکان چوار بوون). سێ پایتەختیان هەیە (بەرلین، بێرن، ڤیەننا)، هەریەک لە سەرپەرگی وڵاتی خۆیدایە. ئینجا لەنێو خودی ئەڵمانیادا شارە گەورەکانی وەک هامبۆرگ، میوونخ، بۆن، فرانکفۆرت، شتووتگارت -کە سەرژمێریان لە نیو ملیۆن زۆرترە -دەبینین؛ ئەوانە وەک بڵێی لە ناوەندەکە دوور دەکەونەوە، کەچی ناوچەی وەک سەکسۆنیا کە لە ناوەندی وڵاتەکەدایە، شاری گەورەی تێدا هەڵنەکەوتووە.






ناوچەگەری و لەهجەبازی لە ئەلمانیادا رەگی قووڵی هەیە و کێشەی ئینتیما و ناسنامە و سنووری نەتەوەیی نێوان هەرێمە ئەڵمانەکان و نەژادەکانی دیکە، سەدان ساڵ باری ئەورووپای شێواندووە و نەخشەی ئەورووپا لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی رابردوودا جارەهای جار گۆڕاوە بەهۆی کێشەی ناوەکی و دەرەکیی ئەو ئوممەتە. دواترین گۆڕانکاریش ئەوە بوو کە دوو بەشەکەی ئەڵمانیا یەکیان گرتەوە لە ١٩٩٠.

دیسان دیار دەبێ کە هەبوون و نەبوونی یەکیەتی ئینتیما، بەگوێرەی تەکنۆلۆجیای وڵاتێک نییە؛ بەڵکو بەگوێرەی میراتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وڵاتەکەیە؛ بەکورتی بەگوێرەی هەستی ئینتیمایە.


# کوردستان

## وڵاتی زاگرۆس

وڵاتی شاخاوی بەدترین یەکەی جیۆگرافییە بۆ یەکیەتی ئینتیما؛ بەبەلاش نەگوتراوە کورد بەختی نییە. خۆ هەر ئێمەش نین بەڵکو بەڵکان، ئەلب، قەفقاس، هیمەلایا و زاگرۆس تێکڕای ئەوانە پڕن لە کون و کەلێن و وردە ئینتیمای ناوچەیی. وڵاتی شاخاوی دوو حاڵەتیان هەیە.

یەکەم: وەک زنجیرە چیای پیرێنێ، ئاراڵ، تۆرۆس، ئەوانە هەندە پان نین بایی ئەوەی ببنە وڵاتێکی خاوەن ناسنامە؛ بەڵکو دەبنە سنوورێکی سروشتی.

دووەم: بانی فارس، بانی حەبەشە، بانی مەکسیک، بانی ئەنەدۆڵ، بانی تیبێت؛ ئەوانە پانایی و درێژییان لە یەک نزیکە و پێوانەیان بای






ئەوەیە ئینتیمایەکی تەواو پێک بێنن. زنجیرە چیاش هەیە وەکو زاگرۆس، ئەلپ، بەڵکان، هیندۆکوش ئەوانە لە نیوە ڕێگەدا دەوەستن کەوا ئەگەرچی ناسنامەیەکی تایبەت پەیدا دەبێت، بەڵام مەرج نییە ئینتیمایەکی توند هەڵبکەوێ.

لەم نەخشەدا، شاری ١٠٠,٠٠٠ کەسیی بەرەو سەر نیشان دراون لە کرماشانەوە تا سێواس. مەرجیش نییە شارە دیارکراوەکان کورد بن؛ مەبەست لە ڕۆنکردنەوەی باری دیمۆگرافییە. زاگرۆس نەک هەر یەک سەنتەر بەڵکو کۆمەڵێک سەنتەری هەیە؛ هەموویان کۆهستانی سەخت و دابڕاون (بازنەکانی نێو نەخشەکە سەنتەرە شاخاوییەکان دیار دەخەن). ئینجا وەک دەبینین ناوچەی وەرزێری و شارستانی بەدەوری ئەو چیایانەدا بڵاو بوونەتەوە، وەک بڵێی دەستێک رایاندەکێشێت دوور لەیەک. ئینجا قەبارەی شارستانی لەچاو وڵاتە ئاوەدانەکانی دەوروبەر زۆر تەنک و بڵاوە؛ ئینجا ڕووبارەکان، لەباتی ئەوەی ببنە مەڵبەندی بووژانەوەی شارستانەتی، بوونەتە سنوور لەنێوان ناوچەکاندا. بۆ نموونە دوو زابەکەی کوردستانی عێراق بوونەتە سنووری سروشتی لە نێوان «سۆران، بادینان» و «سۆران، بابان».

سەنتەرەکانی کوردستان لەباتی ئەوەی کە بەچەشنی پاریس و قاهیرە مایەی پتەوکردنی پێوەندی بن لەنێوان خەڵکی ناوچە جوداکان، بە پێچەوانەوە بوونەتە مایەی شارپەرستی و دابڕان و جودایی. ڕەنگە پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر ئاسانتر بووبێت لەچاو پێوەندیی نێوان دوو شاری وەک هەولێر و سنە، یان مەهاباد و ئامەد. لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە زاگرۆس هیچ شوێنێکی نییە بتوانێ تێکڕای وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکات؛ سیاسەتمەدارانی کورد نەدەبوو مێشکی خەڵکیان بە قسەی چەور پڕکردبایە گوایە ئێمە هیچ عەیبمان نییە و هەموو شکست و کەموکورییەکان بەهۆی بەعس و ئیستعمار و ئەجندە ڕوویان داوە. کورد

و ئەو نەتەوانەی پێش کورد -کە کەوتوونەتە وڵاتی زاگرۆس- هەستی ئینتیمایان -ئەگەر هەبووبێت- ئەوا لەوپەڕی لاوازیدا بووە. نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری یان ئەوەتا نەبووە، یانیش ئەگەر هەبووبێت بەهۆی دوژمنی دەرەکییەوە پەیدابووە؛ ئەوەش زۆر بەلاوازی و هەمیشە هەستی خۆبییاتییەکی تەسک بۆ شار، هۆز، ناوچە بەسەر خەڵکەکەدا زاڵ بووە.

هەروا بێتەوە، چەند پرسیارێک دێنە پێش: کوردێنی (وەکو ئینتیمایەکی نەتەوەیی) و کوردایەتی (وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی) ئایا بەچەشنی فەرەنسییاتی بە گوێرەی ئاستی پێشکەوتن و یاساپەروەری و های لایف و ئەوانەن؟ یان بە گوێرەی پێشمەرگایەتی و عەشیرەتگەری و خەنجەر و تفەنگ (هەر جۆرێک لە جۆرەکانی جەنگاوەری)؟ خاڵێکی تریش هەیە، ئایا کوردێنی بریتییە لە ئینتیما بۆ چی و بۆ کوێ؟ بۆ کام شار و کام ناوچە و کام هۆز و کام شێوەزمان؟ پێش ئەوەی بیر لە هۆکانی دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان بکەینەوە لەسەر خەریتە و پێش ئەوەی یەقەی بێگانە بگرین، دەبایە بیر لەم راستییانە بکەینەوە. دواتر لە کوردستان وردتر دەبینەوە؛ بەڵام ئێستا دەگەینە پرسیارێک:



ئایا عێراق بەبەر



کام تاقم دەکەوێت؟ تاقمە وڵاتی سەنتەردار یاخۆ تاقمە وڵاتی بێ پایتەخت؟

عێراق یەکەیەکی جیۆگرافیی گرینگە کە بەدرێژایی مێژوو دەوڵەت و سوپا و یاسای هەبووە. بەغداش لە ستراتیجیترین ناوچەی وڵاتەکەدایە (ناوچەی سەنتەری عێراق کە وەکو زارکێکە لەنێوان باکوور و باشووردا). بەم پێیە دەبوو عێراق یەکێک بێت لەو وڵاتانەی خاوەن ئینتیمایەکی نیشتیمانیی بەهێز و یەکگرتوون. واتە بەچەشنی میسر و فەرەنسا دەبایە بە سەختی داگیر بکرێت؛ بەڵام دواتر بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت. کەچی خەڵک و خاکی عێراق بەدرێژایی مێژوو بەپێچەوانەی ئەم ڕاستییانە خۆیان نواندووە؛ بەڵێ، کەس ناتوانێ حاشا بکات لە هەبوونی ناسنامەیەکی عێراقی نیشتیمانی و سەربەخۆ و خاوەن کەسایەتییەکی دیار و ناسراو، بەڵام یەکیەتیی ئینتیما مەسەلەیەکی زۆر جودایە و بەڕای من بە دەگمەن هەبووە. لە جەنگی ۲۰۰۳دا عێراق بە ماوەی مانگێک داگیرکرا کەچی تا ئێستا بە هیچ کۆنترۆڵ ناکرێت و هەر تاقمێک بە دەهۆڵێکەوە هەڵدەپەڕن.

لێرەدا دەگەینە قووڵایی بابەتەکەمان کەوا چۆن مێژووی مرۆڤ بە پێوەری ئینتیما شیتەڵ بکەینەوە؟ سەرەتا دەچینە نێو گێژاوی مێژووی عێراق. هەر لەوێدا دەشێ زۆر لە ڕاستییەکانی ڕابردووی مرۆڤ ڕۆن بکرێنەوە؛ چونکە عێراقی کۆن، بە چاکە بێت یان بە خراپە، شوێندەستی باڵای هەبووە لەسەر ڕاڕەوی مێژوو. ئینجا دەچین بۆ یۆنان وەکو نموونەی دووەم بۆ وڵاتانی بێ پایتەختی پڕ لە شارپەرستی. لەکۆتاییشدا دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان. بەمەش دەتوانین بزانین «بۆچی سەر ناکەوین؟»

## عێراق

پاریسییەکان پێش ئەوەی پەرۆشی حوکم و حاکمیان بووبێت، پەرۆشی ژیانی خۆیان و وڵاتە نازدارەکەی خۆیان بوونە کە تا بکرێ زیانی پێ نەگات؛ چونکە ئینتیمایان بۆ ئەو قیبلەیە. کەچی بەعسییەک و حیزبییەکی توندڕەو -بەناوی نیشتیمان- ئامادەیە ئاگر لە هەموو نیشتیمان بەر بدات. بێجگە لە بەعسییەکان، ئایا عێراقی بەگشتی ئەو پەرۆشەیان هەیە بۆ عێراق؟ ئایا ئینتیمای راستەقینەیان بۆ کام قیبلەیە؟ بۆ بەغدایە یان بۆ قیبلەکانی ئوممەییەتی وەک مەککە (ئیسلام) قاهیرە (عرووبەت) و مۆسکۆ (کۆمیونیزم) و هتد؟ بەغدا کە گەورەترین شاری عەرەبە لە بەری ئاسیادا، لە جەرگەی ناوچە ستراتیجییەکەی عێراقدایە کە دیجلە و فورات لێک نزیک دەبنەوە و ڕووباری سیروان هەر لەوێدا لە دیجلە دەکاتەوە؛ هەروەها عێراق هەمیشە دەرامەتێکی بێ پایانی هەبووە و لایەنی باشی تر لەژمار نایەن. کەواتە چ عەیبی هەیە؟

### سروشت


ڕۆژانە سەیری تەلەفزیۆن دەکەین دەبینین پلەی گەرمیی هەوای عێراق لە شوێنە هەرە گەرمەکانی ئەم جیهانەیە. خەڵکەکە ساڵانە پێنج مانگ، ڕۆژ و شەو، لە دۆزەخدا دەژین. ئەوە دەبێتە مایەی نەفرەتکردنی «خەڵک لە خاک» و «نێر لە مێ». هەروەها قەبارەی شارستانی لە عێراقدا تەنکترە لەچاو میسر و فارس. لەلایەکی دیکەوە، عێراق سنووری دابڕاوی نییە بەچەشنی میسر و فارس؛ بەڵکو هەرچوار لای ئاواڵەن بۆ هێرشی دەرەکی.

دەشت و بیابانەکانی عێراق وەک بیابانی میسر چۆڵ و مردوو نین؛ بەڵکو عەشایەر و کۆچەر بەدرێژایی مێژوو هێرشیان کردووەتە سەر هەرێمە شارستانییەکان تا وای لێ هات خەڵکە شارستانییەکان هەر بەناو



شارستانی بن؛ دەنا لەناخدا شێخی بیابانن لە بەرگی ئەورووپاییدا. ئیتر چ بەغدا چ شارەکانی دیکە نەیانتوانیوە وەکو «هێلکەکانی» ئەم جیهانە تۆوە عەشایەرییەکان بتوێننەوە؛ بەڵکو لەئەنجامی کار و کاردانەوەی نێوان عەشیرەتگەری و شارپەرستیدا، نیشتیمانپەروەری شکستی هێنا و پیتاندن رووی نەدا تا ئەمڕۆش؛ چۆن؟

بێجگە لەو بەشەی زاگرۆس کە یەکەیەکی جیۆگرافیی جودایە لەچاو



دەشتاییەکانی ناوەند و باشوور، عێراقی عەرەبی لەم هەرێمانە پێک هاتووە:

١- ناوچەی بەغدا، سەنتەری وڵاتەکەیە؛ لە سەلمانپاکەوە دەست پێ دەکات (باشووری بەغدا) تا تاجی (باکووری بەغدا) و تا فەللووجە لەسەر فورات لە خۆرئاوای بەغدا.

٢- بیابانی جەزیرەی مووسڵ (میسۆپۆتامیا لە باکووری دیجلە).

٣- بیابانی شام (باکووری فورات).


٤- فوراتی ناوەند. ئەم ناوچە لەمێژووی کۆندا بە ناوچەی ئەکەد دەناسرا، دواتر پێی گوترا ناوچەی بابل. مەڵبەندە دینییەکانی وەک نەجەف و کەربەلا لەم ناوچەیەدان.

٥- بەسرا لە هەرە باشووردا. ئەمەیان پێی دەگوترا ناوچەی سۆمەر. ئەمەیان بێشکەی شارستانەتیی عێراقە وەک ئێستا دیار دەخرێ.

گوند و شار لە عێراقی کۆندا لەسەر لێوارەکانی باشووری دیجلە و فورات پەیدا بوون (لە سەلمانپاکەوە بەرەو باشووری دیجلە و لە فەللوجەوە بەرەو باشووری فورات)؛ چونکە لەوانە بەرەو ژێر ئاودێریی ئاسانترە. دەنا لەوانە بەرەو سەر (هەرێمە سوننییەکانی ئەمڕۆ) وڵاتی لەوەڕگە و کەم دەرامەت بوون.

ئەو کەسەی رووباری فوراتی دیتبێت، رووبارەکە لە شارەکانی باکووری فورات وەکو عانە، ڕاوە، هیت تا دەگاتە فەللوجە. فورات لەوێدا لێوارێکی قووڵی هەیە؛ بۆ نموونە لە هیت ئاشی ئاو بەکار دینن، چونکە ناچارن ١٠ مەترێک ئاوەکە هەڵێنجن تاکو پارچە زەوییە بچووکەکان ئاو بدەن. کەچی فورات کە دەگاتە دەشتاییە نزمەکانی کەربەلا، ئاستی زەوییەکە نزم دەبێتەوە تا خەریک دەبێ لەگەڵ ئاستی ئاوەکە ببێتەوە یەک. ئەو لێژڵەش بەردەوام دەبێت تا بەسرا؛ بۆیە زەویی بەراو لە ناوچەی شیعەکاندا زۆرترە. یاخۆ بە شێوەیەکی دیکە بگوترێ، شیعە لە ناوچە وەرزێرییەکان







هەڵکەوتن. شوێن و کۆمەڵگەی تریش هەن لە عێراقدا شیعە بن، بەڵام ئەوانیش بەبەر ئەم یاسایە دەکەون کەوا بەگشتی گوندی و شارستانین. جیاوازیی لەنێوان شیعە و سوننەدا لەم خاڵەدایە: شیعایەتی لە کۆمەڵگەی وەرزێریی بڵاو بووەتەوە؛ کەچی کۆمەڵگە عەشایەرییەکان (شوانکار، کۆچەر) بەگشتی بە سوننە مانەوە. لە مێژوودا هەندێک عەشایەر بۆ ماوەی کورت شیعە بوون؛ بۆ نموونە بزووتنەوەی *فاتمی* کە لە باکووری ئەفریقیاوە هاتن بۆ میسر، هەروەها عەشیرەتی ئاق قۆینلووی تورکمان و چەند نموونەیەکی تر؛ بەڵام باس باسی زۆرینەیە.

ئەو جیاوازییە بچووکە لە لێژڵی زەوی بەدرێژایی مێژوو هێڵێکی راکێشاوە لەنێوان دوو شێوەژیان. وەرزێری لە ناوچەی شیعەکان (لە کەربەلا تا بەسرا)، شوانکاری لە ناوچەی سوننەکان (لە فەللوچە بەرەو باکوور). تەنیا ١٠٠ کیلۆمەترێک هەیە لەنێوان فەللوجە و کەربەلادا بەڵام لە ڕاستیدا ئەو نێوانە شوێنی لێکخشان و پێک کەوتنەوەی دوو شێوەژیان بووە. بۆیەش پاش نەمانی سەدام؛ دەبینین ئەوپەڕی گرژی لەو ناوچانەدا ڕوو دەدات؛ مەسەلەکەش پابەندی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو هەریەک لەو دوو شارە سەرلووتکەی شێوە ژیانێکە.

یەکەم فەللوجە: *ئاخیر ئاوەدانی لە بیابانی شام کە ژیانی کۆچەری و شوانەتیی تێدا باو بووە.*

دووەم: *کەربەلا یەکەم شارە لە دەشتە نزمەکەی باشوور کە هەمیشە وەرزێریی تێدا باو بووە.*




شایانی گوتنە ناوچەی بەسرا شیعەن بەڵام زۆربەی کات بەسرا ئارامترە و خەڵکەکەی کراوەترن لەچاو خەڵکی ناوەندی فورات، هەندەش ماسۆشی و رەشپۆش و توندڕۆ نین وەک ئەوان. جا لەوەتی سەددام ڕووخاوە، دەڵێین بەسرا بەهۆی ئینگلیزەوە ئارام کراوە؛ بەڵام لە راستیدا مەسەلەکە لەوە قووڵترە؛ چونکە بەسرا لێکخشانێکی راستەوخۆیان لەگەڵ عەشایەری بیابان نەبووە تاکو ببێتە هۆی کاردانەوە و توندڕەوی.

لە گفتوگۆیەکی تایبەتیدا، دکتۆر فوزی رشید گوتی: شارستانێتی سەرەتا لەسەر لێوارەکانی باشووری عێراق پەیدا بوو؛ بەتایبەتیش




باشووری فورات. لەبەر دوو هۆ «زەویی بەراو زۆرە» و «لافاوی بەهار لە فوراتدا درەنگتر روو دەدات لەچاو لافاوی دیجلە»؛ واتە وەرزێرەکان فریای دروونە و داچاندنی بەرهەمی هاوینی دەکەوتن، ئینجا لافاو دەهات و زەوییەکانی ئاژین دەکرد. بۆیەش شارستانێتی هەرە کۆن لە نزیک ناسرییەی ئەمڕۆدا پەیدابوو، وردە وردەش بەرەو باکوور هەڵکشا.

وشەی عێراق لە «ئۆرۆک» هاتووە و لەمێژوودا ئەم ناوانەی هەبووە وەک ولاتی سۆمەر، ئینجا لە ٢٣٥٠ پ.ز بەرەو خوار بەولاتی سۆمەر و ئەکەد ناسرا. دواتر لە دەوری ١٦٠٠ پ.ز تا سەردەمی هێلینی بە ولاتی بابل ناسرا. لە سەردەمی ئیسلامیشدا وشەی عێراق زیندوو کرایەوە؛ تەنانەت عەرەب دەیانگوت «العراقین» واتە دوو شارەکە، هەرێمی کووفە و هەرێمی بەصرا. سنوورەکەشی هەر لە هەرێمە وەرزێرییەکانی شیعەدابوو. بۆ نموونە ئیمام ئەبوبەکر، خالد بن وەلیدی نارد کە لە باکوورەوە هێرش بباتە سەر عێراق. ئەو باکوورەش ناوچەی ئەنبار بوو. کەچی دواتر لە سەردەمی عەبباسیدا وشەی «عراق وسواد العراق» زۆر ناوچەی تری گرتەوە تا گەیشتووەتە هەمەدان[1]. ئینجا لەسەدەی بیستەم ئینگلیز ئەم شێوەی ئێستایان بۆ دانا. بەڵام لە ڕاستیدا عێراقی عەرەبی ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە کە پێشتر باس کران.

پرسیارێک دێتە پێش، ئایا بۆچی پایتەخت لەسەرەتاوە لەناوچەی بەغدا نەبوو؟ لە وەرامدا دەڵێم لە چاخە سەرەتاییەکاندا ناوچەی بەغدا باکووری شارە سۆمەرییەکان بووە و لەچاو ئەواندا بەدرەنگەوە شارستانەتیی گەیشتۆتێ؛ هەروەها بەغدا مەگەر هەردووک هەرێمەکانی شیعە و سوننە پێک ببەستێتەوە، دەنا نرخێکی ئەوتۆی نابێت وەکو سەنتەر. وەک دەبینین ئێستاشی لەگەڵدا دابێت، گرفتی عێراق لەوەدایە کەوا بەغدا نەیتوانی

(١) هاری زاکس، عظمة بابل، ٢٤/٢٣ پێشەکییەکەی وەرگێڕی ئەم کتێبە.



ئینتیمای هاوبەش بۆ ئەو دوو بەشە پەیدا بکات بەو چەشنەی کە پاریس و قاهیرە دابینیان کردووە بۆ ولاّتی خۆیان.

## ڕەوشت

خەڵک سەیریان پێ هات کە پاش ڕمانی صەددام، شیعەکان یەکسەر دەستیان بە شیوەن و سینگ کوتان کرد. شیوەن و ڕەشپۆشی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ دیاردەی هەرە زەق بووە لە ژیانی خەڵکی عێراق. پێکچوونی سۆمەری و شیعەی عێراق لە زۆر خاڵدا هەیە. د. فوزی رشید تیشکی خستووەتە سەر ئەم خاڵانە:

١- ناشتنی مردووەکان لە ژێرزەمینەکانی نەجەفدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان کە باوەڕیان بەجیهانی ژێروو (العالم السفلی) هەبوو.



٢- هۆنراوە و سترانی عێراقی ئەگەر سترانی دینی بن یان سترانی دڵداری، پڕن لە شیوەن و گریان. هەمان خەفەت و شیوەن لە کولتووری سۆمەری و بابلیدا هەبوو؛ تەنانەت لە نووسینی مێخەکیدا کە نووسیویانە گۆرانی، ستران، وێنەی سەرکە گورگیان نەخشاندووە، چونکە ئاوازەکانیان وەکو لوورەی گورگ ناڵەیەکی خەمباری هەبوو. هەروەها ناوبراو گوتی هەندێک لە قافیە لە هۆنراوەی سۆمەریدا بە وشەی نەمموو کۆتاییان هاتووە، باوەڕیشی وابوو لەکاتی گوتنی ئەو مەقامانەدا ئەم وشە درێژ کراوەتەوە بۆ «*نەمموووووووو*» بەچەشنی لوورەی گورگ. بەڕای خۆی هەمان ئاواز تا ئێستا لە هەندێک مەقام و «أبوذیە»ی عێراقیدا ماوەتەوە.

٣- سۆمەری لە زەلکاوەکاندا ڕاوچی بوونە، تۆڕەکانیان لەسەری خۆیان دەبەست. ئێستاش جامانەی پیاوان نەخشی تۆڕیان لەسەردا دەکرێت بەتایبەتیش نەخشە درشتەکەی خەڵکی زەلکاوەکان کە بۆ نموونە «*یاسر عرفات*» لەسەری دەنا. واتە شوێندەستیان لەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

وێڕای ئەم تێبینییانەی پێشوو، سۆمەری خەفەتی ژیانیان لە قالبی دینی دادەڕشت. بۆنموونە کاتێک هۆزە کووتییەکان عێراق داگیر دەکەن سۆمەرییەکان شیوەنی دینی دادەڕێژن وەک بڵێی ئاسمان و خواوەندەکان خەمبارن[1]. هەروەها وەلائی ڕاستەقینەی خەڵکی باشوور هەمیشە بۆ دەزگا دینییەکانی هەرێمەکانیان بووە، ئەگەر ئێستا بێت یان پێش ٥٠٠٠ ساڵ. ئینجا دەبیستین شیعەکان زۆر باسی «*اللوح المحفوظ*» دەکەن. سۆمەرییەکانیش باسی «*تەختەی ژیان*» (*الواح الحیاة*)یان دەکرد کە بەشێکن لە مەسەلەی موسەییەر و موخییەر.

(١) زبیر بیلال، اربیل في ادوارها... ٦٤.

تینی کەلتووری سۆمەری لەو سنوورە نەوەستاوە، بەڵکو گەیشتووەتە تێکڕای دین و کولتوورەکانی پاش خۆی. لە سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا مێژووزانە ئەورووپییەکان، تووشی تەنگەژەیەک بوون بەرانبەر دەزگا دینییەکانی خۆیان؛ چونکە پێکچوونێکی زۆریان دۆزییەوە لەنێوان کولتووری عێراقیی کۆن لەگەڵ کولتوور و فەلسەفەی جوولەکە و مەسیحی؛ بۆ نموونە داستانی خەڵق لە تەوراتدا راستەوخۆ لە داستانی خەلیقەتی سۆمەری وەرگیراوە بە هەندێک دەسکارییەوە. وشەی ئادەم لە چیرۆکی ئادابای سۆمەری هاتووە کە پیاوێکی دینداری سۆمەری لە شار دەردەکرێت؛ شەڕی نێوان قابیل و هابیل لەوەدایە کە ئەوسا دوو شێوەژیانی سەرەکی هەبووە (وەرزێری شوانکاری). قابیل وەرزێر بووە و هابیل شوان بووە. مەسەلەی داستانی لافاوە گەورەکە لە داستانی گەڵگامێش[1] وەرگیراوە. تەنانەت لە هۆرەکانی باشووردا تائێستا ئاژەڵەکان لەگەڵ خەڵکەکە لەسەر بەندە قەمیش دەژین. ئینجا ئەم زنجیرە لە پێغەمبەرانی نەتەوەی جوو کە ئەم کوڕی ئەو بووە و پشت لەدوا پشت هەر پێغەمبەر بوونە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لیستەی پاشا سۆمەرییەکان (جداول الملوک السومریین)؛ کە گوایە پاشایەتی لە ئاسمانەوە هاتە خوار و سەرەتا بە فلان پاشا درا و دواتر فلان بنەماڵە. دەشیانگوت لەکاتی لافاوە گەورەکەدا پاشایەتی (پێغەمبەرایەتی) چووەتەوە ئاسمان تا ئاوەکە نیشت؛ ئەوسا گەڕاندیانەوە بۆ فلان شار، ئیتر ئەوها.

(١) گەل گامش واتە کەڵە گامێش. گامێش جامووس ئەوە دیارە. ئینجا وشەی کەڵی کوردی و گاڵی سۆمەری بەپیاوی کەتە و باڵابەرز دەگوترێت. بۆ نموونە لووگاڵ واتە پاشا. لوو واتە پیاو یاخۆ «لاو». گاڵ واتە کەڵ کەواتە پاشا پێی گوتراوە لاو-کەڵ. ئەمەش نەک بەواتایی کە سۆمەری کورد بوون هەروەکو عەرەبە شۆڤینییەکان دەیانەوێ هەموو جیهانی کۆن بەعەرەب ناوبەرن؛ بەڵکو هەموو نەتەوەکانی ئێستا سوودیان لە کولتووری سۆمەری وەرگرتووە.



## شارپەرستی


بەڕای من هۆکاری هەرە گەورە لە دروستبوونی ئەو جۆرە کولتوورەدا دەگەڕێتەوە بۆ شارپەرستی. شارستانەتیی سۆمەر بەر لە ٦٠٠٠ ساڵ پەیدا بووە وەکو کۆمەڵێک شاری پەرت و بڵاو لە هەرێمی باشووری عێراقدا هەرێمێکی بێ پایتەخت. هەر شارە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە بە دین و خواوەند و ئینتیمای سەربەخۆوە. شارپەرستی لەنێو سۆمەرییەکاندا بەهیچ نەوەستاوە. شەڕ و خۆبەخۆیی لە نێوانیاندا نەبڕاوەتەوە و هەر شارێک کۆمەڵێک ڕێبازی بەکارهێناوە بۆ دەسەڵات سەپاندن، هەر لە ڕێگەی هێزەوە تا بەکارهێنانی ئافرەتی جوان لە پەرستگەکاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی بازرگانی و ڕاکێشانی مەڕدارەکان و وەرزێرەکان. دواتر لە بابل بووەتە جۆرێک حەجی ساڵانە، تا دین و فەرمانی خواوەندی کە گوتوویانە پاشایەتی لەئاسمانەوە هاتووەتە خوار و هەموو پاشایەک بە ئاسایی گوتەبێژی پەرستگە و خواوەندی شار بووە؛ واتە پێغەمبەر و پاشا یەک شت بوون.

لە سەرەتای مێژوویانەوە شەڕێکی دوور و درێژ لە نێوان «لەگەش» و «ئۆما»دا دەبیسترێت. سەدە لەدوای سەدە شارستانییەکان یەکتریان دەبڕاندەوە، لەهەمان کاتیشدا هۆزە سامییەکان لە بیابانی باکوورەوە دەڕژانە نێو هەرێمە شارستانییەکان تا دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئەم ڕووداوە مێژووییە بە دەستی سەرگۆنی ئەکەدی ئەنجام درا لە دەوری ٢٣٥٠ پ.ز.

ئەگەر حاڵەتی دیمۆگرافی بەشێوەیەکی «*داینەمیک*» وەربگرین، دەبینین ئەو چەرخە هەمیشە دووبارە بووەتەوە. عەشیرەتێک لە بیابانەوە دەهاتن و نیشتەجێ دەبوون و بەرەبەرە دەبوونە لادێیی؛ ئینجا شارستانی تا عەشیرەتێکی لەوان جەنگاوەرتر بەسەریاندا دەهات و دەستبەسەری دەکردن و ئینجا ئەویش دەتوایەوە، ئیتر ئەوها.

ئەکەدی ئیمپراتۆرییەکی گەورەیان دامەزراند (٢٣٥٠-٢١٥٠پ.ز). لە خۆرهەڵاتی سووریاوە تا میسۆپۆتامیا تا تێکڕای وڵاتی سۆمەر، یەکەم جار بوو عەشایەر ببنە حاکمی شارستانییان. زمانی ئەکەدی باڵی بەسەر هەرێمەکانی ناوەند و باکووری فورات داگرت و لەنێو یەکدا توانەوە. لەو سەردەمەوە عێراق پێی گوترا وڵاتی سۆمەر و ئەکەد. شایانی گوتنە کە تا ئێستا هەندێک کەس وا دەزانن پێڵی نەتەوە سامییەکان لە بیابانی عەرەبییەوە هاتوون، لە باشوورەوە بەرەو باکوور. ئەوە بەهیچ شێوە ڕاست نییە؛ عەشایەری سامی بەدرێژایی مێژوو لە باکووری فورات شۆڕ دەبوونەوە بۆ دەشتە نزمەکان. تەنانەت عەرەب- کە دواترین پێڵی سامی بوون- لە باکووری فوراتەوە بەسەر عێراقیان داداوە. با بگەڕێینەوە سەر سەردەمی ئەکەدی.

دەوڵەتی ئەکەد بە هێرشی عەشایەری کووتی کۆتایی هات. کووتی لە







لوڕستانەوە ڕژانە نێو عێراق تا ٩٠ ساڵێک حوکمێکی ئاغایانەی پڕ لە خۆبەخۆییان گێڕا. بەسیەتی بگوترێ کە لەو ماوە کورتەدا ٢٠ پاشایان هاتە سەر حوکم و هەر زوو خزمەکان لێیان دەخستن و یەکی دیکە دادەنرا تا دەوری ٢١٢٠پ.ز. کە ئووتووخیگاڵ پاشای وەرکا ئاغایە کووتییەکان وەدەر دەنێت. ئووتووخیگاڵیش تەنیا هەفت ساڵێک وەرکای کردە پایتەخت و یەکسەر ئوورنەموو پاشای ئوور ئووتووخیگاڵ و شاری وەرکا دەبەزێنێت و شاری خۆی (ئوور) دەکاتەوە پایتەخت. واتە خۆییاتیی کووتییەکان لەسەر شێوەی تیرەپەرستی بووە (ئامۆزا دژی ئامۆزا) کەچی سۆمەرییەکان لەسەر شێوەی شارپەرستی.

لێرەوە دەوڵەتی ئووری سێیەم (٢١١١-٢٠٠٠پ.ز) پەیدا دەبێت کە دواترین دەوڵەتی سۆمەرییە. دیسان شارە سۆمەرییەکان لە یەکەم دەرفەتی ئازادیدا هەرکەس خۆی جودا کردەوە و کەوتنەوە خۆبەخۆیی. وڵاتەکەش دابەش بوو بۆ هەولێر و سلێمانییەکی سۆمەری (ئیسن و لارسا). ئەم بارە ماوەیەکی درێژی خایاند و یەکتریان شل و کوت کرد تا ١٩٠٠پ.ز کە عەشایەری ئامووری لە بیابانی شام شۆڕ دەبنەوە و شارێکی بچووک ئاوەدان دەکەنەوە، شاری بابل.

سەرەتا کەس بابلی بە هیچ نەدەزانی؛ بەڵام دەبیسین بابل لە سەردەمی حەموورابیدا دەبێتە پایتەخت. ئینجا سەرباری ئەوەی دەوڵەتەکەی حەموورابی هەندەی نەخایاند، واش هەر بابل گەشەی کرد و دواتر بوو بە پایتەختی عێراق تا وای لێ هات وڵاتەکە پێی بگوترێ وڵاتی بابل. بەڕای من ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی بابل کەوا لەناوچە ستراتیجییەکەی عێراق نزیکترە لەچاو ئوور و وەرکا و ئیسن و لارسا و نیپۆر و هتد. پێشتر ئەکەدیش هەر لەو ناوەدا بووە؛ بەڵام لە سەردەمی ئەکەدیدا (٥٠٠-٦٠٠ ساڵ پێش بابل) شارستانەتییەکی ئەوتۆ لە باکووری سۆمەر پەیدا نەبووبوو. بۆیەش ئەمجارە ناوچەی بابل ناوەندیتر بوو.




حەموورابی (١٨٠٠-١٧٥٠پ.ز) و بنەماڵەکەی و ئامووربیەکان تا دەوری سەدەیەک حوکمیان کرد؛ ئەگەر نەڵێم کەڵەگاییان کرد، بەڵام دواتر خۆیان کەوتنە بەر هێرشی حیسییەکانی ئەنەدۆڵ[١]. حیسی بابلیان تاڵان کرد و زوو کشانەوە. بەوەش ڕێگە بۆ عەشایەری کاشی خۆش بوو دەوڵەتە ناودارەکەی کاردۆنیاش بۆ ماوەی ٤٠٠-٥٠٠ ساڵ دامەزرێنن. هەر وەکو مامۆستا «زبیر بلال» دەیگوت: کاردۆنیاش لە دەوڵەتە هەرە درێژخایەن و ئارامەکانی عێراق بووە.

(١) «ابن خلدون» لە موقەدمە ناودارەکەیدا بەشی ١٤، دەڵێ زۆربەی جار تەمەنی دەوڵەتە عەشایەرییەکان لە ٣ وەچە ڕەت نادات. هەر وەچەیەش بە ٤٠ ساڵ دەژمێرێت. لێرەدا دەوڵەتی بابلی یەکەم لەگەڵ ئەم رایەدا راست دەردەچێت و بەرای من مەرج نییە هەر وەچەیەک بەتەواوی ٤٠ ساڵ بخایێنێ بەڵکو هەیە زۆر کەمتر دەخایێنێ.



## کاردۆنیاش ١٥٩٥-١١٦٢ پ.ز


کاردۆنیاش بەچەشنی دەوڵەتی عەبباسی دەوڵەتێکی درێژخایەن بوو. ئیتر دەوڵەتی شار ئەو باوەی وەکو جاران نەما لە عێراقدا بەهۆی پەیدابوونی پایتەختێکی مەیلەو سروشتی. کاشی سیستەمێکی ئیداریی گشتییان هەبوو بۆ تێکرای ناوەند و باشووری عێراق و ڕێژەی خۆبەخۆیی شارە عێراقییەکان لەسایەیاندا زۆر کەمتر بوو[١]. باوەڕم وایە ئەم ڕاستییە دەدرێتەوە پاڵ ئەوەی کە دەسەڵاتیان لە ناوچەی بەغدا و بابلدا سەقامگیر بوو؛ بۆ نموونە یەکێک لە مەڵبەندەکانیان ٢٠ کم لە خۆراوای بەغدا بوو بەناوی دوور کوری کالزۆ. ئێستا بە زەققوورەی عەگەرگووف ناسراوە لە نزیک بەندیخانەی ئەبووغرێب.

کاشییەکان یەکەم پێڵی عەشایەرە ئاری بوون بگەنە عێراق. چیاکانی زاگرۆسیان ڕاماڵیوە بەرەو گەرمیان؛ ئینجا هەڵکشاون لەگەڵ دیجلە و لەوێوە میسۆپۆتامیا و باکووری فوراتیان ڕاماڵیوە. پاش ئەوەی حیسییەکان بابل تاڵان دەکەن، کاشی بەرەو هەرێمە نزمەکان دەخزن و بابل دەبووژێننەوە؛ واتە کاشییەکان لە دوو دەروازەی هەرە گرینگەوە ڕژاونەتە نێو وڵاتەکەوە:

- دەروازەی سیروان و دیجلە کە سامانی مادی و مرۆیی لە زاگرۆس و میسۆپۆتامیاوە دەهێنا.
- دەروازەی فورات کە سامانی مرۆیی لە بیابانی شامەوە دەهێنا.

پاشا کاشییەکان تاسەر، ناوی ئارییان بەکار هێناوە؛ وەکو کانداش، هووریاش، بووریاش، کاشتیلیاش، تیشیخەرماش و هتد. بەڵام کولتوور و زمانی عێراقی تواندوونیەوە و مەردۆخیان پەرستووە. (مەردۆخ خواوەندی

(١) تاریخ الکرد القدیم. د جمال رشید، د فوزی رشید. لاپەڕە ٦٢ .




بابل بوو؛ کەواتە خۆیان بە بابلی نواندووە). ئەوە رای دەگەیێنێ کە پیتاندن و توانەوەیەکی باش رووی داوە. ئیتر لەگەل رۆژگار کاشییەکان زیاتر خزینە نێو بابل؛ تا وای لێ هات بابل کاشییەکانی قووت دا. پرسیارێک دەمێنێ کە بۆچی ئەو «هێلکەیە» نەیتوانی «تۆو»ی هەرێمە سوننییەکان (میسۆپۆتامیا و بیابانی شام) رابکێشێت؟


باوەرم وایە هۆیەکە دەگەرێتەوە بۆ مەسەلەی شارپەرستی؛ کاشییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ رەوشتی گەلێکی خاوەن ئینتیمایەکی بەرفراوانیان نواندووە بۆ خەڵکی ناوەند و باشووری عێراق. بەڵام دواتر خۆیان لە عەشایەری باکوور دابراند؛ هەم لە کاشییەکانی کە لە زاگرۆس مابوونەوە، هەم لە عەشایەری میسۆپۆتامیا و بیابانی شام. ساڵ بە ساڵ پتر دەکەوتنە نێو شارەکان بەتایبەتیش بابل؛ واتە ناوچەکانی بەغدا و سەرووی رووبارەکانیان چۆڵ دەکرد. هەڵەی کوشندەیان ئەوەبوو کە دەستیان بە شارپەرستی و بێگانەبەدەری کرد. لە میانی چەند سەدەیەکدا بێگانەبەدەری وای کرد عەشایەری باکوور کاردانەوەیەکی بێ ئەندازە توند و ترسناک بکەن و یەکەم ئینتیما و خواوەندی نەژادی پەیدا بکەن لە جیهاندا؛ خواوەندە تۆقێنەرەکەی ئاشوور.



## ئاشوور، یەکەم ئینتیمای نەتەوەیی:

من رایەکی تایبەتم هەیە سەبارەت بە پەیدابوونی ئەو ئیمپراتۆریەتە. سەرباری مەسەلەی هەبوونی کاردانەوە دژ بە بێگانەبەدەری و لووتبەرزیی بابلییەکان، ئاشووری عەشایەرێکی ئاسایی نەبوون؛ بەڵکو کولتوور و ئینتیمایەک بوون کە عەشایەری دەتواندەوە و شاری رادەماڵی. پێشەکی دەبێ بزانین ئاشوور زادەی کولتووری هێڵێکی بازرگانی بوون. وەک چۆن عەرەب زادەی هێڵی شام و یەمەن بوون، ئینجا تورک کە زادەی هێڵی ئاوریشم بوون لە نێوان چین و ئەورووپادا، ئاشووری زادەی هێڵێکی بازرگانیی بوون لەنێوان عێراق و خۆرئاوادا.

ئاشووری مەڵبەندی بازرگانییان هەبووە لە کەپەدۆکیا. لەو سەردەمەشدا ئارامییەکان تازە پەیدا بووبوون و هێڵی بازرگانیی فوراتیان خستە مەترسییەوە؛ زاگرۆسیش وەک هەمیشە بەهۆی ناهەمواریی رێگەکانەوە گیرابوو. کەواتە تاکە رێگەی بازرگانیی نێوان «عێراق و ئیلام» لەگەڵ



«ئەنەدۆڵ و شام و میسر»دا تەنیا لە ڕێگەی تکریت، مووسڵ بوو. دواتریش بەشێکی زۆر لە زاگرۆس (گەرمیان، بیتوێن، خۆرئاوای سۆران و بادینان) هەموو لەو کولتوور و دەوڵەتەدا توانەوە[١] بەوەش ڕێگەی مووسڵ، هەولێر، کەرکووک، ئەویش کەوتە بەر حوکمی ئەو نەتەوەیەوە. ئیتر هەر کاروانێکی بازرگانی لە هەرێمەکانی زاگرۆس و ئەنبار تالان کرابن ئەوە هەموو لە قازانجی ئاشوورییەکاندا بوو[٢].

## سروشت

ئاشوورییەکان لە ئاشوور (شرگاط) و دواتر لە مووسڵ لە وڵاتێکی بەدەرامەت دەژیان. وێڕای دەرامەتی وەرزێری و مەڕداری، مووسڵ توانایەکی گەورەی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێگە و بان.

بەڵام مووسڵ پێشتر و ئێستاش دوو تەحەدیی لەپێشدا بوو: یەکەم دەبوو خەڵکی بیابان و چیا لە یەک ئینتیمادا بتوێنێتەوە؛ دووەم: عەیبی گەورەتر ئەوەیە کە هەر چوار لای ئاواڵەن بۆ هێرشی دەرەکی؛ واتە سنووری دابڕاوی نییە بەچەشنی میسر و فارس، بۆیەش ئاشوورییەکان ترسێکی هەمیشەییان هەبوو لە پەیدابوونی هێزێکی دژوار. ناچار بوون

(١) لاوازیی ئینتیمای خەڵکی زاگرۆس ڕاستییەکی زۆر تاڵە بۆ ئێمە. پێڵی کاشی لە زاگرۆسەوە شۆڕبوونەتەوە بۆ میسۆپۆتامیا و هەموویان ڕاماڵیوە؛ کەچی لەمیانی چەند سەدەیەکدا خۆیان لە کولتووری ئاشووریدا تواونەوە و تا بیتوێن و دەشتی سۆران بوونەتە ئاشووری.

(٢) بازرگانی و هاتوچۆی ئازاد نەتەوە دروست دەکات. لە نەوەتەکاندا ئەو هەموو زاڵگانەی کە پێشمەرگە (بەناوی کوردایەتی) دروستیان کردبوو هەموو لە قازانجی مووسڵ و تکریتدا بوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێت بایەخمان بەوە نەداوە ڕێگەیەکی بازرگانی هەموار لەنێوان زاخۆ و هەولێر دروست بکەین، جا هەمیشە ناچاری مووسڵ دەبینەوە.



سیستەمێکی سەربازیی بێ ئەندازە ترسناک پێڕەو بکەن. ئەرنۆڵد تۆینبی دەڵێ: ناوچەی ڕۆما ڕەق و کەم دەرامەت بووە و لەسەرەتاوە بەرەو ڕووی تەراتینەیەکی جیۆپۆلیتیکی بووەتەوە؛ بۆیە ڕۆمەکان لەچاو شار و عەشایەری دەوروبەر توندتر بوون. لە ڕاستیدا ئاشوورییەکانیش هەمان حاڵەتیان هەبوو.

## ڕەوشت

ئیستاشی لەگەڵدا بێت کورد نەگەیشتووەتە نیوەی ئەو ئاستە بەرزەی ئینتیما وەک ئەوەی کە ئاشوورییەکانی ئەوسا هەیانبوو. یەکەم جار بوو لە مێژووی زانراودا خەڵکی کۆمەڵێک هۆز و شار و ناوچە پابەندی یەک ئینیتما بن و یەک خواوەند بپەرستن؛ خواوەندی ئاشوور بەرجەستەکردنی یەکەم ئینتیمای نەتەوەیی بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ڕەنگە میتانییەکان تاڕادەیەکی بچووک ئەو ئینتیمایە توێنەرەیان هەبوو‌بێت کەوا عەشایەرە خوورییەکانیان تواندووەتەوە و زمانی ئارییان سەپاندووە؛ بەڵام ئەوانیش نەگەیشتنە ئەو جۆرە ئینتیمایەی ئاشوور، چونکە ئاشووری وێڕای ئەوە، کولتووری زمان و ئەدەب و دینی دەوڵەمەندتریان هەبوو؛ پشت ئەستوور بە میراتێکی زل لە کولتوور و نووسینی ئەکەدی.

جیاوازیی نێوان ئاشوور و بابل وەکو ڕۆم و یۆنان بوو؛ بۆ نموونە ڕۆم شانۆکانی یۆنانییەکانیان کردە مەیدانی زۆرانبازی لە باتی شیعر و شانۆ. هەروەها ئەمڕۆ لە عێراقدا دەبینی شیعەکان و شارستانییەکان بەگشتی مەیلی ئەدەب و مۆسیقا و نوکتە و ڕابواردنیان هەیە؛ کەچی سوننەی باکوور هەندێک وشکترن، خەریکی سەربازی و دەسەڵات دەبن. هەمان جیاوازیش لە نێوان کوردی شارستانی و عەشایەریدا هەیە؛ ئیتر هەمان جیاوازیش لە نێوان بابل و ئاشووردا هەبووە.

زۆربەی نەقش و نیگاری ئاشوورییەکان بریتی بوون لە کەوڵکردنی

دیلەکان و شانازی کردن بەخوێنڕێژی، بەمەرجێک کە هەرێمی بابل مەیدانی سەرەکی بووە بۆ ئەو هەڵمەتە خوێناوییانە. واتە لێرەدا هەم ئینتیما هەم ناسنامەی نیشتیمانیی جودا هەبووە لەنێوان بابل و ئاشووردا. بابل و شام و فەڵەستین و میسر و ئیلام و ئەرمەنستان و زاگرۆس و هتد، تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر ڕکێفی ئاشووردا بوو بۆ ماوەیەکی کەم یان زۆر. حوکمەکەشیان بێ ئەندازە خوێناوی بوو کە دەتوانین بڵێین مانەوەی دەوڵەتەکەیان بۆ ماوەی ٤٠٠ساڵێک لەسەر قەڵاتی کەللەسەری دوژمنان کراوە؛ دەبێ کانگەی ئەو هێزە لە چییەوە هەڵبکوڵێت؟

## یەکەم دیاردەی ڕەگەزپەرستی

باوەڕم وایە هێزی ئاشوور لە بێ هێزیی ئینتیماکانی دەوروبەر هەڵدەکولا. بۆ زیاتر تێگەیشتن و ڕۆنکردنەوە با ئەم نموونانە باس بکرێن. ناپۆلیۆن شتێکی گوتووە بەم واتایە: «*سەرکەوتوو ئەوکەسە نییە کە هەڵە ناکات. سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە هەڵەی لە دوژمنەکانی کەمترە*». لەلایەکی دیکە، ئەرنۆڵد تۆینبی لە زۆر شوێندا باسی تورک دەکات و دەڵێ: «*وەک چۆن ئەسپی ڕەسەن پەروەردەکرێن، تورک پیاوانی نەتەوەکانی دیکەیان پەروەردە کردووە بۆ سیستەمی سەربازیی خۆیان*». باوەڕم وایە ئاشوور بە هەمان شێوە هەڵکەوتوون. ئەو خەڵکەی کە لە ئینتیما تەسکەکانی دەوروبەر نەفرەتیان لێ دەکرا یاخۆ کە عەشیرەتێک لە عەشیرەتێک دەترسا، یاخۆ کە شارێک بەسەر شارێکی دیکەی دادەدا، ئەوانە ئینتیمای خۆیان لە شێوەژیانی ئاشووریدا دەدۆزییەوە. دەشێ بگوترێ (ئاشوور یەکەم ئینتیمای خەڵکی بێ ئینتیما و بێ پەنا بووە». گلەییەکەش لە بابل دەکرێ کەوا بۆچی ئەو خەڵکەی بەخۆوە نەگرت؟

هێزی ئینتیمای ئاشوور دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشتی بێگانەبەدەری بابل و زۆربەی ئینتیماکانی دەوروبەر. عەرەب گوتەنی «متقوقع» بوون.



کاشییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لەنێو بۆتەی تەسکی «بابلچییەتی»دا دەتوانەوە، کەچی ئاشووری ڕۆژ بە ڕۆژ ئینتیمایەکی گەورەتر و توێنەرتریان دەبوو تا ئەو ڕۆژەی توگوڵتی نەنوورتا لە ١٢٠٨ پ.ز. کاشتیلیاشی چوارەمی بەزاند و بابلی داگیر کرد. ئەمە یەکەم جار بوو بابل داگیر بکرێت.

شایانی گوتنە کە ناوبراو پەیکەری مەردۆخی بەتاڵان بردووەتەوە بۆ ئاشوور (شرگاط)؛ بەڵام دیارە دەسەڵاتی دینیی بابل کاری لەو عەشایەرە جەنگاوەرانە کردووە و ئاژاوە کەوتووەتە نێو سوپاکەی، تاکو بەدەستی کوڕی خۆی کوژرا. ڕەنگە بابلی گوتبێتیان «ئەها بزانە مەردۆخ چی لێ کرد. کەس لە مەردۆخ گەورەتر نییە».

لەوساوە کە بابل گیرا عێراق بوو بە زنجیرەیەکی هەمیشەیی دەست پێ دەکات لە خەباتی بابل و شارەکانی باشوور (شیعەکانی ئێستا) بۆ ئازادی. شۆڕشێک دەقەوما، چەند ساڵێک ئازاد دەبوون؛ بەڵام زوو شل دەبوون؛ ئینجا سوپایەکی ئاشووری دەهات و تەفروتوونای دەکردن. ئەوجار پاش چەند ساڵێک سامانی مادی و مرۆیی دەڕژایەوە بابل و دیسان هەڵدەستایەوە و دیسان شۆڕش. ئیتر ئەوها نموونەی ڕاپەڕینەکەی شیعەی ١٩٩١ دەیان جار دووبارە بووەتەوە. هەروەها چۆن لە سەردەمی بەعسدا مەراقی سەرەکی شیعەکان ئەوەبوو ڕێوڕەسمی عاشوورا بگێڕن، بەهەمان شێوە مەراقی سەرەکیی بابلییەکان و عێراقییە شارستانییەکان بەگشتی ئەوە بوو ئاهەنگی ئەکیتۆ بگێڕن.

بەشێکی گەورەی ئاهەنگی ئەکیتۆ بریتی بوو لە شیوەن و سینگ کوتان، وێڕای چەند هێمایەکی سیاسی لە پابەندبوونی حاکم بۆ دین و شەریعەت کە دەبوایە ئەو پاشایەی خۆ بەحاکمی بابل دەزانێ سەر بۆ کاهینی گەورەی بابل دانەوێنێت. کاهینەکەش بەجۆرێک زەلیلی دەکرد گوایە کەس بەرانبەر بابل و خواکەی مەردۆخ نرخێکی ئەوتۆی نییە. ئیتر بەگوێرەی باری سیاسی، هەندێک پاشا ئەوەیان قەبووڵ دەکرد و هەندێکیشیان قەدەغەیان دەکرد.

ئینتیمای ئاشووری مەرجی ئاسانی هەبووە بۆ ئەوەی بەکەسێک بگوترێ «*تۆ لە خۆمانیت*». مەرجەکانیش ئەوەبوون کە بە زمانی ئاشووری بدوێن، خواوەندی ئاشوور بپەرستن و پابەندی بنەماڵەی پاشاکان بن؛ ئیتر تەواو. هەر کوڕە عەشیرەتێکی بیابانەکانی میسۆپۆتامیا و چیاکانی زاگرۆس ئەگەر کۆمەڵگای شارێک بێگانەبەدەرییان لەگەڵدا کردبێت، ئەو کوڕە یاخۆ ئەو ئاغایە خۆی لە شێوەژیانی عەسکەرتاریی ئاشووریدا دەدۆزییەوە؛ بۆ نموونە هاریزاکس باسی عەشایەری سووتوو دەکات؛ عەشایەرێکی ئارامی بوون بەڵام دەبوونە داردەستی ئاشوورییەکان. لەیەک نووسیندا باس کراوە پاشایەکی ئاشووری ژنی بۆ جەنگاوەرە سووتووکان هێناوە ژنەکان شکایەت دەکەن کە پیاوەکان مارەییان نەداوە، ئیتر ئەوها. خۆ ئێستاشی لەگەڵ بێت، زۆر کەس دەڵێن مووسڵ هەندە کوردی تێدایە و بەئەسڵ هەندەی تێدابووە و هتد. برام، ئەمە هەمان مەسەلەیە لەسەردەمی ئاشوورەوە تا ئەمڕۆ روو دەدات کەوا خەڵکی بیابان و چیا تێکڕا لە بۆتەی مووسڵدا دەتوێنەوە؛ بەپێچەوانەی ئاشوور، لە کۆمەڵگەی بابلیدا وێڕای گرفتی دەروونی و ئاڵۆزی کۆمەلایەتی و بێز و قێزی مێیانە و شارپەرستانە بەرانبەر بەیەکتر، لیستەیەکی دوور و درێژ هەبوو تاکو پێی بگوترێ «تۆ لە خۆمانیت». باوەڕیش ناکەم بە کەس گوترابێ «*تۆ لە خۆمانیت*»؛ تەنیا خەڵکی ئەسڵەشارەکە نەبن.

بابلی ئینتیمایەکی تەسکیان هەبوو و هێڵێکی ئەستوونی هەبووە لەنێوان هەژاری شار و هەژاری و غەوارەدا، دەوڵەمەندی شار و دەوڵەمەندی غەوارەدا و هتد. لە ئەنجامدا عەشایەر و خەڵکی شاری دیکە کاردانەوەیان دژی ئەو بێگانەبەدەرییە گرتووە و بوونەتە لایەنگری ئاشوور یاخۆ هیچ نەبێ بەرگرییان لە بابل نەکردووە. بەوەش دەزانین کە بابلی نەفرەتیان لە خەڵک کردووە؛ ئەگەر چاو بە سەرگوزەشتی عەشایەرە کلدانییەکاندا بخشێنین، کلدانی لە سەرەتای هەزارەی یەکەمەوە (پ.ز)



لە بیابانی شامەوە رۆیشتوون بۆ هەرێمی بابل و بوونەتە هاوپەیمانی بابلییەکان دژی ئاشوور؛ کەچی دەبیسین پاش سەدان ساڵێش تێکەڵاوی، بابلی و کلدانی هەرگیز نەبوونە یەک نەتەوە.

لە یەکێک لەو شۆڕشانەی بابلدا ئاشوورییەکان گەمارۆی بابل دەدەن و بەخەڵکی شارەکە دەڵێن: چۆن ئێوەی بابلی لەگەڵ ئەو کلدانییە خێڵەکییانە رێک دەکەون، وازیان لێ بێنن و ئێمە بەڵێن دەدەین کە هیچتان لێ نەکەین؛ واتە ئاشوورییەکان بەباشی لە دەماری شارپەرستانەی بابلییەکانیان زانیوە. جا ئەگەرچی کلدانی دەست و بازووی بابل بوون و دواتر ئەوان بوون کە لەگەڵ میدیا رێک کەوتن و ئاشووریان بەزاند (لە ٦١٢ پ.ز) کەچی خەڵکی بابل هەر بەبێزەوە و بەچاوی بێگانەبەدەری سەیریان کردوون. تەنانەت لەسەردەمی کۆرشدا (دەوری ٥٣٠ پ.ز) بێگانەبەدەری بابلییەکان دژی کلدانی بەزەقی دیار کەوت. دواتر باس دەکرێت.

بابل لەمێژوودا «إستقطاب» و تەلەسمێکی مێیانەی گەورەی هەبووە. بۆ نموونە ئاشوور پانیپال برای خۆی دەکاتە پاشای بابل، یاخۆ بڵێین والی بابل. ئەو برایە شەمەش ئۆکین لە ئاشوور پانیپال هەڵدەگەڕێتەوە. ئینجا لەشکری ئاشووری دوو ساڵ شاری بابل گەمارۆ دەدات تا لە ٦٤٨ پ.ز. شارەکە خاپوور دەکەن و ناوبراوی تێدا دەکوژرێت. لە رووداوێکی ئەوهادا توانای بابل دیار دەکەوێت بۆ ڕاکێشانی ئینتیما (بەچەشنی میسر و ئێران کەوا ئینتیما داگیرکەریان دەتواندەوە)؛ بەڵام فەرقێکی گەورە هەیە لە چەندەتی و چۆنێتی ئەو «إستقطاب»ە. عەیبە گەورەکەی بابل وەک هەمیشە مەسەلەی بێگانەبەدەری کردن بووە. خۆ ئەگەر شەمەش ئۆکین سەرکەوتبایە ئەوسا بابلی بێگانەبەدەرییان لەگەڵ ئەویشدا دەکرد کەوا «لە خۆمان نییە». جا ئەگەر ویستبای لە بابل بمێنێ دەبایە ببێتە دیکتاتۆر یانیش ئەوەتا رەگەڵ خزمە ئاشوورییەکانی خۆی دەکەوتەوە و هەمان رۆڵی ئاشوور پانیبالی دەگێڕا دژی بابل؛ هەر وابووە و هەر وا دەبێ.

## زاگرۆس لەژێر حوکمی ئاشووردا

ئینتیمای ئاشووری مایەی هەڵمژینی ئینتیمای خەڵکی زاگرۆسیش بووە. ئەگەر لە نووسینەکانی گردی شمشارە (ناوچەی بیتوێن) ورد ببینەوە بەڕاستی سەرمان سوڕ دەمێنی کە چۆن ئەمڕۆ و پێش ٣٠٠٠ ساڵ هەمان باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەئارادا بووە. لە نامەکاریی نێوان پاشای ئاشوور و بەرپرسانی ناوچەکەدا، دیار دەبێ کە گردی شمشارە شارۆچکەیەکی بچووک بووە، خەڵکەکەی ئاشووری بوون؛ کەچی عەشایەری دەوروبەر و خەڵکی ئەودیوی دەربەندەکە (پشتدەر) عەشایەری خووری بوون. یەکێک لەو ئاغا خوورییانە لایەنگری ئاشوور بووە (وەکو فورسانەکانی سەردەمی سەدام). خاڵ بە خاڵ بە ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە دادێت کە ١٠٠٪ هەمان ئاڵۆزییەکانی هەمان ناوچە و زۆربەی کۆمەڵگەی کوردەواریی ئەمڕۆن. لەوێدا ئاڵۆزیی عەشایەری دیار دەبێت. دوو تیرە تێک بەردەبن: یەکیان ڕوو لە شاخ دەکات؛ ئەوەی دیکە ڕوو لە شار دەکات (بێگومان لە چەند وەچەیەکدا دەبوونە شارستانیی ئاشووری). ئافرەتێک رەدوو دەکەوت و پەنای دەهێنا بۆ دەوڵەت. ئەو ئافرەتە یان ئەوەتا خزمەکانی دەیانکوشت، یانیش ئەوەتا لەگەڵ میردەکەی لە ئینتیمای ئاشووریدا دەتوانەوە. هەروا بووە و هەروا دەبێ.

نموونەی زیندوو بۆ ئەم تەرزە ڕووداوانە ئێستا لەبەر چاوماندایە کەوا کورد لە دەشت و چیا ڕوو لە شارێکی وەک کەرکووک و هەولێر و ورمێ و نەغەدە دەکەن (ئەو شارانەی کە چەند کیلۆمەترێک لە شاخ دوورن)، مەگەر ئاغا و دەوڵەمەندی گەورەبن بن دەنا چینی هەژار و ناوەندی لە ماوەی ٢- ٣ وەچەدا دەست پێ دەکەن بە تورکی بدوێن. هۆیەکەش بەکورتی ئەوەیە کە خودی خزمەکانیان و هاوزمانەکانیان دەریان دەپەڕێنن بۆ ئینتیمایەکی دیکە. ئەوەی دێتە شار ناچارە هەندێک شێوەژیانی



بگۆڕێت. شێوەزمانیش (کەوا خووری وەکو خۆمان کۆمەڵێک تیرە و هۆز و شێوەزمان بوونە) بەناچاری دەبێ هەندێک بگۆڕدرێ. خوێنەر با بیهێنێتە بەرچاوی خۆی چۆن خوورییەکان سووکایەتییان بە خزمی خۆیان کردووە کەوا «بۆچی ئەوها گۆڕاویت و کوا لەخۆمانیت و هتد». ئەگەر بە لەهجەی هۆزێکی دیکە قسە بکات، ئەوسا خزمەکانی حاشای لێ دەکەن؛ هۆزە نوێکەش هەرگیز بە«خۆیی»ی نازانێت. کەواتە بۆچی بە ئاشووری قسە نەکات؟ هەمان شت تا ئێستا لە کەرکووک و هەولێر روو دەدات؛ کابرای زاگرۆسی بێزار دەبێت و دەست پێ دەکا بەتورکی قسە بکات. ئەوەیە چیرۆکی هەمیشەی شاخ و شاری زاگرۆس. خووری لە شاخ دەهاتن بۆ شار و دەبوونە ئاشووری. پاش چەند هەزار ساڵێک دەبینین کورد لە شاخ شۆڕ دەبنەوە و لە چەند وەچەیەکدا دەبنە تورکمان.

جۆری هەڵکەوتن و ئینتیمای ئاشوورییەکان شتێکی بێ چەشنی سەردەمی خۆی بووە. شارستانییەکانی باشووری عێراق نەفرەتیان لە یەکتر دەکرد؛ لەئەنجامیشدا نەفرەت لێکراوەکان دەبوونە ئاشووری. گوندی و عەشایەری زاگرۆس نەفرەتیان لە یەکتر دەکرد؛ لە ئەنجامیشدا بێکەسەکان تا دواهەناسە دەبوونە دەروێشی خواوەندی ئاشوور بە شایەدیی هەولێر کە چۆن ئێستا دینپەروەرن و ژمارەی مزگەوتەکان لە ژمارەی خوێندگە و نەخۆشخانە زیاترن؛ ئەوساکەش هەمان شت لە ئارادا بوو. هەیکەلی پەرستگەکانی ئاشوور لە هەموو کون و کەلێنێک هەبوون (دونیا ئەسکی حەمام ئەسکی تاس).

## رووخانی ئاشوور

گوتمان عەشایەری ئارامی لەسەر فورات و عەشایەری خووری لە زاگرۆس وایان کردبوو هێڵی بازرگانیی نێوان شەرق و غەرب لەژێر دەسەڵاتی ئاشووردا بێت؛ بەڵام کە عەشایەری ئارامی پێشکەوتن و بوونە خاوەن

کولتوور و نووسین، ئەوە بناخەیەک لە بناخەکانی ئینتیما گەنجەکەی ئاشووریی لەق کرد. ئارامی یەکەم کەس بوون نووسینی ئەلفەبێت بەکار بێنن کەچی ئاشووری هەر لەسەر سیستەمی کۆنی مێخەکی مانەوە. ئەوە یەکێکە لە دیاردەکانی پیربوونی ئینتیما. ئاشوورییەکان لە سەرەتادا کولتوور و نووسینی هاوچەرخیان پێڕەو کردووە، کەچی دواتر تووشی کۆنەپەرستی بوون و ڕازی نەبوون نووسینی مێخەکی (کە شتێکی زۆر ئاڵۆزە) بگۆڕنەوە بەنووسینێک و شێوەزمانێکی پێشکەوتووتر. دەبا چەکدارێکی کورد ئەمڕۆ بڵێ شمشێر لە قەڵەم بەهێزترە.

با بیر لە نووسەرێکی ئاشووری بکەینەوە چۆن ڕقی بووەتەوە کە دیتوویەتی زمان و نووسینی ئارامی بڵاو دەبێتەوە؛ گوتوویەتی: «*ئاخیر زەمانە! گەجەر و گوجەری دەشتەکی بە یەک دوو ساڵ فێری نووسین دەبن کەچی من بیست ساڵ خزمەتی پەرستگەم کرد تا فێر بووم*». تەرزە کۆنەپەرستییەکی ئەوها کارتێکی زۆر گرینگی لە ئاشوور ستاندووەتەوە.

خاڵی کوشندە ئەوە بوو کە پێڵی عەشایەرە ئارییەکان لە ناوەندی ئاسیاوە هاتن بەخۆ و ئینتیمایەکی ئەوهاوە کە دوو هەندی دین و ئینتیمای ئاشوورییەکان توندتر و گەنجتر و فراوانتر بوو. ئەگەر ئاشوورییەکان بێ فەرق بووبن لەنێوان شار و عەشایەری خۆیاندا، عەشایەری دەشتاییەکانی ئاسیا کاکڵی فیکرەی تەوحیدییان هەبوو؛ فەرقیان لەنێوان سەدان شار و سەدان هۆز و دەیان نەتەوەی جیادا نەدەکرد. ئینجا ئەگەر ئاشووری ئامادە نەبووبن زمان و نووسینی ئارامی بەکار بێنن، ئارییەکان بەبێ دوودڵی بەکاریان هێنا. ئەم تەرزە ئینتیمایە بە زەقی لە دەوڵەتی ماد پەیدا نەبوو؛ بەڵام دواتر ئەخمینییەکان پێڕەویان کرد.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەم سێ جۆرە دینە بکرێت کە هەر یەک جۆرە ئینتیما و عەقڵییەتێکە و جۆرە سیستەمێکە هەریەک لە ڕەمزی خواوەندێکدا بەرجەستە کرابوو:



١- *ئینتیمای بابلی. خواوەندی شارێک وەک ڕەمزی ئینتیما بۆ یەک شار. ئەوە ئەگەرچی شارەکە شاگوڵی کۆمەڵێک شار بووبێت، بەڵام تەنیا کار لەو کەسانە دەکات کە خەڵکی شار و ناوچەکەن. لە بەرانبەردا دەیان دوژمن و داخدار پەیدا دەکات لە عەشایەر و شارەکانی دیکە.*

٢- *ئینتیمای ئاشووری. دین و خواوەندی نەتەوەیی بوو بۆ هەر کەسێکی کە خۆی بە ئاشووری زانیوە ئەگەر لەئەسڵدا خووری یاخۆ کلدانی و بابلی و هەر شتێکیش بووبێت. ئینتیمایەکی نەتەوەیی توند بوو؛ بەڵام بێگومان ڕەگەزپەرستی دوژمن پەیدا دەکات و نەژادەکانی دیکەش کاردانەوەیان دەبێ.*

٣- *شێوە ئینتیمای میدییەکان، دواتر ئەخمینییەکان، یەکەم خواوەندی تەوحیدی بووە کە دەکرا هەر شارێک و هەر هۆزێک و هەر نەتەوەیەکیش پابەندی بێت لە ڕێگەی دیار خستنی لایەنگری بۆ دەوڵەت.* هێشتوویانە خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان لەسەر دینی خۆیان بەردەوام بن؛ وەک چۆن ئیسلام مامڵەتی لەگەڵ «أهل الکتاب»دا کرد.

## پەیدابوونی ئوممەت، پەیدابوونی تەوحید

ڕۆشنبیرانی کورد، بەتایبەتیش ئەوانەی دەمەقاڵێ لەسەر ڕاستی و ناڕاستیی دینەکان دەکەن، دەبێ ئەم شتە بە باشی تێ بگەن، خواوەند بۆ خەڵکی کۆن بەواتای ئینتیما بووە بۆ کۆمەڵگەیەک و کولتوورێک. بۆ ڕۆنکردنەوەی ئەم خاڵە نموونەیەک دەخەمە ڕوو. عەشیرەتێک باپیرەگەورەی خۆیان دەپەرست. پاش ماوەیەک کاکڵی کەسایەتیی ئەو باپیرە لە هێمایەک و چیرۆکێک و بوتێکی ئەفسووناویدا دەمایەوە و دەبوو بە خواوەندی ئەو عەشیرەتە؛ واتە ڕەمزی ئینتیما یاخۆ ڕەنگدانەوەی هەستی ئینتیما. نموونەیەکی تر، کۆمەڵگەیەکی ژنسالاری لە شارێکدا خولیای جۆرە ئافرەتێک بوونە یان جۆرە دایکێک و داپیرێک. هەمان شت ڕووی

داوەتەوە؛ ئیتر خواوەندەکە خۆوبەخت ڤینۆس و ئەنەنا (نەنە!) و عەشتار ئەستاریۆس، ئەستێرە بووە. ئینجا دەگەینە مەسەلەی تەوحید؛ تەوحیدی راستەقینە ئەوەیە کە دوو هۆز یاخۆ دوو شار یاخۆ عەشیرەتێک و شارێک (دوو ئینتیمای جودا) تا چ رادەیەک ئامادەن ئاوڕ لە لەهجە و زمان و شێوەزمان و ناوچە نەدرێتەوە و هەست بە یەک ئینتیما بکەن؟ بەڕای من ئەوەیە تەوحید.

لە مێژووی زانراودا، ئاشووری، یەکەم کەس بوون لەنێو خۆیاندا ئاوڕ لە شار و عەشیرەت نەدەنەوە؛ بەڵکو هەرکەس بە هەر لەهجەیەکی ئاشووری دوابایە ئیتر تەواو «لەخۆمانە». دواتر ئەخمینی یەکەم کەس بوون سکێڵی هەستی ئینتیمایان گەورەتر کرد کەوا سنووری نەتەوە و رەگەزی بەزاند بەرەو سنووری وەلا بۆ یەک دەوڵەت و یەک بنەماڵەی شاهانە. ئەمە رەوشتی ئوممەتێکی تێکەڵاوی پێ بەخشین. ئەو جۆرە ئینتیمایە پێچەوانەی رەوشتی کوردی ئەمڕۆیە؛ بەڵکو ئەو رەوشت و ئینتیمایە لە تورک، بەتایبەتیش ئینتیما عەسکەرییەکەی عوسمانییەکان (سوپای نا عەشایەری) کەوا هەموو بێ کەسێکی بەخۆوە دەگرت ئەگەر تورک بایە یان یۆنانی یان هەر نەتەوەیەکی دیکە. لەسەرەتادا تاکە مەرجیان ئەوەبوو خەڵکەکە پابەندی دەوڵەت و بنەماڵە بن و لاری لە یاسا و باجدان نەکەن. بەوە کۆمەڵێک نەتەوە و هۆز و وڵاتی سەرلەبەریان تواندەوە. هەمان شت بەهەندێک جیاوازی لەنێو هۆزە میدییەکاندا رووی داوە هەر ئەو ئومەمییەتەش بووە کە ئیمپراتۆرییەتە رەگەزپەرستەکەی ئاشووریی رامالی.



## دوا هەستانەوەی بابل

کلدانییەکانی بابل هاوپەیمانەتییان لەگەڵ ماد بەست دژی ئاشوور و (٦١٢ پ.ز) ئاشوور کاول کرا. کلدانییەکان باڵیان بەسەر فورات و شام و فەلەستیندا داگرت. پارە و یەخسیرێکی زۆر شاری بابلی کردە پایتەختی هەرە گرینگی جیهانی کۆن؛ بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت و نەزۆک؛ چونکە ئەگەر ئینتیمای شارپەرستانە بەرگەی ئینتیمای نەتەوەیی نەگرتبێ، چۆن خۆی بەرانبەر ئومەمییەت و تەوحید رادەگرێت؟

نەگونجانێکی هەمیشەیی لەنێوان بابلی (خەڵکی ئەسڵە شار) و کلدانی (عەشایەر)دا هەبوو. ئەمڕۆ هەمان شت لە ئاوارەکانی شەڕی ناوەخۆی کوردستاندا بەدی دەکرێت؛ بۆ نموونە وەکو خۆی ئاگادار بووبم لە سلێمانی و کۆیە و ڕانیە و شاری تریش -کە هەمیشە هێڵێکی نهێنی لەو نێوانەدا هەیە- توانەوە زۆر بە سەختی روو دەدات. لە بابل توانەوەکە سەختتریش بوو کەوا خەڵکی شارستانی بابل هەرگیز حاکمی کلدانیان بە«خۆیی» نەزانیوە بۆ سەدان ساڵ.

لە ماوەی ٥٠ ساڵێکدا بنەماڵەی نەبووبلاسەر و نەبووخەدنەسەر وجاغکوێر بوون. ناچار، وەزیرێکی ئەو بنەماڵە «نەبوونائید» بوو بەپاشای بابل. ناوبراو دەوڵەتپەروەر و سیاسەتمەدارێکی دووربین بوو؛ بەڵام کاردانەوەیەکی هەبوو دژ بەو بێگانەبەدەرییەی خەڵکی بابل. ناوبراو ویستی عێراقییەکان لە دووبەرەکی دەرباز بکات و ئەو نەفرەتەی نێوان بابلییەکان و خەڵکی نابابلی نەهێڵێت. بیری لە زیندووکردنەوەی پەرستنی «سن» خواوەندی مانگ کردەوە، بۆ داهێنانی شۆڕشێکی دینی و پێڕەوکردنی ئینتیمایەکی نیشتیمانی. دوورنییە مانگی هەڵبژاردبێت تاکو هاوسەنگی بکات بەرانبەر بە هێمای خۆر کە ئارییەکان کردبوویانە رەمزی یەکیەتیی ئینتیمای خۆیان. کەچی عێراقی بەگشتی و بابلی بەتایبەتی

شێت و هار دەبن کە "چۆن دەبێ شیوەنی ئەکیتۆ[1] رابگیرێت و چۆن دەبێ یەک خوا و یەک ئینتیما هەبێت و «ئێمەی ئەسڵە شار چۆن لەگەڵ ناشارییەکان و شاری دیکەدا یەک بین؟» هات و هاوار کەوتە گیانی ئەو خەڵکە کەوا پاشا کافر بووە و ئاخیر زەمانە و....


لەو سەردەمەشدا کۆرشی ئەخمینی (کاوە) ئەستیاکی میدیی (زوحاک)ی بەزاندبوو و دەسەڵاتی لە قووڵایی فارسەوە تا خۆرهەڵاتی خوراسان تا لیدیا لە ئاسیای بچووک پەلی کێشابوو. کۆرش ئاوڕێک لە بابل دەداتەوە و سوود لەو دووبەرەکییەی بابل وەردەگرێت و پڕوپاگەندەکە بەجۆش دێنێت کەوا پاشای بابل کافر بووە؛ وەک چۆن بەیەک نوقوڵ پارچە زێڕێک لە دەستی منداڵێک دەربهێنرێت، ئەوها دەستی بە پشتی ئەو

(١) لەم جەژنەدا دەبایە پاشاکان بێنە شاری بابل و لە پەرستگەی مەردۆخدا کڕنوش بۆ کاهینی گەورە بەرن. کاهین هەموو نیشانەکانی پاشایەتیی لێ دەکردەوە و بەیانی دەدا کە یاسا و پاشا نەمان. خەڵکەکە وەک هیستیریا چەند رۆژێک بەرەڵڵا و بێ باک دەبوون. پاش ئەوەی لە هەموو شتێک تێر دەبوون ئینجا چەند رۆژێک شیوەنێکی هیستیرییان دەکرد بۆ مەرگی خواوەند دومووزی (تەمموز). لە کۆتایی ١٠ رۆژی میهرەجانەکەدا پاشا دەهاتەوە خزمەت کاهینەکە و لەبەر چاوی خەڵکەکە زللەی لە ڕوومەتی پاشا دەدا و هەڕەشەی لێ دەکرد کەلە دین و شەریعەتی بابل دەرنەچێت دەنا ئەوها و ئەوها... ئینجا تاج و نیشانەکانی دەدایەوە وەک ئاماژەیەک بۆ گەڕانەوەی یاسا و دەوڵەت. شایانی گوتنە ئەو جەژنە لە یەکی نیسان دەستی پێ دەکرد. پاشماوەی ئەکیتۆ لە مەسەلەی «*درۆی نیسان*»دا ماوەتەوە. بابلی بە دەرفەتیان دەزانی هەندێک ئازادی ببینن. هەروەها مەسەلەی شیوەن بۆ دومووزی گوایە خواوەندێکی گەنج و جوان بووە عەشتار (ئەنەنا خواوەندێکی مێ) ویستوویەتی تەفرەی بدات، ئەویش ئاوڕی لێ نەداوەتە تا لە رقان عەشتار بەکوشتی داوە. هەمان ئەو پێداویستییە دەروونییەی کە وای کردووە هەزاران ساڵ شیوەن بۆ مەرگی دومووزی بکەن، هەمان شتە وادەکا هەزاران ساڵ شیوەن بۆ مەرگی ئیمام حوسێن بکەن.



شارپەرستانەی بابل داهێنا لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە خواوەندی مەردۆخ و ڕێگەدان بە ڕێوڕەسم و خوزەعبەلاتی ئەکیتۆ، ئیتر ئەوها لە **٥٣٩** پ.ز بابلی داگیرکرد.

عێراقییەکان نەحەسانەوە تا نەبوونائیدیان دەرپەڕاند و باوەشیان بۆ کۆرشی رزگاکەر کردەوە. جووەکانیش بە شکستی نەبوونائید و کلدانییەکان شاد دەبن و هەڵدەستن؛ کۆرش بەپێغەمبەر و مەسیح (واتە رزگاکەر) لە قەڵەم دەدەن. وەکو لە«سفر أشعيا ، الاصحاح٤٠-٥٥» دەڵێ: «*هكذا يقول الرب لمسيحه، لكورش الذي امسكت بيمينه لادوس امامه امما*».




**کۆچی هیلال**

وشەکانی (قۆرش، قورەیش) زۆر پێک دەچن، تۆ بڵێی قورەیش پچووککردنەوەی قۆرش نەبێت؟ وەکو حسن و حسین یاخۆ عمر و عمیر. نازانم! بەڵام ئەگەر هەندێک راستی بزانین ئەوسا ئەم پێکچوونە بەشتێکی سەیر نازانرێ.

نەبوونائید بابلی چۆڵ کرد و لەگەڵ لەشکرێکی کلدانی و کۆمەڵێک

بابلی و جوولەکە بەرەو باکووری سووریا هەڵاتن. لەوێدا چەکداری حیسیی کۆکردووەتەوە؛ ئینجا تا پێی کراوە بەرەو باشوور هەڵاتووە تا گەیشتووەتە شاری «تیماء» لە باکووری حیجاز. لەوێدا پاشاکەی شاری تەیمای کوشتووە و تا ١٠ ساڵی پاشماوەی ژیانی لە تەیما بەسەر بردووە. ناوبراو هێڵێکی بازرگانیی لەگەڵ یەمەن بووژاندووەتەوە بە دامەزراندنی شەش قەڵات بەدرێژایی باکووری حیجاز بۆ پاسەوانی کردن لە کاروانەکان، دوورترین قەڵات لە شوێنێک دروست کراوە بەناوی (یثرب)![1].

لەوە بەولا نەزانراوە ئایا نەبوونائید و خەڵکەکە چییان بەسەر هاتووە؛ بەڵام هەواڵی پاش ١٠٠٠ ساڵ زانروە کە مەدینە و شارەکانی باکووری حیجاز جوولەکەیان تێدا بووە؛ کەچی تائیف و مەککە جوولەکەیان تێدا نەبوو. ئەوەشمان بیستووە کە عەرەب بازرگانی نێوان یەمەن و شامیان کۆنترۆڵ کردووە، پێیان گوتووە «رحلة الشتاء والصيف». هەروەها پێشبڕکەی دینی و دنیاییان لەگەڵ جوولەکەدا کردووە. هەروەها بیستوومانە کە سیستەمێکی دینییان هەبوو کە هەر هۆزێک ڕەمزی ئینتیماکەی لەسەر شێوەی بوتێک لە نێو کەعبە دادەنا، ئەوەش هەمان کولتووری «مجمع الالە»ی عێراقییە؛ هەروەها لەنێو عەرەبدا ساڵنامەی «قمری» پێڕەو کراوە و دواتر مانگ بوو بە هێمایەکی ئەو کولتوورەی عەرەبی- ئیسلامی. شایانی گوتنیشە کە نووسەرانی عەرەب حاشا لەوە ناکەن کەوا خەڵکی یەمەن عەرەبی ڕەسەنن؛ دەنا حیجازی عەرەبی «مستعرب»ن (بە عەرەب کراو). ڕەنگە ئێستا بزانین لەکوێ پەیدابوون.

کاتێک کە حەزرەتی محەمەد (د.خ) پاش ١٠٠٠ ساڵ پاش کۆرش و نەبوونائید پەیدا بووە، لە کۆمەڵگەیەکی ئەوهادا ژیاوە. ڕەوتێکی دینی تەوحیدی هەبوو لە حیجاز بەناوی ئەحنافەکان (الأحناف). بەداخەوە

(١) عظمة بابل، هاری زاكس، ٢٧٨



زانیاری لەم بوارەدا زۆر کەمە؛ بەڵام دوور نییە پاشماوەی ڕەوتە تەوحیدییەکەی کلدانییەکان بووبن پاش گۆڕانکارییەکی ١٠٠٠ ساڵی. عەرەب لەژێر تینی میتۆلۆجیای جوولەکە و مەسیحیدا دەژیان؛ بەڵام باوەڕم وایە بەشیان بە ڕەسەنایەتییەکی دینیی سەربەخۆوە هەبووبێت، چونکە پێوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ کانگەی دینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، عێراق کۆن. وەک چۆن جوولەکە لەسەردەمی حەموورابیدا میتۆلۆجیای سۆمەرییان گواستەوە بۆ فەڵەستین، دیارە عەرەب (بەتایبەتی ئەحنافەکان) لە میراتەکەی عێراق بێ بەش نەبوون؛ بەڵکو رووحی بۆچوونەکانی ئیمپراتۆرییەتی بابلی دووەمیان مابوو لە مەسەلەی دژایەتی کردنی فرەخواوەندی و فرەئینتیمابیدا. هەروەها وەک چۆن شەریعەتی حەموورابی کاردانەوەیەکی نێر بوو دژی دین و شەریعەتی کۆمەڵگە مێیەکان (دواتر باس دەکرێت)، بەڕای من پێڵی عەرەبی لە سایەی ئیسلامدا -کە لە حیجازێکی دابڕاوەوە دەرچوون- کاردانەوەی دووەم بوو لە مێژوودا کە کولتووری «نێر» بیکات دژی کولتووری پڕ لە خۆییاتیی کۆمەڵگە مێیەکان.

ئیسلام وەکو بزووتنەوەیەک دوو دوژمنی سەرەکیی هەبوو: خۆییاتیی جوولەکە (*خۆیییاتییەکی دایکسالاری لەبەرگی دینێکی تەوحیدیدا*)؛ ئینجا خۆیییاتیی عەرەب (*تیرەپەرستی و باوکسالارییەکی توندوتیژ*). عەرەب تەنیا لە قووڵایی حیجازدا توانیویانە ناسنامەی چەند شارێک بەعەرەب ڕابگرن؛ دەنا لە مەدینەوە بەرەو باکوور عەرەبستان وەکو کوردستانی ئەمڕۆ کۆمەڵێک شار بە تورکی قسە دەکەن. دەتدیت نێو شارەکان جوو بوون (دایکسالاری) کەچی دەشت و بیابانەکەش عەشایەری عەرەب بوون. کە دەهاتنە نێو شار، -کورد ئاسا- لە یەک دوو وەچەدا دەتوانەوە و دەبوونە جوو. عەرەب بەڕای من هەمان باری کەم ئینتیمایی و دیمۆگرافییان هەبوو، وەکو کورد کە چەندی دەیکا ناتوانێ ناسنامەیەکی

شارستانی بەسەر کۆمەڵێک شاری خۆیدا بسەپێنێ. ئیتر ئەو کوردەی کە گلەیی یاخۆ ڕەخنە لە حەزرەتی پێغەمبەر دەگرێ، با بفەرمێ ١٠٪ی ئەو زاتە پیرۆزە بۆ کورد بکات[١].

ئیسلام گونجاوترین ناوەندی تواندنەوە بوو بۆ ئەو دوو ڕەوتە نەگونجاوە و بەهێزترین ئومەمییەت بوو دژی قووڵترین جۆرەکانی خۆیییاتی. پارتۆڵد، ڕۆژهەڵاتناسێکی رووسە، دەڵێ ئیسلام دینێکی جیهانییە پڕ بە پێستی وشەکە «دین عالمی بمعنی الکلمة»، پێشەنگانی ئیسلام پازێکی یەکجار گەورەیان بە عەرەب دا لە ئینتیمای زۆر تەسک بەرەو ئینتیمایەکی تەوحیدی و جیهانگیریی زۆر بەرفراوان. بەڵام لەوەدا من لەگەڵ ئەو جۆرە ئینتیمایانەدا نیم؛ چونکە ئەم جیهانە بریتییە لە چەند نەتەوە و نیشتیمانێک و هەر ئەوانن کە لەئەنجامدا دەبنەوە پێوەری ڕاستەقینەی

(١) کورد ئاخیر کەسە بۆی هەبێ ئەو قسانەی وەکو مەریوان هەڵەبجەیی بڵێت. بەڵێ ئەوە نیشانەی کاردانەوەیەکی تیژە بەهۆی کارێکی وەکو ئەنفال و کیمیاباران پەیدا بووە؛ بەڵام بە هیچ شێوە خزمەت بە کورد ناگەیێنێت. ناوبراو ڕەنگدانەوەی ڕەوتێکە کە بۆ نموونە وا دەزانن دینی یەهوودی لە ئیسلام باشترە (گلێی دوور دەرمانە). من ڕێزم بۆ هەموو دینێک هەیە و دواتر هەندێک تیشک دەخرێتە سەر دینی جوو ئەوسا ڕەنگە ناوبراو رای بگۆڕێ. خاڵێکی گرینگیش هەیە کەوا ناوبراو گوتەیەک یاخۆ بڵێم نوکتەیەکی مسعود محمد بە نموونە هێناوەتەوە. سەرنجیشم دایێ کەوا تاکە نووسەرێکی کورد بوو ناوی لەو کتێبەی (سێکس و شەرع و ژن لە ئیسلامدا) هاتبێت. نووسەر ناڵێ کەی و لە کوێ ئەو نوکتەی گوتووە بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوەبێت خوێنەران وا تێ بگەن کە مسعود محمد شایەدێکە لەسەر رایەکانی مەریوان هەڵەبجەیی یاخۆ لەگەڵ ئەو ڕەوتە دابووە، ئەوسا پڕ بە دەم دەتوانم لەباتی ئەو وەرام بدەمەوە کەوا نە مسعود محمد و نە هیچ ڕۆشنبیرێکی کوردپەروەر و ئازادیخواز لەگەڵ سووکایەتی کردندا دەوەستێ چ جا ئەگەر بە زاتی حەزرەتی محمد کرابێت.



ئینتیما و ئەوەی بخوازێ تێکڕای جیهان یەک هەست و یەک بەرژەوەندی و یەک ئینتیما بن، لە کۆتاییدا تووشی ئەنجامێک دەبن بەپێچەوانەی مەبەست. وەک دەبینین، ئێستا زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لەنێوان ئومەمییەتی دینی و ڕەوتی نیشتیمانیدا تووشی ئاڵۆزی دەبن. دواتر باسی پێڵی عەرەبی دەکرێت، بەڵام با ئێستا خێرا بە خێرا بەسەرهاتە مێژووییەکانی بخەینە روو لە چۆنێتیی نەمانی بابل و گرینگیی هەبوون و نەبوونی پایتەختی سروشتی.

بابل پاش دەرپەڕاندنی نەبوونائید تا ماوەیەکی کورت لەژێر ئاڵای ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی داسەکنان؛ کەچی هەندەی نەبرد شۆڕش و ئاژاوە پەیدا بووە. ئەمجارە دەیانگوت «ئاخ بەس ئەگەر فارس نەدەمان و خۆزیا نەبوونائید گەڕابایەوە.» بەبەڵگەی ئەوەی کە پاش چەندساڵێک لە نەمانی نەبوونائید، بابل دژی فارس هەستانەوە بەڕابەرایەتی کەسێک کە گوایە نەوەی نەبوونائید بووە. ئەم ڕاستییە لە نەقشەکانی چیای بێستووندا تۆمار کراون.

لە دەوری ٣٣٠یەکاندا پ.ز ئەسکەندەری مەکەدۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕاماڵی. ئەسکەندەر کوڕی هەمان کۆمەڵگەی بێ ئینتیما بووە لە یۆنان و مەراقی گەورەی لەوەدابوو ئینتیمایەکی گشتی بۆ یۆنانییە خۆبەخۆییەکان دابین بکات؛ کەچی ئەو ئینتیمایەی لە فارسەکاندا دۆزیوەتەوە (فارسی ئەو سەردەمە نەک فارسی ئێستا) و لە دوارۆژی ژیانە کورتەکەیدا ویستوویەتی لەگەڵ فارس ڕێک بکەوێت. ئەسکەندەر لە عێراقیشدا شارێکی دروست کردووە بەناوی ئەسکەندەرییە؛ بەڵام نەیپێکا چونکە ئەسکەندەرییەکەی عێراق لە نزیک بابل دروست کرا. ئەگەر ئەسکەندەرییەکەی عێراق ١٠٠ کیلۆمەترێک بەرەو باکووری بردبایە ئەوسا ڕەنگبوو پایتەختی عێراق تا ئەمڕۆ ناوی ئەسکەندەری پێوە نووسابا.

## نەمانی بابل

رووداوی گەورە و سەرشێوێنی ئەو سەردەمە ئەوە بوو کە مەکەدۆنییەکان خۆ و بەخت سەربازگەیەک دروست دەکەن لە شوێنێک کە رووباری سیروان لە دیجلە دەکاتەوە. سوبحانەڵڵا لە ماوەی یەک سەدەدا شاری بابل بەدین و ئینتیما چیرەکەی خۆیەوە نەما و بزر بوو. ئەو پایتەختە تەلەسماوییەی کە سەدان جار گەمارۆ دراوە و قەلاچۆ کراوە و زلهێزەکانی جیهانی کۆن بەدرێژایی هەزاران ساڵ ویستوویانە نەیهێڵن و دینەکەیان بگۆڕن بەبێ سوود. کەچی بە دروستبوونی شارۆچکەیەکی بچووک (لە شوێنی راستدا) یەکسەر بابل بەرەو نەمان رۆیشت وەک بڵێی باڵۆنێک بوو کونی تێ کرا و نەما. مەسەلەکەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی تەیسەفوون (سەلمانپاک کەلە ناوچە ستراتیجییەکەی عێراقدایە). ئەو سامانە مرۆییەی کە دەرژایە بابل وەک بڵێی جۆگە ئاوێک بوو رێگەی گۆڕی بۆ گۆمێکی دیکە، بۆیەش گۆمە کۆنەکە وشک بوو.

ناسنامە و شارستانەتی عێراقی کۆن بەنەمانی بابل پێچرایەوە. تا سەرهەڵدانی ئیسلام، عێراق هەر ئەم دەست و ئەو دەستی کردووە لەنێوان رۆم و عەجەمدا. سەبارەت بە ئینتیما، لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە تا نەمانی بابل، کەس ناتوانێ بڵێ ئینتیمایەکی نیشتیمانی لە عێراق هەبووە چونکە یان ئەوەتا کۆمەڵێک شار هەبوون و هەرکەس ئینتیمای خۆی لە خواوەندێکدا بەرجەستە کردبوو و سووکە فیدراڵیەتێک لە «مجمع الاله»دا دەنوێنرا. یانیش ئەوەتا دوو کوتلە هەبوون بە عێراق بناسرێن (بابل، ئاشوور) یانیش ئەوەتا هەموویان کەوتنە بەر دەستی داگیرکەرێک، ئەوسا وەک دەڵێن «حشر مع القوم». بەڵێ ناسنامە و کەسایەتیی تایبەت هەبووە و شتێکی لە ئێستا نزیک بوو، هەروەها زمانی بابل و ئاشوور رەنگە وەک جیاوازیی نێوان دوو لەهجەی یەک زمان بووبن؛ بەڵام وەکو



ئینتیما و شێوەژیان رەنگە ئاشووری لە خەڵکی شام نزیکتر بووبن تا بابل. یەکیەتیی ئینتیماش هیچ شوینەوارێکی نەبووە.

نەمانی بابل بە کۆتایی چاخی کۆنی مێژووی عێراق دەژمێردرێت. شارستانەتییە کۆنەکە مرد و لەبیر خەڵکی عێراقدا نەما و کەوتنە ژیانێکی دیکە. ئێستا زنجیرەی رووداوە مێژووییەکان ڕادەگرین تاکو ئاوڕێک لە میراتی دینیی عێراقی کۆن بدەینەوە کەوا لەسەردەمی پێش نووسینەوە گەلاڵە بوو تا پەیدابوونی. دواتر باسی چاخەکانی ناوەندی دەکەین، چاخەکانی عەرەبی ئینجا چاخی نوێ.

## میراتە دینییەکەی عێراق

دین بابەتێکی ناسکە و بەهەر جۆرێک رەخنە لە هەر دینێک بگیرێت، خەڵکەکە هەستیان زەدە دەبێت؛ چونکە بووەتە بەشێک لە ئینتیمای خەڵک، ئەگەر نەڵێم ئینتیماکەی هەڵمژیوە. جگە لەوەش، لە عێراقدا بەگشتی وا دەزانن نواندنی نەرمی لە دیندا یەکسەر دەبێتە مایەی بێ غیرەتی و بڵاوبوونەوەی بەرەڵڵایی جینسی. تەنانەت «إبن خلدون» دەڵێ لە باکووری ئەفریقیا داری پرتەقاڵ و هەندێک داری دیکەیان نەدەچاند، چونکە لێیان ببوو بە واهیمە کەوا ژیانی وەرزێری و شارستانی بێ غیرەتیان دەکات. ئەو دارانەش بووبوونە مۆرکی شار؛ ئیتر لێیان دوورەپەرێز دەوەستان. زۆر دیاردەی دیکەش هەن ڕەنگە هەموو کاردانەوە بن دژ بە ژنسالاری.

لەلایەکی دیکەدا ئەمڕۆ باری سیاسی زۆر ئاڵۆزە و هەستیارییەکی دینیی توند لە ئارادایە. تا ئەم دوایانەش هەر کەس عەلمانی بایە، یەکسەر بە مارکسی لەقەڵەم دەدرا. تەنانەت وشەی «رۆشنبیر» بووبوو بە هاوتای وشەی «مارکسی و چەپڕەو». بەڵام ئەگەر بێینە سەر راستی، لێرە و لە تەل ئەبیب و لە ڤیتنام، مارکسییەکی توندڕەو لەگەڵ دینپەرستێکی توندڕەو بەڕای من یەک شتن.

لە هەر کۆمەڵگەیەکی ئەم جیهانە کە باسی دینەکەیان بکرێت یەکسەر دەڵێن: «*دین خزمەتی مرۆڤ دەکات و هەندە باشە و بە سوودە و هەندە هەندە و هتد.*» قسەکەش راستە و دینەکان لە هیچەوە نەهاتوون و لەهیچەوە بەردەوام نەبوونە؛ بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت کە قەدر و قیمەتی هەر دینێک لەوەدایە تا چەند خزمەتی من و تۆ دەکات. بەواتای کە من و تۆ لە دینەکە و لە ئایدیۆلۆجیاکە گرینگترین، ئیدی ئەگەر رۆژێک لە رۆژان من و تۆ دینەکەمان لە خۆمان بە گرینگتر زانی (بە بیانگەی



ئەوەی کە زۆر زۆر باشە) کەواتە هیچمان نەکرد. نازانم ئایا ناوئاخنی ئەم ئاڵۆزییە فیکرییە تێ دەگەن؟ ئەمە وەک ئەوەیە دەوڵەمەندێک خۆی و منداڵەکانی برسی بکات ئینجا بڵێت: «*کاکە ئاخر پارە زۆر زۆر گرینگە*». جا برام کەواتە هیچمان بە هیچ نەکرد و تۆ و هەژارێک یەک شتن هەر نەبێ هەژارەکە سەرئێشەکەی نییە وەک تۆ. مەبەست ئەوەیە دین و پارە و زۆر شتی تر هەن کە لەئەسڵدا هۆ بوون بۆ ژیان، بەڵام بوونەتە ئامانجی ژیان.

لەنێو هەر کۆمەڵگە و هەر دینێکدا دینپەرستی پەیدا دەبێت. دینپەرستی هەم دەکاتە کردەوە توندڕۆیەکان، هەم دەکاتە هەندێک گۆڕانکاریی فەلسەفی کەوا رەنگە واتا ئەسڵییەکانی دینەکان سەراوژێر بکەنەوە. جا لە مەیدانی دینپەرستیدا ئەم جیهانە پڕە لە نموونەی سەیر؛ هیندۆسی دەگەڕێنەوە بۆ کاتێک کە گوزەرانی خەڵکەکە دەوەستایە سەر شیر و گۆشتی مانگا، ئیتر بە شتێکی گرینگ و پیرۆزیان زانی و هەندە هەندە تامەزرۆی بوون تا ئەو رادەی گۆشت و شیر و خودی مانگایان لە خۆ بەگرینگتر زانی. برام، کەواتە چ سوودێکی مایەوە؟ ئێستا رەنگە هیندۆسییەک بڵێ: «*دەبینن چۆن تازە بە تازە ئەورووپاییەکان دەبنە گیایی (ڤێجیتار) کەچی دینەکەمان پێش ٥٠٠٠ ساڵ گۆشتی حەرام کردووە، بزانە دینەکەمان چەند راستە.*»

لەگەڵ ئەوپەڕی رێزم بۆ هەموو هیندوستان کەوا کانگەیەکی بێ پایانە بۆ مرۆڤایەتی و زۆر جار ئاوات دەخوازم کە خۆزیا پریشکێکی مەهاتما گاندی و پریشکێکی ئەو هێمناتییەی کە هیندی هەیانە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە دەهات، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەندێک ئەورووپایی لە قۆناغی ژنسالاری تێپەڕیون و گەیشتوونەتە منداڵسالارییەکی نەزۆک. جا ئەگەر تاک و تەرایەک وەکو هەوەسی گۆڕینی مۆدیل یان وەک جۆرێک بێزاری و کاردانەوە بێن بە بوودی و ئیسلام و هیندۆسی و هتد، ئەوانە بەهیچ شێوە

پێوەر و بەڵگە نین. پاشان هەموو دەزانین کە تێپەڕاندن لە گۆشت خواردندا ئەنجامێکی باشی نابێت. برام، لەباتی ئەم قسانە، باشتر ئەوەیە ۲-۳ منداڵم هەبێت کە بتوانم خۆم و ئەوانیش بەتێری بژیێنم؛ نەک بچم ۱۵-۲۰ منداڵی برسی بەگۆڕێ وەربکەم گوایە «هێزێکی غەیبی» بۆم بەخێو دەکات، یاخۆ پاش ئەوەی لەبرسان دەمرن ئەوسا زیندوو دەبنەوە و ژیانێکی باشتریان دەبێت و هتد. خۆ ئەگەر کەش و هەوا گۆڕابایە و ساڵانە دوو مانگ بەفر لە هیندستان دەکەوتەوە، ئەوسا ئیش دەگۆڕا. هەر چۆنێک بێت بەرای من لەهەر شوێنێکدا دین بەرەوڕووی عەقڵ وەستا بەڕای من دەبێ بای هەندە نێرەتی و توانای بڕیار هەبێت کە بەلای عەقڵدا بشکێتەوە.

ئینجا مەسەلەی ئەوە دێتە پێش کە یەکێک دەڵێ «*دینەکەمان ئەوەندە هەزار ساڵە بەردەوام بووە کەواتە راستە*» . ئەم خاڵە وەک ئەوەیە تۆ شانازی بەوە بکەیت کەوا «*ئەها بزانن چۆن ئەشکەفتی شاخەکەمان ۵۰,۰۰۰ ساڵە هەوای تێدایە*» . تەمەن درێژی و نەبوونی گۆڕانکاری رادەی مردوویی و بە مۆمیابوونی ئینتیمای ئومەتەکان دیار دەخات. دینەکانی ئەم جیهانە بۆشایی مێشک و دەروونی خەڵکی ستەمدیدەیان پڕ کردووەتەوە. جا سەیر نییە کە ئەشکەفتەکە هەوای تێدایە، سەیر ئەوەیە ئەگەر هەوای تێدا نەبێ. خاڵی هەرە ترسناک لەوەدایە کە دین بکێشێتەوە سەر مێیەتی و ماسۆشیزم، ئەوسا ئەگەر ستەمیش نەکرابێ خەڵکەکە بەبێ هەستکردن خەفەت و سەرشۆڕی دەخوازن هەر وەکو ئەریستۆ کە دەڵێ «*یەخسیر عاشقی کۆت و بەندەکانیان دەبن*» .

نموونەی تر، زەردەشتییەکان، ئەوان کە رۆناکایی خۆر و ئاگریان بە گرینگ و پیرۆز زانیوە و تەقدیسی ئاگر هەندە زەق کرا، تا وای لێ هات نەفرەتیان لێ بکرێت. ئاگر وەسیلەیەکە بەڵام کە بوو بە رەمز و نیشانەی خۆجوداکردنەوە کەواتە دیسان وەسیلە بوو بە غایە. پاشماوەیان ئێستا



پارسییەکانن لە هیندستان کە بوونەتە کەمینەیەکی زۆر (Exclusive)؛ نە ژن دەدەنە کەس و نە ژن لە کەس دێنن و تووشی خۆییاتییەکی تەسک و کۆنەپەرستی بوونە. نازانم چ ناوەڕۆکێکی ئومەمی و تەوحیدی لە ئینتیماکەیاندا ماوە؟ ئەخمینییەکان کە ئاوڕیان لە شار و هۆز و نەتەوە نەداوەتەوە ئەوە لە ڕێگەی پتەوکردنی چینی ئەریستۆکرات بووە (خۆییاتی لە هێڵی ئەستوونی گۆڕاوە بۆ هێڵی ئاسۆیی). واتە هیچ شتێک بەبەلاش نایەت؛ جا دیارە ئەو پارسانەی هیندستان لە هەموو میراتی دین و ئینتیمایەکی جیهانی تەنیا کیف و قەپێلکی ئەریستۆکراتییەتیان بۆ ماوەتەوە، وا رۆژ بە رۆژ کەم دەبنەوە و دەتوێنەوە.

شتیی هەمەجۆر لە ئیزدییاتیدا رووی داوە، پەند و فەلسەفەی دینەکە دەڵێ دەبێ خۆ لە مەترسیی سوپای داگیرکەر و لایەنە نامرۆڤەکان بپارێزن و جنێویان پێ نەدەن؛ چونکە ئەوانە وەکو «شەیتان»ن. کەچی دەبیسین هەندێکیان ئامادەن بەگژ شەیتانی راستەقینە (مرۆڤی توندڕەو)دا بچنەوە لەپێناو شەیتانێکی غەیبیدا. برام، کەواتە چمان کرد؟ تۆ سوودی فەلسەفەکەت بەفیڕۆ دا و لەباتی خۆپاراستن لە شەڕ و شەڕانگێزی، تووشی سەدان شەڕ و کوشتار بووی. فەرموون سەیری برا تورکمان و سریانییەکانی کوردستان بکەن؛ خۆ ئەگەر بێینە سەر زەمینەی ڕاستی ئەوان ڕێبازی خۆپاراستن و خۆ لە شەیتان نەدان بەهۆشیاری پێڕەو دەکەن.

هەمان سەرشێوان لە دینە ئیبراهیمییە پیرۆزەکاندا دووبارە بوونەتەوە؛ بەڵام بەشێوەیەکی جودا. ئێمە دەبێ بزانین کە ئەو پێغەمبەرە نازدارانە مرۆڤی «بوت شکێن» بوون. پێشتر باس کرا بوت لە چییەوە پەیدابوون و چ ئینتیمایەکیان گەیاندووە و چۆن ئیش گۆڕا. ئیتر بوت ئەو شتەیە کە لە مرۆڤ بەگرینگتر دەزانرێت. بوت هەیە کە بریتییە لە شتێک دەڵێن هۆیە بۆ نزیکبوونەوە لە خوا. بوتیش هەیە کە شوێنەواری کەسێکە دەڵێن نزیک بووە لە خوا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر ئەمە بێت یان ئەو، بوت و

پەرستراوی راستەقینە ئەو شتەیە کە ئەگەر تۆ دەستت بۆی درێژ کرد یاخۆ باست کرد، بوتپەرستەکان یەکسەر مچرکیان پێدا دێت و هەڵدەچن وا دەزانن هەر ئێستا ئەرز و ئاسمان دەلەرزن. پێغەمبەرەکان بانگەشەیان بۆ ئازادبوونی مێشک و دڵ کردووە؛ کەچی مرۆڤی دینپەرست بارێکی دەروونیی هەیە بەچەشنی ئەو شوانانەی کە پەستەک لەبەر دەکەن. پەستەکپۆشەکان لەشیان راهاتووە دەبێ لەژێر بارێکی قورسدا بێت. هەمان شت تووشی خەڵکی ژێردەستە و دینپەرست دەبێتەوە کەوا ناتوانن بەبێ باری قورس بژین. دینەکان بەشێوەیەکی گشتی پڕن لە بەخشندەیی و خۆشەویستی؛ کەچی توندڕەوەکە دەڵێ «ئەها دینەکەمان چەند نەرم و بەخشندەیە، کەواتە ئەوەی بلێ لەل، دەیکوژم». برام، کەواتە کوانێ بەخشندەیی؟

گومان نییە کە ئەم جیهانە دەسکردی شتێکی هۆشیارە. هەر کۆمەڵگەیەکیش بەگوێرەی بارودۆخی سەردەمی خۆیان تێی گەیشتوون. ئیتر هەر مرۆڤێک لەمەڕ دیندا دوو رێگەی هەیە: یان ئەوەتا لە ترسان و لە شەرمان و لە ڕقان و بەهۆی گرفتی جینسی رێگەکە دەگرێت. گرفتی جینسیش بەهەردووک لا هەیە. کاردانەوەی نێر دژی مێ، وەکو زۆربەی کۆمەڵگە عەشایەرییەکان. ئینجا کاردانەوەی مێ دژی نێر کەوا لە نووسینەکانی مەریوان هەڵەبجەییدا هاوار دەکەن. ئیتر هەردووک جۆر ناتوانین پێیان بگوترێ عەقڵ و هۆشیاری. رێگەی دووەم ئەوەیە کە بە هێمنی و هۆشیاری و پاش ئەزموون و تێگەیشتن ئەوجار رێگەی دینیان گرتووە، ئیتر ئەوەیە رێگەی راست کە شتێکە لە نێوان خۆت و خوادا. بەڵام لێرەشدا مەترسییەکی گەورە دێتە پێش. مەترسییەکە ئەوەیە کە ئەو عەقڵەی -کە خۆی هیدایەتی داوین بۆ رێگەی دین- پشتگوێ بخەین.

دینەکان میراتی ئەزموونی هەزاران ساڵن لەو کتێب و گوتارانەدا کۆکراونەتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ کون بە کون رەخنە بگرین؛



رەخنەی بە ئەدەب و مەسڵەحەتئامێز و بە چاوی زانستی و بێ لایەنی. دین و زانست نە شەرم لەیەکتر دەکەن، نە شەرم لە خەڵک دەکەن؛ بەڵکو رێز لە یەکتر و لەخەڵکیش دەگرن. شەرمیش پێچەوانەی رێزە.

## یاسا لەنێوان عەشیرەت و شاردا(١)

تا ئێستا چەکێک دروست نەکراوە بەدەستی شارستانییان (کۆمەڵگەی مێ) دژی عەشایەر (کۆمەڵگەی نێر)، ئەگەر دواتر دژ بەخودی دروستکەرەکە بەکار نەهێنرابێتەوە. نەخشە نەبێت لە چەکی بەکۆمەڵکوژ بەڵام هەر چۆنێکی دەبینم بۆمبی ئەتۆمی و کیمیاویی میکرۆبییش هەر لەم قالبە دەرناچێت و رۆژێک لە ڕۆژان ڕوو لە خۆیان دەکاتەوە. ئەمە دەربارەی چەکی ئاگر و ئاسن بوو؛ بەڵام ئێستا دەگەینە سەر باسی چەکی واتایی، چەکی دین.

پاڵەپەستۆی کۆچەر لەسەر گوندی و شارستانییان تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە عێراقدا شوێندەستی هەبوو، چ جا پێش ٦٠٠٠ ساڵ؟ کۆچەرێکی رەقی نازنەدیدە کەی ئەو پەرۆشەی هەیە بۆ نەمامێکی تەڕ لە کێڵگەیەکدا؟ کابرا هاتووە و ئاژەڵەکانی بەنێو باخچەکە وەرکردووە تاکو بلەوەڕێن و لە هەر کاتێکدا ئاڵۆزی دروست بووبێت، یەکسەر چەکی راکێشاوە و یاڵڵا شەڕ. بەڵام کۆچەر ئەگەر سوپەرمانیش بووبن، لە مێژوودا هەر ناچاری گەنم و جۆیەکەی وەرزێرەکان بوونەتەوە و نێر هەر دوچاری ماڵە گەرمەکەی ئافرەت بووەتەوە. ئەوەیە مێژووی عێراق کە پێی دەگوترێ بێشکەی شارستانەتی.

---

(١) بەشی زۆری ئەم بابەتە ساڵی ١٩٩٨لە گۆڤاری شانەدەر ژمارە ٣-٤-٥-٦ بڵاو کراوەتە بەناوی «یاسای ئاسمانی لەنێوان عەشیرەتگەری و شارپەرستیدا». زانیارییەکان لەم سەرچاوە وەرگیراون، الشرائع العراقية القديمة. د فوزي رشيد.

ئاساییترین رووداو کە لەمێژوودا دووبارە بووەتەوە، با بیهێنینەوە بەر خەیاڵمان کە چەکدارێکی کۆچەر بە برینداری کەوتووەتە پەنا ئاوەدانییەکی سۆمەری. کچێکی ئەندام نەرم بردوویەتەوە ماڵێ بۆ لای باوکە پیرەکەی؛ لەوێدا نان و ئاوێکی داوەتێ و زامەکەی تیمار کردووە. ئەو کەڵە زەلامە تا مردن بەو چاکەی زانیوە؛ بەڵام ئەدی ئەگەر ئەو کچە شارستانییە و باوکە پیرەکەی هەستان ئەو جەنگاوەریان هان دا بەگژ هاوسێیەکی خۆیان؟ ئەدی ئەگەر پیاوە پیرەکە شێوازی دیماگۆگیی (ترساندن لە شتی غەیبی و نەدیتراو)ی بەکار هێنا بۆ خەساندنی ئەو جەنگاوەرە و کردی بە یەخسیری خۆێ، ئەمەیان ئەو چەکە بوو کە سۆمەری دروستیان کرد و چەند سەدەیەک عەشایەریان دەستەمۆ کرد؛ بەڵام دواتر هەمان چەک دژی خۆیان بەکار هاتەوە.

لەنێو سۆمەرییەکاندا شتێکی سەیر نەبووە بگوترێ فلانە شت لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارێ. شار، پاشایەتی، نووسین، باج و کۆمەڵێک دۆزینەوە و دیاردەی شارستانییانە گشتیان بە مونەززەل داناوە و پاشا و کاهین هەر لە خۆیاندا جێگر و پەیامبەری ئاسمان بوون؛ تەنانەت لە شەریعەتیاندا نرخی گەنم و جۆ دیار دەخرا کەوا شەریعەتی ئاسمانی و یاسای وەزعی هەردووک یەک بوون و شتێکی رۆژانە و ئاسایی بوون. من بە درۆیان ناخەمەوە؛ چونکە دەشێ فرۆکە و تراکتۆریش بەوە بزانین کە خوا بە مرۆڤی داوە. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە کەسێک بیەوێ گێرەشێوێنی و پاوانکاری لە شتێکدا بکات، ئینجا کەس نەوێری لە قسەی دەربچێ.

با بکەوینە ناو بابەتەکە و لە یەکەم یاسانامەوە دەست پێ بکەین.



### ١- یاسای ئوورنەمموو

وەک باس کرا ئوورنەمموو دامەزرێنەری ئووری سێیەم، ئاخیر دەوڵەتی سۆمەری (٢١١١ – ٢٠٠٣پ ز.) ناوبراو یاسانامەی داناوە و دەقی ئەم یاسانامەیە دۆزراوەتەوە و مادەی یاساییی تێدایە؛ بۆ نموونە مادە ١٧ دەڵێ: «*ئەگەر کەسێک دەستی کەسێکی شکاند، دەبێ ٣/٢ مەن لە زیو بۆ دەستشکاوەکە ببژێرێت.*» کەواتە لە ئەسڵدا جەزای چاو بە چاو نەبووە بەڵکو قەرەبووی مادەی هەبووە بە چەشنی هەر شارستانییەکی ئێستا لە هەولێر و لەندەن و....

م٢٥ دەڵێ: «*ئەگەر کەسێک شایەدی بە درۆ بدات، بە١٥ شێقل سزا دەدرێت.*» ئەمەش پارەیەکی کەم نەبووە؛ چونکە لە هەندێک نووسراودا خانووی ئەو سەردەمە بە ١٠ شێقل فرۆشراوە. لە تیشکی ئەم دوو نموونەدا دەشێ بزانین کە خەڵکێکی شارستانی دابونەریتی خۆیان کردۆتە یاسا؛ بەڵام دواتر بەرەبەرە لەگەڵ زیادبوونی عەشایەری سامی دابونەریت و یاساکانیش توندوتیژ دەبن.

### ٢- یاسای لەبت عەشتار

لەبت عەشتار (١٩٣٤-١٩٢٤پ.ز) پێنجەمین پاشای شاری ئیسن بوو. وەک باسیش کرا شاری ئیسن لە تەراتینەیەکی درێژخایەن دابوو دژی لارسا. با چەند نموونەیەک بخەمە بەر چاوی خوێنەران.

م١١ دەڵێ: «*ئەگەر دزێک بە زەویی کەسێکدا پەڕییەوە بۆ هاوسێکەی و دزیی لێ کرد؛ دەبێ تێکڕای زیانەکان بەو خاوەن زەوییە ببژێرن.*» دیارە خەڵکی وەرزێر و شارستانی ئەو سەردەمە زۆر لە فێڵ بوون بەرانبەر یەکتر.

م١٤ دەڵێ: «*ئەگەر یەخسیرێک دوو جار لەسەر یەک سەلماندی کەوا*

*خاوەنەکەی بەشێوەیەکی خراپ رەفتاری لەگەڵدا دەکات، ئەم یەخسیرە ئازاد دەکرێت.»* پێ دەچێ ئەمەیان زۆر مرۆڤانە بووبێت.

### ٣- یاسای ئیشنوونا

شاری ئیشنوونا لە ناوچەی خوارووی ڕووباری سیرواندا بووە و یاسانامەکەیان لە دەوری ١٨٥٠ پ. ز. نووسراوە؛ واتە تەنیا ١٠٠ ساڵێک پێش حەمموورابی. من بایەخێکی گەورەی پێ دەدەم، چونکە شارپەرستییەکی زۆر زەقیان هەبووە.

م١٢ دەڵێ: *«ئەگەر کەسێک لە نێو زەویی موشکینومدا بە ڕۆژ گیرا ئەوە بە ١٠ شێقل سزا دەدرێت؛ بەڵام ئەگەر بە شەو گیرا ئەوە دەبێ بکوژرێت.»* وشەی «موشکینوم، مسکێن» ئێستا بە عەرەبی و کوردی چینی هەژار دەگرێتەوە؛ بەڵام ئەوسا بە خەڵکی لادێ و شاری تر گوتراوە بە واتای غەوارە. بە عەرەبی واتە موالی یاخۆ «الغرباء عن المدينة»[1]. وا دیارە خەڵکی شار فێر بووبوون دەستدرێژی لە موشکینومەکان بکەن بۆیەش ویستوویانە ئەم دیاردانە کەم بکەنەوە. بەڵام دواتر دیار دەبێ کە خۆیان پێ ڕانەگیراوە و یاساکانیان بێگانەبەدەربی تێدا دیار کەوتووە. با ئێستا بگەینە سەر نەقشنامەکەی حەمموورابی و دواتر لە ڕێگەی بەراوردی دەتوانین لە ڕەوشتی خەڵکی ئیشنوونا بگەین.

### ٤- یاسای حەمموورابی

حەمموورابی لە لایەن زۆر کەسەوە ئالوودەی قودسیەتێکی گەورە کراوە. کەچی بەڕای من حەمموورابی وێنەیەکی زۆر جودای هەبووە. حەمموورابی

(١) وشەی موشکینوم لەسەردەمی ئاشووریدا واتاکەی گۆڕاوە بۆ ئەم واتایەی کە ئێستا بەکار دێت «خەڵکی هەژار»؛ چونکە وەک باس کرا لە نێو ئاشوورییەکاندا ئەو جودایییە لەنێوان شاری و ناشاریدا نەبوو. هێڵە ئەستوونییەکان بوونە هێڵی ئاسۆیی.



داخداری چەنەبازیی شارستانییە عێراقییەکان بووە و کە هاتووە یاساکەی دابڕێژێت، سەری خۆی بە هیچ نەئێشاندووە؛ بەڵکو یەکسەر سزای کوشتن و سنگ تێ بڕین و خنکاندن و سووتاندنی داناوە. ئەم سزایانە لە شەریعەتەکەیدا وەک دەسڕێژی کلاشینکۆف دەبارن. مادەی یەکەم دەڵێ:

*«ئەگەر کەسێک تۆمەتی کوشتن بداتە پاڵ کەسێکی دیکە و تۆمەتەکە نەسەلمێنێت، ئەم کەسە دەکوژرێت»*. وابزانم ئەمە یاسای دەزگای ئاسایشی بەغدایە کە ئەگەر شکایەتت لە کەسێک کردبایە و سەلماندبات ئەوا ئەو بزر دەکرا، دەنا ئەگەر نەتسەلماندبایە ئەوسا خۆت بزر دەبوویت. دەبا سەیری ئەم دەسڕێژەش بکەین لە یاسا خوێناوییەکانی حەمموورابیدا:

م٢: *«ئەگەر کەسێک تۆمەتی سیحربازی بداتە پاڵ کەسێکی دیکە، ئەو کەسەی شکایەتی لێ کراوە دەبێ فڕێ بدرێتە نێو ڕووبار. ئەگەر خنکا، خانووەکەی دەدرێتە ئەو کەسەی کە شکایەتی لێ کردووە. دەنا ئەگەر نەخنکا ئەوسا دەبێ شکایەتکارەکە بکوژن و خانووەکەشی بدرێتە ئەوکەسەی شکایەتی لێ کراوە»*

م٦: *«ئەگەر کەسێک شتێک لە تەلاری پاشا بدزێت ئەوە دەکوژرێت و دەبێ ئەو کەسەش بکوژن کە شتەکە لە دەستیدا گیراوە.»*

م٧: *«هەر کەس شتێک لە کوڕ و لە یەخسیری کەسێک بکڕێت یان وەربگرێت ئەوە دەکوژرێت!»*

م٨: *«ئەگەر دزی لە نێو سنووری پەرستگەدا بکرێت، دەبێ دزەکە بکوژن؛ بەڵام ئەگەر دزییەکە لە دەرەوەی پەرستگە کرابێت ئەوسا ٣٠ هەندە لە نرخی شتە دزراوەکە بە دزەکە دەبژێردرێت.»*

م١٥: *«ئەگەر کەسێک ڕێگە بۆ هەڵاتنی یەخسیرێک خۆش بکا تاکو لە دەروازەی شار دەرباز ببێت، ئەوە دەبێ بکوژرێت.»* وا بزانم لە سەردەمی حەمموورابییەوە دادگا بوو بە شتێکی بڤە و ترسناک، لەباتی ئەوەی کە بەشێک بێت بە پێداویستییەکانی خەڵک.

لە میانی توندوتیژی ئەم یاسایانەشدا دەشێ بزانین چۆن مرۆڤ وای لێ هاتووە وا بزانێ خوا بوونەوەرێکی زۆر ترسناک و خوێنڕێژە.

م٢٦ : «*ئەگەر کەسێک لە کاتی جەنگدا کەسێکی دیکە لەباتی خۆی بۆ سەربازی بنێرێت، ئەم کەسە دەکوژرێت و خانووەکەیشی دەدرێتە ئەو کەسەی کە لەباتی چووە.*» وا دیارە حەمورابی و ئامۆرییەکان بەم جۆرە خەڵکەکەیان تۆقاندووە کە دەبایە هەر خێرا بە خێرا ڕەگەڵیان بکەون بۆ جەنگ هەم لە ترسی ئەو حوکمە خوێناوییە و هەم لە ترسی یەکتر. دواتر دەبینین کە حەججاج سیاسەتێکی هەمەجۆری پێڕەو کردووە. حەمورابی باوەڕی بە سەرکردەکانی سوپای خۆی نەکردووە و دەسەڵاتی نەداونێ وەکو لێرەدا دیارە.

م٣٣ : «*ئەگەر ئەفسەرێک ڕێگە بداتە سەربازەکانی خۆی کە بۆ جەنگ نەیەن، ئەم ئەفسەرە دەکوژرێت.*» دیارە ئەوساش هەرکەس خزمەکانی خۆی لە بەرەی جەنگ گل دەدایەوە بەچەشنی قادسیەی سەدام. لە مادەی یاسایی دیکەشدا سەلاحییاتی لە دادوەرەکانیش قەدەغە کردووە کە نابێ لە هیچ بڕیارێک پاشگەزببنەوە؛ هەروەها چەند یاسایەکی داناوە تاکو چەکدارەکانی نەتوانن هیچ کەسابەتێک بکەن، سەیری بکەن:

م٣٠ : «*ئەو کەسەی بۆ ماوی ٣ ساڵ بەهۆی سەربازییەوە لە زەویی خۆی دووربکەوێتەوە و کەسێکی دیکە دەستی بەسەر زەوییەکەی دابگرێت ئەوسا ئەو زەوییەی نادرێتەوە.*» کەواتە هیچ بایەخی بە خەڵکەکە نەداوە بەڵکو ویستوویەتی خەڵکەکە شەڕیشی بۆ بکەن لە هەمان کاتیشدا کشتوکاڵی وڵاتەکە نەوەستێت. بە دووریشی نازانم کە ئەوە جۆرێک بێت لە زەوتکردنی زەوی لەو کەسانەی کە «خۆیی» نەبوون. وابزانم لە کۆتاییدا زەوییەکان بۆ «خیرالله طلفاح»ێکی ئاموری دەمانەوە.

ئێستا دەگەینە سەر مەسەلەی «چاو بە چاو» کە حەمورابی ناوبانگی



پێ دەرکردووە. م١٩٦ : «*ئەگەر کەسێک ئێسکی کەسێک بشکێنێت، دەبێ هەمان ئێسکی بشکێنن*» . ئینجا ١٩٧ دەڵێ: «*ئەگەر کەسێک چاوی کەسێکی کوێر کرد، دەبێ چاوی ئەویش کوێر بکرێت*» . من نازانم ئایا هەر مرۆڤێکی ڕۆشنبیر چ سوودێک و شادییەک لە کوێرکردنی هەر تاوانبارێک وەردەگرێت؟ تەنیا مەگەر لە کۆمەڵگەیەکی ئەوهادا بێت کە ئەگەر تۆڵە نەکەیتەوە، ئەوسا کەس ڕێزت نەگرێت. جا ئەگەر ئەوها بێت ئەوسا خۆم پێش هەموو کەس داوای دووچاو بۆ یەک چاو دەکەمەوە.

حەمورابی بەسزای «چاو بە چاو» نەوەستاوە بەڵکو سزای «خزم بە خزم»یشی سەپاندووە کە شتێکی عەشایەریانەیە. م ٢٢٩ : «*ئەگەر وەستایەک خانووی دروست کرد و خانووەکە بەسەر خاوەن ماڵەکەدا کەوت و کوشتی، دەبێ وەستاکە بکوژرێت*» . ئینجا یەکسەر م٢٣٠ دەڵێ: «*ئەگەر کوڕی خاوەن ماڵەکە کوژرا ئەوسا دەبێ کوڕی وەستایەکە بکوژن.*» خوا دەیزانێ ڕەفتاری هەندێک وەستا و دکتۆر و فرۆشیار و چینی ناوەندیم دیتوە بەگشتی کە لە دڵی خۆمدا گوتوومە بەس حەمورابییان لێ دەوەشێتەوە بەڵام وەک دەبینین زەبر و ستەم لە مەودای دووردا ئەنجامی پێچەوانە دەداتەوە. حەمورابی ڕادەی ماسۆشیزم و دووڕوویی خەڵکەکەی زیاد کرد.

نموونەی ئەم جۆرە سزایانە لە مادە ٢٠٩دا دەڵێ: «*ئەگەر کەسێک مستی لە زگی ژنێکی ئاوس دا و منداڵەکەی لەبەر چواند، دەبێ ١٠ شێقل زیو بۆ ئەو ژنە ببژێرێت*» . ئینجا یەکسەر مادە ٢١٠ بەدوایدا دێت و دەڵێ: «*ئەگەر ژنەکە مرد دەبێ کچی ئەو پیاوە بکوژن*» . ئەوەش هەر یەکێکە لە سزایەکانی خزم بە خزم. کەچی مادە ٢١١ دەڵێ: «*ئەگەر ژنەکە کچی پیاوێکی موشکینوم بوو ئەوسا بە پێنج شێقل سزا دەدرێت*» . کەواتە ئەویش بای خۆی فەرقی لەنێوان شاری و دەشتەکیدا کردووە.

چەند سەدەیەک دواتر لە یاسایە ئاشوورییەکاندا تۆڵەی خزم بە خزم وەک ئاوخواردنەوەی لێ دێت. جا ڕەنگە پرسیار بکرێت کە بۆچی ڕەوشتی عەشایەریی توندوتیژ بەسەر خەڵکی شارستانیدا زاڵ بوو و بۆچی یاسایەکی وەک یاسای ئیشنوونا لە عێراقی کۆندا بەکار نەهات لەباتی ئەو یاسایە تۆقێنەرەی حەموورابی؟

لە وەرامدا دەڵێم شارستانییەکانی عێراق گرەوی خۆیان بەوە دۆڕاند کاتێک ڕوویان کردە شارپەرستی و فرت و فێڵ. شارپەرستی واتە ڕەپێشخستنی خۆییەکان، ڕەوشتێکە پڕ لە ڕقایەتی و لووتبەرزی و بێگانەبەدەری. یاسانامەی ئیشنوونا بە ئاشکرایی خەڵکی شاری خۆیان ڕەپێش دەخات؛ پڕیشە لە ژنسالاری کە بە زۆری ڕەوشتی خەڵکی شارپەرستە. فەرموون لەگەڵ ئەم نموونانە:

م٣١ دەڵێ: «*ئەگەر پیاوێک ڕقی لە شار و پاشای خۆی بۆوە و ڕای کرد و ژنەکەی مێردی بە پیاوێکی دیکە کرد، ئەم پیاوەش هاتەوە تاکو داوای ژنی خۆی بکاتەوە، ئەوسا ژنەکەی نادرێتەوە.*» چییە مەسەلە و بۆچی پیاو لەو شار و لەو ژنانە هەڵدەهاتن؟ م٦٠ دەڵێ: «*ئەگەر پیاوێک ژنی خۆی تەڵاق بدات، پاش ئەوەی منداڵیان بووبێت و بچێ ژنێکی دیکە مارە بکات ئەوسا دەبێ لە مڵک و ماڵی خۆی دەربکرێت و پێوەندی بە هیچەوە نامێنێت و ئەوەی لەگەڵی دەڕوا با بڕوا.*» لێرەدا لووتبەرزی و بێمنەتی و مەسەلەی شاربەدەرکردن دیار دەبێ، دیاریشە کە ئافرەت باڵادەست بوونە و چاوترساندنێکی نابەجێشی تێدایە دژبە پیاو کەوا هەم تەڵاقدانی ژن هەم جێ هێشتنی شاردا کراونە شتێکی بڤە. دەبا سەیرێکی ئەم نموونەش بکەین.

م ٥٩ دەڵێ: «*ئەگەر کەسێک دیوارێکی خواری هەبوو و پێی گوترا کە دیوارەکە خەریکە بکەوێت، بەڵام دیوارەکەی چاک نەکردەوە، ئینجا*



*دیوارەکە بەسەر یەکێک لە «ئۆیلیم»دا کەوت و کوشتی، ئەم تاوانە بە تاوانی کوشتن (جريمة قتل) دادەنرێت؛ ئەوسا پاشا بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی سزای بدات.*»

تێگەیشتنی ئەمەیان بەڕای من شتێکی زۆر گرینگە. دکتۆر فوزی ڕەشید لە «الشرائع العراقية القديمة»دا ئاماژەی بۆ ئەم یاسایە کردووە دەڵێ: هیچ نموونەیەکی ئەوها لە یاسانامەکانی عێراقیدا نییە. منیش لێی ناگرم؛ چونکە کەم کەس لە دڵ و دەروونی خەڵکی شارپەرست دەگەن مەگەر ئێمەی کورد. پێشەکی دەبێ بزانین وشەی ئۆیلیم واتە «*کوڕی شار*»؛ ئینجا دەتوانین بزانین چ پەرۆشێکی گەورەیان هەبووە بۆ خەڵکی «خۆیی» تەنانەت سزایەکەشیان وا داناوە کە بە گوێرەی واستەکاری و خۆییاتی بێت. بەدووریشی نازانم لەوە ترسابن کە نەبادا دیوارەکە دیواری کەسێکی خۆیی بێت. ئەگەر دیوارەکە ئی بێگانەیەک بایە ئەوسا سزایەکی توندتریان داون تا ئەو ڕادەی کە بیانکوژن. جا لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش: ئایا چۆن پیاوێک خانووی لەو شارەدا هەبێت واش بە بێگانەی بزانن؟ ڕەنگە هەموو کەس نەزانن بۆچی ئەوهایە؛ بەڵام کوردێک دەزانێت ئەگەر لە شارێک بۆ شارێکی دیکەی کوردستان بار بکات و دەیان ساڵیش لەوێدا بژیێت، هەر دەگوترێ «فلان کەس خەڵکی شارەکەمان نییە».

دیاردەکانی شارپەرستی تەنیا لە یاسانامەی ئیشنوونادا نەبووە، بەڵکو یاسانامەی حەموورابیش هەیەتی. فەرموون لەگەڵ چەند نموونەیەک. م ١٣٦ دەڵێ: «*ئەگەر کەسێک وازی لە شاری خۆی هێنا و ژنەکەی چووە ماڵی پیاوێکی دیکە. ئینجا پیاوەکە هاتەوە و ژنەکەی خۆی لەگەڵ کابرای بێگانە گرت و داوای ژنەکەی کردەوە؛ ئەوسا ژنەکەی نادرێتەوە چونکە ئەو پیاوە ڕقی لە شاری خۆی بووەتەوە*». ئەمە بە مادەی ٣١ی ئیشنوونا دەچێت؛ بەڵام هەر نەبێ ئەوان گوتوویانە ئەگەر ژنەکە مێردی بە کەسێکی

دیکه کرد نەوەکو حەموورابی کە دەڵێ «*ئەگەر لەگەڵ پیاوێکی بێگانە گیرا*» ئەمە دەیسەلمێنێت کە حەموورابی پەرەی بە رەفتارە شارپەرستەکانی خەڵکەکە داوە؛ بەڵام بەشێوەیەکی توندڕەوانە کە هەڕەشەی ناموس بردنی تێدا بووە. نموونەیەکی تر، م١٥٤ دەڵێ: «*ئەگەر پیاوێک لەگەڵ کچی خۆی جووت بێت دەبێ شاربەدەری بکەن.*» دیارە شاربەدەرکردن سزایەکی زۆر گەورە بووە؛ چونکە م١٥٧ دەڵێ: «*ئەگەر کوڕێک لەگەڵ دایکی جووت بێت دەبێ هەردووکیان بسووتێنن*» . کەواتە شاربەدەرکردن لە پلەی سووتاندندا بووە.

باوەڕم وایە کە ئەم یاسایانە وایان لە خەڵکەکە کردووە دین بە تاکە گەرەنتی بزانن بۆ پاراستنی ناموس و دامەنپاکی. ئێستا لەم کۆمەڵگایانەدا ئەگەر تۆزقاڵێک ڕەخنە لە دین بگیرێت، یەکسەر خەڵکەکە ترسی پەیدابوونی «بەرەڵڵایی جینسی» دەیانگرێت. من بە هیچ شێوە لەگەڵ ئەم ڕایەدا نیم بەڵکو باوەڕم وایە مرۆڤ ئەگەر بە ئاستەم بۆنی مرۆڤایەتی لێوە بێت حەز لە بەرەڵڵایی جینسی ناکات؛ چونکە ناموس و دامەنپاکی بە زگماکی لە مرۆڤدا چەقێندراون. دەنا وەرن با ساغی بکەینەوە، تۆ بڵێی بەشێوەیەک دروست کراوین کە حەز لە خوشکی خۆمان بکەین، ئینجا دواتر یەکێک لەو نووسەرانەی شەریعەت پێمان گوترابێ کە نەیکەین؟ ئایا تۆ لە کۆمپانیایەکی وەک مارسیدس قەبووڵ دەکەیت سەیارەیەک بنێرن بۆ بازاڕ گوایە بە بەنزین ئیش دەکات و دواتر کەتەلۆگ بنێرن کەوا «ببوورن؛ دەبێ گازی تێ بکەن نەک بەنزین» . ئەوانە گەورەترین چەواشەیی و سووکایەتین بە کۆمەڵگە کرابن ئۆباڵ بەئەستۆی ئەو نەفرەت و خۆبەخۆیییەی کە عێراقی لەیەکتریان کردووە.

لە فیلمی خەیاڵیدا زانیارەکان کۆمپیووتەر دروست دەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرنامەی پێشکەوتووتر دادەنێن و لە ئەنجامدا کۆمپیووتەرەکان بەسەر خەڵکەکەدا زاڵ دەبن. مرۆڤ لەسەردەمی سۆمەرییەکانەوە ئەم چارەنووسەی



بەسەردا هاتووە کاتێک کە دەستیان کرد بە داڕشتنی بەرنامە بۆ کۆمپیووتەرێکی تایبەتی. کۆمپیووتەرێکە فەرمان دەدات و دەڵێ «*ئەوها بکەن و ئەوها مەکەن*» . سۆمەری یاسانامەیان دانا و لە ئەنجامدا یاسانامەکان بوونە حاکمی ڕاستەقینەی هۆشی خەڵکەکە و ئەگەر هەر کەسێک رایەکی تایبەتی و قسەیەکی سەربەخۆی دەربڕیبایە، یەکسەر بە دوژمنی ناموس و خەڵک و خواوەندی شار دەزانرا.

کۆمپیووتەر هەنگاوێکی گەورەی بڕی بە دەستی ئورنەموو کە یاسانامەکەی لە ٣١ مادە پێک دەهات. ئەوجار کۆمپیووتەرەکەی لەبت عەشتار گەیشتە ٣٧ مادە. پاش ئەوە یاسانامەکەی شاری ئیشنوونا کۆمپیووتەرە ئاسمانییەکەی گەیاندە ٦١ مادە. بە دووریش نازاندرێ هەر شارێک لە ڕقی شارەکانی دیکە یاسانامەیەکی تایبەتییان داڕشتبێت؛ تا لە دەوروبەری ١٧٥٠ پ.ز حەموورابی لە شاری ماری (دیر الزور لە سووریا ) دێت و بەرنامەیەک لە ٣٠٠ مادەی ترسناک بۆ کۆمپیووتەرەکەی مەردۆخ دادەڕێژێت کە بە چەشنی تیشکی لێزەر و تیغی شمشێر تیژ و حەدی بووە پڕ لە فەرمانی «*ئیعدام ئیعدام*» . مەسەلەکەش بەوە نەوەستاوە، بەڵکو پاش ئامووریەکان یاسای ئاشوورییەکان لەوە تیژتر بوو.

لەو ڕۆژگارەوە دەردە کۆمپیووتەر لە عێراق بڵاو بووەتەوە کە لەدوای حەموورابیدا ئاشوورییەکان شەریعەتی تیژتریان داڕشت؛ ئینجا جوولەکە گەیاندیانە ئەوپەڕی وردەکاری و هەموو ناوئاخنێکی ژیانیان پڕ کردەوە. خەڵکی ساکاریش شاگەشکەی کۆمپیووتەرەکان دەبوون بەدەردی موتەنەببی دەڵێ.

وتعظم في عين الصغير صغارها وتصغر في عين العظيم العظائم

دەردە کۆمپیووتەر نەک هەر لە دەزگا دینییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست روویان داوە، بەڵکو یاسای دەوڵەتی عەلمانیش وردە وردە زیاد دەکەن و

دەچنە نێــو هەمــوو کــون و کــەلێنێـک تا وایان لێ دێ تەنگ بە ئازادی هەڵدەچنن؛ بۆ نموونە ئێستا لە ئەورووپا بەناوی مافی ژن و منداڵ یاسا و ڕێسا دادەنێن «ئەگەر مێرد ئەوهای لە منداڵەکەی کرد بەمەرجی فلان و فلان شت ئەوسا منداڵ بۆی هەیە ئەوها بکات و سزایەکەی ئەوهایە. ئەگەر ژن و مێرد لە کاتی جووتبووندا ئەوهایان بەسەر هات، ئەوسا کابرا ڕەنگە بەبەر شەق بدرێ، هتد». کەواتە بەبێ ئەوەی ئاگایان لە خۆ بێت وەک سیستەمی دینی و مەرکەزی ڕەفتار دەکەن. منداڵ لە خوێندگەکانی عێراق و سۆڤیەت پرسیاریان لێ دەکرا «ئایا باوانیان لە ماڵێ ڕەخنە لە حوکمەت دەگرن؟» ئەمڕۆش هەمان شت دەکرێ. -بەشێوەیەکی زۆر شارستانی- لە منداڵان دەپرسن «ئایا باوکت لە دایکت دەدات؟ ئایا دایکت لەتۆ دەدات؟» واتە ژن کە دەسەڵاتی لە پیاو ستاندەوە بەماوەیەکی کورت دەسەڵات لەدەست خۆی دەردەچێ بەرەو منداڵسالاری. لە هەندێک شوێن، ژن ناوێرن بەتەنیا بگەڕێن؛ بەڵام لە هەندێک شوێنیش پیاو ناوێرن بەتەنیا بگەڕێن؛ نەباتا «لۆلیتا»یەک شەڕی پێ بفرۆشی و هاوار لە حاڵی کابرا ئەگەر پەنجەیەکی پێ بکەوێ. پۆلیسەکەی سوید و ڕووسیا و تاڵیبان لە هەموو حاڵدا بڕیار لەدەست مرۆڤی هۆشیار دەردەچوێنێت و کۆمپیووتەری «دینی و دەوڵەتی» زاڵ دەبن.

باوەڕ ناکەم کەس بگاتەوە خەڵکی عێراق لە توانایەکی سروشتی هەم بۆ دەرخکردن، هەم بۆ یاسا داڕشتن. هەموو شتێک دەرخ کراوە ئەگەر ئەوهابوو دەبێ ئەوها بکەین. خوا ئەوهای گوت و حەدیس ئەوهایە و فلان بەندی یاسای ١٩٧١ ئەوها دەڵێ، هتد، بەڵام چۆن؟ هەر بای ئەوە کە بنووسرێت و دەنا پێڕەو ناکرێت؛ ئینجا دەڵێن «*ئەها! بزانە چەند خراپین چونکە شەریعەت تطبیق ناکەین*». کاکە واز بێنە فایدەی نییە؛ واتە بە خۆشی و ناخۆشی خۆ دەکەنە موسەییەر.

خەڵکی عێراق لە مێژوودا وەک منداڵی خوێندگە ڕەفتاریان کردووە لە



پۆلێکی پڕ لە منداڵی بزێو کە شەق بە شەقانەیان لەگەڵ یەک کردووە، لە ئەنجامدا مامۆستای پۆلەکە یاسای داناوە کە تەنانەت هەناسەش قەدەغەیە.

ترس و ئیرهاب و دیماگۆگییەت لە پێش حەمووڕابییەوە هەبوو؛ بەڵام ئەوسا چەکێک بوو لەدەست شارستانییەکاندا. حەمووڕابی پەلاماری دایە ئەو چەکە و ڕووی وەرسووڕاند دژ بە شارستانییە خۆبەخۆیییەکان.

سەپاندنی ئەو شەریعەتە ترسناکەی حەمووڕابی بەسەر خەڵکی شارستانیدا کودەتایەکی مێژوویی بوو. دوو ئەنجامی زۆر گرینگی دایەوە: یەکەم شت، سۆمەرییەکان بە یەکجاری توانەوە و لەسەردەمی بابلی یەکەمەوە ناویان بزر دەبێت؛ دووەم شت، وا پێ دەچێ هەڵات و کۆڕەو لە عێراقەوە بەرەو شام و فەڵەستین ڕووی دابێت. چونکە سەردەمی کۆچ کردنی حەزرەتی ئیبراهیم هەمان سەردەمی حەمووڕابییە، لە دەوری ١٧٥٠ پ.ز. ئەو خەڵکەش دواتر بە عیبری (جوو) ناسران؛ بۆیە دەبینین کولتووری جوولەکە پێکچوونێکی گەورەیان هەیە لەگەڵ کولتووری عێراقی. بۆ نموونە سەرگۆنی ئەکەدی ٢٣٥٠پ.ز ژیاننامەی خۆی لە داستانێک داڕشتووە دەڵێ: «*منم سەرگۆنی مەزن، دایکم کاهینی پەرستگە بوو، باوکیشم نەناسراوە. دایکم منی خستووەتە سەبەتێک و بەئاوی داداوم تا گەیشتوومەتە بەرماڵی «ئاکی»ی ئاشەوان. ئاکی منی هەڵگرتەوە و هتد*». مێژووزانەکان سەلماندوویانە کە سەرگۆن لە ماڵی پاشای وەرکا پەروەردە کراوە ئینجا بووەتە وەزیر لە شاری کیش، ئەوجار لووگاڵ زاکیری دەبەزێنێت و خۆی دەبێتە پاشا و هتد. چەند سەدەیەک پاش ئەوە، سەرگوزەشتی لەدایکبوونی سەرگۆن لە ژیاننامەی حەزرەتی مووسا و عیسادا دووبارە کراوەتەوە. پێشتریش ئاماژەیەکی زۆر کرا بۆ ڕاستیی هەمەجۆر.

## قسە ئاوێنەی دەروونە

ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی باشتر لە دەروونی حەموورابی و دانەرانی یاسانامەکان بگەین، باشترین ڕێگە ئەوەیە چاو بە پێشەکی و پاشکۆی یاساکاندا بخشێنین یەک بە یەک. لە سەرەتادا کۆمپیوتەرەکان هەندە ترستاک نەبوونە و تێگەیشەی هەبوونی خواش هەندە پڕ لە ترس و لەرز و نیفاق نەبوو؛ بەڵام تێپەڕاندن بە لای ژنسالاریدا کاردانەوەی دروست کرد بەرەو رەفتاری کەڵەگایی. فەیلەسووفێکی یۆنانی دیتوویەتی عەشایەرەکانی باکووری یۆنان دەیانگوت خوا پیاوێکی چوارشانەی کەڵەگەتی پرچ زەرد و چاو شینە. کەچی عەشایەرەکانی ئەفریقیا دەیانگوت خودا قولە زەنگییەکی تۆقێنەرە. واتە فیکرەی هەر کۆمەڵگەیەک بەرانبەر بە خوا ئالوودەی ئەو سام و ترسە بووە کە لە پیاوە دەسەڵاتدارەکانی خۆیاندا دیتوویانە. کە ژنسالاری پەرە دەستێنێت فیکرەی ڤینۆس، ئەسینا، عەشتار، ئەنانا، حەزرەتی مەریەم و هتد ئەمانە هۆشیان داگیر دەکەن؛ وەک نموونەی ئافرەتی نەرم و پاک و جوان. فیکرەکە ڕەنگدانەوەی ڕەوت و ئنتیمای کۆمەڵگەکەیە. بەم پێیە دەتوانین بزانین پاشا عێراقییەکان کوڕی چ ژینگەیەک بوون. با سەیری نووسینەکانیان بکەین یەک بە یەک.

یەکەم، شەریعەتی ئوورنەموو. پێشەکییەکەی دەڵێ: *«پاش ئەوەی خواوەند ئانوو و خواوەند ئەنلیل پاشایەتیی شاری ئووریان بە وەکالەت دایە خواوەند نەنار..... پاش کوشتنی «نمخاتی» پاشای شاری لەگەش بە هێزی ئاگری نەنار خواوەندی ئوور، لەو کاتەدا کێڵگە و باغەکان لە دەست «نسقووم»دا بوون، بازرگانی لە دەریاکاندا لە دەست چاودێرانی کەشتیوانیدا بوو؛ شوان و گاوان لە دەستی تالانچییانی مانگا و مەڕ و وڵاغدا بوون. ئوورنەموو جەنگاوەرە ئازاکە، پاشای ئوور، پاشای سۆمەر و ئەکەد بە هێزی خواوەند نەنار گەورەی ئوور و بە فەرمانی خواوەند ئووتوو، توانیی داد لەنێو وڵاتەکەدا بچەسپێنێت و ڕقایەتی و ستەم و دوژمنایەتی نەهێڵێت»*. دیار و ئاشکرایە کە چۆن خواوەندی شارەکەی خۆی هەڵدەکێشێت و زۆر شانازی بە براکوژیی نێوان ئوور و لەگەش دەکات؛ بەڵام سەرنج بدەنە وشەکانی ڕقایەتی، ستەم، دوژمنایەتی، دیارە لە کۆمەڵگەی شارپەرستدا رەگێکی قووڵیان هەیە.

دووەم، شەریعەتی لەبت عەشتار، ناوبراو ئەگەرچی زمانی سۆمەری بەکار هێناوە و یاساکانیشی زۆر نەرمترن لە یاساکانی حەموورابی، بەڵام خۆی بە ڕەچەڵەک عەشایەری ئامووری بووە و لە قسەکانیدا هەست بە دەماری عەشایەری دەکەین. با سەیری چەند نموونەیەک بکەین دەڵێ: *«کاتێک خواوەند ئانووی مەزن باوکی هەموو خواوەندەکان و خواوەند ئەنلیل گەورەی هەموو وڵاتان، پاشایەتی و حوکمێکی باشیان دایە شاری ئیسن، لەبت عەشتار پاشایەتیی پێ سپێردرا تاکو داد بسەپێنێت و ستەمکارەکان سزا بدات و هەموو شۆڕشە چەکدارییەکان بەرپەرچ بداتەوە بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی بۆ سۆمەری و ئەکەدییەکان دابین بکات. منم لەبت عەشتار، شوانە بچووکەکەی شاری نوففەر، وەرزێرە زانایەکەی شاری ئوور، هەرگیز پشتی شاری ئەریدۆم بەرنەداوە و گونجاوترین حاکمی وەرکا بوومە. منم پاشای شاری ئیسن و وڵاتی سۆمەر و ئەکەد، نازناوی خواوەند ئەنانا هەر لە خۆم دەوەشێتەوە. بە فەرمانی خواوەند ئەنلیل توانیم دادپەروەری لە سۆمەر و ئەکەد بەرقەرار بکەم، کاتێک یەخسیری بەناحەق سەپێندرا بەسەر کوڕان و کچانی شاری نوففەر و ئوور و ئیسن و سۆمەر و ئەکەددا من ئازادیم پێشکەش کردن وەکو دیارییەکی بێ منەت. ڕێنماییم کردن کە باوک یارمەتیی کوڕ بدات و کوڕ یارمەتیی باوک بدات و لە حاڵی باوک و برادا، نووسینەکە سڕاوەتەوە. منم لەبت عەشتار کوڕی خواوەند ئەنلیل (هەفتایەکە)م بۆ ماڵی باوک و برا و ڕەبەنان هێنا....»*

له ئەدەبیاتی یۆنان و مەسیحیدا وشەی «هەفتایەکە» هاتووەتەوە بەرچاوم؛ بەڵام نازانم مەبەستی لە چییە. کەواتە با خەریکی شتە زاندراوەکان بین کە پێش هەموو شتێک مەسەلەی مەدح و سەنا دێت. ئینجا دەبینین خۆی بە گوتەبێژی خواوەندان داناوە، ئینجا مەسەلەی سەرکوتکردنی شۆڕشی چەکداری. ئەوانە شتی ئاسایین؛ بەڵام چەند خاڵێکی تر هەن کە دەبێ سەرنجیان بدەینێ.

١- لەبت عەشتار قسەکان بە زاری خۆیەوە دەکات بە پێچەوانەی یاسانامەکەی ئوورنەممو کە ئەو وەکو کەسی سێیەم ناوی دێت. دیارە لەبت عەشتار خۆی لەسەر سەری کاهینەکان وەستاوە و پێی گوتوون ئەوها و ئەوها بنووسن.

٢- سەرنج بدەن چۆن ناوی یەکە یەکەی شارەکان و ناوچەکان دێنێت وەک بلێیی پروپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ خۆی دەکات؛ گوایە هیچ فەرق و جودایی لە نێوان خەڵکی شارەکاندا ناکات. ئایا هەمان شت نییە کە سیاسەتمەدارانی کوردستان و عێراق بە گشتی دەڵێن گوایە هیچ فەرق و جودایی لە نێوان هاوولاتیاندا ناکەن؟ خەڵکەکەش بەرەو ڕوو گشتیان دەڵێن: قوربان ئەشهەدو بیللا وایە. کەچی لە ناخدا هەموو دەزانن مەسەلەکە چۆنە.

٣- ئاماژەیەکی بچووکی تێدایە بۆ شوان و وەرزێر. ئەم دوو شێوەژیانە وەکو بە عەرەبی دەڵێن «رعوی» ، «زراعی» وەک مەسەلەکەی قابیل و هابیل.

٤- با سەرنج بدەینە ئەم قسە «با باوک یارمەتیی کوڕ بدات» ئەم تەرزە قسانە هەموو دینێک و لایەنێکی سیاسی دەیکەن. گوایە پێش خۆیان ژیان هەندە خراپ بووە و پاش پەیدابوونی ئەوان دنیا بووەتە «*شامی شەریف*» . ئایا پێشتر لەبت عەشتار کوڕ و باوک ناکۆک بوون تا ئەو ڕۆژەی کە خواوەند لەبت عەشتاری نارد بۆ ئەوەی بە خەڵکی بڵێت: با کوڕ و باوک تەبابن؟



پاشەکیی یاسانامەکەی لەبت عەشتار دەڵێ: «*بەگوێرەی قسە ڕاستەکانی خواوەند ئووتوو کە وڵاتی سۆمەر و ئەکەدی هێنایە سەر ڕێگەی دادپەروەری، پشت ئەستوور بە فەرمانی خواوەند ئەنلیل، ڕەگی ڕقایەتی و دڕیاتی (عنف)ی دەرکێشا... ئەو کەسەی دژایەتیی یاسانامەکەم نەکات با تەمەنی درێژ بێت... دەنا ئەو کەسەی حەز لە یاسایەکانم نەکات و دەسکاریی بکات و ناوی من بسڕێتەوە تا ناوی خۆی لەسەر دابنێت*» . لێرەوە هەڕەشە و لەعنەتکاری دەست پێ دەکا؛ بەڵام بەداخەوە زۆربەیان سڕاونەوە. دەبا چەند تێبینییەک بخەمە ڕوو دەربارەی پاشەکیی یاسانامەکە.

١- لێرەدا لەبت عەشتار خۆ بەگەورەی هەردووک هەرێمی سۆمەر و ئەکەد دەزانێت؛ کەچی لەڕاستیدا ئەو پاشای ئیسن بوو؛ واتە دەسەڵاتی تەنیا لە هەرێمی ئەکەدیدا هەبووە. دیارە هەمان دیاردەیە کە ئێستا چەندین سەرۆکی دەوڵەتی عەرەب ئێستا خۆ بەڕابەری هەموو عەرەب دادەنێن.

٢- لەبت عەشتار هەڕەشە و گوڕەشە بەکار دێنێت؛ واتە پێشتر لە دیندا تەنیا «*تەرغیب*» هەبووە و دواتر «*تەرهیب*» پەیدا بووە.

٣- ژمارەی یاسایەکان لە٣١ مادە زیاد بوون بۆ **٣٧** مادە؛ کەواتە لەبت عەشتار هەندێک کۆمپیووتەرەکەی پێش خست.

چوارەم شەریعەتی ئیشنوونا. دەقە ئەسڵییەکەی ئەو یاسانامە نازانین؛ تەنیا دانەیەک دۆزراوەتەوە کە پێشەکییەکە بەم جۆرەیە: «*لەڕۆژی* **٢١** *مانگی... لەسەر... پاشایەتی بەئیشنونا بەخشی. کاتێک چووە نێو ماڵی باوکی خۆی و شاری «سووبوور شەمەش» کاول کرا خەڵکەکەش لە دیجلە پەڕینەوە. ئەوەش هەمان ساڵە کە شاری سووربوور شەمەس بە هێزی چەکی مەزن داگیرکرا*» .دیارە خەڵکی ئیشنوونا بێ ئەندازە شارپەرست بوونە و تەنیا لەم چەند دێڕەدا بە شانازییەوە باسی پەراگەندەکردنی شارێک دەکەن.

ئێستاش دەگەینە گوتەکانی حەموورابی. دەبێ بە کورتی باسیان بکەین دەڵێ: چونکە وەک گوتارەکانی عبدالکریم قاسم و صدام حسین زۆر درێژن. «*کە خواوەندی پایەدار ئانوو لەگەڵ خواوەند ئەنلیل خواوەندی زەوی و ئاسمان و دیارخەری چارەنووسی وڵاتان، کە بڕیاریان دا پیرۆزی بە مەردۆخ بدەن... هەر لەو کاتەدا ئەنلیل و ئانوو ناویان لە من نا حەموورابی. ئەو شازادە خواناسەی کە لە خوا دەترسێ، تاکو داد و ڕەوایی بچەسپێنم و ڕەگی بەدکاری و دامەن پیسی دەربکێشم... حەموورابی ئەوەی خێری پێشکەش بە شاری نیپۆر کردووە. پاشا بە تواناکەی کە شاری ئەریدۆی وەکو جاران ئاوەدان کردەوە*، .... لێرەوە دەست دەکا بە هەڵکێشانی یەکە یەکەی شار و پەرستگەکانی عێراق، واش دیار دەخا گوایە خزمەتکاری هەموویانە. بەسیەتی کە ناوی ٥٠ تا ٥٥ شار و خواوەند دێنێت لە سەرانسەری عێراقدا. وەک باس کرا شار و ئینتیمای شار لە خواوەندێکدا نمایش دەکرا. دیارە حەموورابی ١٠ هەندی لەبت عەشتار بانگەشەی هەڵبژاردنی کردووە بۆ خۆی.

با سەیرێکی پاشکۆیەکەی بکەین و ببینین چۆن لە سەرەتادا ڕووبەندێکی جوان دەپۆشێت؛ بەڵام دواتر ڕوخسارە ڕاستەقینەکەی خۆی دیار دەخا. حەموورابی دەڵێ: «*ئەوانەن ئەو یاسا دادپەروەرانەی کە حەموورابی پاشا چاکەکە داینا*ون». کەچی بەرە بەرە هەڕەشە و لەعنەتەکان دەست پێ دەکەن کە دەڵێ: «*ئەو کەسەی بەگوێرەی قسەکانم نەکات و لە لەعنەتەکانی من و خواوەندەکان نەترسێت و یاساکانم بسڕێتەوە و ناوم بسڕێتەوە، دەبا خواوەندەکان بە لەعنەتی بکەن هەموو پاشایەتی و هێز و پایەداریی لێ بستێننەوە و بەختی ڕەش بکەن و...*». ئیتر لێرەوە نزیکەی ١٠٠ دێڕ لەعنەتکاریی تۆمار کردووە.

ئەو تۆقاندن و لەعنەتکارییەی کە پێشتر لە بت عەشتار دەستی پێ کردبوو، حەموورابی ١٠ هەندەی لێ زیاد کرد. مۆرکی زەبر و خوێنڕێژیی



بەسەر کولتووری دینیی ناوچەکەدا هێنا؛ دواتر دەبینین ئاشوورییەکان هەنگاوی گەورەتریشیان هاویشت. ڕەنگە ئەو پرسیارەش بکرێت کە ئەگەر یاسانامەی حەموورابی و دینە توندڕەوەکان شتێکی باش نەبان، کەواتە بۆچی عێراقییەکان هەندە پەرۆشیان بۆی هەبووە و بە درێژایی هەزاران ساڵ مەردۆخیان پەرستووە؟ تەنانەت لەسەردەمی ئاشووریدا عێراقی ئیش و کاریان نەمابوو تەنیا ئەوەی کە شۆڕش بکەن بۆ ئەوەی خواوەند مەردۆخ بپەرستن و شەریعەتەکەی حەموورابی پێڕەو بکەن و میهرەجانی ئەکیتۆ بگێڕن. کەواتە چییە مەسەلە؟

لە وەرامدا دەڵێم ئەگەر سەیرێکی یاسا ئاشوورییەکان بکەین ئەوسا دەڵێین سەد خۆزگە بە کفندز. هەروەها ئەو قودسیەتەی مەردۆخ و بابل و شەریعەتەکەی حەموورابی پاش دوو سەدە لە سەردەمی کاردۆنیاشدا ئەو نرخەی پەیدا کرد. زۆر جار ئێمەی کورد بە خۆمان دەڵێین «*مردووپەرست*». هونەرمەندێک یاخۆ ڕابەرێک هەر هەندە کە دەمرن، دەکرێن بە نیمچە خواوەندێک کەچی تا زیندوو بوون کەم کەس ئاوڕی لێ دەدانەوە. ئەم ڕاستییە لە مێژووی عێراقدا زۆر زەقە؛ فەرموون چاو بە هەر چاپێک لە چاپەکانی «نهج البلاغة»ی ئیمامی عەلیدا بخشێنین؛ دەبینن چۆن لەو خەڵکە بێزار بووە و نەیزانیوە چییان لەگەڵدا بکات. کەچی کە مرد کردیانە نیمچە خواوەندێک. هەمان شتیان لەگەڵ ئیمام حوسێنیش کرد. جگە لەوانە هەمان ڕەفتاریان لەگەڵ نەبوونائیدیش کردووە ٥٨٦ تا ٥٢٠ پ ز، بە رادەیەکی کەمتریش بۆ فەیسەڵی دووەم و نووری سەعید کراوە و دوور نییە لە پاشەڕۆژدا بۆ سەدامیش بکرێت.

زۆر شت کە کۆن بوون قودسیەت پەیدا دەکەن. ئەو تێگەیشتەی کە ئێستا هەیە بەرانبەر بە هاڕوون ڕەشید یاخۆ بەرانبەر یاوەرانی حەزرەتی پێغەمبەر، ئەوساش خەڵکی عێراق بەهەمان شێوە لە حەموورابی و مەردۆخ گەیشتوون. بۆ نموونە مەریوان هەڵەبجەیی وەک بلێی داوا دەکا

پێغەمبەر و یاوەرانی وەکو دێو و پاڵەوانی خەیاڵی ژیابان؛ دەنا ئەگەر مرۆڤێکی ئاسایی بن ئەوسا ڕێزیان لێ ناگرێت. ئیتر هەمان کوێرەوەری بەرانبەر «جاران!» هەمیشە هەبووە.

عێراقی پەرۆشێکی سەیریان هەبووە بۆ سەپاندنی دەقی یاسانامەکەی حەمووڕابی؛ بۆ نموونە تەختە قوڕێک دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٥٣٧ پ.ز. واتە ١٢٠٠ ساڵێک پاش حەمووڕابی و تەنیا دوو ساڵ پاش هەڵاتنی نەبوونائید. ئەم نووسراوە بریتییە لە دادگایی کردنی چوار کەس کە دوو مراوییان لە پەرستگەی شاری وەرکا دزیبوو. هاری زاکس سەیری پێ هاتووە کە ئەو هەموو نوێنەرانی پەرستگەی شارەکە و نوێنەرێک لە پایتەختەوە و دادگایەکی سەرلەبەر کۆببنەوە بۆ مەسەلەیەکی ئەوها پووچ؛ لەوەش سەیرتر بەڕای من ئەوەیە کە کەسیان ناوێرێ پێشنیازێک بکات، بەڵکو بایەخ دەدەن بە دەقی مونەزەل و بەس. هەموو پەرۆشیان بۆ ئەوە بووە کە بیزانن ئایا مراوییەکان لە دەرەوە یاخۆ لە نێو سنووری پەرستگەدا دزراون. ئەوەش بۆچی؟ چونکە حەمووڕابی پێش هەزاران ساڵ لە مادەی هەشتەمی یاساکەیدا دەڵێ: ئەگەر دزی لە نێو سنووری پەرستگەدا بکرێت دەبێ دزەکە بکوژن و ئەگەر دزییەکە لە دەرەوەی پەرستگە کرابێت ئەوسا ٣٠ هەندە لە نرخی شتە دزراوەکە بە دزەکە دەبژێردرێت.

ئەمە شتێکی سەیر نییە چونکە لەنێو کۆمەڵگەیەکی ئەوهادا ئەگەر یەکێک لەو دادوەرانە پێشنیازێک بکات ئەوسا لێی هەڵدەستنەوە و ڕایەکی جودا دەردەبڕن و ئەم دەڵێ «*با ئەوها بکەین، نەخێر ئەوها نابێت*». جا دیسان ئیجتیهاد و تەفسیر و مەزهەب و حیزبایەتی و خۆبەخۆیی پەیدا دەبێتەوە.



## **یاسا ئاشوورییەکان**

هەڵکەوتنی کۆمەڵگەی شارستانیی عێراق لە کاردانەوەی گرتووە دژ بە ژنسالاری بەرەو پیاوسالارییەکی توندوتیژ. فەرموون با سەیری ئەم دوو یاسایانە بکەین؛ یەکەم یاساکەی ئیشنوونا دەڵێ: «*ئەگەر پیاوێک ژنی خۆی تەڵاق بدات پاش ئەوەی کە منداڵیان پەیدا بووبێت و بچێ ژنێکی دیکە مارە بکات، ئەوە لە مڵک و ماڵی دەردەکرێت و پێوەندی بە هیچ شتێکەوە نامێنێت و ئەوەی لەگەڵی دەڕوا با بڕوا...*». ئەمە بۆنی لووتبەرزیی خانمانی شاری لێ دێت. کەچی م ٣٧ لە یاسا ئاشوورییەکانی سەردەمی ناوەندی (نزیکەی ١٢٥٠ پ.ز) دەڵێ: «*کە پیاوێک ژنی تەڵاق دا، ئەگەر دەیەوێ با شتێکی بداتێ و ئەگەر نەیەوێ با هیچی نەداتێ و با ژنەکە بە دەستی بەتاڵ بڕوا.*»

یاسا ئاشوورییەکان زۆربەیان لەسەر جینس و ئافرەت دەڕۆن و دەروونی گەنجێکی دڵپیس دیار دەخەن کە تامەزرۆی جینس و دەسەڵاتە. م ٥٣ دەڵێ: «*ئەگەر ژنێک منداڵی لەبەر خۆی چواند، دەبێ سنگی تێ ببڕن و نابێ بینێژن. ئەگەر لە کاتی لەبەر چواندندا ژنەکە مرد، هەر دەبێ سنگی تێ ببڕن و نابێ بینێژن و ئەگەر...*» لێرە نووسینەکان سڕاونەوە.

چەند نموونەیەکی تر لە یاساکانی سەردەمی ئاشووری ناوەندی ١٣٦٥تا ٩١٠ پ.ز. م ٥٥ دەڵێ: «*ئەگەر پیاوێک کچی پیاوێکی دیکە هەتک بکات، باوکی کچەکە دەتوانێ ژنی ئەو پیاوە بۆ خۆی ببات و هەتکی بکات و نەیداتەوە مێردەکەی. دەشتوانێ کچەکەی خۆی لەو پیاوە مارە بکات و... هتد*». کەواتە مەسەلەی تۆڵەی خزم بە خزم لە ئاشوورستاندا ببووە ئاوخواردنەوە.

م١٧: «*ئەگەر کابرایەک ژنێک تەفرە بدا و لەگەڵی جووت بێت، هیچ لەم کابرایە ناکرێت و مێردی ژنەکە با بە ئارەزووی خۆی ژنەکەی خۆی سزا*

بدات. بەڵام ئەگەر کابرا بەتۆبزی لەگەڵ ژنەکە جوت بووبێت، ئەوسا دەبێ ژن و پیاوەکە وەکو یەک سزا بدرێن» . ئەم بنەما یاساییە لە زۆربەی یاسا عێراقییەکاندا هەبووە کەوا ئەگەر پیاوێک ویستبای «دۆستی» ژنەکەی خۆی سزا بدات، دەبوو ژنەکەی خۆیشی سزا بدات؛ نەباتا مەسەلەکە فێڵی تێدا بایە. زۆرجار پیاو دەست بۆ ژن درێژ دەکات، بەڵام زۆر جاریش ژنی فێڵباز هەن کابرایەکی بەستەزمان تاوانبار و لەکەدار دەکەن؛ هەشە بە ئاگاداری مێردەکەی دەیکات، ئیتر ئەوها.

ئینجا دەگەینە مەسەلەی سفووری و حیجابی ئافرەت، سەیری ئەم یاسایە دوور و درێژە بکەن. م٤٠: «ژن و بێوەژن و هەر ئافرەتێکی ئاشووری بۆی نییە بە سەری رووت لەماڵ دەرچێ. کچانی پیاوان... [نووسینەکە هەندێک سڕاوەتەوە تا دەڵێ] جا ئەگەر حیجابەکە کراسێک بێت یان چارۆگە. هەروەها نابێ بە سەری رووت بگەڕێن؛ ئەگەر بەتەنیا چوونە جادە گشتییەکان ئەوسا دەبێ حیجاب بپۆشن. ئەگەر کەنیزەیەک لەگەڵ خانمەکەی خۆی بگەڕێ دەبێ حیجاب دابنێت... ئەگەر کەنیزەکە شووی نەکردبوو نابێ حیجاب دابنێ. هەروەها قەحپەش نابێ حیجاب دابنێت و دەبێ سەری خۆی رووت بکات و هەر کەس قەحپەیەک ببینێ بە حیجابەوە، دەبێ بیگرێت و شایەد کۆ بکاتەوە و بیهێنێتە بەر دەرکی سەرا و نابێ زیوەرەکانی لێ بستێنێ؛ بەڵام بۆی هەیە جلەکانی بۆخۆی بەرێت ئینجا دەبێ ٥٠ قامچی لە قەحپەکە بدرێت و قیری بەسەردا بکرێت و هەر کەس قەحپەیەک بە حیجابەوە ببینێت و نەیگرێ، ئەوسا ٥٠ قامچی لێ دەدرێت و قیرِ بەسەر قەحپەکە دادەکرێت و... هتد.» یاساکە زۆر دوور و درێژە.

م٤٤ دەڵێ: «ئەگەر پیاوێک یا ژنێکی ئاشووری بە بارمتە لە ماڵێک گیرابوو، خاوەن ماڵەکە بۆی هەیە دارکارییان بکات و پرچیان دەرکێشێت و بەبەر شەقیان بدات و گوێیان کون بکات.»



دیارە ئاشوورستانی ئەوسا رێک بە پێچەوانەی رەوشتی برا سریانییەکانی ئێستا بووە؛ وەک قەسابخانەیەکی پڕ لە سادیزم و لووت برین و شەق و وهەڵزڕاندنی ژنان بەشادی جەللادەکان. لێرەدا با باسی خاڵێک بکەین:

دیارە کولتووری عێراقی پێچێکی تیژی گرتووە دژی مێیەتی و جینس بەگشتی، ئەو کەنیزانەی کە باس دەکرێن دوور نییە لە زاگرۆسەوە بە تالان هێنرابن یان لە دەست خزمەکانیان هەڵاتبن؛ جگە لە زاگرۆس دەیان وڵات و هەرێمی جودا لە دەست ئاشوورییەکاندا بوون. بۆ سووککردنی ژێردەستەکان بەمەبەست سەر و لەشیان بە رووتی هێشتووەتەوە و خۆیان بە بەرزتر و خانەدانتر نواندووە تاکو دڵەکەیان و داخەکەیان پتر فەرامۆشی بە دیمەنی زەلیلەکان بێتەوە؛ سادیزمێکی رۆن و ئاشکرایە.

یەک شت هەیە گەنج و رۆشنبیرانی کورد تووشی دەبن و بەبێ ئەوەی ئاگایان لێ بێت شتەکە بە زیان دەگەڕێتەوە؛ ئەوەیە کە تۆ رەخنە لە بەعس و ئاشوور و داگیرکەر و هەر سادییەک بگریت و بڵێی «کوا ئەوانە پیاون؟ کوا ئازان؟ ئەوانە هەموو ترسنۆکن و...» کەواتە ئەگەر بەراستی ئازا بوون و رۆژێک لە رۆژان بۆ نموونە خەڵکی حەویجە بەتاقی تەنیا هەموو هێزە کوردەکان تا بناری قەندیل راو بنێن و لە جاران خوێنرێژتر بن، ئایا ئەوسا دەبێ بڵێین «ئافەریم» ؟ با قووڵتر ببمەوە؛ مەریوان هەڵەبجەیی[1] باسی

(١) مەریوان هەڵەبجەیی دیاردەیەکە لە دیاردەکانی بەدبەختیی کورد. هەر نەبێ ئەو قسەی نێو دڵی خۆی کردووە و بەهیچ شێوە هەست ناکەم مەبەستی فێڵکردنی هەبووبێت. بەڵێ، باوەڕ ناکەم مەبەستی فێڵکردنی هەبووبێت؛ بەڵام دیاردەکانی ماسۆشیزم و ژێردەستەیی پێوە دیارە. بۆ نموونە رجاء النقاش لە «تأملات في الانسان»دا، بەشی التمثال المكسور، باسی کەسانێک دەکا کە حەز دەکەن خەڵکی دیکە لەکەدار بکەن و دەڵێن: «پف، توخوا کەی ئەوە پیاوە؟ توخوا کەی ئەو ئۆتۆمۆبیلە جوانە؟ توخوا کەی ئەوە بەوەزیران دەچێ؟ و...» ئینگلیز گوتەنی=

کەسایەتیی «هیند» ژنی ئەبوسوفیان دەکات و دەڵێ: «لە شەڕی ئوحود لەشکری قورەیش نۆ ئافرەتی لەشفرۆشیان لەگەڵ خۆیان بردووە؛ یەک لەوانە ئەو هیندە بووە. بەڵگەکەشی ئەو پارچە هۆنراوەیە کە هیند لەکاتی شەڕەکەدا گوتوویەتی: نحن بنات طارق، نمشی علی النمارق، ان تقبلوا نعانق، او تدبروا نفارق... هتد.»

ئەگەر وایە دیارە لەشفرۆشێکی قورەیشی دوو هەندەی تێکڕای لەشکری موسوڵمانەکانی ئەوسا و هەموو کوردی ئەمڕۆ نێرەتیی تێدا بووە. برام، ئەو هیندە لە تۆڵەی باوک و برایدا جەرگی ئیمام هەمزەی بەددان پچڕاندووە، لە شەڕەکەدا وەرگەڕاوەتە شینە جەنگاوەرانی قورەیش کە «*کەس ورە بەرنەدات و یاڵڵا بکوژن و ببڕن*». لە مەکەشدا ئاغاژنی هەرە گەورەی شارەکە بووە کە خۆی بە قەیسەر و کیسرا نەداوە؛ تەنانەت لە فەتحی مەکەدا پۆتی ئەبوسوفیانی شکاندووە کەوا «هەی ناپیاو چۆن خۆ بەدەستەوە دەدەی؟» ئینجا هەستین بڵێین لەشفرۆشیی کردووە؟

=sinical. ئینجا مەسەلەی دژایەتیکردنی هەموو لایەنێکی سەرکەوتوو. ئەگەر بەوردی سەیری نووسینەکانی بکەین دەبینین تا حەزرەتی پێغەمبەر لە سەرکەوتن و گەشانەوەدایە ئەو پەرۆشی بۆ لایەنە دۆڕاوەکانە، قورەیش، جوو هتد. کەچی دواتر کە ئەمەوییەکان باڵادەست دەبن، سەردەمی ئیمام عوسمان و دواتر مەعاویە، دەبینی با دەداتەوە دژی ئەوان و بەلای ڕەوت و فەرموودەکانی پێغەمبەر. واتە هەمیشە لایەنی دۆڕاو هەڵدەبژێرێت. ئەم خاڵە لە زۆربەی نووسەرانی کوردا هەستی پێ دەکرێت و بەشێکە لە دیاردەکانی ژێردەستەیی کە ئەریستۆ گوتوویەتی *یەخسیر عاشقی کۆت و بەند دەبێت*.

نووسەری ناوبراو ڕەنگدانەوەی ڕەوتێکە لەنێو گەنجی کۆڕی ستەمدیدەدا جۆشی ستاندووە. زۆر لە قسەکانی ڕاستەقینەی زانراون و دەبوو پێش خۆی نووسەرە ئیسلامییەکان هەموو نووسینەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی و بڵاویان بکەنەوە تاکو لە ڕۆژێکی ئەوهادا نەبێتە مایەی وروژاندن.



هاری زاکس باسی دادگایی کردنی پیاوێکی ئاشووری دەکات ژنەکەی تاوانباری کردووە بەوە کە دوودەکییە. لە قسەکانیدا دیار دەبێ ئافرەتەکە لە پیاوەکە چاوقایم و نێرانەترە. کەسایەتیی ئافرەت و کۆمەڵگەی عەسکەرتاریی ئاشووری -کە ئەوانیش حیجابیان هەبووە و نەیانهێشتووە کەنیزە حیجاب بپۆشن- لە کەسایەتیی ژنێکی وەک هیند و کۆمەڵگەیەکی وەک قورەیش دەکات. ڕێی ناچێ سووکایەتییەکی نابەجێیان پێ بکەین؛ چونکە وەکو ئەوەیە بە«علي حسن المجيد» بگوترێ «*پف، تۆکەی پیاوی؟ ئەگەر پیاو بایت خەڵکت دەکوشت» لەوە زیاتر چ بکات*.

قسەکەی پێشوو وەکو نوکتەیەکی لێ دێت بەڵام نوکتەیەکی تاڵ کەوا ڕادەی بەبەدبەختی خەڵکی ژێردەستە و ماسۆشیزم دیار دەکا. سادیزم کاردانەوەی ماسۆشیزمە. تۆ ئەگەر خوێندکارێکی ئاسایی بی، بەڵام خۆوبەخت کەوتییە پۆلێکی زۆر تەمبەڵ. ڕۆژ بەڕۆژ کەسایەتیی خۆت لە خوێندندا دەدۆزییەوە. ئەوەیە مەبەستی ناپۆلیۆن لە «کردنی کەمترین هەڵە». کولتوور و شێوەژیانی ئەو کۆمەڵگانە (ئاشوور، عەرەب) لەخۆیدا کاردانەوەیەک بووە دژی دەوروبەرێکی بێ ئەندازە مێ. ئەگەر کەسێک بڵێ «*صەدام بە هەوەسی خۆی هاوڕێ بەستەزمانەکانی خۆی دەکوشت*»، من یەکسەر هۆپێک دەگرم کەوا دیارە هاوڕێکانی زۆر دووڕوو و نامەرد بوون و «لە رقی یەکتر» ئەو کەڵەگایەیان هان داوە.

بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی هەیە بەناوی «ئۆپرا» ئافرەتێکی ڕەش خاوەن کەسایەتییەکی بەرچاو پێشکەشی دەکات و بەگوێرەی ئەو ژنسالارییەی کە باوە، زۆربەی جار بە سەر و پۆتەڵاکی پیاودا دێتە خوار. جارێک باسی ئافرەتی هیندستانیان دەکرد؛ لەوێدا بووک، دەبێ مووچە بداتە مێردەکەی (پێی دەڵێن داوری) کە پارەی نەما زۆرجار بووکەکان دەسووتێنن و ژنێکی تر بۆ کوڕەکەیان دێنن. نموونەیەکی زۆری پێشان دا لە ژنی سووتاو و لە

ستەم و درندایەتیی مێردەکان و دەی دەی دەی تا گەیشتە یەک چرکە، کامیرەکە بەندیخانەیەکی پێشان دا کە تۆمەتبارەکانی تێدا بوو، *هەی! زۆربەیان ئافرەت بوون.*

توومەز هەر دش و خەسووەکانن بووکەکان دەسووتێنن و جەرگی کوڕەکانیان رەش دەکەن بە قسە و بۆڵە بۆڵ «*بۆچی کچەکەی من هەندە لەگەڵ مێردەکەی باشە و مانگانە هەندە پارەی دەداتێ؟ ئاخ، لە ژیاندا هەر من بەختم نییە، مەغدوور و شاستەم، ئاخ و ئۆف و واوەیلا، بیکوژن بیسووتێنن*». جا وەک دەبینین کەڵەگایی زادەی ئەو ئافەریمەیە کە مێیەتی و ژێردەستەیی لێی دەکات. یان ئەگەر ئافەریمیشی لێ نەکات تیر و توانجەکانی وەک ئەوانەی مەریوان هەڵەبجەیی بەرانبەر موسوڵمان و کافرەکانی عەرەب کە «*ئەها! بزانە ئەوانیش مەیلی جینسییان هەبوو*»، رێگە خۆش دەکات کە بۆ نموونە سبەینێ وەهابییەک پەیدا بێت و بڵێ «*کل ما يلهي عن ذكر الله حرام*». ئەوسا هەناسەش حەرام دەبێ.

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر زنجیرەی بەسەرهاتەکانی مێژووی عێراق، لەو کاتەوە کە بابل نەما.



## عەرەب

شەڕی هەمیشەییی نێوان فارس و رۆم پێویست بەگێڕانەوە ناکات. تەنیا ئاماژەیەک بۆ قۆناغەکانی دوایی بکەین کە رادەی لاوازبوونی هەردووکیان دیار دەخا. بۆ نموونە لە **٣٧٨/٨/٩**ی زایینی عەشایەری گۆت ئیمپراتۆر ڤالانسی بیزەنتی و دوو بەشی سوپاکەی قەلاچۆ دەکەن[١]. لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا رۆما بەدەستی گۆتەکانەوە داگیر کرا. لەلایەکی دیکەوە هۆزە عەرەبەکانی بیابانی شام بەتوندی دەڕژانە نێو چۆمی فورات. میرنشینییەکانی مەنازرە و غەساسنە پەیدابوون؛ تەنانەت لە شەڕی زیقاردا لەشکرێکی ساسانییان بەزاند. لە ٦٢٦ ز. کاتێک ئیسلام لە حیجاز سەری هەڵدەدا، ئەستەنبوڵ لەلایەن هۆزە ئاڤارییەکانی قەفقاسەوە گەمارۆ درابوو[٢]. مەبەست ئەوەیە کە زلهێزەکانی فارس و رۆم بەرەو پیری رۆیشتبوون و جموجۆڵی عەشایەر بەرەو ناوچە شارستانییەکان بەجۆش کەوتبوو تا پەیدابوونی ئیسلام کە شاڵاوێکی عەشایەری بەسەر هەردووکیاندا گێڕا.

سروشتی حیجاز تا رادەیەک بە سروشتی عێراق دەچێت. ئەویش وڵاتێکی بێ پایتەختە و قەبارەیەکی شارستانی زۆر تەنگی هەیە لەژێر پاڵەپەستۆیەکی گەورەی هۆزی کۆچەردا. عباس العقاد ئاماژەی کردووە بۆ ئەو شارانەی کە لە نێو ژینگەیەکی عەشایەریدا دەژین، دەڵێ: «*خەڵکی ئەوها ناچارن خۆیان لەگەڵ دوو شێوەژیان رابهێنن بۆیەش زۆربەی پێغەمبەرەکان لە شاری ئەوهادا پەیدابوون*».[٣]

(١) Peter Heather, THE GOTHS. لاپەڕە ٢٥٢
(٢) الهيلينية في مصر من الاسكندر الى الفتح العربي. سير هارولد ادريس بل. ترجمة زكي علي. ص ١٧٦ .
(٣) عباس محمود العقاد. ابراهيم أبو الأنبياء. بەشی، مدن القوافل.

پێکهاتەی ئینتیمای عەرەب بێ ئەندازە پەرت خۆبەخۆ بووە؛ دروشمێکیان هەیە دەڵێ «خۆم و برام دژی ئامۆزاکانم. خۆم ئامۆزاکانم دژی عەشیرەتەکەم وخۆم و عەشیرەتەکەشم دژ بە جیهان». کەس وا نەزانێ ئێمەی کورد باشترین و مەبەست ئەوە نییە سووکایەتی بە عەرەب بکرێت؛ بەڵکو دیارخستنی راستییە. رەوتی رۆشنبیریی عەرەب لەمەڕ یەکیەتی و ئینتیمادا شتێکی زۆر نابەجێیە و کاری لە ئێمەش کردووە. بۆنموونە گوتەیەکی زۆر بەناوبانگیان هەیە کە ناودارێکی عەرەب (المهلب بن ابي صفره) لە نزیک مەرگدا ئامۆژگاریی کوڕەکانی کردووە گوتوویەتی: "*تأبا العصي اذا اجتمعن تکسرا، وان تفرقن تکسرت احادا*». رەنگە بگوترێ «ماشەڵڵا عەرەب چەند یەکگرتوو بوون؛ بەڵام لەراستیدا ئەمە نیشانەی یەکگرتوویی نییە بەڵکو نیشانەی هەبوونی پەرۆشە بۆ شتێکی دوورەدەست و ترسێکی زگماکی بەرانبەر خۆبەخۆیی کە لەو کۆمەڵگانەدا باوە.

با لەخۆمان بپرسین بۆچی تورک و ئینگلیز و فەرەنسی و فارس لەخۆڕا یەکگرتوون، کەچی نەتەوەی خۆبەخۆ پەنا بۆ هەزاران دێڕە شیعر و ئایەت و ئامۆژگاری دەبەنەوە؟ واش هەر هیچ. پاشان من دەپرسم ئایا ئەم ئامۆژگارییە بۆئەوە بووە کە کوڕەکانی یەکتر بگرن دژی کێ؟ دژی فارس و رۆم و ناعەرەب و ناعێراقیێ؟ یاخۆ دژی تیرە و عەشایەرە عێراقییەکانی دیکە؟ کوانێ نیشتیمانپەروەری و برایەتی و خۆشەویستی و کوانێ هەستی یەکیەتی؟ ئایا خودی موهەللەب چۆن بووە بەرانبەر برا و ئامۆزاکانی خۆی؟ ئینجا کە ئەو کوڕانە دەبنە خاوەن کوڕ و نەوە، ئایا هەمان شت بە کوڕەکانیان نالێن «یەکگرتوو بن دژی هەموو جیهان«؛ واتە یەکگرتنەکە ئەوپەڕی یەک وەچە دەخایێنێت. بەداخەوە گێرەشێوێنی و تەفسیری چەوت، کاری گەورەی لە عەرەب و لە ئێمەش کردووە. ئێمەی کورد، هەر تاقمێکی کورد حیزبی، کۆمەڵایەتی، مافی ئافرەت و هتد، کە



دەگوترێ (با یەکگرتوو بین) قسەکە هەر لەخۆیدا دژایەتی و شیقاقی تێدایە.

ابن خلدون وشەی «العصبية» بەکار دێنێت بۆ «خۆیییاتی» بەڵام بەڕای من ئەم وشە زیاتر بۆ تۆڵەکاری عەشایەری دەست دەدات. هەیانە وشەی «نعرة» وەکو «النَعَرات القبلية والطائفية» هەندێک نزیکترە. زانای ناوبراو بەقووڵی باسی عەشیرەتگەری و تیرەپەرستیی کردووە؛ بەڵام باسی شارپەرستیی نەکردووە[1]. تاکە کەسێکی لە عەرەب و ناعەرەبدا تا ئێستا بەرچاوم کەوتبێت باسی *شارپەرستی و ناوچەگەری* کردبێت نووسەرێکە بەناوی «علي حسني الخربوطلي». ناوبراو وێنەیەکی زۆر باشی دیار خستووە دەربارەی هەستی ئینتیمای عەرەب: دەڵێ «اخذت عصبية العرب في العراق ثلاث مظاهر اولها العصبية القبلية وثانيها عصبية المدن وثالثها العصبية الاقليمية»[2] واتە عەشیرەتگەری و شارپەرستی و ناوچەگەری. لەم باسەدا هەندێک لە بۆچوونەکانی دەخەمە بەر چاوی خوێنەران.

---

(١) شایانی گوتنە بەعسییەکان ویستوویانە ناسنامەی عەرەبی لەو زانایە بکێشنەوە. ئایا ئەگەر کوردێک باسی کەموکورییەکانی کورد بکات، دەبێ هەمان بێگانەبەدەریی لەگەڵدا بکەین؟

(٢) علي حسني الخربوطلي، العراق ل ٢٤١ . پاش جەنگی ئازادی ٢٠٠٣ من بۆ ماوەی دووساڵ لە رێکخراوێکی مرۆییدا ئیشم کرد لە کەرکووک. لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا مۆرکی کۆمەڵگە عەرەبەکان ئەوەبوو کە هەر کۆمەڵێک برا و ئامۆزا خێوەت و خانووی خۆیان دوور لە ئەوانی دیکە دروست دەکرد. کەچی کوردەکان بایەخیان بە گوند و خەڵکی گوندی خۆیان دەدا؛ واتە ئەو کەسەیان بە خۆیی دەزانی بەگوێرەی کە چەند ساڵ لە گوندەکەدا ژیاوە.

### عەرەب، عێراق

باوەڕم وایە هاتنی عەرەب بۆ عێراق (هەرێمەکانی بابل و سۆمەر) وەک ئەوە بوو خوێندکارێکی تەمبەڵ خۆی لە ئەزموونێک بدزێتەوە، ئەزموونەکە ١٠٠٠ ساڵ دوا بکەوێت؛ ئینجا لەناکاو تووشی ئەو تەمبەڵە ببێتەوە و دیسان تێ بکەوێ. دیسان پێڵی عەشایەری لە بیابانی شامەوە بەسەر عێراقی دادا و دیسان دەوڵەت و هێز و سوپایان پەیدا کردەوە و بوونەوە ئیمپراتۆرییەت؛ بەڵام دیسان ئینتیمای نیشتیمانی و «پیتاندن» سەری نەگرت و دیسان داگیر کرانەوە. تەنانەت کووفە (ئەو شارەی کرایە پایتەخت) لە شوێنە هەرە بەدەکانی ناوەندی فوراتدا بوو (نزیک شوێنی ئیسن و لارسای کۆن).

عێراقی هەر لەخۆیاندا کۆمەڵگەیەکی بە کیف و قەپێلک بوون جا چۆن تێکەڵ بە عەرەبی حیجازی خۆبییاتیکار دەبن؟ کە خالید بن وەلید گەیشتووەتە شاری «حیرە» (هەرێمی بابل)، خەڵکی حیرە داوایان کردووە وەکو عەجەم و مەوالی جزیە بدەن. «حسن العلوي» بەراوردی ڕەفتاری خالد دەکات لە شام و لە عێراق کە لە عێراقدا بێ ئەندازە خوێنڕێژ بووە و دەستی لە دیل و یەخسیر نەپاراستووە، بەڵکو بەدەستی خۆی سەری دیلەکانی پەڕاندووە. کەچی لە گرتنی دیمەشقدا زۆر بە نەرمی ڕەفتاری کردووە و هێشتوویەتی خەڵکەکە بە ئاسوودەیی شارەکە چۆڵ بکەن. تۆ بڵێی مەسەلەی هەوای فێنک و پێستی سپی بێت؟ بەڵێ باوەڕم وایە مەیلی عەرەبی حیجاز و شام و میسر لە سەرەتاوە- ڕەنگە تا ئێستاش- لەوە بووە کە ئالوودەی شارستانەتیی نەرمی نەتەوەکانی باکوور بن و لەسەرەتاوە ناحەزییەکیان هەبووە بەرانبەر ئەو خەڵک و خاکە گەرم و ڕەق و ئاڵۆزەی عێراق. بەڵام چ بکەن؟ ئەوسا سەبەتە گەنمەکە و ئێستا بیرە نەفتەکە هەر لە عێراقدایە.



عەرەبی حیجاز تیرەپەرستێکی بێ چەشن بوون. «خربوطلی» تێبینییەکی زۆر گرینگی تۆمار کردووە دەڵێ: «*وضع العرب أساس العصبية القبلية في نفس الوقت الذي وضعوا اسس البصرة والكوفة. كان المسجد اول بناء خطه سعد في الكوفة وحرص ان يمثل الروح القبلية خير تمثيل، فجعل لكل قبيلة مكانا فيه*» تا دەڵێ «*وقسم سعد الكوفة قسمين كان القسم الشرقي أفضل وتنازع القيسية واليمنية على امتلاك القسم الشرقي وحسم بالاقتراع. وقسمت البصرة الى خمسة اقسام قبلية لكل حي مسجد ومقبرة، وكأن هذة القبائل ارادت ان يبتعد بعضها عن بعض حتى في الموت. وكنا نتوقع التقسيم على اساس الحرف ولكن العرب كانوا يمقتون المركزية مقتا شديدا. وكان هذا يدعو للتمرد والعصيان*»؛ واتە تەنانەت گۆڕستانیشیان لەیەکتر جودا کردووەتەوە.

هەروەها ئەم نووسەرە و زۆر نووسەری تر، باسی سەرەتای پێڵی عەرەبییان کردووە؛ دەڵێن کە بەسرە و کووفە دروست کراون بۆ ئەوە بووە عەرەبی حیجازی تێکەڵ بەخەڵکی عێراق نەبن و سیاسەتیان ڕێگەی نەدەدا عەشایەری عەرەب کاری وەرزێری بکەن. هەروەها ناوبراو دەڵێ ئیمام عومەر بەبێ مەبەست خۆبییاتی گەشاندووەتەوە. عەرەبی عدنانی (موستەعرەب)ی پێش «قحطانی» دەخست؛ «مظر» پێش «ربیعە» دەخران. ئینجا قورەیش لەپێشەوە بوون، لەنێو قورەیشیشدا هاشمییەکان پێش دەخران[١]. نووسەری دیکە ڕەخنە لەوە دەگرن کە ئیمام عومەر فەرمانی داوە باجگرەکانی سەردەمی ساسانی وەکوو جاران دەست بەکاری خۆیان بکەنەوە و دەڵێن ئەوە مایەی ناڕەزایی بوو لەنێو خەڵکی عێراقدا[٢] من باوەڕ دەکەم کە ئەو بۆچوونانە ڕاست بن، بەڵام مەسەلەکە

(١) هەمان سەرچاوە - ١٢، ١٣، ٢٣٩، ٢٤٥، ٢٤٣

(٢) شوقي ضيف، تأريخ الأدب العربي - العصر العباسي الأول.

ئیمام عومەر نییە بەتەنیا یان عەرەبی حیجاز بەتەنیا بەڵکو لەبەرانبەردا عێراقیش درێغییان نەکردووە.

ئیمام عومەر پیاوێکی نەتەوەیی دەوڵەتپەروەر بوو؛ لەلایەکەوە تیرە عەرەبەکانی لاواندووەتەوە و لەهەمان کات ویستوویەتی عێراقی کاردانەوە نەکەن و ئاژاوە پەیدا نەبێت لەرێگەی دانانی والیی باش. سەرەتا «عمار بن یاسر» دادەنێت؛ کەچی ئەمجارە عێراقی دەست بە خۆبییاتی و دەکەن دەڵێن عەممار لێوەشاوە نییە، (لیس بأمیر ولا یحتمل ما هو فیه)؛ بیانگەیەکیشیان بۆ سعد دیتەوە و گوتیان «نوێژکردنەکەی سەیرە». ئیتر وەک هەمیشە، هەرگیز بە حوکمدارێکی زیندوو رازی نەبوون، بەڵکو هەر مردووەکانیان پەرستووە.

## ئاگری خۆبییاتی[1]

تیپی تۆپانێ لەکاتی سەرکەوتندا هەموو هەڵەکانی دادەپۆشرێت؛ بەڵام کە دەبەزن ئەوسا «ئی بن بەرێ دێتە سەر بەرێ». کۆمەڵگەی ئەو دەوڵەتە نوێیەی حیجاز هەر هەتا سەرکەوتن و دەسکەوتی مادی و واتایی هەبوون یەکگرتوو بوون؛ دەنا لەپاش هەڵکێشانەوەی هەناسەی سەرکەوتن و چاوخشاندنەوەیەک بە رووداوەکاندا، ئیش گۆڕا.

«طه حسین» باوەڕی وابوو کە حیجازی تووشی ئەزموونێک بوون؛ ئەزموونەکە لەکاتی کوشتنی ئیمام عومەر رووی دا کەوا یەک رۆژ پێشتر «أبو لؤلؤة» لەگەڵ چەند یەخسیرێکی فارس دیترا قسەی دەکرد. کە ئیمام عومەری کوشت، کوڕێکی ئیمام عومەر بە کوشتنەوەی «أبو لؤلؤة» نەوەستا بەڵکو هەموو ئەو کەسانەی کوشتەوە کە بە هاوڕێی أبو لؤلؤة زانران. تەنگەژەیەک دروست بوو کەوا ئەگەر شەریعەتیان جێبەجێ

(١) زۆربەی ئەم زانیارییانە لە کتێبی طه حسین. الفتنة ألكبري وەرگیراون.



کردبایە، دەبوو کوڕی ئیمام عومەر سزا بدرێت. رەنگ بوو ئەوسا بارەکە خراپتر بتلیشێتەوە. بەڕای من «طه حسین» مەسەلەی گەورەتریش داپۆشتووە، بەسەرهاتێکی ئەوها ئەگەر لەنێو عەشایەری مەغۆلدا رووی دابایە ئەوسا مەغۆلەکان بەبێ گێلمە گێلمە، رەگ و ریشەی أبو لؤلؤة و نەتەوەکەشیان دەردەکێشا. ئەگەر لەنێو ئینگلیز رووی دابایە ئەوسا هەوڵ دەدرا سزایەک بدرێت تاکو لەدوارۆژدا کەس دووبارەی نەکاتەوە؛ بەڵام گرفتی ئەو کۆمەڵگانە ئەوەیە کە نە ١٠٠٪ شارستانین، نە ١٠٠٪ عەشایەرن و سەریان لێ شێواوە لەنێوان ئینتیمای نەتەوەیی و عەشایەری و دینی. خەڵکەکە وەک هەر خەڵکێکی خۆبەخۆ، خۆیان لە یەکتر دانووساندبوو تاکو ئەگەر هەر کەس هەڵەیەک بکات، یەکسەر بڵێن «*ئەه! نەمگوت*».

ئیمام عوسمان بەگوێرەی رای زۆر نووسەری عەرەب، پیاوێکی تەوفیقی بووە؛ بەهەوای خەڵکەکەی دەوروبەر رەفتاری کردووە. هەستا مەسەلەکەی بە قەرەبووی مادی داپۆشت. پێشەنگە دینییەکانیش وەک لایەنگرانی ئیمام عومەر و ئیمام عەلی -کە لە ڕاستیدا رەوتێکی لێک نزیکیان دەنواند- بەم حوکمە رازی بوون؛ وەک ئەوە بووە بڵێن «چیی تێدایە ئەگەر ناوبەناو چاوپۆشی لە شەریعەت بکرێت» ئیتر لەوساوە رەوتی پێچەوانە (خۆبییاتی دژی ئوممەمییەت و یەکسانی) لە ڕاڕەوی بزووتنەوەی ئیسلامی یەکەمدا دەستی پێ کرد.

خزم خزمێنە لەنێو حیجازییەکاندا تەشەنەی کرد و دەروازەی خۆبییاتی لەسەر پشت ئاواڵە بوو بەتایبەتیش بۆ خزمەکانی خەلیفە کەوا ئیمام عوسمان ئەمەوی بوو. زۆر نووسەر دەڵێن حوکمی راستەقینە لە دەست مەعاویە و ئەمەوییەکاندا بوو نەک خەلیفە. پارە بە لێشاو بۆ ئەم حوکمەتە دەهات و زۆربەی بەسەر خزمانی خەلیفەدا بڵاو دەکرایەوە. ملیۆنێری گەورە

له نێو قورەیشدا پەیدابوون؛ تەراتێنەکەش هەر بۆ پارە نەبووە، بەڵکو بۆ پایە و دەسەڵاتیش. نموونە زۆرە لە تەشەنەکردنی واستە و خۆبیاتی و لادان و دوورخستنەوەی خەڵکی شایستە و لێهاتوو کە زۆربەی جاریش لادانێکی ئاشکرای تێدا دیار بوو لە ئیسلام. لە چەند تاکە کەسێکی وەک ئیمام علی و بیلال حەبەشی و عەممار بن یاسر و هەندێکی تر لە پێشەنگەکانی ئیسلام، راکەڕاکەیەکی سەیر کەوتووەتە نێو قورەیش و عەرەب بەگشتی بۆ پارە و پایە و ئافرەت و دەسکەوتی ماددی. واش نەبێ کە رەوتی ئیمام علی و بیلال حەبەشی ١٠٠٪ راست بووبێت؛ بەڵکو لەو کۆمەڵگانە دەبینین خەڵکە میانگیرەکانیش ناچار دەبن کاردانەوە بۆ رەوتی پێچەوانە بگرن. ئیتر تێپەڕاندنێکی زۆر دەبێ لەوپەڕی راست بۆ ئەوپەڕی چەپ بەبێ ناوەندێکی یەکگرتوو.

### کاردانەوەی عێراقی

عەرەب کە هاتوونەتە عێراق دروشمێکیان هەڵداوە گوایە مەرگیان پێ خۆشترە لە ژیان. خالید بن ولید دەیگوت «*جئتکم بقوم یحبون الموت کما تحبون الحیاة*». نەیانزانی ئەو عێراقی مەیلێکی زگماکییان تێدایە بۆ دەروێشی ماسۆشیزم و دووهەندی ئەوان خۆ بەکوشتدەرن. هەروەها عێراق هەر لەخۆیدا بێشکەی دین و «ئایەتبازی» بووە؛ جا کە دیتوویانە حیجازی لەسەرەوە شتێک دەڵێن و لەبنەوە شتێکی دیکە دەکەن، ئەوسا دووهەندی حیجازییەکان زانایی و مامۆستایەتیی خۆیان لەم بوارانەدا دەرخست. دەستیان پێ کرد کون بە کون ڕاوی بەرپرسەکانی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلام بنێن کەوا «فلان ئایەت ئەوهایە و فلان حەدیس ئەوها بووە کەواتە دەبێ ئەوها بکرێت»، بەتایبەتیش خەڵکی کووفە (بابلییەکانی ئەو سەردەمە). ئاگری خۆبیاتی لە کووفە دەگیرسێتەوە، ئاگرێکی ئەوها کە سەری سەدان هەزار کەس دەخوات؛ تەنانەت چەند وەچەیەک لەناو دەچن و ئینتیما



ئومەمییەکەی ئیسلام دوولەت دەبێت، هەرە وەک ئێستا باس دەکرێ.

لە بەشی دووەمی حوکمی ئیمام عوسمانەوە، کووفییەکان دەست بە دەمەقاڵێ دەکەن و مامۆستایەتی خۆیان لەبواری دیندا دوو هەندی حاکم و ئیمامە حیجازییەکان دیار دەخەن و لیستێک داواکاری دادەنێن و کۆڕ و نوێژیان لە والییەکەی سوەر بە عوسمان جودا دەکەنەوە. ئیمام عوسمان فەرمان دەدات کە تاقمێک لە توندڕەوەکان بنێردرێن بۆ لای معاویە لە شام بۆ ئەوەی هێمنیان بکاتەوە؛ کەچی ئەوانە لە معاویە دەبنە بەڵا؛ لە دەمەقاڵێدا زمانی دەبەستنەوە و خەریک دەبێ خەڵکی دیمەشقیش بورووژێنن. رۆژبەڕۆژ کووفیی دیکە نەفی دەکرێن بۆ شام و کارەکە تەشەنە دەکات. عوسمان داوای چارەیەک دەکات، جا بۆ نموونە ابن عامر دەڵێ: «با بە جەنگ و جیهادەوە مەشغولیان بکەین». سعید بن العاص دەڵێ «با سەرکردەکانیان بکوژین». دەیان فێڵ و دژە فێڵ لەو نێوانەدا کراوە.

بەرهەڵستکارییەکی زۆر بۆ ئەو حوکمەتە گەندەڵە تەشەنە دەکات. لە حەجی ساڵی ٣٥ کۆچیدا بەرهەڵستکاران -کە بە ڕێژەی سەرەکی عێراقی و میسری بوون- لە مەدینە کۆدەبنەوە و ئیمام عوسمان ناچار دەکەن داواکارییەکانیان جێ بەجێ بکات.

تا ئێرە زۆر باش هات، کەچی لەکاتی گەڕانەوەدا نامەیەکی خەلیفە دەگرن فەرمانی تێدا نووسرابوو بۆ والیی میسر بە کوشتنی بەرهەڵستکارەکان. ئێستاش مسۆگەر نەکراوە ئایا خەلیفە نووسیویەتی یان خزمەکانی عوسمان یاخۆ کێ؟ گرینگ ئەوەیە کە خوێن بەری چاویان دەگرێت و هەموو دەگەڕێنەوە بۆ مەدینە. ئەمجارە خەلیفە دەستبەسەر دەکەن و داوا دەکەن واز لە خیلافەت بێنێ، بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژی رەبەق. لە مشتومڕ و کەللەڕەقی بەولاوە کەس ناگاتە کەس و خەلیفەش واز لە خیلافەت ناهێنێت و ناهێنێت تا دەیکوژن. ئەوەبوو کە فیتنەکە (الفتنة

الکبری) دەستی پێ کرد، پەردەی ئومەمییەت لەرووی تیرە جوداکانی قورەیش و کۆنە خەباتگێڕانی ئیسلام داماڵدرا و پێ بەپێ مەیدانەکە ساز کرا بۆ هەڵڕشتنی داخە کپکراوەکانی دەیان ساڵ. بەڵام ئێمە با بزانین لەم کەین و بەینەدا هەڵوێستی عێراقییەکان چۆن بوو.

ئەمڕۆ دەبینین ئیمام عەلی قودسییەتێکی بێ ئەندازە گەورەی هەیە لەنێو عێراقییاندا بەتایبەتی شیعە؛ کەچی رۆژی خۆی ئەوها نەبوون. عێراقی بوونە دوو بەش: بەسرایی رایان لەسەر تەڵحە بوو؛ کووفی ویستیان زبیر ببێتە خەلیفە. لەنێو شۆڕشچییەکاندا تەنیا میسرییەکان ئیمام علی دەپاڵێون بۆ خیلافەت. لێرەدا دەبینین بەدرێژایی ئەو رووداوانە میسری وەکو یەک تاقم رەفتاریان کردووە کەچی دەبینین عێراقی دوو تاقم بوون کووفە و بەسرا. «الطبري» دەڵێ کە کووفییەکان زانیویانە ئیمام علی بە قسەی میسرییەکان هەڵبژێردرا پێشیان لە میسرییەکان گرتووەتەوە بۆ ئەوەی ئیمام علی بۆ خۆیان رابکێشن. ئەگەرچی ئیمام علی دوودڵ بووە بەڵام شۆڕشچییەکان، بەتایبەتی کووفییەکان، هەڕەشەیان کردووە کە ئەگەر خیلافەت نەکات ئەوسا خۆی و تەڵحە و زبیریش دەکوژن؛ واتە بەخۆشی و ناخۆشی کووفەیان کردە پایتەخت. دیارە میسرییەکان خۆیان لەو هەرایە کێشاوەتەوە و تەڕاتێنە راستییەکە کەوتووەتە نێوان بەسرا و کووفە (سۆمەر و بابلی جاران).

کاتێک ئیمام عەلی بە خەلیفە هەڵبژێردرا، یەکسەر کۆمەڵێک هەڵوێستی تازە و هاوپەیمانەتیی تازە لەبنەوە دەبەسترێ. «طلحە» و «زبیر» و چەند هەزار کەسێک لە خەباتگێڕە هەرە کۆنەکانی ئیسلام خۆ دەدزنەوە بۆ بەصرا و لەوێدا شۆڕش جاڕ دەدەن. ئیمام عەلیش بەدوا کووفییەکان دەکەوێت تا شەڕەکەی جەمەل روو دەدا کە لەوێدا هەزاران ئەسحابە بەدەستی یەکتر دەکوژرێن بەمەرجێک کە دەقە دینییەکانیان وەکو ناوی خۆیان دەرخ کردبوو.



هەموو مرۆڤێکی پاک ئەگەر موسوڵمانیش نەبێت، کزە بەجەرگی دادێت بۆ ئەو رووداوە خوێناوییانە. هەندێک لە نووسەرانی عەرەب دەیانەوێ تاوانەکە بخەنە پاڵ کەسێک بەناوی «ابن سبأ»[1] گوایە جوولەکەیەکی یەمەن بووە توانیویەتی ئەسحابەکان تێک بەردات. ئەمە پینە و پاساوێکی سەیرە، بەغدایی دەڵێن «العذر اكبر من الصوچ» چونکە ئەگەر بێتو چەند جوولەکەیەک بتوانن ئەو هەموو ئەسحابانە تێک بەردەن، کەواتە چەند جوولەکەیەک لە تێکڕای ئیسلام و ئەسحابەکان بەتواناترن. ئەمە پاساوێکی پووچەڵ و ناهۆشیارانەیە. ئایا بیر لەوە ناکەنەوە کە هەردووک لەشکر هەزاران کیلۆمەتریان بڕیوە و بەدرێژایی رێگە ددانیان بۆ جەرگی یەکتر تیژ کردووە. ئینجا سێ رۆژ بەرانبەر یەک وەستاون و گفتوگۆیان کردووە کەچی هەر لێکیان توند کردووە تاکو بەوپەڕی شەڕانگێزییەوە کەوتوونەتە گیانی یەکتر.

راستی ئەوەیە کە خەڵکی ئەم تەرزە ئینتیمایانە لە دێرین زەمانەوە تا

---

(١) «حسن العلوي» هەنگاو بەهەنگاو بەدوا پەیدابوونی مەسەلەی «ابن سبأ» کەوتووە و گەیشتووەتە باوەڕێک کە ئەم ناوە وەهمییە بەدەستی معاویە و تاقمەکەی هەڵبەستراوە وەکو جۆرێک سووکایەتی بۆ عمار بن یاسر. ئەمەوییەکان لەسەرەتاوە رقیان لە عمار بووەتەوە کەوا رەشپێستێکی سەبەئی (یەمەنی) بووە و دایک و باوکی عمار دەکوژن کە یەکەم شەهیدی ئیسلام بوونە. پیاوێکی ئەوها لە هەموو کەسێک پتر داخداری خۆبیاتی ئەمەوییەکان بووەو تا دوا هەناسە لایەنگری ئومەمییەت و یەکسانیی ئیسلام بووە. ئیتر هەموو هەڵوێست و رەفتارەکانی عمار لەلایەن ئەمەوییەکانەوە بەناوی إبن سبأ دەگێڕدرایەوە. عمار لەو هۆدەدا بوو کە عوسمانی تێدا کوژرا کەچی تاقمی معاویە دەیانگوت ابن سبأ لەوێدا بوو. عەممار لە شەڕەکانی جەمەل و سەففێندا شەڕی کردووە کەچی ئەمەوییەکان هەر گوتوویانە إبن سبأ لەوێ بووە. لە هەموو هەڵوێستێک و دەمەقاڵێیەک و شەڕێکدا کە عمار لەوێ بووبێت گوتراە ابن سبأ قال كذا، إبن سبأ فعل كذا.

ئەمرۆ بە ئاسانی تێک بەردەبن. ئینجا لە بەدبەختیی خۆیاندا تێکەڵ بە خەڵکێک بووبوون لەخۆیان خۆبەختۆتر. خۆ ئەگەر لە روانگەیەکی تایبەتەوە سەیری رووداوەکە بکرێ دەبینین ئەوانە تێکەڵ بەکۆنە تەراتێنەی نێوان هەرێمی سۆمەر (بەصرا) و هەرێمی ئەکەد و بابل (کووفە) بووبوون.

## علی، معاویە، تحکیم

ناپەسندی و دووڕوویی عێراقییەکان لە بەرەنگاریی سوپای شامدا شتێکی سەیر بووە. ئێستا زۆر لە شیعەکان دەڵێن «یەک تۆزی مابوو علی سەرکەوێت بەڵام ئاخ! تەحکیم ئیشەکەی تێک دا». برام، عێراقی لەسەرەتاوە ئیمام. علی بەتۆبزی دەکەنە خەلیفە و تووشی داوێکی دەکەن کە ئێستا بە ئەمەریکاش چارە ناکرێت. وەکو رادار لەگەڵ بچووکترین رەفتار گوتوویانەک «ئەها! ئەوە بۆچی واتکرد؟» ئەگەر بە یەکسانی پارەی بەش کردبایە عەرەب تووڕە دەبوون وە ئەگەر زیاتری دابایە عەرەب مەوالی تووڕە دەبوون؛ تەنانەت برای خۆی «عقیل بن ابی طالب» لە علی زویر بووە و چووەتە لای معاویە لەبەرئەوەی پارەی نەداوەتێ. ئەمە کاکڵی گرفتی کۆمەڵگەی خۆبیاتیکەرە لەمەڕ ئەزموونی حوکمڕانیدا. فەرقی سەدام و عبدالخالق السامرائي ئەوەبوو کە سەدام پشتی بە تاقمی خۆیی بەست کەچی ئەوەی دیکە کەس بەهانای نەهات؛ چونکە هەر کەس لە جێوە گوتوویەتی «ئیش بۆ خۆمان ناکات». خۆ ئەگەر ئیمام علی پارەی دابایە براکەی ئەوسا عێراقی دەیانگوت: «ئەها! ئەوە چونکە برای خۆتە».

عێراقی لەکاتی شەڕدا گوتوویانە شەڕ حەرامە و ئەگەر تەحکیم قەبووڵ نەکەیت کافر دەبیت. کەچی کە تەحکیمەکەی قەبووڵ کردووە ئەوسا کردوویانەتە هەڵڵا کە ئەوە خیانەت و کوفرە[١]. ئینجا ئەو موناقەشەچییانە دروشمێکی تازەیان پەیداکرد الحکم لله. نوکتە تاڵەکەش

(١) هەمان سەرچاوە ل ٣٩ تا ٥٧.



لەوەدایە کە پاش ماوەیەکی کورت لە نەمانی ئیمام علی دەستیان پێ کرد بڵێن لا ولي الا علي.

هەندێک لەو موناقەشەچییانە -کە دواتر بە خوارج ناسران- وازیان لە قیرەقیر نەهێناوە و خۆیان جودا کردووەتەوە. علی بەدوایان دەکەوێت بۆ نەهرەوان و دەیەوێ ئیشەکە سارد بکاتەوە. لادەرەکان دەڵێن ئەگەر شەڕ لەگەڵ علی نەکەین کوفرە. ئەوانی دیکە بە علی دەڵێن ئەگەر قەڵاچۆیان نەکەی کوفرە. شەڕەکە دەکرێت و چەند هەزار لادەرێک تێدا دەکوژرێن کەچی لەشکری سەرکەوتوو یەکسەر دەست بە شیوەن و فیغان دەکەن بۆ «ئەو شەهیدە جوانمەرگانە»؛ بەدەستی خۆیانیش کوژراون.

نووسەران دەڵێن کوشتارەکەی نەهرەوان وەکو کوشتاری کەربەلا بووە بۆ خەوارج. کەواتە ئەگەر ئیمام حوسێنیش نەکوژرابایە ئەوسا تا ئەمرۆ شیوەنی ئەکیتۆ بۆ «جوانەمەرگەکانی» نەهرەوان دەکرا. جا هەر هەندە دەگەڕێنەوە بۆ کووفە (مەڵبەندی ماسۆشیزم) ئیدی پلان و فیتنەبازی نابڕێتەوە تا ئەو ڕۆژەی کە ئیمام عەلی دەکوژن؛ ئینجا بەچەشنی زۆربەی حاکمەکانی عێراق پاش ماوەیەکی کورت دەست دەکەن بە شیوەن کردن بۆ ئەو کەسەی کە پێشتر دەیانگوت «ئاخ! ئەگەر ئەو نەدەما». ڕەوشتی ماسۆشی ئەوەیە کە بەرانبەرەکەی ئازار دەدات تاکو دوو هەندە ئازاری بداتەوە. مەسەلەکەش وەک ڕۆژی ڕۆناک دیارە چ ماسۆشی و دووڕوو بوونەکە بە فانۆس بەدوا خەفەتدا گەڕاون.

مەسەلەی لایەنگریی کووفە بۆ بنەماڵەی پێغەمبەر، ئەمە بەهیچ شێوە لەو یاسایە دەرناچێت کە خەڵکە شارستانییەکانی عێراق دژی هەموو حوکمڕانێکی زیندوو وەستاون؛ کەچی پەرۆشییان بۆ زۆربەی حاکمە مردووەکان هەبووە. بەڵێ ئیمام علی بە تیرۆر کوژرا بەڵام هەندەی نەمابوو وەکو عوسمان بە گەلەکۆ بیکوژن. ئینجا لە ئیمام حەسەن بەربوونە و بە «هۆبها، ئۆخخەی لەکۆڵ بووە» پەراگەندەیان کردووە؛ ئەویش چووتەوە لای

معاویە. کەچی دواتر پەشێمان بوونەتەوە و گوتوویانە «ئاخ! ئەگەر عەلی مابایە یاخۆ یەکێک لە بنەماڵەکەی لەلامان دەبوو، بزانە چی بۆ دەکەین». بەسوێند و بەڵێن ئیمام حوسێنیان بانگ کردووە و یەکسەر پشتیان لەویش کردووە تا کوژراوە. ئیتر خوا دای کە بۆنەیەک بدۆزرێتەوە بۆ شیوەن و خۆ ئازاردان. گرەو دەکەم کە ئەگەر سەدام حوسێن بمرێت ئەوسا شارستانییەکان پێش عەشایەر شیوەنی بۆ دەکەن؛ هەر وابووە هەر وا دەبێ.

ئەگەر عەرەبیش حەز نەکەن لە مێژوو فێر بن وابزانم پێویستە کورد هۆیێک بگرێت و بەخۆی دابێتەوە کە موناقەشە و حیزبایەتی ئێنشێقاق و دینپەرستی تێکڕای ئەوانە دادمان نادات؛ هەروەها شانازی کردن بە مێژووی پڕ لە شۆڕشی سەرنوگوم کراو و ملیۆنان شەهید؛ هەروەها دۆزینەوەی بیانگە گوایە ئێمە هیچ عەیبمان نەبووە، بەڵام ئاخ! ئیستیعمار و عەرەب و تورک و نازانم کێ وای کرد و هتد. تێکڕای ئەو رەوتە رۆشنبیرییە پێویستە چاوێکی پێدا بخشێندرێتەوە.

پێش ئەوەی بگەینە سەردەمی عەبباسی و ئەگەرچی هەندێک درێژەم پێ دا، حەزم دەکرد تیشک بخەمە سەر کەسایەتییەکی مێژووی عێراق.

**حەججاج**

هەرچەند بیر لە کەسایەتی حەججاج دەکەمەوە دەبینم ناوبراو لە هەموو کون و کەلێنەکانی دەروونی عێراقییەکان و لە هەموو فرت و فێڵەکانی خۆبیاتی دەگەیشت؛ چونکە خۆی کوڕی شار و ژینگەی هەمەجۆر بوو. لە پێشەکییەکەی «إبن خلدون»دا قسەیەک دێتە بەرچاوت دەڵێ: «*وقول الحجاج لسلمة ابن الاكوع وقد بلغه انه خرج الى البادية فقال له: ارتدت علي عقبيك، تعربت؟. فقال: لا ولكن رسول الله اذن لي في البدو*[1]. شتێکی ئەوها بەڵگەیەکی ترە کە جاران و ئێستا هەر یەکن.

(١) مقدمة ابن خلدون ص ١٢٣.



حەججاج خەڵکی شاری تائیف بوو کە شارێکی فێنک و زەنوێری حیجازە؛ خەڵکەکەشی شارستانیتر بوون لەچاو ناوچەکانی دیکەی حیجاز؛ لەهەمان کاتیشدا زۆرزانتر. عەرەب گوتوویانە «داهیة» «زۆرزان و تێگەیشتوو»ەکانی عەرەب لەو شارە لەدایک بوونە کەوا معاویە و «زیاد بن ابیە»، «عمر بن العاص»، «حجاج» ئەگەر هەندێکیشیان خەڵکی طائف نەبووبن بەڵام لەوێدا پەروەردە کراون.

دیارە بەچەشنی کوردستان، کار و کاردانەوەی شارپەرستی و تیرەپەرستی وای کردووە رقیان لەخەڵکی مەکە بێتەوە؛ بۆ نموونە «ابو رغال» ئەو کەسەی رێگەی مەکەی بە لەشکری ئەبرەهەی حەبەشی نیشان داوە، خەڵکی تائێف بوو. سەقەفی، خەڵکی طائف، پێشبڕکەیان لەگەڵ خەڵکی مەکە لە زۆر بواردا بوو؛ هەر لە رابەرایەتی کردنی عەرەبدا تا دەگاتە مەسەلەی پێغەمبەرایەتی. بۆ نموونە «أمية بن الصلت» شاعیرێکی جاهیلی بوو؛ ئیدیعای پێغەمبەرایەتیی کرد. هەر ئەوانیش بوون کە حەزرەتی پێغەمبەریان شاربەدەر کرد و منداڵە ورتکەیان بەدوادا نارد بەردبارانی بکەن کە لەوپەڕی بێ دەسەڵاتیدا پەنای بۆ بردن و دواتر لە شەڕی حونەین شەڕی مان و نەمانیان کرد.

کە ئیسلام لە حیجاز سەقامگیر بوو، هەموو عەشایەر و شارەکانی دیکە قازانجیان کرد و ئەوان کەوتنە هەرە دواوە. کە حەزرەتی پێغەمبەر کۆچی دوایی کردووە یەکسەر ویستیان وەرگەڕێن؛ بەڵام ئامۆژگاری کران کە نەیکەن باشترە. ئەو وەچەیەش کە لە پاش سەرکەوتنی ئیسلام پێ گەیشتوون وەکو وەچەی حەججاج (زادەی ساڵی ٤١ ک) رقایەتیی مەکەیان لە باب و باپیرەوە بۆ ماوەتەوە و بەتایبەتی بنەماڵەی هاشیمی[1].

(١) بۆ تێکڕای زانیارییەکانی پێشوو بگەڕێوە بۆ د. ریاض محمود رویحة، الحجاج بن یوسف الثقفي. لاپەڕەکانی ١١، ١٢، ١٦.

هۆکاری تریش هەن بۆ هەبوونی رق و دەردی دەروونی لە حەجـجاجدا. ئەو لە مالێکی هەژار هەڵکەوتووە؛ بنەماڵەکەیان پرچ زەرد و چاو شین بوون. دایکی دوو جار تەڵاق دراوە تا لە کۆتاییدا هەژارێکی وەک یوسف مارەی کردووەتەوە. خوشکێکی باڵابەرزی سوورەی چاوشینی هەبوو کە شاعیرێکی وەک «محمد بن عبدالله النميری» بە ئاشکرایی چاوی بڕیوەتێ و شیعری بۆ هەڵبەستووە؛ تەنانەت لە سەردەمێکی کە حەججاج لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوو، شازادەیەکی ئەمەوی نامەی بۆ دەنێرێ پڕ لە هەڕەشە و جنێو دەڵێ «لاعلقن الحمراء من ثديها»؛ مەبەستی لە خوشکە سوورکەڵانەکەی حەججاج بوو.

باوەڕم وایە کە حەججاج چەندە لە مەسەلەی خۆبیاتیی دەزانی هەندەش کاردانەوەی هەبووە دژی ئینتیما گەندەڵەکەی شارەکەی خۆی. فەقێیاتی خوێندووە و هەندێک جار لە دەباغخانە کاری کردووە؛ بەڵام هەمیشە مەراقێکی لە دڵدا بووە خۆی پێ بگەیێنێت. زۆر ویستوویەتی شتێک بە شتێک بکات و ماوەیەکی زۆر شکستی دیتووە و لە شەڕی دامرکاندنەوەی شۆڕشی مەدینەدا ورەی بەرداوە و هەڵاتووە. تاکو خۆوبەخت خەلیفەی ئەمەوی ئاوڕێکی لێ داوەتەوە ئەویش وەک ئەوەی بیەوێ رابردووی تاڵ بەیەکجاری رەش بکاتەوە، بەجۆرێک لای بنەماڵەی ئەمەوی دەگرێت، عەرەب گوتەنی «*ملكي اكثر من الملك*». سەیریش ئەوەیە کە هەردووک وڵاتی پڕ لە خۆبیاتی، حیجاز و عێراق، بەدەستی ئەو سەرکوت کران.

پێش هاتنی بۆ عێراق، توانای خۆی لە سەرکوتکردنی شۆڕشی «عبدالله بن الزبیر» سەلماند. حەججاج لە شامەوە لەشکری بردووەتە طائف، شاری خۆی. لەوێشەوە تاقمە سواری دەناردە سەر دەوروبەری مەکە، بکوژە و هەڵێ. ئینجا بۆ ماوەی هەشت مانگ گەمارۆیان دەدات و بە مەنگەنە بەردبارانیان دەکات و دەست لە هیچ ناپارێزێت. رەنگە لە ناخدا تۆڵەی لە خەڵکی مەکە کردبێتەوە بۆیەش لەو سێ ساڵەی کە والیی حیجاز بوو،



کچی بنەماڵە خانەدانەکانی مەکە، بەتۆبزی، لە خۆی و لە هاوڕێکانی مارە دەکرد. کە گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق کەس لە ئەمەوییەکان نەدەوێرا خۆی تووشی گێژاوی عێراق بکات، کەچی ئەو لە خوای دەویست. ئەوەبوو خەلیفە مەروان ساڵی ٧٥ ک کردیە والیی عێراق.

کووفی یەکتریان وریا کردووەتەوە کە دەبێ زوو بیکوژن، دەنا دەست لە کەس ناپارێزێ[(١)]. کە حەجـجاج گەیشتووەتە کووفە، تەنیا دوازدە چەکداری لەگەڵدا بووە و چووەتە مزگەوتی گەورە. کووفییەکان بە جلوبەرگی ئاوریشم و ئاکاری شارستانی بەخۆ دەنازن کەچی سووکایەتیی پێ دەکەن وەک منداڵی بزێوی هەندێک خوێندگە کە بە مامۆستایەک رادەبوێرن. بەڵام حەجـجاج کە بە هەفت ئاوی شارپەرستی شۆراوەتەوە ڕادەوەستێ تا مزگەوتەکە پڕ دەبێت و دەڵێ: «*أنا ابن الجُلی و طلاع الثنايا، متى اضع العمامة تعرفوني. اما والله اني لاحمل الشر بمحمل... واني لارى ابصارا طامحة وأعناقا متطاولة ورؤيساً اينعت قد حان قطافها واني صاحبها... ابصارا طامحة وأعناقا متطاولة*». ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە خەڵکەکە چاوبرسی و تینووی دەسەڵات بوونە کەچی گوتوویانە نابێ مەرحەبای بکەین چونکە لە خۆمان نییە.

یەکەم شتی کە حەججاج کردی فەرمان دەدات کووفی خزمەتی سەربازی بکەن. سزای مەرگیش دادەنێت بۆ ئەوانەی خۆ لە سەربازی دەدزنەوە؛ تەنانەت ئەگەر پیاوی پیریش بان. لەم خاڵەدا بە حەمموورابی و سەدام دەچێت. هەروەها سیاسەتی بە سیاسەتی حاکمە کۆنەکانی عێراق دەچێت کە ناچار دەبوون یەکە یەکەی شار و عەشیرەتەکان سەرکوت بکەن کەوا هیچ شار و ناوچەیەک نییە تێکڕای وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکات و کەس دان بە کەس نانێت. ئیتر شەڕ لەدوای شەڕ و کوشتار لەدوای کوشتار دەنێتەوە.

(١) هەمان سەرچاوە. ١٣٧، ١٣٨.

لە میانی ئەو بیست ساڵەی حوکمی حەججاجدا رووداو هەبووە کە کاکڵی بێ ئینتیمایی و بێ هۆشیی کۆمەڵگەی عێراق دەسەلمێنێت. ئەوەش دەسەلمێنێ کە نەک دین و کتێب و شەریعەت، بەڵکو تۆپ و تەیارەش سوودیان نابێت بەبێ هەبوونی عەقڵ و خۆشەویستی و ئینتیما. حەججاج شاری واست، کووتی کردە پایتەخت. باوەڕم وایە بیری لەوە کردووەتەوە هەستی ناوچەگەری نێوان کووفە و بەسرا زیندەبەچاڵ بکات و لە یەک شاردا بتوێنەوە؛ بەڵام بەداخەوە ئەویش وەکو ئەسکەندەر شوێنێکی زۆر خراپی هەڵبژارد. هەروەها باوەڕم وایە کە رقی گەورەی حەججاج لە دووڕوویی بووە. جارەهای جار خەڵکی یاخی بەدیل دەگرێت و کامەی پتر دەپاڕایەوە پێش هەموان ئەو تەرزە کەسانەی دەکوشت. کەچی هەندێک کەس قسەی نێو دڵی خۆیان دەردەبڕن یاخۆ بە شێوەیەکی مەردانە وەرامی دەدەنەوە، تەنانەت ئەوانەی نوکتەیەک یاخۆ قسەیەکی بێ ترسیان دەکرد، ئەوانەی ئازاد دەکردن. بە یەکی خەواریجی گوتووە: «*دان بەوە دەنێیت کە تۆ کافری؟*» کابرای خەواریج گوتوویەتی: «*ئەگەر شتێک هەبایە لە کوفر بەولاوە، ئەویشم دەکرد*». حەججاج ئازادی کرد[1]. هەروەها شاعیرێکی خەواریج بۆ سێدارە دەبردرا، حەججاج بە کردەوەی ئاسایی خۆیی تێر جنێوی پێ دەدات. کابرا وەرامێکی دەداتەوە بەواتای "*دەک داوەشێی لەگەڵ ئەم قسە سووکانە، خۆ منیش دەتوانم قسەی سووک بڵێم*». حەججاج یەکسەر ئازادی دەکات[2]. باوەڕم وایە حەججاج مەراقی سەرەکیی ئەوە بوو عێراقی قسەی راست بکەن، راستگۆییش لە عێراق و کۆمەڵگەی ئەوهادا، کوردی گوتەنی «بە گوللە دەست ناکەوێت».

شتێک هەیە کە ناتوانم بە مسۆگەری بیسەلمێنم بەڵام شک دەکەم کە

---

(١) ریاض محمود رویحة، الحجاج بن یوسف الثقفي.

(٢) دولة المنظمة السرية. حسن العلوي، ١٤٣.



رەنگە چێژ وەرگرتنێکی دووسەرە هەبووبێت لەنێوان حاکم و مەحکوومدا؛ حەججاجی سادی لەگەڵ ئەو خەڵکە ماسۆشیزمە، وەک بڵێی لەیەکتر خۆش هاتوون؛ چەندە ستەمی کردبایە، ئەوەیان بەبەڵگەی ڕەوایی هەڵوێستەکانیان دەزانی «ئەها! دەبینن چەند مەغدوورین؟» ئەم راستییەم لە کۆمەڵگەی خۆمان دیتووە لە هەشتاکان کەوا گەنجی شارستانی شانازییان بەوە دەکرد چەند جار گیراون و ئەشکەنجە دراون و هتد. وای لێ دەهات وەک بڵێی ئەوەی بەندیخانە و شاپی بەعسییەکانی نەچێشتبێت «ئەو پیاوە بە تەحەمول و ئەو دڵسۆزە نییە» ئەم جۆرە ماسۆشیزم و دەروێشییە بەشێوەیەکی ڕوونتر لە باسی یۆناندا تیشکی دەخرێتە سەر.

نموونەیەک باس بکەین لە مەسەلەی شۆڕشی «عبدالله بن الاشعث»دا دیار دەبێ. حەججاج لەشکرێک دەنێرێتە خوراسان بەسەرکردایەتیی ناوبراو، کەچی پاش ماوەیەک لەشکرەکە دژی وەردەگەڕێت و دەگەڕێنەوە بۆ گرتنی عێراق و دەبێتە گەورەترین شۆڕش لە هەموو سەردەمی ئەمەویدا. لە توشتەر، ئەهواز و لە بەسرەدا حەججاج دەبەزێنن؛ ئینجا دێن کووفەش دەگرن. خەلیفەی ئەمەوی بەڵێن دەدات کە حەججاج لادات و سەرکردەکەیان بکاتە والی؛ کەچی عێراقییەکان باغر دەبن و واز ناهێنن. ئەوجار چۆن بە هاتە هاتە سەردەکەون، ئەوهاش بە هاتە هاتە دەبەزن و حەججاج ورد و هەڕایان دەکات.

نەیارانی حەججاج دەڵێن تەنیا لە شەڕی «دیر الجماجم»دا ١١,٠٠٠ دیلی کوشتووە. ئەگەر ئەم قسە راست بێت، ئەوسا مەسەلەکە قووڵتر دەکات کەوا ئەو دیلانە دەبوو دیمەشقیش بگرن، نەک تەنیا شۆڕشێک بکەن و بەس؛ ئەوەش ئەگەر لە ئەسڵەوە پێویست بە شۆڕش بکات. دەنا بۆچی میسر و ئێران شۆڕشیان نەکرد کە دەبایە پێش هەموو کەسێک فارس بیکەن. تۆ بڵێی هەموو دنیا خائن و خۆفرۆش و بێ دین و ناپیاو بوون تەنیا عێراقییەکانی ئەوسا نەبێ؟ ئەوە نە قسەیە و نە بیانگەیە و نە

پاساوە. ئەوە بێهۆشی و بێ ئینتیمایییە. نەفرەت و خۆبیاتییەکی زگماکییە. فەرموون بزانن حەججاج پاش شەڕەکەی ناوبراو چییان پێ دەڵێ: «*یا اهل العراق، ان الشیطان قد استبطنکم فخالط اللحم والدم والعصب، والمسامع والاطراف والاعضاء الشغاف. ثم افضي الی الافحاح والاصماخ*[1]*، ثم ارتفع وعشش ثم باض وفرخ. فحشاکم شقاقا ونفاقا واشعرکم خلافا اتخذتموه دلیلا تتبعونه، وقائدا تطیعونه، وامرا تستشیرونه. فکیف تنفعکم تجربة او یحجزکم اسلام او ینفعکم بیان؟* ».

قسەکانی حەججاج ئەگەر لەوپەڕی دەردی دەروونی و رقەوە هەڵکوڵابن، بەڵام دیار و ئاشکرایە کە لەناخی دڵییەوە دەردێن کەوا هەندە داخداری ئەوان و داخداری رابردوو و ئینتیمای خۆی بووە. هەرهەندە ماوە خوا زمانی کوردی بداتێ تاکو بڵێ «بەسیەتی خۆبیاتی و دووڕوویی». ئێمەی کورد دەبێ لەم راستییانە فێر بین. شانازی کردن بەوەی کەوا لە مێژوومانداا سەدان شۆڕشی سەرنوگمکراو هەبوون و «ئاخ! بەختمان نییە» و هتد. ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورە بووە لە رەوتی رۆشنبیریماندا. ئینجا ئەگەر دیسان پەنا بۆ «نظریة المؤامرة» ببەین، ئەوسا هەڵەکە دووهەندەی لێ دێت، زیانەکەش ١٠٠ هەندە. نوکتەیەک هەیە دەڵێ جگەرەکێشەکان باسی تەرک کردنی جگەرەیان دەکرد. یەکێک گوتی: «من یەک جار تەرکم کرد و نەگەڕامەوە سەری» ئەوەی تر گوتی: «من ئەسڵەن شقارتەم تەرک کرد و ناتوانم تەرکی بکەم». ئینجا کابرای «زیرەک» گوتی: «کوڕە جگەرە تەرک کردن زۆر ئاسانە، من سەد جار تەرکم کردووە». کەواتە هیچ. مەسەلەی شۆڕشیش هەمان شتە، کە لە جارێک و دوو جار ڕەتی دا، ئیتر

(١) ریاض محمود رویحة، الحجاج بن یوسف الثقفي ١٧٥. نووسەر پەراوێزێکی داناوە دەڵێ صماخ بەعەرەبی واتە کونە گوێ. بەڵام من لە دکتۆر فوزی رشید بیستوومە ساک ماخ وشەیەکی سۆمەرییە واتە سەلکی گەورە.



دەبێ چاوێک بەخۆماندا بخشێنینەوە و هەرنەبێ هیچی تر مایەی شانازی نەبێت؛ بەڵکو دەبێ بزانین کە مەسەلەکە مایەی پەرۆش و رەنێو هێنانەوەیە نەک شانازی و سینگ دەرپەڕاندن.

لە کۆتاییی قۆناغە سەرەتاییییەکانی ئیسلامدا، ئەوەندە دەڵێم کە حەججاج لەو تاک و تەرایە بووە لە دەسەڵاتدارانی عێراق کە بەمردنی سروشتی مردن؛ دەنا والییەکانی عێراق و بەرهەڵستکارەکانی والییەکانی عێراق و زانا دینییەکانی عێراق و ئاغای هۆزەکانی عێراق و سەدان هەزار مرۆڤی حیجازی و عێراقی، هەر لە هاتنی عەرەبەوە تا کوشتنی ئیمام عوسمان و ئیمام علی و ئیمام حوسێن، تا ئەو رۆژەی سوپای خوراسانی رەگ و ریشەی ئەمەوییەکان دەردەکێشێت، زۆربەیان بەدەستی یەکتر کوژران. مەسەلەکە لێرەدا ئەوە نییە کێ باشە و کێ خراپە؟ یاخۆ کێ سەرکەوت و کێ دۆڕا؟ مەسەلەکە گێژاوێکی خوێناوییە بەهۆی نەبوونی ئینتیماوە رووی دا. بە کورتی، ئەو گێژاوە چەندین وەچەی قووت دا و خوانەخواستە و بەدوور بێت؛ بەڵام ئەمڕۆش ئەو گێژاوەی نەبوونی ئینتیما لەعێراقدا یەک شت را دەگەیێنێ کەوا دوور نییە هەمان شت دووبارە بێتەوە.

## عەبباسییەکان، کاردۆنیاشی دووەم


پێکچوواندنی دەوڵەتی عەبباسی بە کاردۆنیاش، تەنیا لەوەدایە کە تەمەنیان درێژ بوو و کۆتاییان بەشەڕی شارەکان هێناوە؛ دەنا جیاوازییان زۆرە. بزووتنەوەی عەبباسی لەچاو بزووتنەوەکانی کووفە و بەسرا بەوە دیار دەکەوێ کە چ هێزێک بوونەتە هاوپەیمانی هەر یەک لەوانە. خوراسان، کە دەروازەی دەشتاییەکانی ئاسیایە، وێڕای کۆمەڵێک هێزی عەشایەریی جەنگاوەر، بوونە هاوپەیمانی عەباسییەکان. هەرێمەکانی کووفە و بەسرا وەک ئافرەتێکی بەدناوی سەرخۆرەیان لێ هاتبوو کە کەس باوەڕی پێیان نەمابوو[1]. کە ئەمەوییەکان بەزین، عەبباسییەکان ڕێگەیان بە خۆیان نەدا بخزن بۆ نێو زەلکاوەکانی شارپەرستی. ئەوە مایەی ناڕەزایی کۆمەڵگە مێیە فیتنەبازەکەی کووفە بووە کە وایان دەزانی ئەو هەموو کوشتارە لەپێناو ڕەشایی چاوی ئەواندا دەکرێت. عەبباسی دوورەپەرێز وەستان و پێش ئەوەی کووفی بادەنەوە و بڵێن «ئێوە لەخۆمان نین»، عەبباسی ماڵی خۆیان جودا کردەوە. وەک چۆن فارس ئینتیمایەکی فراوانتریان هەبووە لەچاو ئاشوور، عەبباسییەکانیش تا ڕادەیەک ئینتیمایەکی ئەوهایان بەرجەستە کرد لەچاو عەرەبەکانی پێشوو.

سەرەتا لە نزیک فەلووجە نیشتەجێ بوون؛ واتە لە زارکی هەرێمە نزمەکان. ئینجا دواتر بەغدایان دروست کرد. نەخشەی بەغدا بەگوێرەی هۆز و رەگەز نەکێشرا بەڵکو بەگوێرەی پیشە و بازاڕ[2]. باوەڕیشم وایە

(١) د. شوقي ضيف، تاريخ الادب العربي، العصر العباسي الاول. ل ١٥ نووسەر دەڵێ «راي ابو جعفر ان يبعد بحاضرة دولته عن الكوفة مركز العلوين القديم حتي يامن من علي نفسه مما قد ينشب بها من ثورات و حتى يعزل جنده عن اهلها فلا يفسدوهم».

(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٧.






مەنسوور شوێنەکەی لەنێوان تەیسەفوون و تاجی و فەلووجە (کۆنە ماڵبەندی بنەماڵەکەیان) هەڵبژاردووە. ئەم دوو ناوچەش فەلووجە و تاجی[1] عەرەب نشین بوونە لە

(١) پارتۆلد لە تاریخ الترک فی اسیا الوسطی لاپەڕە ٣٧، دەڵێ ساسانی بە عەرەبیان گوتووە تازیک. لەلایەکی دیکەوە مەسعوود محەمەد هەمان شتی باس کردووە و دەیگوت رەنگە ناوچەی تاجی لە باکووری بەغدا لەسەردەمی ساسانییەوە بەم ناوە مابێتەوە؛ چونکە عەرەب نشین بووە. دیارە وشەی تازیک، ناجیک، تاجی، تانجی زاراوەیەکی فارسی بووە؛ تایبەت بەخەڵکی دەشت و دەر. ئیستا تانجیکستان ئاماژە بۆ نەتەوەیەکی فارسیبێژ دەکات؛ بەڵام سوونەن لە ناوەندی ئاسیا تەنانەت تورک بە هەموو نەتەوە عەشایەرییە ئێرانییەکانیان گوتووە تازیک، یەک لەوان کورد. تا ئێرەش باشە بەڵام ئاڵۆزییەک لەو میانەدا هەیە تێی ناگەم؛ جۆرە سەگێک هەیە پێی دەڵێن «تانجی - تاژی» کە لە دەشت بۆ راو بەکار دێن. هەمان سەگ عەرەب پێی دەڵێن «سلووگی». گومان نییە کە وشەی سلووگی لە «سلوقیة - سەلووکەس» وەرگیراوە کە کۆنە ناوی شارۆچکەی «سەلمانپاک - تەیسەفوون»ە. تۆ بڵێی فارسەکان لە سلووگییە «تەیسەفوون» و عەرەب لە تاجی ئەم ناوانەیان بۆ یەکتر هەڵبەستبێت؟ نازانم!.

سەردەمی ساسانیدا دەوڵەتەکەشی بەو جۆرە هەڵکەوت، دوو قۆڵ عەرەب و یەک قۆڵ فارس، بەڵام دواتر ئیش گۆڕا.

شوێنی بەغدا باشترین شوێن بوو بۆ کۆنترۆڵ کردنی سامانی مادی و مرۆیی. هەڵبژاردنی پایتەختیش هەر ئەوە نییە پاشایەک فەرمان بدات. ئەوەتا ئەسکەندەر و ئیمام عومەر و حەجاج کۆمەڵێک شاریان دروست کرد بەبێ سوود. هەروەها پاش دروستکردنی بەغداش خەلیفە «معتصم بالله» سامەڕای دروست کرد؛ بەڵام کوا؟ سامەڕا مەگەر رێگەی باکووری دیجلە کۆنترۆڵ بکات، ئەمەش زۆربەی کات لەژێر مەترسیی چەتەکانی بیاباندایە بۆیەش بازرگانیی نێوان مووسڵ (پایتەختی میسۆپۆتامیا) لەگەڵ باشووری عێراق (رێگەی هەولێر کەرکووک خانەقین)ی گرتووە کە ئاوەدانترە و لەگەڵ رێگەی ئاوریشم (خانەقین، کرماشان، ئاسیا) لێک دەداتەوە. کەچی بەغدا کلیلی لێکدانەوەی ئەو دوو هێڵە کۆنترۆڵ دەکات وێڕای هێڵی باشووری فورات (ئەنبار، شام) و رێگەی باشووری دیجلە؛ سەرباری ئەوەش بەغدا لە قوڕگی هەرێمە کشتوکاڵییەکانی باشووردایە. سەیر نییە کە سامانی مادی مرۆیی لەوێدا کۆ ببنەوە. کەچی سامەڕا بە مردوویی لەدایک بوو، ئیتر لەیەک وەچە درێژتری نەخایاند و دیسان بەغدا بووەوە پایتەخت و سەنتەر.

ئینجا دەگەینە هەمان کەموکورییەکانی جیۆپۆلیتیکیی عێراق. بەڵێ بەغدا پایتەختی سروشتییە و بەراوردی لەگەڵ هیچ شارێکی دیکەی عێراق ناکرێتەوە؛ بەڵام وەک باس کرا سنووری ئاواڵەن بۆ چوڕانەوەی عەشایەر و نەتەوەی جودا. هەروەها قەبارەیەکی شارستانیی تەنکتری هەیە لەچاو ئێران و تورکیا و میسر. بەغداش بەختی هەبوو کە هێشتا پایتەختە سروشتییەکانی فارس (ئەسفەهان، تاران) دانەمەزرابوون. ئەستەنبووڵیش هێشتا هێلینی بوو، خەڵکی رۆژهەڵات روویان تێ نەدەکرد. تاکە پایتەختێک لەجیهانی عەرەبێ- ئیسلامیدا پێشبڕکەی لەگەڵ بەغدا



کردبایە، قاهیرە بوو. ئەویش ئەگەرچی لە سەردەمی فاتمی و دواتر ئەییوبییەکان خەریک بوو پایەی بەغدا لەق بکات؛ بەڵام بەغدا ئەگەر هەر بەناو بووبێت پایتەختی ئەو یەکە سۆسیۆپۆلیتیکییە مایەوە کە ئەرنۆڵد تۆینبی ناوی لێ ناوە «العالم السریانی» مەبەستی لە جیهانی عەرەبی – ئیسلامییە. بەشێوەیەکی گشتی ئەسکەندەرییەی ئەسکەندەر و کووفەکەی سعد و واستی حەجاج و بابلەکەی حەمووڕابی و سامەڕایەکەی موعتەسەم، هیچیان وەکو بەغدا پایتەختێکی سروشتی نەبوون بۆ عێراق. واش هەر ئەو ئینتیمایە نیشتیمانییەی دابین نەکرد بۆ خەڵکەکە.

دەوڵەتی عەبباسی بەڕای هەندێک نووسەر زیندووکردنەوەی دەوڵەتی ساسانی بوو لە بەرگ و رەنگێکی عەرەبی – ئیسلامیدا[١]. سەبارەت بە ئینتیمای نیشتیمانی، بەڕای من عەبباسییەکان هەمان سیاسەتە چەوتەکەی ئیمپراتۆر و پاپاکانی رۆمایان دووبارە کردەوە؛ چۆن؟

پاپاکانی رۆما تا سەردەمێکی درێژ دەسەڵاتیان بەسەر زۆربەی ئەورووپا و جیهانی مەسیحیدا گرتبوو؛ بەڵام نەهاتن رۆژێک سنوورێک و ئینتیمایەکی نیشتیمانی بۆ ئیتاڵیا دابڕن، بەڵکو سەردەمێک داگیرکەرێکی چاوقایم بوون؛ دواتر کردیانە بانگەوازێکی دینی گوایە رۆما پایتەختی تاکانە (Universal)یە بۆ هەموو جیهانی مەسیحی. کاتێک دەسەڵاتی ناوچەیی و نیشتیمانیی نەتەوە جوداکان بەچەشنی یەکیەتی سۆڤیەت دەرزی کەوتێ، دەرزەکان بەنێو تێکڕای قەبارەی ئیتاڵیادا هاتن، ئیتر هەزار ساڵ گەڕانەوە دوا بۆ سەردەمی ناوچەگەری و دەوڵەتی شار. جا دەبینین تا سەدەی هەژدەم و نۆزدەمی زایینی شتێک نەبوو بەناوی دەوڵەتی ئیتاڵیا یاخۆ سوپای ئیتاڵیا بەڵکو دەگوترا لەشکری جەنەوا، بنەماڵەی پاشاکانی ڤینیسیا، هونەرمەند و پیشەسازەکانی ڤالانسیا و هتد.

(١) تاریخ الادب العربي، العصر العباسي الاول ٢١

بانگەوازە سیاسییەکە ئەوهابوو گوایە جەنەوا و ڤینیسیا و ئیسپانیا و فەرەنسا و تێکڕای جیهانی کاثولیک سەر بەپاپای ڕۆما بوون؛ واتە کوڕی ڤینیسیا کابرایەکی پاریسی و جەنەوی و ڕۆمایی بەیەک دەزانی کەوا هەموویان مەسیحین و هەموومان براین «*بەڵام کەسیان لە خۆمان نین*».

هەمان شت لە عێراق ڕووی دا کەوا خەلیفەکان «بەناو» ڕابەری هەموو موسوڵمانان بوون؛ بەڵام ئەوانیش وەکو ئیتالیا، کاتێکی کە هەیکەلی دەوڵەت درزی هێنا، هەر ناوچە و شار و هۆزێک چووە نێو کیفی ئینتیما تەسکەکەی خۆی. ئیتر کابرایەکی بەسرایی بەیەک چاو ڕوانیویەتە بەغدایییەک و شیرازییەک و حیجازییەک کەوا «*ئێمە هەموو موسوڵمانین و نابێ هیچ جیاوازیمان هەبێت و هەموو براین؛ بەڵام هیچیان لە خۆمان نین*».

شایانی گوتنە کە ئەم ڕاستییە تا ئەمڕۆ لەنێو زۆربەی عێراقییاندا بەدی دەکرێت. بەڵێ سەدان هەزار عێراقیی ڕۆشنبیر هەن لە شارستانی و گوندی و عەشایەردا کە نرخی دەوڵەت و نیشتیمانەکەیان دەزانن؛ بەڵام سەنگیان لەنێو ملیۆنان دینپەرست و عەرەبچی و جۆرەها عەقیدەپەرستدا ناکاتە هیچ. لە سەردەمی عەبباسیشدا و لە هەموو چاخەکانیشدا ئەم کەمینە هەر هەبوون ؛بەڵام سوودی چییە ئەگەر بێدەسەڵاتترین ڕەوتی کۆمەڵگە بووبن.

ئەو جموجۆڵە عەشایەرییە کە وای کرد عەرەبەکان فارس و ڕۆم ببەزێنن، هەر ئەوە بوو وای کرد پێڵی عەشایەریی دیکە بێن و عەرەب ببەزێنن. هاوپەیمانەتیی عەبباسییەکان لەگەڵ عەشایەری ئاسیایی ئەگەرچی لەسەرەتادا بە کوشتنی ئەبوو موسلیمی خوراسانی هەندێک لافاوەکەی دواخست، بەڵام نەک تا سەر؛ چونکە عەرەب بەنداوێکیان تێک شکاندبوو لەپێش دەریایەک نەتەوەی کۆچەر و جەنگاوەردا، لافاوی نەتەوەکانی ئاسیا.



ئەوەبوو هەستانەوەی دووەمی عێراق. ئەمجارە دەسکەوتێکی گەورەیان بوو بە دروستکردنی بەغدا کەوا هەمیشە ئاگربڕی دەکات لە بووژانەوەی ڕەوتەکانی شارپەرستی. هەروەها ئاگربڕیی لە مەترسییەکی دیکەش کردووە کە تائیستا ئێمەی کوردی پێوە گرفتارین ئەوەش مەسەلەی لەهجەبازییە. لەپاش لەهجەی قورئان، کەس نییە لە عێراقدا سووکایەتی بە لەهجەی خەڵکی دیکە بکات؛ چونکە لەهجەی بەغدا سەرلوتکەی لەهجەکانی عەرەبی خۆرهەڵاتە کە هەموو کەنداو و ئەهواز و تێکڕای عێراق دەگرێتەوە. دیسان بەداخەوە عێراقی نرخی ئەم باڵادەستییە نازانن و لە مەسەلەی شێوەزماندا تەبەعییەتێکی ملهوڕانەیان هەیە بۆ میسر و شام؛ دواتر باس دەکرێت. لەبەرانبەردا پێڵی عەرەبی ئەگەرچی سوودی هەبوو، بەڵام زیانیشی هەبوو بۆ عێراق کە تا ئێستا پێوەی دەناڵن، ئەوەش بریتییە لە تیژتر کردنی عەقڵییەتی عەشایەری لە کۆمەڵگەی وەرزێری و شارستانیدا بەتایبەتیش بەرانبەر جینس و ئافرەت تا بە بوارەکانی تریش ڕادەگات وەک ئێستا باس دەکرێ.

## سەدە تاریکەکان

ئەمڕۆ وا بە زیندوویی لەبەر چاومان دیارە «سەدە تاریکەکان» چ واتایەک دەگەیێنن. هاروون رەشید بە هەورەکانی دەگوت «*بۆ کوێ دەڕۆن بڕۆن، خێرتان هەر بۆ من دێتەوە*». ئیتر وەک چۆن سامانی مادی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی ئاسیا بۆ بەغدا دەکێشرایەوە، سامانی مرۆییش، لەسەر شێوەی پێڵی عەشایەری و عەسکەری بەسەر بەغدا داگەڕان، بەغداش ئەو هێلکە توێنەرە نەبوو بەرگەی ئەو هەموو شاڵاوە بگرێت. لە ماوەی چەند سەدەیەکدا هێلکەکە دەیان جار مرد و لەنێو چوو. واش هەر بخوازین و نەخوازین سامانەکان رووی تێدەکەنەوە و هەیکەلێکی دەوڵەتی «لاواز یان بەهێز» لە بەغدا هەر هەبووە.

لە ڕاستیدا ئەم ئیسلامەی کە من و تۆ لە سایەیدا دەژین ئەو ئیسلامە عەرەبییە نییە کە لەسەر پنجی خۆی شین بووبوو و چەرخی خۆی لە «صفر»ەوە تا سەر لووتکە برد و ئینجا بەرەو خوار هاتەوە و قالبێکی گونجاوی بەست. ئەم ئیسلامەی ئەمڕۆ ئیسلامێکی تورکییە، بیابانی عەرەب فیکرەی (یەکیەتی لەسایەی یەک دین و زماندا و لەهجەدا) شین کردەوە؛ کەچی ئەگەر عەرەب وشتری یەک پشتیان هەبووبێت، تورک بە وشتری دوو پشتەوە هاتن و ڕەوتی بیانی ئاسیایان سەپاند. تەیموور قسەی جەنگیزخانی دووبارە دەکردەوە و دەیگوت: «*جیهان بای ئەوەندە نییە دوو پاشا حوکمی بکەن.*» ئەو جۆرە ئینتیمایە کە بەرگی ئیسلامی پۆشت ئەوسا دین و دنیای پێچایەوە و لەدەستی خودی عەرەبەکەی دەرهێنا.

ئیسلامی عەرەب، یاخۆ بڵێم کولتوور و ئینتیمای عەرەب، بە چاکە و بە خراپەیەوە شتێکی زیندوو بوو و تەفاعولی لەگەڵ ژیان و پێشکەوتن و گۆڕانکاریی دەکرد. عەرەبیش وەکو نەتەوەیەکی عەشایەر، چەندە نێر بوون هەندەش زوو خۆیان لە نەرمایەتیی مێیەتیدا تواندەوە. بەوە دابڕانێک



پەیدابوو لەنێوان «تواوەکان» و «عەشایەری ئەسڵی». ئیتر دەبیسین لە سەدە تاریکەکاندا عەرەب وەکو زمان و ئینتیما گەڕابۆوە بۆ بیابان؛ کەچی خەڵک لە بەغدا بە تورکی و گورجی و فارسی قسەیان دەکرد (هەر ئینتیمایەکی مێ یاخۆ هەر نەبێ ئینتیمای دەوڵەتپەروەر، نێر و مێ)، عەرەبی عێراق ئینتیما نێرینەکەی خۆی موتوربە، یاخۆ بڵێم تەتعیم، نەکرد بای ئەوەی لە «شاری دوور لە بیابان»دا بمێنێ. هەمان دەردی کوردە کە بەهۆی نێرسالارییەکی کوێرانە نەیتوانیوە مۆرکی ئینتیمای خۆی بگەیێنێتە «شاری دوور لە شاخ». هەر چۆنێک بێت فیکرە تەوحیدییەکەی عەرەب «تەوحیدی دینی» کەوتە دەست نەژادی دیکە و قۆستیانەوە و شارستانەتییەکەیان بە دین و دنیا و دەوڵەتەوە هەموو لرف دا و خستیانە نێو قالبێکی بێ ئەندازە یەکگرتوو؛ بەڵام بێ ئەندازەش وشک و ڕەق.

گوتمان پێڵی عەرەبی بەکولتووری تازەوە دەسکەوتێکی گەورەی بۆ عێراق دابین کرد (بەغدا)؛ بەڵام زیانیشی هەبوو. زیانەکانی پاش شلبوونەوە و نەمانی کێشی بەغدا بە زەقی دیار کەوتن کەوا عەرەب تەنگیان بە دوا هەناسەی مێیەتی و سووکە دەرفەتی پێداویستییە جینسییەکانی کۆمەڵگەی عێراق هەڵچنی. ئەوە ڕادەی دووڕوویی و نەگونجانی خەڵکە شارستانییەکانی زیاتریش کرد. لەمەڕ ئەم مەسەلە ناسکەدا قسە و ڕەخنە و دەمەقاڵە زۆر کراوە و دەکرێ کە پێش هەمووان خودی عەرەب، بەتایبەتی لە شام و میسر ئینجا عێراق، دەیکەن. ڕەخنەکەش تەنیا لایەنە تەقلیدییەکە ناگرێتەوە، بەڵکو ڕەنگە تاوانی مێیەتی لێرەدا لە تاوانی نێرەتی کەمتر نەبێ. بەڕای من ئەگەر کۆمەڵگەیەک ڕێگەی پێداویستییە جینسییەکان کوێر بکاتەوە، وەک ئەوەیە لە خانوویێکی بێ ئاودەستدا بژیت. nامووسیش کراسێکی ئاساییە دەتوانرێ لە شانەوە تا بن ئەژنۆ داپۆشرێت؛ بەڵام ئەگەر کراسەکە بە هەر لایەکدا هەڵکێشرێت و داکێشرێت ئەوسا لە ماوەی یەک وەچەدا لایەکی

نامووسی کۆمەڵگە دەکەوێتە گۆڕێ و منداڵبازیی کۆمەڵگەکە دەمرێنێ.

دکتۆر علی وەردی رایەکی بەناوبانگی هەیە دەربارەی کۆمەڵگەی شارستانیی عێراق بەواتای «*ملکەچبوونی خەڵکی شارستانی بۆکولتوور و شێوەژیانی خێڵەکی تووشی دەردێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی کردوون*» ناوی لێ ناوە «*الإزدواجیة*». ناوبراو گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێ «*العراقی یفعل مالا یقول ویقول ما لا یفعل*». لێرەدا تاوانی نێرەتییە تەقلیدییەکە شتێکی دیارە و حاشا هەڵناگرێت، بریتیشە لە یەک قسە «هەرکەس باسی جینس بکات، سەری قوت بکەن». من ئەگەرچی باوەڕێکی گەورەم بە رایەکانیتی واش هەر دەبێ «فیفتی فیفتی» تاوانی مێیەتیش لەم بوارەدا دیار بخرێت. با وردە وردە باسی بکەین.

عێراقی لە منداڵییەوە کە گوێ دەگرێ قسە قەبەکانی موتەنەببی وەک «الخیل واللیل والبیداء» دەبیسێ. تەلەفزیۆن دەکاتەوە دەبینێ سوپاسالارێکی عەرەب ١٠٠,٠٠٠ دینار بەخشیش دەداتە شاعیرێکی دووڕوو. کەچی ئەو مرۆڤە عێراقییە بەچەشنی هەر شارستانییەکی ئەم جیهانە دەبێ لە بەیانییەوە تا ئێوارە خەریکی فلس و درهەم و خوردەپارە بێت. ئەو کولتوورە خەیاڵییە کارێکی ڕووخێنەری کردووە. باوەڕیشم وایە لەوەتی تەلەفزیۆن و سینەما پەیدابوونە، دەستی دەزگاکانی میسری لە راگەیاندنی نەتەوەیی و دینیدا یەکجار رووخێنەرە. ئیتر ئەو «کبریاء وإباء»ەی کە لەوێدا بانگەشەی بۆ دەکرێ، بناخەی ژیانی عێراقییەکانی تێک داوە. کەچی لەبەرانبەردا هەیانە «رجاء النقاش» لە «تأملات فی الأنسان» بابەتێکی نووسیوە بەناوی «المغامر» باسی گەنجێکی میسری دەکات زۆربەی تەمەنی لە خەبات و مەترسیدا بەسەر برد دژی ئینگلیز؛ کە ئینگلیز نەمان و چەکداری هیچی تر بە پێویست نەما، کابرا نەیتوانی لەگەڵ باری نوێدا بگونجێ. ناشزانم گیڤارا پاش سەرکەوتن چۆن ئەو چەندساڵە خۆی پێ ڕاگیرا لە شاردا پێش ئەوەی دیسان دەرپەڕێتەوە بەرەو



دەشت و خەبات و سەرکێشی کە خوێنی مودمین پڕ دەکات لە ئەدریتالین؟

لەسەردەمی سۆمەر و ئەکەدەوە تا ئەمڕۆ هەمان گرفت تووشی تاکە کەس و تووشی کۆمەڵگەی سەرلەبەر دەبێتەوە؛ کاتێک ناچار دەبن شێوەژیانی کۆچەری و عەشایەری و عەسکەریی پڕ لە جووڵە و نێرەتی و «*کەم بژی کەڵ بژی*» بگۆڕنەوە بە شێوەژیانی نەرم و خاوی شارستانی. لەوێدا ئەرک و پاڵەپەستۆ دەخرێتە سەر هۆش و مێشک نەک دەست و بازوو. شایانی گوتنە کە هەمان گرفت، تووشی سەرکردە سەربازییەکان دەبێ کاتێک خانەنشین دەکرێن. هەمان ئاڵۆزیش تووشی لایەنە چەکدارەکانی کورد بووە کاتێک لە شاخ گەڕانەوە بۆ شار.

زۆر کەس وا دەزانێ ئیزدیواجییەت تەنیا دووڕوویی و دووزمانی دەگەیێنێت، یاخۆ هەر لە دیاردەی کەپتی جینسی هەڵدەداتەوە؛ لەراستیدا ئیزدیواجییەت جۆرێکە لە مێشک شۆرانەوە. خەڵک وایان لێ دێت زۆربەی ژیانیان وەکو منداڵی خوێندنگە، سروودێک دووبارە دەکەنەوە بەبێ ئەوەی تێی بگەن. چەند نموونەیەک دەگێڕمەوە لە دیاردەکانی دوودەروونی؛ بەڵام پێشەکی بەخوێنەری کورد رادەگەیێنم وا نەزانێ ئەو شتانە تەنیا لەنێو عەرەبی عێراقدا روو دەدات، ڕەنگە ئێمەی کوردی شارستانی لە هەندێک بواردا لە برا عەرەبەکانیش تێ پەڕیبین. واتە مەسەلەی دیارخستنی راستییە نەک پەللار و سووکایەتی.

١- دوکاندارێک بدوێنە لە بەغدا دەبینی مۆڕە دەکات؛ وەک بڵێی بێزارە یان ئەم ژیانەی پێ عەیبە و دەبێ بە غەزا بژیێت. بپرسە «بۆچی وا گرژیت»؟ ئەوسا گرژتر دەبێت و هاوار دەکا «کوا گرژم». پێچەوانەی ئەوەش هەیە کە دەبینی دوکاندارێکی دیکە چەندین سوێندی درۆ دەخوات لەپێناو دوو فلسدا؛ واتە یان زۆر توندن یانیش زۆر شل و جیوەیین. ڕەوتی ناوەنجیش بەدەگمەن هەیە. یاخۆ فەرمانبەرێک هەناسەبڕکە دەبێ تا دەگاتە سەری مانگ، کەچی ئاسانترین قسە

لەسەر زاری ئەوەیە دەڵێ: «*پارە هیچ نرخێکی نییە لای من و ئەو کەسەی کە پارەی مەبەست بێت من بەپیاوی نازانم*». عێراقی بێ ئەندازە خۆ بە شایستە و مافخوراو دەزانن بەڕادەیەکی کە بەهیچ ڕازی نابن تا لە دەستیان دەچێت؛ ئەو کاتیش دەڵێن: «ئای هەیش بەختمان نییە.»[1] کەچی ئەم قسە بەرانبەر حوکمەت و پیاوی دەسەڵاتدار سەراوژێر دەکرێتەوە، بەتایبەتیش لە دەزگایەکانی ڕاگەیاندندا ئەمە دیار دەبێت کەوا زۆربەی جار خەریکی مەڵڵاقی و دووڕوویی دەبن لەباتی ڕەخنە و چارەسەری بۆ گرفتەکانی ناوخۆ.

٢- با دیسان لەو قسە ورد بینەوە کە دەڵێن «*ئای هەیش زەمانی جاران*». ئەوە دەردێکی کوشندەیە؛ بۆیە چەندین جار تیشکی خرایە سەر. هەمیشە ئەمڕۆ لەدوێنێ خراپترە و کوڕ لە باوک خراپترە و باوک لە باپیر خراپتر بووە و هتد. باوەڕیشیان وایە کە چاکە و شادی و پیاوەتی لە هەموو شوێنێک و کاتێکدا هەبووە تەنیا «ئێرە، ئێستا» نەبێت. بەڕای من، ئەمڕۆ و دوێنێ یەک شتن و بەشەر هەر بەشەرە. خەڵکی ژێردەستە و ماسۆشی دەیانەوێ (پیاو، رابەر، مێرد، ئاغا، هتد) خوایەکی بێ شەریک بێت؛ دەنا «پف، جا توخوا ئەوە کەی پیاوە» و یەکسەر لەبەر چاویان دەکەوێ. ئەی هاوار نەوا و نەواش، کە دارێک بە دەستەوە دەگرین با بەتوندی نەیگرین دەنا زوو دەستمان شل دەبێت، بەدەستێکی نیوە شل و نیوە توند دەتوانین دارەکە لە دەستماندا بمێنێ.

ئەو شاگەشکەییەش بەرانبەر غەیب و کەسایەتیی نەدیتراو و شتی

(١) هەمان شت لە ماوەی پێش بەرپابوونی شەڕی ناوەخۆی کوردستان ١٩٩٤ دەگوترا «بەسە ئیتر با لایەک بەلایەک بێتەوە» تا شەڕ داگیرسا، ئەوجار پەشیمان بووینەوە و گوتمان «*خۆ هەر نەبێ جاران شەڕ نەبوو*».



نەزانراو شتێکی سەیرە. هیندی سوورەکانی ئەمەریکا چەندە دڕندە و شەڕکەر بوون هەندەش دەستەمۆی سیحربازەکانیان دەبوون؛ بۆچی؟ چونکە شاگەشکەن بەرانبەر شتی نەزانراو. با یەخەی هیندییەکان نەگرین، فەرموون لەگەڵ ئەم نموونە: زۆر کەس ڕێزێکی زۆر گەورەی بۆ مەسعوود محەمەد دادەنا. نەک لەبەر هیچ؛ تەنیا لەبەر یەک قسە، دەگوترا «*کاکە ئەو پیاوە زۆر گرینگە شتی وا دەنووسێ کە کەس تێی ناگات*». باشە برام کەواتە بەکوێرانە بەرگریی لێ مەکە و سبەینێش کە زانیت ئەویش بەشەرە و هەڵە دەکات، ئەوسا یەکسەر ١٨٠ پلە بامەدەوە بڵێیی «پف! ئەوە ئەو خوایە نەبوو کە تێی دەگەیشتم».

هەمان شتە کورد و عەرەبی شارستانی هەیانە بەرانبەر رابەر و پاشا و سەرکردە. نامەوێ ناوان بێنم، دەنا هەر هەموو رابەرە کوردەکان ئەوهایان لەگەڵدا کراوە. لە دوورەوە و تا نەزانراوە و نەدیتراوە، ئەوسا دەپەرستران؛ کەچی کە دیتوویانن ئەوسا لەیەکەمین تەگەرەدا ١٨٠ بادراوەتەوە بۆ دژایەتی. بابل و کووفەش هەمان شت بوونە و دەیان نموونە پیشان دران. نموونەی هەرە زیندووش ئەمڕۆ نووسەرێکی وەک مەریوان هەڵەبجەییە کەوا وەک ئەوەیە بڵێت «*پف! ئەوەیە پێغەمبەر؟ چۆن دەبێ پێغەمبەر وەکو من و تۆ مەیلی جینسیی هەبێت و حاشاشی لێ نەکات؟ ئەوەیش حەیامان چوو.*» ئەوەیە تاوانی مێیەتی. برام ئەدی دەتویست ئەژدیهایەک بێت بەخۆ و بە کوتکی هەفت باتمانییەوە لەسەر تەختێکی ١٠٠ کیلۆمەتری پاڵ بداتەوە و هەرچی قسەیەک بکات یەکسەر سەری پان بکاتەوە؟ ئەوسا دەتگوت «ئەشهەدوبیللا ئەوە پیاوە»؟

سەرنج بدەن کەوا ئێستا خودی وشەی «پیاو» لە پیاوان بووەتە بەڵایەکی گەورە. وا دەزانن دەبێ هیچ هەست و هۆشێکی مرۆڤانەی نەبێت دەنا یەکسەر دەڵێن «کەی ئەوە پیاوە». ئەو ڕاستییەش یەکێکە لە تاوانە هەرە ترسناکەکانی خەڵکی شارستانی «مێیەتی» لە عێراقدا بەگشتی.

لەکوردەواریدا لەنێو عەشایەر و شارستانیشدا دەبینی هەندێک پیاو بە ئاغایانە لێ دەخورن. لێی بکۆڵەوە ئەوسا دەبینی کە خودی ئافرەتەکانی «خۆیبیی» ئەوهایان لێ دەکەن و هەندە فوویان دەدەن؛ دەنا «پف، ئەوە کەی پیاوە». جا سواربوون بۆ پیاوەکە عەیبێکە، دابەزینیش دوو عەیب. لە سیاسەتیشدا هەمان شت.

٣- یاسایەکی مەیلەو گشتییە کە هەر دوو نەفەرێک بگەنە یەکتر باسی کەسێکی سێیەم دەکەن. ڕاستگۆیی بڤەیە؛ کەس لە کەس نابوورێت چونکە هەموو خۆیان بە شایستە و مافخوراو دەزانن. فێریشن هەمیشە بەگەرمی سەلامی دوور و درێژ لە یەکتر بکەن؛ دەنا ئەگەر سەلامێکی کورت و ئاسایی بکەن ئەوسا هەرکەس لە دڵی خۆیدا دەڵێ «ئەها! دەمزانی ئەو سەگبابە رقی لە منە».

ئەم ڕەوشتە ڕەنگە بە شتێکی ئاسایی بزانرێت، بەڵام باوەڕم وایە دیاردەیەکی ئەوها بچووک وای کردووە زۆربەی حاکمەکانی عێراق و کورد نەفرەت لە مەحکوومەکان بکەن. «حسن العلوی» دەڵێ سەدام ڕقی لە هەموو ئەو کەسانە بووەتەوە کە ڕۆژێک لەرۆژان موجامەلەیان کردووە؛ دواتر زۆربەیانی بەکوشت داوە[1]. پێشتریش باسی حەججاج کرا کە هەمان ڕقی بەرانبەر بە دووڕوویی هەبوو، ئیتر ئەوە شتێکی کەم نییە، چونکە چاو دەخوێندرێتەوە و کاردانەوە دروست دەکات. گرفتی خەڵکی بێ هۆش ئەوەیە کە وا دەزانن خەڵکی دیکە شتان نازانن.

٤- گەنجێک چاوی پیس دەبڕێتە هەر ئافرەتێک و کوردی گوتەنی «لە سەگ لانادات»؛ کەچی کە زار بەش دەکاتەوە دەڵێ «پیاو ئەو پیاوەیە کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئافرەتان هەڵنەکات و گوێیان نەداتێ؛ دەنا پیاو نییە.» لەهەمان کاتیشدا ئافرەتی ماڵی خۆی بەبەر شەق دەدات و

(١) دولة المنظمة السرية ٧٤.



ئامادەشە ڕۆژنامەیەک پڕ بکاتەوە دەربارەی مافی ئافرەت (جیوەیەکە سەربەخۆ). گرفتی گەورە لە گەنجی عێراقیدا بەرانبەر خوشکی خۆیەتی. ئەو گەنجە بەلایەنی کەم ٢٠٪ی تەمەنی لەسەر ئەو ئاڵۆزییە دادەنێت؛ زۆربەی کاتیش ئەنجامەکە بە بەخت ڕەشکردنی خۆی و خوشکەکەی کۆتایی دێت.

سەیری میسری و لوبنانی بکەن چۆن لەمێژ ساڵە پیاوی نەدیتکەی عێراقیان کۆنترۆل کردووە. فوویان دەدەن گوایە «ئەشهەدو بیللا هەر تۆ پیاویت». ئەگەر سەیری بەعس ڕەفتاری بکەین دیمەنیان وەکو مێردێکی دووڕووە لە مەلهاکانی لوبنان جامی مێشکی پڕ کراوە، کەچی لە عێراقدا بەشەق وەرگەڕاوەتەوە ئافرەتی ماڵی خۆی و پیساییەکە ڕۆژ بەرۆژ کۆبووەتەوە تا لێی ڕژاوە.

باسی بەعس کرا؛ خۆ ئێمەی کورد نێچیرێکی ئاسانتریشین بۆ جینس، فەرموو بڕۆ نێو هەر گوند و عەشیرەتێک و بڵێ «لە فلان شوێن جینس و بەرەڵڵایی ڕوویداوە» ئەوسا یەکسەر لەشکرێک ڕیز دەبێت بۆ «غەزای کافران». لە نەوەتەکاندا کەناڵە تورکییەکانی هەولێر بەرنامەیەکی دینییان پێشان دەدا بەسەر و پۆتەڵاکی ئافرەتی سفووردا دەهاتە خوار؛ کەچی یەکسەر ڤیدیۆ کلیپێکی تورکیی نیوە ڕووت پێشان دەدرا. لە هەردووک باردا چاوبرسێتی بۆ جینس زەبری گەورە لەو کۆمەڵگە دووڕووانە دەدات کە نازانن مامڵەت لەگەڵ ئافرەت و جینسدا بکەن.

٥- کەس ناگاتەوە عێراقییان بۆ دۆزینەوەی ڕەخنە و پەللار و قسەلۆک. هەندێک کورد خۆ بە «زیرەک» دەزانن کەوا وردە و عەیب و پەللار لە خەڵکی دەگرن، نازانن کە ناگەنەوە نیو هەندی عێراقییەکان. خەڵکە شارستانییەکانی عێراق وەک ئەوەیە هەموو لە بەندیخانەیەک بژین، هەموو شارەزای یەکترن و هەموو بە نهێنی باسی یەکتر دەکەن؛ کەچی هەر سوور دەبن لەسەر مانەوە لەنێو بەندیخانەکەدا و هەرکەس دەڵێ:

*«من توانام زۆرتره بۆ مانەوه لەم بەندیخانەیەدا؛ چونکە لە هەموو کەسێک پیاوترم. ژیان هیچ نرخێکی نییه «دار الفنا»یە. پارە چڵکی دەستە، دواتر ناوێکی مۆدێرن پەیدابوو گوتیان «پارە بۆرژوازییەتە». نابێ کەس دڵی خۆش بکات؛ چونکە هەموو دەمرین و نابێ کەس چاو ببڕێتە شادی و ئازادی لە دەرەوەی ئەو سنوورە؛ چونکە گشتی شەرمە، حەرامە، بڤەیە، سووکییە، مردەنییە، سەرشۆڕییە، بورجوازییەت و* خوێنمژییە....» لەناخیشدا دەمرن و دەسووتێن بۆ ژیانێکی پاک و بێباک.

٦- کەسێک دەسەڵاتی نەبێ لە هەموو قسەیەکدا پێت دەڵێ «ڕاستە، ئەششەدوو بیللا وایە» کە دەسەڵاتیشی بوو ئەوسا دەبینی لە هەموو شتێک لالووتە و دەڵێ «نەخێر وا نییە و نابێت و ناکرێت، تەنانەت کەسانێکی رۆشنبیر دەبینی جارێ قسەت نەکردووە، وشەی «نا» لەسەر لێویانەوە دیارە؛ چونکە زۆربەی وەرامەکان بە «نا» دەدەنەوە و جارێ هیچ نەبووە، ئەو هەڵوێستی سەلبی دژبە تۆ وەرگرتووە.

٧- یەکێک وا لەشەرمان دەتوێتەوە کەچی دەڵێ: «نا بەخوا، من شەرم ناکەم» یەکێکی دیکە وا لە ڕقان دەکولێت، کەچی یەک بەخۆ هاوار دەکا «من تووڕە نیم»، وەک تۆپ دەتەقێتەوە. یەکێک وا لە ترسان دەلەرزێ کەچی دەڵێ «*نە نە نە ببببەخوا مممممن نا*ترسم» فێرن کە هەمیشە بەپێچەوانەی هەستی ڕاستەقینەیان بدوێن و ئەگەر بێتو کەسێک ڕاستییەک دەرببڕێت، هەموو سەیریان پێ دێت: «ئۆۆۆ». لێرەدا دەبینین کە ئاشکرابوونی هەستی سروشتی هەر لەخۆیدا بووەتە شەرم. ڕەوشت بریتییە لەوەی کە «فلان کەس شەرم دەکا» واتە بە ڕەوشتە. ئەوەی دیکە «شەرم ناکات» ئیتر بە بەدفەڕ دەناسرێ. بەڵام لە زەمینەی ڕاستیدا شەرم و ڕەوشت دوو شتی جودان؛ ئەگەر نەڵێم دوو شتی دژوار نەبن.



٨- دیاردەی کفرکردن کە دەبینی زۆر بە ئاسانی جنێو بە خودا و دین و مەزهەبی یەکتر دەدەن، لە کاتێکدا کە خۆیان بەوپەڕی دینپەروەر دەنوێنن؛ هەموو تواناشیان تەرخان دەکەن بۆ تۆقاندن و دیماگۆگییەت. وەک بڵێی هێشتا سەردەمی حەموورابییە کە پاشا بووبوو بە شتێکی تۆقێنەری دوورەدەست، خەڵکەکەش تەنیا چەکدارە خوێنڕێژەکانی پاشایان دەدیت نەک خودی «خودان». ئەوە ڕەنگدانەوەی دەروونی ئەو خەڵکە ژێردەستەیە کەوا «سوپاس بۆ خۆییاتی» لە تۆقاندن و زەبر و ئازار بەولاوە ئەوین و بەزەیی و برایەتییان نەچێشتووە؛ بۆیە ئەوپەڕی تێگەیشتنیان بەرانبەر هەبوون و نەبوونی خوا ئەوەیە کە هێزێکە وەکو هێزی بێگانە و داگیرکەرەکان ئەوها تۆقێنەرە. بەڵێ دەڵێن «الله أرحم الراحمین»؛ بەڵام بەزەیی شتێکە نایزانن و تێی ناگەن. تەنانەت ڕێز لە هیچ لایەن ناگرن ئەگەر بەهێز و دەستوەشێن نەبێت. جا ئەگەر یەکێک قسەیەک بکات کە لەگەڵ دەقی دین نەگونجێت، یەکسەر دەڵێن «وس بە، کافر دەبی» وەک بڵێی خوا حەموورابییە یان سەدامە کە سیخوڕی لە هەموو کەلێنێک بڵاوکردبۆوە تا ڕاپۆرت بدەن لەسەر خەڵکی بازاڕ. وا دەزانن دەبێ بەرانبەر خواش هەمان شت بکەن.

هەمان راستی لە مەسەلەی تیرۆر هەڵدەداتەوە. وادەزانن ئەگەر خەڵک بکوژن، ئەوسا لە رۆژی قیامەت خوا سوپاسیان دەکات. وەک بڵێی خوا بەو دوژمنانە نەدەوێرا. ئەم خاڵە لەنێو کوردا قووڵتریشە؛ ئێمە وەک چۆن لە حوکمەتی داگیرکەر ترساوین و خێرا بە خێرا خەبەر و ڕاپۆرتمان لەیەکتر داوە و لەکاتی لێ قەوماندا بەچەشنی دیلەکانی حەجحاج یەکسەر گوتوومانە «*بەخوا من هیچم نەکردووە هەموو فلان کەس بوو*» هەمان تێگەشتە و رەفتارمان هەیە بەرانبەر بە دین؛ وا دەزانین دەبێ زوو لەدەمی یەکتر بدەینەوە و خەبەر لەیەکتر بدەین و زوو یەکێکمان سزا بدرێت دەنا رەنگە هەموو تووش بین.

خەڵکی ئازاد و نیشتیمانپەروەر هەرگیز بەو جۆرە بیر ناکەنەوە. ئەو ئایەتەی کە دەفەرمێ «واعدوا لهم ما استطعتم من قوة، ص ل ع» تورکێک و فارسێک کە دەیخوێنێتەوە یەکسەر خەیاڵی بۆ «نا تورک و نا فارس» دەچێ؛ کەچی عێراقییەک و کوردێک یەکسەر بیری بۆ هاوسێکەی و عەشیرەتەکەی تر و شارەکەی تر و حیزبەکەی تر «ئی نێو گەل و وڵاتی خۆی» دەچێ. ئەوەیە جیاوازیی هەبوون و نەبوونی ئینتیما.

٩- هەر پرسیارێکی شەرعی، دینی، کۆمەڵایەتی لە هەر عێراقییەک بکەیت وەرامەکەی دەزانێت و دەڵێ «خوا ئەوهای فەرمووە، دەبێ وابکەین و وابچین» وەک بڵێیی خەڵکێکن وڵاتیان داگیرکراوە و ناچارن بە دەرخکردنی هەموو دەقەکانی یاسا لەترسی سزایەکی کە ئێستا نا ئێستا پێیان دەگات بە دەستی باوک، دایک، برا، خزم، شێخ، مەلا، ئاغا، خەبەرچی، حوکمەت، نووسەر، مامۆستا، هاوسێ، خەڵک، دۆست، دوژمن، دێو، شەیتان و هتد.

ئەم قسانەش لە کەسانێک دەبیسی بۆ نموونە لە مەیخانەیەک دانیشتوون مەی دەخۆنەوە، کەچی بەتوندی بەرگری لە دەقی دین دەکەن؛ جا بپرسە «کەواتە بۆچی خۆت ئەو شتانە پێڕەو ناکەیت؟» ئەوسا دەیان پینە و پاساو باس دەکەن و ئاهێک هەڵدەکێشن و دەڵێن «چ بکەین بەختمان نییە دەنا جاران مرۆڤ ئەوها بوون و هەر ئێمە خراپین و دەبێ وەکوو جارانمان لێ بێتەوە». ئەوجار بەتوندی بپرسە «کەی»؟ ئیتر هەر ئەم پرسیارانەن کە هەزاران ساڵە دەکرێن و دەکرێنەوە و هەرگیز بە هیچیان ناگەیێنێت. خوێنەران وەبیر دێنمەوە کە لەسەرەتای کتێبەکەدا ئاماژە بۆ تێگەیشتنی بەرانبەر هەرەمەکان و ئەمەریکا و ئەو شتانە کران. ئەم دیاردەی کە ئێستا باس کرا هەمان شتە «ئاخ زەمانی جاران».

سەیر نییە کە ڕۆژانە و ساڵانە کەسانێک دەبینی ساڵێک دەبنە مارکسی، ساڵێک فرۆیدی، ساڵێکی دیکەش دەبنە ئیسلامی. هەموویان



بەتوندی دەگرن و بەتوندیش لێیان هەڵدەگەڕێنەوە؛ ڕەفتارەکانیشیان هەر لەخەفەتانە و لەڕقانە و لەشەرمانەیە. ئەوجار هیچ پەسند ناکەن و دڵیان بە هیچ ئۆقرە نابێت؛ ئەگەرچی هەموو دار و دیواری عێراق لەسەریان نووسراوە «هذا من فضل ربي، القناعة كنز لا يفنى، وان شكرتم لأزيدنكم» لەناخیشدا وا خۆیان دەخۆنەوە کە خۆ بە شایستەترین و مافخوراوترین مرۆڤی سەر رووی زەمین دەزانن.

کە ئەنجامە بەدەکانی ئەم دەروونە گەندەڵە ساغ دەبێتەوە، هەمان کوێرەوەری بەرپا دەکەنەوە، ئەوەی پێش ئیسلام و پاش ئیسلام کردوویانە کە دەڵێن «خوا ئەوهامان لێ دەکا چونکە شەریعەت جێ بەجێ ناکەین»؛ خۆ ئەگەر بێینە سەر راستی نەک دین، بەڵکو تەنیا شیعر و پەند و کولتووری عەرەبی بای ئەوە بوونە کە هیچ کون و کەلێنێک نەهێڵنەوە «ئەوها باشە و ئەوها خراپە»؛. بەڵام ئەوە مێشکی خەڵکەکەی سواندووە وەکو منداڵێکی دەردەدار هەندە دەرمان و ئەنتیبایۆتیکی خواردووە ئیتر دەرمانەکان هیچی تر کار ناکەن. بەڕای من نەک ئایەت و پەند و ئامۆژگاری، تۆپ و تەیارەش کاری ئەو کەسە ناکات کە گەیشتووەتە رادە قووڵەکانی خۆبیاتی و دووڕوویی.

لە کۆتاییدا با یەک نموونە باس بکرێ. گریمان دوو خێزان هەن کە هەردووک لەسەر دزی و تاڵان دەژین. خێزانێکیان بەئاشکرایی و بەهاوکاریی لەگەڵ یەکتر لە بەیانییەوە تا ئێوارە پلان دادەڕێژن بۆ دزی. خێزانێکیش هەیە لە بەیانی تا ئێوارە یەکتر سەرزەنشت دەکەن و سوێند و تەڵاق دەخۆن کە «نابێ کەس دزی بکات و ئەوەی دزی بکات پارچە پارچەی دەکەین»؛ کەچی هەرهەندە شەو داهات، یەڵڵا بۆ دزی و تاڵان. گومان نییە کەوا هەردووک خێزان تاوانبارن و دەبێ سزا بدرێن؛ بەڵام باوەڕم وایە خێزانە دووڕووەکە ڕۆژانە دەیان جار بەدەستی یەکتر سزا دەدرێن.

جیاوازیی ئەرز و ئاسمان هەیە لەنێوان کەسانێکی کە لەپێناو شادومانیی خۆیاندا دەژین، لەچاو کەسانێکی کە لە ڕقی یەکتر بە دووورڕوویی دەژین و بە دووڕوویی دەمرن. پەرۆشی گەورەش لێرەدا بۆ کەسانی رۆشنبیر و شادیخوازە یاخۆ خەڵکێکی سادەی بێ تاوان کەوا ئەگەر بە هەموو دڵسۆزییەوە بخوازن ژیانیان باشتر لێ بکەن ئەوسا بە نەشاز و بە هەموو ناوە بەدەکانی نێو فەرهەنگەکان ناو دەنرێن.



## سەدەی بیستەم

ئێستا دەبینین چۆن شەڕ و کوشتن و یەکتر بڕاندنەوەیەکی سەیر لە ئارادایە. هەرچی دێتە سەر تەلەفزیۆنیش دەڵێ «العراق بلد الحضارات». برام، قسەکە راست بکەنەوە و بڵێن «*العراق بلد حضارة المدينة الانثوية المتكبرة الكريهة والتي أشعلت الموجات ذكورية حاقدة علي أى شىء وكل شىء انثوي وحضري. لا إمتزاج ولا إخصاب ولا إنتماء ولا حضارة في مهد الحضارة*». ئینجا هەزاران کەس بەدەستی یەکتر دەکوژرێن کەچی هەموو دەڵێن «هذوله مو عیراقیین». ئەدی کێ عێراقییە؟

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئینگلیز ئەم دەوڵەتەیان لەسەر شوێنەواری دەزگاکانی عوسمانلی زیندوو کردەوە. نەخشەیەکی مەیلەو نوێیان بۆ ئەم دەوڵەتە دانا و بە وەرگرتنی سوود لە توانا سروشتییەکانی عێراق لە دروستکردنی دەوڵەت و سوپادا سیستەمێکی بەهێزیان پیادە کرد.

ئینتیما سستەکانی عێراق هەستانەوەیەکی تازەیان بەخۆوە دیت. شیعەکان (کۆنە وڵاتی سۆمەر و بابل) وەک هەمیشە پێش هەموو کەس دژی ئینگلیز هەستانەوە؛ سوننەش (کۆنە وڵاتی ئاشوور) وەک هەمیشە تێکەڵ بە هەیکەلی دەوڵەت بوونەوە. ئینجا بەسوێند و پاڕانەوە شەریف حوسێنی مەکەیان رازی کردووە ئەمیر فەیسەڵ ببێتە پاشای عێراق. بەڵێ بەچەشنی ئیمام علی نەکوژرا؛ بەڵام کوڕ و نەوەکانی کوژران.

ئەم هەستانەوەی عێراق لە سەردەمی پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازی رووی دا. هەروەها پایتەخت و دەرامەت و زۆر شتی ئامادەیان هەبوو. بەکورتی خاکەکە هەبوو، بەڵام خەڵک ئینتیمایەکەی نەبوو. بەغدا بۆ ماوەیەک رۆڵی پایتەختی گێڕا و ئەمجارە گەلی کورد و ئیسرائیل و ئەمەریکا و رووسیا و ئێران و کوێت و هتد (هەر جارە یەکێک) بوون بە شەیتانی تازە بۆ سیاسەتمەدارانی عێراقی تاکو جۆرێک پینە و

یەکگرتوویی ببووژێتەوە. خودا هەڵناگرێ فەریکە هەستێکی نیشتیمانی و بەرپرسێتی و دەوڵەتپەروەری پەیدابوو و ئیستاش هەستی پێ دەکرێ؛ بەڵام ئاگری نەفرەت و خۆبیاتی لە بن کایەکە دەگەشایەوە و لە هەر کاتێکدا عێراقی دەستیان بووبێتەوە، یەکسەر خۆبەخۆیی خوێنی یەکتریان ڕشتووە و کودەتا لە دوای کودەتا ڕووی دەدا لە نێوان خودی دەوڵەت پەروەراندا.

کولتوور و میراتێکی کۆمەڵایەتیی پڕ لە قسەی قەبە و تووڕەیی، ئینجا هەستێکی زۆر قووڵ کە «کەس وەکو خۆمان شایستە نییە و هەموو دنیا دوژمنمانە» ، ئەمانە تەشەنەیان کرد و هاوکاتیش بوون لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیر و باوەڕی دیمۆکراسی و سۆشیالیستی گوایە «میللەت زۆر باشە و هەموو خەتای حوکمەتەکەیە.» بەدەردی عزیزی کریمی مۆنۆلۆج بێژ دەیگوت «منه منه کلها منة... مصايبنا وطلايبنا كلها منه» . ئەو مۆنۆلۆجە بچووکە کاکڵی بیروباوەڕی عێراقییەکان دەنوێنێت، خۆیان درۆکە دەکەن و خۆیان باوەڕی پێ دەکەن. سوننەکان ئەوهایان خستە نێو مێشکی خۆیان گوایە خاوەن دەوڵەتێکی ٦٠٠٠ ساڵی بوونە؛ بەڵام ئینگلیز لێیانی تێک داوە. کەس بە خۆی نەگوت ئەگەر ئینگلیز نەبایە ڕەنگ بوو تا ئێستاش لەژێر پۆستاڵی توركدا بان. نەک هەر ئەوە بەڵکو لە جەنگی ئێرانەوە تا ڕمانی بەعس، یەکیەتی عێراق بە پاڵەپەستۆی ئەنگلۆئەمەریکی ماوەتەوە، واش هەر سوودی نییە و هەستی شایستەیی و چەوساوەیی کوێری کردوون. ئەمەش نەک بەواتای کە شیعە و ئێمەی کورد زۆر لە سوننەکان باشتر بووبن، بەڵکو هەرکەس بیانگەیەکی دۆزییەوە بۆ ئەوەی بڵێ «ئەها! کەواتە من یەک تاوانم نییە و هەموو سووچی ئینگلیز و حوکمەتی خائینە و سەدام و...، هتد» . ئێمەی کورد تا ئێستاش کە بە یەکێک دەگوترێ «عێراقچی» وەک سووکە جنێوێک وایە.



چینی ناوەند، تەنانەت ئافرەت و مێیەتیش کە نیشانەی شارستانەتین، لە عێراقدا شکستێکی گەورەیان تۆمارکردووە لە مێژوودا. ئەگەر وەکو «شار» باس بکرێن ئەوا هەر کاتێک ئازادی و دەوڵەتی شار هەبووە یەکسەر تێک بەربوونە، کە دەوڵەتی ناوەندیش پەیدابوون خۆبیاتی ئەستوونی گۆڕاوە بۆ خۆبیاتی ئاسۆیی. دەنا ئەگەر وەکو مرۆڤ و کۆمەڵگە باس بکرێن دەبینین لەخۆبایی بوونی ئافرەتانی چینی دەسەڵاتدار و بازنەیەک دەوڵەمەندی سەدەی بیستەم، هەمان ڕۆڵی «بێگانەبەدەریی و تەمییزی» گێڕاوە لە ورووژاندنی هەژار و ژێردەستەکان؛ بۆ نموونە لە سەدەی ڕابردوودا کە تا ڕادەیەک هەستی نیشتیمانپەروەری و دادپەروەری زیاد بوو، هەم لەچاو خۆبیاتی و هەم لەچاو ئومەمییەت- واتە «إنفصام»-ەکەی کۆمەڵگە کەم بووە؛ کەچی خۆبیاتی ئەستوونی بوو بە خۆبیاتی ئاسۆیی (چینایەتیی نێوان دەوڵەمەند و هەژار) . حسن العلوی باسی کامل چادرچی دەکا چۆن بێزی لە «جعفر ابو التمن» کردووە بەبیانووی ئەوەی کە لەکاتی چای خواردنەوەدا «*فرەفری دەکرد*» . ناوبراو دەڵێ «ئەگەر چادرچی سیاسەتمەدارێکی وەک جعفری بە مێوان ڕانەگرێت، کەواتە دەبێ لەگەڵ خەڵکی ئاسایی چۆن ڕەفتاری کردبێت؟» ئینجا دەڵێ «بۆیە سیاسەتمەدارەکانی عێراق خۆشەویست نەبوون»[1] .

من بەو سەردەمە ڕانەگەیشتووم؛ بەڵام لە هەفتاکانەوە تا سەرەتای نەوەتەکان بەغداییم دیتبوو چۆن بە پارە دەگۆڕان. زمانی کوردی وشەیەکی زۆر پوختی هەیە «نەدیتکە» . کەس فریشتە نییە بەڵام چاوتێر ئەگەر هەژار بێت یان دەوڵەمەند، باوەڕ ناکەم بەم جۆرە بە پارە و پایە بگۆڕێن. لەم بوارەدا تاوانێکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی ئافرەتی عێراقی کەوا چاویان بە هەموو بریقەوباقێکی بێگانە و بەهەموو شتێکی مادی و واتایی

(١) دولة المنظمة ١٧.

«مستورد» هەڵدەفڕێ و لێیان نەدەوەشایەوە. هەروەها چینی ناوەندی «ژن و پیاو» کاتێک دەسەڵاتیان دەبوو، دەیان جۆر ئاڵۆزییان دەخستە نێو زۆربەی ئیشەکانی خەڵک. لاساکردنەوەیەکی زۆر ناشیرنیان دەنواند بۆ رەوشتی ئەورووپا و عەرەبی خۆرئاوا کەوا چاویان پێیان هەڵفڕیبوو. عێراقی لەوەشدا دابەش کراون. هەندێک دەیانەوێ زەمانی عەباسی و عەنتەر نوێ بکەنەوە، کەچی شارستانییە «پێشکەوتنخوازەکە» دەیەوێ دەقاودەقی شارستانەتیی ئەورووپایی پێڕەو بکرێت؛ بەچلەی هاوین قایش لەنێو سەیارە ببەسترێت و جگەرە نەکێشرێت گوایە رێبازێکی زانستییە. باشە ئەگەر زانستییە، کەواتە بەتەواوی زانستی بن و بزانن کە خاک و هەوای عێراق و هەر وڵاتێکی ئەوها گەرم، رێگەی ئەو جۆرە رۆتین و لەسەرەخۆیی و بیرۆکراسییە نادات؛ بەڵکو کاردانەوە دروست دەکات بەپێچەوانەی مەبەست.

ئەو هەموو رێبازە چەوتانەی پێشووی شارستانییەکان ئەنجامەکەیان ئەوەبوو خەڵکەکە شاپێکیان لە هەموو نیزام و یاسا هەڵدا و رێبازی شەمشوونیان گرت کە دیکتاتۆرێک ستەمێکی یەکسان بسەپێنێت نەک ئازادی هەبێ کە رێگە بدات کەسێک بڵێ «من بەرزترم». بەرزکردنەوەی مافی ئافرەت لە کۆمەڵگە عەشایەرییەکانی عێراقدا بۆ سنوورێکی گونجاو، ئەوە شتێکی زۆر گرینگە بۆ ئارامیی ئەم دەوڵەتە. بەڵام لەهەمان کاتدا مێیەتی، هەم وەکو رەوشتی شارستانی هەم وەکو ئافرەتی عێراق، رێگەیەکی زۆر درێژ و ئاڵۆزی لەپێشە بۆ ئەوەی نێرەتی دڵنیا بکاتەوە کەوا هیچی تر مومارەسەی خۆییاتی و بێگانەبەدەری و دووڕوویی ناکات. نێرەتیش، کە ئەو باڵادەستە، رێگەیەکی دووری لەپێشە بۆ داماڵینی میراتی گەندەڵ و قسەی قەبە و دڕندایەتی.

لایەنە بەدەکانی مێیەتی وەکو پارەپەرستی، واستە، فەرق و جودایی و فرت و فێڵ، خۆ جوداکردنەوە سەرپێچی کردن لە یاسایەکی کە بەدەستی



خۆیان دانراوە، لووتبەرزی و بێگانەبەدەری و هتد! ئەمانە و جۆرانی زۆر شتی تر وایان کردووە رەوتی نێر، عەسکەرتاری، ئاغایەتی، دیکتاتۆرییەت، خوێنڕێژی، تاکڕەوی و هتد، بێز لە مێیەتی و شارستانەتی بکەن؛ ئێستا لەوەتی صەددام نەماوە دەبینین خۆییاتی لەسەر شێوەی واستەکاری بە جۆرێک تەشەنەی کردووە کەوا رێگە خۆش دەکات بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەتێکی ئەوها کە لە صەدام توندوتیژتر بێت. ئەمەیە دەردی عێراق و هەر ئەوەبووە شکستی بە شارستانەتی و پێشکەوتن هێناوە بەدرێژایی مێژوو.

باوەڕم وایە سەدام و هاوڕێکانی کاردانەوەیەک بوون دژی نموونەکانی پێشوو؛ واتە دژی دەوڵەمەندی لووتبەرز و لەخۆشێواو، ئینجا دژی کۆمەڵگەی خاوەن ئینتیمای تەسک کە هەر جارە لە بەرگێکدا خۆی نواندووە وەک شارپەرستی[1]، دین و مەزهەب، حزب و.... هۆکاری

(١) دەبێ ئەوە بزانین کە سەدام خەڵکی «شار»ی تکریت نییە و باوەڕم وایە هەستی بەو بێگانەبەدەرییە کردووە کە تکریتیە (ئەسڵییەکان) کردوویانە دژی گوند و عەشایەری دەرەوەی شار. شارپەرستی لە عێراقدا وەکو کوردستان هەندە بە زەقی نەمابوو. لە باشووردا لەژێر بەرگی شیعایەتی داپۆشراوە، بەڵام ئەگەر بێت مەترسیی دەرەکییان لەسەر نەمێنێ ئەوسا دوور نییە -بۆ نموونە دەیڵێم- کەسانێک پەیدا بن بڵێن «ئیمام حوسێن لە ئیمام عەلی گرینگترە» ئەوەش بۆچێ؟ چونکە خۆیان کەربەلایین. تەنانەت لە تەلەفزیۆن بیستوومە نەجەفییەک داوای کرد نەجەف ببێتە پایتەختی عێراق. قسەکەرەکە بەتەلەفۆن لەگەڵ بەرنامەیەک دەدوا گوتی «وترجع النجف عاصمة العراق کما کانت». نازانم چۆن لەخۆڕا دایناوە نەجەف پایتەخت بووە مەگەر مەبەستی لە کووفە بێت. سەبارەت بە باکووری عێراق، شوێنەواری شارپەرستی تەنیا لە چەند شارێک ماوە. لە باکووری دیجلە مووسڵ لەسەرووی هەموویانەوە دێت؛ ئەوە هێشتا زۆر زەقە. ئینجا تکریت و کەمتر سامەڕا. لە باکووری فوراتیش شارۆچکەکانی وەک عانە و راوە و ئالووس و هتد؛ بەڵام نەک رەمادی و فەللوجە کە لەوێدا عەشیرەتگەری باوە.

دەرەکیش هەبوو لە ریشەکێشکردنی هەستی نیشتیمانپەروەری. ئیسرائیل و کۆمیوونیزم (ئەوپەڕی خۆییاتی و ئەوپەڕی ئوممەمییەت) کاردانەوەیان دروست کرد بەرەو عرووبەت و ئیسلامەتییەکی توندڕەو. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەمان شت بەسەر هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووە، واش هەر کەس بەو رادە دەستی لە قوڕگی براکەی رانەکردووە بە بیانگەی ئیسرائیل و کۆمیوونیزم یاخۆ بە بیانگەی لوتبەرزیی دەوڵەمەندەکان.

بەڕای «حسن علوی» ، سەدام و رژێمەکەی بەرجەستەکردنی ئینتیمایەکی تەسک بووە لەبەرگی عورووبەتدا. ناوبراو دەڵێ «*نعرة تكريتية لم يعد معها الانتماء القومي ولا الولاء الحزبي معيار تقيم المواطن العراقي. وبسرعة نمت ولاءات محلية وعائلية وإقليمية وهو امر يدعوا للدهشة*» .[1]. هەروەها باوەڕی وایە «عبدالكريم قاسم» تاکە سەرۆکێک بوو بایەخ بە عێراقیێتی بدات[2]. ئەگەر وابێت، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش: ئایا مامۆستای ناوبراو هەمان شتی نەکردووە کەوا تا «عبدالكريم» مابوو دژایەتی کرد و دواتر پەشیمان بووە. من رێزێکی تایبەتیم بۆ نووسینەکانی هەیە و بەڕای من دەبێ عێراقی پەیکەری بۆ دروست بکەن (بە زیندوویی نەک پاش ئەوەی کە دەمرێ) بەڵام ئەویش هەر لەو کۆمەڵگە هەڵکەوتووە و رەنگە من و تۆش هەمان گرفتمان هەبێت بەرانبەر حاکمی مردوو و حاکمی زیندوو.

هەر چۆنێک بێت، وەک بیستوومانە «عبدالكريم قاسم» بەرانبەر قەومییە عەرەبەکان پشتی بە کۆمیونیزم بەست. ئینجا دواتر پشتی لەوان کرد، رەنگە بەمەبەستی عێراقیێتییەکی نیشتیمانی بووبێت. ئەوسا کەس

(١) دولة المنظمة. ٢٧

(٢) دولة المنظمة. ٣٥



لەپشتیدا نەما و بوو بە پاروێکی ئاسان بۆ عەشایەری باکووری دیجلە و فورات. مەسەلەکە هەمان راستی دەگەیێنێت کەوا رەوتی نیشتیمانی لە وڵاتی وەک میسر و تورکیا و ئێران و توونس (وڵاتی یەک پایتەخت) سەرکەوتوو دەبن. بەڵام لەوڵاتی بێ ئینتیمای نیشتیمانیدا- کە کەسێک دەڵێ «من عێراقیم و بەس» باوەڕ ناکەم کەس تێی بگات یان پشتی بگرێت. عێراقی واتە چی؟ خەڵکە بێ ئنتیماکان دەپرسن. ئیتر بخوازین و نەخوازین، خەڵکی خۆبەخۆ لە ئەنجامدا دەکەونە ژێردەستی کەمینەیەکی یەکگرتوو. با بە زمانی عەرەبی بینووسم «*الأكثرية المتناحرة عاجلا ام اجلا تسيطر عليها أقلية متحدة*» .

خەڵکی عێراق لە ئەزموونەکەدا سەرنەکەوتن. ئاسانترین بەڵگە بۆ نەفامی لە ئەزموونێکی زۆر ئاساندایە. با یەقەی کێشەی کورد و شیعە و سوننە و ئەمەریکا و ئەو قسە قەبانە نەگرین. فەرموون لەگەڵ بچووکترین ئەزموون، کێشەی کارەبا. هەر هەموو هاواریانە کە «کرێکاری کارەبا خائنن و پارێزگار خائینە و حوکمەت خائینە» ، بەڵام کەس ناڵێ دەبێ میللەتەکە نرخی راستەقینەی کارەبا بدەن. ئامادەن پارەیەکی زۆر لە مووەلیدەی گەڕەک بدەن بەڵام حوکمەت، ئەمەیان دەبێ بەرەڵڵایی بێت واش هەر هات و هاوارە کە «*ئێمە فەقیرین، ئێمە شایستەین چۆن دەبێ باسی پارە بکرێت پارە عەیبە و میللەت هیچ عەیبی نییە و هەر «مەنسوول»ەکان خراپن و هتد*» .

ئەمڕۆ ئەوانەی کە دەوڵەتەکەیان راگرتووە عێراقی نین؛ بەڵکو بێگانەکانن هەر لە ئەمەریکاوە تا عەرەب تا تورک و ئێرانیش؛ هەرکەس بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆی و لەترسی یەکتر دەیانەوێ ئەو خەڵکە بێ ئینتیمایانە پێکەوە بژین. ئایا ناکرێ بەغدا بکرێت بە قیبلەی نیشتیمانپەروەری و سەرلووتکەی پێشکەوتن؟ وەرامەکە بۆ مرۆڤێکی دەروونئازاد ئاسانە بەڵام بۆ خەڵکی ژێردەستە و خاوەن ئینتیمای راکێشراو

(مستَقطَب) ئەوە دەبێتە پرسیارێکی ترسناک کە موچڕکیان پێدا دێنێت «چۆن دەبێ بەغدا بەگرینگتر و پیرۆزتر بزاندرێت لە قورئان و ئینجیل و قاهیرە و مەککە و مۆسکۆ و نەجەف و دیمەشق؟» ئۆۆۆۆ قیامەت دەقەومێ.

پاش تەقاندنەوەی پرسیارێکی ئەوها ڕەنگە هەر عێراقییەکی خاوەن هەست، ئاهێک هەڵبکێشێت کە بریا عێراقیش وەکو ئینگلستان و میسر و ئێران بایە؛ بریا وەکو ژاپۆن مەترسیی بوومەلەرزە هەبایە تاکو هەرنەبێ هەموو خەڵک پەرۆشی یەک شتیان هەبایە. بریا نەفتەکە نەبایە ئێستا وەکو کۆمەڵگایەکی ئاسایی لەسەر پنجی خۆی هەڵدەکەوت. خۆزیا و بریا و ئاخ و ئۆف... منیش دەڵێم «بەڵێ ئەم خۆزگانە نایەنە دی؛ چونکە عێراق سنووری دابڕاوی نییە و بوومەلەرزەش لێی نادات. بەڵام ئایا ناکرێ نیشتیمانپەروەر بین و بەس؟»

باوەڕم وایە سیستەمی پاشایەتی دەستووری تاکە مایەی ئارامبوونی دەوڵەتێکی ئەوهایە. بەڵام پەلە مەکەن، با بەغدایییەک دوور بەدووری سەیری ئەفغانستان بکات و لە خۆی بپرسێ ئایا لە هەر چرکەیەکدا پاشایەک هەڵبژێرن و دامەزرێن باشتر نییە؟ پاشایەتی ئەوە نییە خەڵک وا دەزانن دەبێ شیوەنێکی ژنانە بکەین و خۆ بەقوربانی یادی بنەماڵەی هاشمی بکەین؛ بەڵکو ئەوە دەڵێم کە ئەگەر عێراقی تۆزقاڵێک نیشتیمانپەروەر بان، ئێستا دەیانتوانی هەر کەسێک (ژن و پیاو) هەڵبژێرن وەک رەمزێک بۆ یەکیەتیی دەسەڵات. ئەگەر یەکیەتیی هەستی ئینتیماش نەبێت، دەکرێ سیستەمێک بۆ یەکیەتی (ولاء) پەیدا بکەین. ئەوسا هەر جارە حزبێک بەگوێرەی توانا رابەرایەتی بەدەستەوە دەگرت.

گرفتەکە لە خودی عێراقییاندایە؛ تەنانەت لە خودی مەلەکییەکانی ئێستادایە. مەلەکیی راستەقینە ئەو کەسەیە کە دەستوورپەروەرە، دەست لە چاوی پاشا و تیرەکەشی رادەکات ئەگەر یەک موو لە یاسا لا بدەن.



خاڵێکی دیکەش هەیە کە زۆر گرینگە؛ پاشا و خەڵکی مەلەکی دەبێ نیشتیمانپەروەر بن؛ واتە نە تیرەپەرست بن (ئینتیمای تەسک) و نە ئومەمی (ئینتیمای فراوان)، ئەمەش دەگمەنترین دراوە لە بازاڕی عێراقدا.

ڕۆژی ١٩٩٤/٦/٢٢ بزووتنەوەی مەلەکی عێراقی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بەست لە هەولێر. بەڕێز «خالید التمیمی» سەرپەرشتیی کرد. خۆم ئامادەی ئەم کۆنگرەیە بووم و بایەخێکی گەورەم پێ دەدا کەوا لە ١٩٥٨ەوە کەس نەوێراوە باسی پاشایەتی بکات. پرسیارێکم ئاراستەی بەرێزی کرد «ئایا شەریف عەلی تا چەند شارەزای خەڵکی عێراقە و ئایا شێوەزمانی عێراقی دەزانێت» وام دەزانی بایەخێکی گەورەتر بە عێراقێتی دەدەن پاش ئەزموونە تاڵەکەی ڕابردوو، کەچی لە وەرامدا گوتی «بەڵێ شێوەزمانی عێراقی دەزانێت بەڵام ئەوە گرینگ نییە؛ چونکە ئێمە هەموو عەرەبین و لە بیابانی عەرەبییەوە هاتووین. بۆ نموونە عەشیرەتی خۆم تەمیم بەئەسڵ لە فلان هەرێمەوە هاتوون و...». یەکسەر زانیم کە ئیشەکە ئاسان نییە.

ئینتیمای خەڵکی عێراق وەک تفەنگێک وایە، جارێک کورت دەکات و جارێک سەر دەکات؛ بەڵام هەرگیز نیشانەکە ناپێکێ. لە ئینتیمایەکی تەسکەوە یەکسەر پازێکی دوور و درێژ دەهاون بۆ عەرەبایەتی و ئیسلامەتی و کۆمیونیستی و هەر جۆرێک ئومەمییەت و ئینتەرناسیۆنالیستی؛ بەڵام هەرگیز نایەتەوە سەر هێڵی نیشتیمانپەروەری. ئەم قسەش قسەی من نییە بەڵکو قسەی خودی شا فەیسەڵی یەکەمە کەوا پێش ئەوەی بمرێ لە ١٩٣٣دا یاداشتنامەیەک ئاراستەی گەورە بەرپرسەکانی عێراق دەکات و دەڵێ.

*«ان لبلاد العراقية ينقصها أهم عنصر من عناصر الحياة الاجتماعية ذلك هو الوحدة الفكرية والملية والدينية»*... تا دەڵێ *«في العراق أفكار*

*متباينة و تنقسم إلى، الشباب المتجددون بما فيهم رجال الحكومة، المتعصبون، السنة، الشيعه، الأكراد، الاقليات غير المسلمة، السواد الأعظم الجاهل المستعد لقبول كل فكرة سيئة بدون مناقشة"*... تا دەڵێ «*مملكة تحكمها حكومة عربية سنية مؤسسة على أنقاض الحكم العثماني تحكم قسما كرديا وأغلبية شيعية منتسبة عنصريا إلى نفس الحكومة إلا إن الإضطهادات التي لحقت بهم جراء الحكم التركي لم يمكنهم من الأشتراك في الحكم"... تا دەگاتە خاڵی هەرە گرینگ و دەڵێ "باعتقادي لا يوجد في العراق شعب عراقي بعد، بل توجد كتل بشرية خيالية خالية من أي فكرة وطنية.*»

دەک دەست و زاری خۆش بێت لەگەڵ ئەم گەوهەرانەی قەڵەمەکەی. خوێنەر با لەم رستە ورد بێتەوە «کتل بشرية خيالية خالية من أي فكرة وطنية». شا فیصل خۆی بە پەروەردەی شۆڕشی عەرەبی مەزن بووە و هەرچی پێی دەگوترێ عورووبە و ئیسلام ئەو تێدا کوڵابوو؛ کەچی دەبینێ تازە بەتازە خەڵکی عێراق سمێڵیان زەرد دەکەن و ئاخر شت بەخەیاڵیان دابێت عێراقە.

پاشایەتی و میرایەتیی دەستووری ئارامترین و سەرکەوتووترین سیستەمی سیاسییە لە جیهاندا. فتیلی تەڕاتێنەی دەسەڵات لادەدات و ئەوساکە کەس ناڵێ «جا بۆچی فلان کەس سەرۆک بێت، خۆ لەمن پیاوتر نییە». سوورییەکان شتێکی باشیان کرد بە دانانی کوڕی سەرۆکی کۆچکردوو لە جێگەی باوکیدا. خاڵی تەلەسماوی لە مەسەلەکەدا ئەوەیە کە دەسەڵاتپەرستەکان هەر کەس لەجێوە دەڵێ «یاڵڵا دەی، لەبەر خاتری باوکی» لە راستیدا ئەم قسە بچووکە مایەی هەرە گرنگە بۆ ئارامی. بەڵام بەداخەوە هەر سەبارەت بە سووریا هێشتا ئاگربڕی لە نیفاق و عەنتەرییاتی ناوەخۆ نەکراوە و رەنگە هەرگیز هەنگاوە ڕاستەکە نەنێن کە بیکەنە پاشایەتییەکی ڕوون و ئاشکرا؛ بەڵکو حەز لە عەنتەرییاتەی بەعس



پەروەر دەکەن. گریمان رەفعەت ئەسەد بوو بە پاشا، ئەوسا بەگوێرەی ئاستی رۆشنبیریی خەڵکەکە پاشا دەبێتە رەمزێک؛ یاخۆ وەک «محمد حسنین» هیکل باسی خوان کارلۆس، پاشای ئیسپانیا دەکات دەڵێ «*وەکو پۆلیسی هاتوچۆ هەر جارە رێگە بە حزبێک دەدات و لە کاتی پێویست رێگە رادەگرێت*(١)» هەم خۆی دەحەسێتەوە و هەم خەڵکەکە.

بەڵام ئەوە بەهیچ شێوە ناوەستێتە سەر خودی حاکم و حیزب بەتەنیا؛ بەڵکو رۆڵی خەڵکەکە زۆر گرینگترە. بۆ نموونە با باسی سووریا نەکەین بەڵکو هەرێمی کوردستان. هەر لەم ساڵانەی دوایی کە تیرۆر و تەقینەوە زۆر بوون، لە هەولێر زاڵگەی پۆلیس خەڵکیان رادەگرت و بەوپەڕی رێزەوە رەفتاریان دەکرد. کەچی خەڵکەکە ناویان لێنان «*سەیتەرەی فەرموو کاکە*». کەواتە دیسان خۆمان بەدەستی خۆمان داوای خواوەندێکی تۆقێنەر دەکەین. سەیرە ئەم فیکرە توندوتیژە بەرانبەر پاشا و سەرۆک بڵاو بووەتەوە کەوا دەبێ خواوەندێکی سەرهەڵقەنە بێت؛ دەنا کەس رێزی لێ ناگرێت. لە راستیدا ئەمە یەکێکە لە دیاردەکانی ژێردەستەیی و مێیەتی. ئەوە ڕەوشتی کۆیلەکانە کە هەموو فرت و فێڵێکیان دەزانی و رێزیان تەنیا بۆ کوتەک بوو. ئایا ئەم یەخسیرییە دەروونییە بۆ سەرۆک و خواوەندی تۆقێنەر خۆشە؟ وا بزانم ئەوەش جۆرە ئیدمانێکە کە دەبێ بە پەستەکێکی قورس هەمیشە بەسەر شانانەوە هەبێت.

زۆربەی دیکتاتۆرەکانی جیهان لە سەرەتادا بەناوی ئەوە حوکمیان کردووە گوایە دیکتاتۆرێک و پاشایەکی تیرەپەرستیان لاداوە؛ خەڵکەکەش بەناوی یەکسانی پشتیان گرتووە. بەڵام پاش چەند ساڵێک کەمینەی شۆڕشگێر یاخۆ کەمینەی دەستڕەنگین (الأقلية المبدعة) دەبنە کەمینەیەکی دەسەڵاتدار (أقلية مسيطرة). لە کۆتاییشدا کوڕی حاکمەکە لەشوێنی

(١) محمد حسنين هيكل، زيارە جديدة للتأريخ.

باوکی دادەنێنەوە، بۆچی؟ ئاخر ئەوە کوڕی ئەو کەسەیە دژایەتیی پاشایەتیی کرد. دەباشە ڕۆژی خۆی نەدەکرا بەرانبەر پاشا هەندە دووڕوو نەبن و «فیلەکەی خاوەن شکۆ» ڕەت بکەنەوە؟ بۆچی هەر دەڵێن «بەڵێ قوربان بەڵێ قوربان» لە بنەوەش هەزار ئاخ و ئۆف و جنێو دەدەن.

ئەم فیکرە دینییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەبێ هەر شوکور بێن و هەرچی بقەومێ هەر بڵێن زۆر باشە ئەمە خۆی زادەی سیستەمی حوکمی پێش هەزاران ساڵە و لە هەمان کاتدا، کە بووەتە دین و غەیب دیماگۆگییەت، ڕەنگدانەوەی لەسەر باری سیاسی پەیدابووە؛ واتە لە ئەنجامدا حاکم دەبێتەوە ئەو «پیاو»ە توندوتیژەی کە لە خەیاڵیاندایە، سەدام شایەد... لە ١٩٧٩ کە سەدام کۆنە خەباتگێڕانی بەعسی ریز کرد و یەک بە یەک ناوەکانی دەخوێندەوە بۆ کوشتن، دەتدیت ئەو پووچەڵانە چەپڵەیان لێ دەدا و ئەڵڵاهوئەکبەر و عاش عاشیان بوو. دەک دابڕزێن کە بەدەستی خۆیان ئەم جۆرە خواوەندەیان پەرست. جا سبەی کە دەسەڵاتدارێکی تر پەیدابوو ئەوسا هەمان دووڕوویی بۆ دەکەن و دەڵێن «نا کاکە ئەمەیان جیایە».

حسن العلوي لە «دولة المنظمة السرية» بەسەرسوڕمانەوە باس دەکا چۆن لەنێو ریزەکانی بەعسدا بەرەبەرە خەڵکی یەک ناوچە دەستیان بەسەر هەموو دەوڵەتدا گرت.

من دەڵێم بەعس لەگەڵ باران نەباریون بەڵکو ئەنجامێکی زۆر ئاسایین بۆ خۆییاتی. تاوانباری سەرەکیش پاش صەدام و هەموو دیکتاتۆرێک دوو کەسن کە ٥٠ ٪ بە ٥٠ ٪ تاوانەکە لە ئەستۆیاندایە. هەر لەوەی کە بەکوێرانە رقایەتیی کرد تا ئەوەی بۆی پان کردەوە، ئەم لە رقی ئەو، تاکو مەکینەی زەلام خۆری دیکتاتۆریەت سەری هەردووکیانی خوارد. زۆر ئاسانیشە بگوترێ «*بەعس پیلانی ئیسرائیل بوونە دەنا عورووبەت و ئیسلامی ڕاستەقینە عێراق دەکەنە بەهەشت*». جا ئەوسا دووبارە چاخێکی تر سەرلەنوێ دەست پێ دەکاتەوە. برام ئایا چ دەوڵەتێک پیلانی لەسەر نییە؟ ئەوە بۆچی هەر عێراقی تێک بەردەبن؟

بەڕای من مەلەکی ئەوەیە کە دەبێ -بۆ نموونە- خودی شەریف عەلی و بزووتنەوەکەی ڕێنمای پاشایەتی بن؛ تەنانەت ئەگەر کوڕی سەدام حوسێن و عبدالسلام عارف بە پاشا هەڵبژێردران. بەڵێ ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر نموونەیییە و مەگەر فریشتە بگاتە ئەو ڕادە؛ بەڵام تەحەدای هەرە گرینگ بەرانبەر خەڵکی دەوڵەتپەروەر، ئەگەر مەلەکی بن یان کۆماری، ئەوەیە کە ڕێگە لە دوو ڕەوتە ترسناکەکە بگرن؛ خۆییاتی ئینتیمای تەسک، ئومەمییەت ئینتیمای زۆر فراوان. ئەمەیە خەباتی ڕاستەقینە کە بچووکترین مەرجە لە مەرجەکانی هەبوون و نەبوونی دەوڵەت.

عێراق بەدرێژایی مێژوو هەموو شتێکی هەبووە؛ دەوڵەت و سوپای هەبووە؛ چەک کڵاشەی کردووە؛ پارە بە فەردە ڕژاوە و تا ئێستا دەڕژێت و کەس نازانێ جانتا دۆلارەکە بۆ کوێ دەچێ. سامانی مادی و مرۆیی بەلێشاو هەیە؛ دین و عەقیدە هەموو کون و کەلێنێکی پڕ کردووەتەوە. ملیۆنان عەنتەر هەیە؛ ملیۆنان حۆری هەیە؛ ملیۆنان دڵسۆز و دڵنەرمیش هەبوون و هەن. هەمو شتێک هەبووە، بەڵام دوو شت نەبوون: «ڕاستگۆیی و ئینتیما».

ئێستا گەیشتینە کۆتایی باسی عێراق، مەسەلەی هەبوون و نەبوونی پایتەخت، تەنیا لەوەدا سوودی دەبێت کە تا چ ڕادەیەک هەستی یەکیەتیی ئینتیما دەبووژێنێتەوە. وەک باسیش کرا بەغدا- هێلکە گەورەکەی عێراق- هەرگیز نەیتوانیوە تۆوەکان بتوێنێتەوە. هێشتا دوو نموونەمان لە پێشدایە، وڵاتی یۆنان، ئینجا دەتوانین باسی کوردستان بکەین و بزانین «بۆچی کورد بەدبەختە.»

## یۆنان

لە سەدەی شەشەمەوە (پ.ز) تا پاش سەردەمی مەسیح بە چەند سەدەیەک یۆنان مەڵبەندی هۆشیارترین شارستانەتیی جیهان بووە. ئەگەر کۆمەڵگە بە مرۆڤ بچوێنین، کاریزما و جۆشێکی تایبەت لە کەسایەتیی شارە یۆنانییەکاندا درەوشاوەتەوە؛ بەڵام کە خوویان بە جوانی و لێهاتوویی شارەکانیانەوە گرتووە، ئەو هەموو لێکۆڵینەوە و فەلسەفەیان بای ئەوە نەبوو تێ بگەن کە شارپەرستی ئیدمانێکی کوشندەیە و دواتر بە دیکتاتۆرییەتی عەقیدە کۆتایی دێت. سۆمەرییەکان دەیانگوت خواوەندەکان ئەنلیل (لیل، شەو) و ئووتوو (هەتاو) دەوڵەتی شاریان بە سۆمەرییەکان بەخشیوە. لەسەر هەمان شێواز ئەریستۆ (٣٨٤-٣٢٢پ.ز) گوتوویەتی «*سروشت دەوڵەتی شاری دروست کردووە و هەموو شتێک کە لە دەرەوەی شار بژیت یان دەبێ خواوەند بێت، یان ئەوەتا دەبێ ئاژەڵ و درِندە بێت*» کەواتە خەڵکی «ناشاری» لەلای ئەریستۆ بە مرۆڤ نەزانراون. دەباشە ئەگەر هۆشمەندەکە ئەوها بووبێت، ئەدی کەللەڕەقەکە و نەدیتکەکە چۆن بووە؟ سەیر نییە کە لە ئەنجامدا تووشی هەمان چارەنووسی عێراقییەکان بووبن و لەوێشدا ئەفیوون و دیکتاتۆرییەتی دین، تەنگی بە هەموو دیاردەکانی رۆشنبیری هەڵچنی و ئینتیماکەی تواندەوە؛ بەڵام جیاوازیش هەیە. وەک دیتمان لە عێراقدا کاردانەوەی نێر دژ بە مێ رەگەزپەرستی و ئومەمییەت و عەقیدەیەکی نێرانەی دەسەپاند. لە یۆناندا کاردانەوە دژی رۆمی نێر عەقیدەیەکی مێیانەی بەرپاکرد. دیارە لە هەردووک حاڵەتدا ئومەمییەت و عەقیدەی مێیانە سەرکەوتوون بەبێ هیچ ئاوڕدانەوەیەک بۆ نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری.


مەسیحیاتی لە سەرەتادا بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی عیبری و ئارامییەکان بوو دژ بە شەریعەتی پڕ لە کیف و قەپێلک و بێگانەبەدەریی جووەکانی قودس. بەڵێ لە سەرەتادا هەندێک جوولەکەی هەڵگەڕاوە بانگەشەیان بۆ کرد، بەڵام هەر لە وشەی «ئینجیل» تا ئەو زمانەی کە ئینجیلی پێ تۆمار کرا، تا ئەوەی کە کولتووری دینییەکەی داڕشت، تا ئەوەی کە بە دەروێشانە خوێنی بۆ ڕشت و پەرەی پێ دا، تا ئەوەی ئیمپراتۆری رۆم و ئینجا عەشایەری ئەوروپای پابەند کرد بەو دینە، زۆربەی هەرە زۆر خەڵک و رووح و ئینتیمای یۆنانییەکان بوو؛ چۆن؟

کولتوور و شێوەژیانی یۆنانی، یاخۆ بڵێیم هێلینی، لە سەردەمی ئەسکەندەرەوە تا سەردەمی کیلیۆپاترا حاکمی راستەقینەی جیهانی کۆن بوو؛ کەچی دوابەدوای خنکاندنی دواهەناسەی ئازادی یۆنانییەکان بەدەستی رۆمەوە، یۆنانیی وەک بڵێیی تووشی ئیفلاسی ئینتیما بوون. وەرچەرخانە مێژووییەکە لە وەدایە کە یۆنانییەکان هەوێنێکی ماسۆشیزمییانەی عێراقییەکانیان لە جوولەکە وەرگرت و کردیانە گیراوەیەکی نوێ. تریاکێک دروست بوو لەسەر شێوەی دەروێشێکی مەرگپەرستانە و هیستیری کە تەنانەت بابلی و قودسییەکانیش ئەوها مەرگ پەرست نەبوون. کاردانەوەیان دژی رابردوویەکی پڕ لە لووتبەرزی (ئەو لووتبەرزییەی کە بەسەرشۆڕیی گەیاندن) وای کرد باوەڕ بکەن کە ئەوان هەر کە لەدایک دەبن بە زگماکی تاوانبارن. ئێمەی کورد زۆرجار دەڵێین «*خۆمان خراپین؛ بۆیە خوا ئەوهامان لێ دەکات*» بەهەمان شێوە یۆنانی گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە پێیی دەگوترێ «تاوانی زگماکی»، (الخطیئة الاصلیة)؛ ئەمەش بوو بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی مەسیحیاتی. ئەو فیلمانەی دیتوومانن کە لە رۆما خەڵکیان دەکردە خۆراکی شێر و پڵینگ، لە ڕاستیدا ئەو خەڵکە مەرگپەرستانە نەوەی کەسانێکی ژیانپەرستی وەک سۆلۆن و ئەفلاتوون و ئەسکەندەر و پتۆلیمۆس و سەلووکەس و پێرکلیس و کیلیوپاترا بووبن. دنیا دەوران دەورانە.

## سروشت

بەیەک نیگا بۆ نەخشەی یۆنان و تورکیا، دەبینین لە ئەستەنبووڵ بەدەر، هیچ شارێک توانای کۆنترۆڵکردنی ڕێگەوبانی زەمینیی نییە. سەنتەری ئاوەدانییەکان دەریایەکی بەرینە پڕ لە سەدان دوورگە؛ لە دەوری ئەم دەریایەشدا هەرێمەکانی یۆنان، کریت، قوبرس، ئاسیای بچووک، خۆراوای ئەنەدۆڵ و لێواری دەریای ڕەش هەموویان ژینگەی هەڵکەوتنی ئەو ئوممەتە بەش بەشە بوونە. هەر شارێک ناسنامەیەکی سەربەخۆی هەبووە و مەگەر لە ڕقی دوژمنێک، دەنا کەس دانی بەوەی تر نەناوە.

بەڵێ بێزەنتە (ئەستەنبوڵ) توانای کۆنترۆڵ کردنی هەبوو؛ بەڵام چۆن بەغدا بە درەنگەوە پەیدابوو، بەهەمان شێوە لە سەردەمی لەدایکبوونی ناسنامەی ئەو ئوممەتەدا ئەورووپا بەفرستانێکی خاپوور بووە؛ واتە نە ئەو بازرگانییە هەبووە لەنێوان ئاسیا و ئەورووپادا و نە ئەو شارستانەتییەش هەبووە کە بیزەنتە بکاتە سەنتەری شتێک. ئیتر تا سەدەی سێیەمی زایینی بیزەنتە تەنیا شارۆچکەیەکی بچووک بوو لە باکوورێکی خۆرهەڵاتی






یۆنان کەوا کەس بە هیچی نەدەزانی. کاتێکیش بوو بە پایتەخت، ئەوە بە فەرمانی ڕۆم کرا پاش ئەوەی عەقیدەی دینی تەنگی بە ئینتیمای یۆنانییەکان هەڵچنیبوو. واش هەر بیزەنتە بۆ ١٠٠٠ ساڵێک شوێندەستێکی باڵای هەبوو بۆ دابینکردنی بارێکی سیاسیی مەیلەو ئارام بۆ یۆنان. ئینجا کە کەوتە دەست تورک و هیچی تر بە پایتەختی نەتەوەیی و دینیی یۆنانییەکان نەما، دەبیسین یەکسەر ئاژاوە و نائارامی لە یۆنان و تێکڕای بەڵکان ساز دەبێتەوە.

شارەکانی نێو ئەنەدۆڵ – بۆ نموونە دەوڵەتە حیسییەکان– ئەوانەش فرە پایتەخت بوونە؛ تەنانەت هەندێک لە مێژووناسەکان باوەڕیان وایە حیسییەکان لە هەفت نەتەوەی جودا پێک هاتوون. جا ئەگەر یەک نەتەوە بووبن یان زیاتر، وڵاتی حیسی (باکووری سووریا تا ئەنقەرە تا لێواری باشووری تورکیا ) بە چەشنی کوردستان کۆمەڵێک دەوڵەت و میرنشینیان تێدا بووە هەریەک لەهجە و مۆرکی خۆی هەبووە بەڕادەیەکی کە ئاکاریان ئاکاری کۆمەڵێک نەتەوە بووە. سەبارەت بە بەری ئەورووپای یۆنان، وڵاتێکی شاخاوییە و بەهەمووی چەند دەشتێکی وەرزێریی تێدایە؛ هەر یەک لەوانەش پایتەختێکی ناوچەکەی خۆی تێدا هەڵکەوتبوو. ئەوەیە سیستەمی دەوڵەتی شار کە پێشتر لە سۆمەر چەسپا.

## ڕەوشت

لە سەدان ساڵ پێش زایینەوە تا ساڵی ١٩٤٩ز، یۆنانی زۆربەی کات خەریکی خۆبەخۆیی بوونە؛ مەگەر داگیرکەرێک بە تۆبزی وڵاتەکەی بەئارامی ڕاگرتبێت یاخۆ لە ڕقی ئەو داگیرکەرە یەکتریان گرتبێت، دەنا لە هەر کاتێکدا ئازاد بووبن، یان ئەوەتا شەڕێکی دەرەکییان کردووە یان ئەوەتا شەڕ و کێشەیەکی ناوەخۆ لە ئارادا بووە. ئەو سەردەمانەش کە خۆبەخۆییان نەبووە دوو سەردەمن.

١- ئەو هەزار ساڵەی لە سەدەی چوارەمی زایینییەوە کە بیزەنتە (ئەستەنبووڵ) کرایە پایتەختی بەشی خۆرهەڵاتی ڕۆم تا سەدەی پازدەمی زایینی کە کەوتە دەست تورکە عوسمانییەکان، مەبەست ئەوەیە کە خۆبەخۆیی کەم بووەتەوە دەنا جەنگ و کوشتاری دەرەکی هەر هەبووە.

٢- لە ١٩٤٩ی زایینییەوە کە شەڕی ناوەخۆی یۆنان کۆتایی هات تا ئەمڕۆ، واتە بەهەمووی دەکاتە نزیکەی ٦٠ ساڵێک، ئەوەیان لە کۆتایی باسەکەدا ڕۆن دەکرێتەوە.

## زنجیرەی مێژوو

شارستانەتی لە یۆنان دەگەڕێتەوە بۆ ١٥٠٠ پ ز کە بە سەردەمی میسینی ناسراوە. لەو سەردەمەدا شار و دەوڵەت و خواوەند و ئینتیمای سەربەخۆ بووژاونەتەوە. ئەو عەشایەرانە هێرشی زەمینی و دەریایان کردووەتە سەر میسر و ئەنەدۆڵ و چەندین پاشا و دەوڵەتیان سەرنوگوم کردووە؛ ئینجا کۆمەڵێک شاریان دروست کردووە کەچی لەدەوری ١٢٥٠ پ ز جەنگی ترواده ڕوودەدات. یۆنانییەکانی ئەورووپا هێرش دەکەنە سەر شارێکی بەری ئاسیا، نزیک شاری ئەزمیر[1]. پاش ئەو جەنگە سەردەمێکی درێژ لە خۆبەخۆیی بەسەر یۆناندا دێت و بەرادەیەک دەکەون کە لە دەوری ١٠٠٠ پ ز نووسینیان لەبیر دەچێتەوە و وڵاتەکەیان خاپوور دەبێ. ئینجا پێلێکی عەشایەری نوێ (دۆرییەکان) لە باکوورەوە دێن و

(١) شک لەوە دەکەم کە کاولکردنی ترواده جۆرێک بووبێت لە ڕەتکردنەوەی مەرکەزییەت و پایتەختی تاکانە. ترواده بەگوێرەی شوێنەکەی تا رادەیەکی بچووک توانای کۆنترۆڵ کردنی دەریاچەی مەڕمەڕەی هەبووە. کەچی ئەفسانەکە دەڵێ جەنگەکە بەهۆی ڕەدووکەوتنی شاژنی سپارتا بووە لەگەڵ میرزادەیەکی ترواده‌یی گەنج.



ناوچە خۆبەخۆکانی میسینی ڕادەماڵن. بەوەش کۆتایی بەسەردەمی میسینی دێت.

چەند سەدەیەکیان بەسەردا تێپەڕیوە تا لە دەوری ٧٥٠ پ.ز دۆرییەکان بوونەتە شارستانی. مۆرکی ئەم جارە ئەوە بووە کە حەزیان لە دەسەڵاتی پاشا و بنەماڵەی دەسەڵاتدار و دەزگای دینیی سەرشۆڕکەر نەبووە. بەڵێ خواوەند لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو، بەڵام خواوەند بەواتای ئینتیما بووە نەک غەیب و ترس و لەرز. دیارە ویستوویانە دەسەڵات هاوبەش بێت لە نێوان حوکمەتێکی خۆیی و خەڵکی ئەسڵیی شارەکان؛ کەچی یەخسیر و غەواره (ناشاری) تۆزقاڵێک پایە و مافیان نەبوو. سۆمەری پێش ئەوان شارپەرست بوون و بێزیان لە دەشتەکی دەکرد؛ بەڵام ئەوان پابەندی بنەماڵەیەکی خۆیی دەبوون بەمەرجێک دەزگای دینی هاوسەنگی پاشا بێت، کەچی یۆنانی ئازادتر و ژیانپەرستتر بوون. دوو ڕەوتی سەرەکی لەنێو دەوڵەتە یۆنانییەکاندا بووژاونەوە؛ هەر یەک لە شارێکدا بەرجەستە بوو. سپارتا لە نیمچە دوورگەی پیلۆپۆنیز (نێر- عەسکەرتاری) و ئەسینا لە ناوچەی ئەتیکا (مێ- مەدەنی).


١- لە ٦٠٠ پ.ز سۆلۆن حوکمڕانی سپارتا سیستەمێکی سیاسی تایبەتی بەسەر سپارتادا سەپاند کە دەسەڵات لەدەست دوو پاشادا بێت لەپاڵ ئەنجومەنێکی پیاوماقووڵان. مافی دەنگدان تەنیا بۆ خەڵکی ئەسڵە شارەکە بوو.

٢- ئەسینا شارێکی زیندووتر و گەشتر بوو؛ بەڵام خەڵکەکە شارپەرستتر بوون و سیستەمەکەیان لە چاو سپارتا نائارامتر بوو.

مەیلی جووڵە و بزێوی لە سەرەتاوە لەنێو ئەسینییەکاندا وەدەر کەوتووە. ویستوویانە دەسەڵات بدرێتە خەڵکی شار (خۆییەکان). ئەمە مۆرکی دیمۆکراسییەتێکی سەرەتایە؛ تەنانەت خودی وشەکە (دیمۆ، خەڵک) (کرات، حوکم) لەوێ پەیدا بووە و تا ئێستا خەڵکی ئەم جیهانە

شاگەشکەی ئەم ڕەوشتەی ئەسینا دەبن. بەڵام بەڕای من ئەم ڕەوشتە کەموکوڕییەکی بنەڕەتیی تێدا بووە، چونکە وا نەبێت داوای مافی هەموو نیشتیمانەکە یاخۆ هەموو هاووڵاتییەک بکەن بەیەکسانی؛ بەڵکو داوای مافی «شارییەکان»یان کردووە و بە هیچ شێوە بێزیان نەهاتووە ئاوڕ لە خەڵکی نا ئەسینی بدەنەوە. مێژووش ئەوەی سەلماند کە شکست لەدوای شکستیان بەسەردا هات.

ئەسینا ویستوویانە لە سپارتا ئازادتر بن؛ ڕەوتی دیمۆکراسی بۆ «خۆییەکان» هەندێک پەرەی ستاندووە کەچی هەر لە ٥٤٦ تا ٥٢٧ پ.ز دیکتاتۆرێک لەنێو خۆیاندا هەڵکەوت و پاش خۆی کوڕەکەی لە جێی






دادەنیشێ تا ٥١٠ پ.ز کە سوپای ئەسینا تۆبزییان لێ کرد واز بێنێت. ئینجا دیسان خەریک بوونەتەوە دیمۆکراسی پێڕەو بکەن و "ئاخ تا کەی ئەوها بژین، ئەمە حاڵ نییە". هەمووش دەزانین ئەگەر کێشەی ناوەکی هەبوو، ئەوسا لێی دەرژێت بەرەو دەر. لەو سەردەمە بەرەو خوار زنجیرە بەسەرهاتێکی مێژوویی سەیر دەست پێ دەکات؛ وەک چۆن بابلییەکان هەولێکی بێ هودانیان داوە بۆ سەلماندنی ناسنامە و «سوپێریۆریتیی» خۆیان بەسەر خەڵکی دیکەدا، هەمان شت لە ئەسینا ڕووی دا.

لە دەوری ٥٠٠ پ ز ئیمپراتۆرییەتی ئەخمینی دەستی بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتبوو و سنووری دەسەڵاتیان گەیشتبووە لێواری دەریای ئیجە. لە سەرەتادا ئەسینا لە ترسی سپارتا داوای پارێزگارییان لە داریووشی یەکەم کرد، کەچی هەندەی نەبرد هەڵوێستی خەڵکی ئەسینا گۆڕا. ئەوەش چونکە زۆربەی دەرامەتی ئەسینا بە دەربەندی بوسفۆر دادەهات کەوا دانەوێڵەیان لە ئوکرانیا دەهێنا. کە داریووش دەربەندی بوسفۆری داگیرکرد، ئەسینا ڕێگەی بازرگانی لێ بەسترا و یەکسەر دەستیان پێ کرد یۆنانییەکانی ئاسیای بچووک هان بدەن دژی فارس. ئیتر فارسیش دەستەوئەژنۆ نەوەستان.

## جەنگی میدی (٤٩٠–٤٧٩ پ.ز)

میدییەکان لەوەشدا بەدبەخت بوون کەوا جەنگەکە جەنگی فارس بوو دژی یۆنان کەچی ئێستاش ئەورووپا هەر دەڵێن «جەنگی میدی». ڕەنگە ئەم شتە بەهۆی سەرکردەی سوپای فارسەوە بووبێت، پیاوێکی میدی بوو بەناوی فراوەرتیس. ناوبراو ڕێبازێکی کەللەڕەقانەی پێڕەو کرد. وەک چۆن کە سوپای هیتلەر هێرشی کردووەتە سەر ڕووسیا، لە سەرەتادا ڕووس بەپیریانەوە ڕۆیشتوون؛ کەچی نازییەکان قەڵاچۆیان دەکردن. لە ئەنجامدا ڕووس دە هەندە توند بوون. فراوەرتیس هەمان هەڵەی سیاسیی کرد و

بەکوێرانە پەلاماری هەموو شارەکانی دەدا. ئەمە هەستی یەکێتی ئینتیمای لەنێو یۆنانییەکاندا بووژاندەوە و رەنگە بۆ یەکەم جار بووبێت لە سەردەمی تروادەوە یەک دەست بووبن، نەک لەپێناو یەکتر بەڵکو لە رقی لایەنێک.

لە جەنگی ئازادیدا ئەسینا رۆڵی باڵای گێڕا و لە چەندین شەڕی گرینگدا فارسی بەزاند، شەڕی ماراتۆن، شەڕی سالامیس و هتد. بەوەش ئەسینا دەسەڵات و ناوبانگێکی گەورەی دەرکرد وەک بڵێی بوو بە شاری هەڵمەت و قوربانی و هەڵگری مەشخەڵی خەبات و ئازادی و دیمۆکراسی. کوێرە چت دەوێ؟ دووچاوی ساغ.



**پاش سەرکەوتنی ئەسینا**

ئێمەی کورد هەموو بایەخمان بەوە دەدا چۆن سەرکەوین؛ کەچی ئەرک و تەحەددییەکانی پاش سەرکەوتن زۆر گەورەترن، سەیری یۆنان بکەن.

لە ٤٧٩ تا بەرپابوونی جەنگی ناوەخۆ (٤٣١ پ.ز) ئەسینا دەسەڵات و گەشانەوەیەکی گەورەی دیت. ناوبانگیان دەرکرد و لەهجەی ئەتیکی (ئەسینا پایتەختی ناوچەی ئەتیکایە) بەسەر لەهجەکانی دۆری و ئایۆلیدا سەپا[1] و هێڵەکانی بازرگانی کەوتە دەستی خۆیان. ئەوپەڕی گەشانەوەیان لە سەردەمی پێرکلیس (٤٦١-٤٣٠پ.ز) بوو. ناوی پێرکلیس لەمێژوودا بە کەسایەتییەکی دروستکەر و نیشتیمانپەروەر رۆیشتووە؛ بەڵام بەڕای من شارپەرستی بەهیچ شێوە نیشتیمانپەروەری ناگەیێنێ. ناوبراو لەلایەکەوە گوشاری دەخستە سەر هاوپەیمانەکانی ئەسینا تاکو بەشداریی مادی و مرۆیی زیاد بکەن بۆ پەرەپێدانی هێزی دەریایی، کەچی لەلایەکی دیکەوە پارەیەکی زۆری لە رازاندنەوەی ئەسینا خەرج دەکرد. بەڵێ ئەو پەرستگە مێژووییەی ئەسینای دروست کرد بۆ خواوەندی شار؛ بەڵام نرخەکەی بریتی بوو لە جەنگێکی ٢٧ ساڵی و شکستێکی ئابڕووبەر. تەنانەت تۆینبی دەڵێ ئەسینا ٢٥٠ ساڵ لە جیهانی دەورووبەر بەهۆی جەنگەکەوە دابڕا[2]. دەنا بەڕای من سیاسەتی پێرکلیس، یاخۆ ئەو رەوتەی کە دەینواند، هۆیەک بوو لە هۆیەکانی لەدەستدانی سەربەخۆیی هەموو یۆنان بۆ ماوەی ٢٠٠٠ ساڵ تا ١٨٢٠ی زایینی کە یۆنان بەیارمەتیی ئینگلیز و فەرەنساوە سەربەخۆ بووە.

---

(١) أرنولد توينبي، بحث في التاريخ، ترجمة طه باقر ٣٨٧


(٢) هەمان سەرچاوە ٣٨٥ نووسەر دەڵێ هەوڵی ئەسینا بۆ داگیرکردنی سپارتا کاردانەوەیەکی توندی لێ کەوتەوە، بوو بە هۆی دابڕاندنی ئەسینا لە هەموو جیهانی هێلینی بۆ ماوەی ٢٥٠ ساڵ.

دەستی پێرکلیس لە جەنگی ناوەخۆدا گومانی لەسەر نییە. هەڕەشە و گوڕەشەی لە کۆنفیدرالییەکەی سپارتا دەکرد و هەموو مەراقی، شارەکەی خۆی بووە. بەڵام بێگومان ئەو تەنیا یەکێک بوو لە سەدان هەزار ئەسینیدا. خۆ هەر ئەسیناش ئەوها نەبوون؛ بەڵکو هەموو یۆنانییەکان دریغییان لە دووبەرەکی و خۆبەخۆیی نەکردووە. خۆبیاتی دەرد و ئیدمانێکی گشتی بووە و ئەگەر شارێکی دیکە سەری هەڵدابایە ئەوسا ئەسینا پێش هەموو کەسێک حەسادەتی پێ دەبرد. جیاوازی لە نێوان پایتەختی سروشتی و نا سروشتی بەوە دیار دەکەوێ پایتەختی سروشتی وەک قاهیرە و تاران و هتد خەڵکی هەموو وڵاتەکە رووی تێ دەکات، کە گەشانەوەیەک دەبینێ خەڵکی هەموو وڵاتەکە پێیی دەگەشێنەوە. کەچی لە وڵاتی بێ پایتەختدا ئینتیما و بەرژەوەندی ئالوودەی یەک تاقم و یەک ناوچە دەبێت.

کە فارس دەرکران، خەڵکی ئەسینا یەکسەر کەوتنە دەسەڵات سەپاندن و بازرگانییان پاوان کرد و هاوپەیمانەتییان لەگەڵ نەیارانی سپارتادا بەست. سپارتاش لەبەرانبەردا هاوپەیمانەتیی لەگەڵ نەیارانی ئەسینا بەست. لەم نەخشەیەدا راستیی مەسەلەی هاوپەیمانێتی دیار دەبێ. جەنگی ناوەخۆی یۆنان بەچەشنی جەنگێکی ناوەخۆی ئەمەریکا نەبوو کە لەوێدا باکوورێکی پیشەسازی دژبە باشوورێکی وەرزێری بێت. نەخێر، لە یۆنان جەنگەکە بریتی بووە لە شار دژی شار، ناوچە دژی ناوچە، هەر کەس دژی هاوسێکەی خۆی وەستا.

لەم نەخشەدا ئەسینا و لایەنگرەکانی بە رەنگی تۆخ، سپارتا بە رەنگی کاڵ دەبینین. هەموو ناوچەکانی نزیک ئەسینا لایەنگری سپارتا بوون. ئینجا هەموو ناوچەکانی نزیک سپارتا لایەنگری ئەسینا بوون. شاری ئاراگۆس لە نزیک سپارتا بوو، کەچی پشتی ئەسینای گرت. ئەوەش نەک لەبەر ئەسینا بەڵکو لە رقی سپارتا؛ ناوچەی بۆیۆتیا لە رقی ئەسینا لای






سپارتا وەستان کەچی خەڵکی تسالیا لە رقی بۆیۆتیا لای ئەسینا وەستان. مەکەدۆنیا لە رقی تسالیا و ستاگریا لای سپارتا وەستان. ئاخی لە باکووری پیلۆپۆنیزدا لە رقی سپارتا لای ئەسینایان گرت، کەچی ئەمبراکیا لە باکووری ئاخیا لە رقی ئاخییەکان دژایەتیی ئەسینایان کرد و بوونە هاوپەیمانی سپارتا، ئیتر ئەوها ئەم لە رقی ئەو، ئەو لە رقی ئەوی تر. تابلۆکە وەک ئەوەیە کۆمەڵێک موگناتیس دابنرێن ئەوسا یەکسەر سارد بەرانبەر گەرم ریز دەبن، لە یۆنان هەمان شت رووی دا کەوا هەر ناوچەیەک دژە ناوچەکەی تەنیشت خۆی وەستا.

شایانی گوتنیشە کە هەمان شت لە سەرەتای شەڕی ناوەخۆی کوردستان ١٩٩٤ رووی دا کە دەماندیت هەندێک جار شار دژی شار، عەشیرەت دژی عەشیرەت تەنانەت تیرە و گەڕەک لە رقی یەکتر دەوەستان. یەکێک دەبوو بە یەکیەتی ئەوەی دیکە دەبوو بە پارتی تاکو بە درەنگەوە شێوەیەکی جیۆگرافیی وەرگرت لەسەر شێوازی بابل و ئاشوور قالبی بەست و تەنیا لە ترسی بێگانە بە ئارامی وەستاوین دەنا نازانم ئەگەر مەترسیی دەرەکی نەمێنی ئەوسا چ بەیەکتر دەکەین؟

## جەنگی پیلۆپۆنیز (٤٣١ - ٤٠٤ پ.ز)

لە ٤٣١ پ.ز کار گەیشتە ئەوپەڕی ڕقایەتی و یەک پڕیشکە ئاگری دەویست تاکوو هەموو وڵاتەکە ئاگر بگرێت. ئاڵۆزییەک لە نێوان خەڵکی ئەسینا و خەڵکی دەربەندی کۆرەنت (هاوسێی خۆیان) ڕوو دەدات و کەس بۆ کەس داناهێنێت و بارەکە دەتلیشێتەوە. سەیرە کە ئەسینا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد گوایە پایتەختی تێکڕای یۆنانە کەچی بێگانەبەدەرییان لەگەڵ خەڵکی شارەکانی پەنا خۆیان دەکرد؛ ئیتر نازانم چۆن شارێک دەبێت بەپایتەخت لە کاتێکدا کە بێزیان لە هەموو «ناشاری» بووەتەوە؟ هەرچۆنێک بێت ئاڵۆزییەکە تەشەنە دەکات و سپارتاش بە هاواری هاوپەیمانەکانیانەوە دەچن و شەڕ هەڵدەگیرسێ.

پێرکلیس و حوکومەتەکەی پشتیان بە هێزی دەریایی قایم کردبوو. سپارتاش[1] وەک هەمیشە شەڕی زەمینیان دەکرد. پلانی ئەسینا ئەوەبوو کە خۆیان لە پشت شوورەکانی ئەسینا قایم بکەن. ئینجا پشت ئەستوور بە دەرامەتێکی مادیی زۆر و هێزێکی دەریایی گەورە، بتوانن کڕنووش بە سپارتا و لایەنگرانی بێنن. بەڵام ئەم تاکتیکە ئەرکێکی ئابووریی گەورەی خستە سەر شانی هاوپەیمانەکانی ئەسینا کەوا هەم دەبوو بەرگری لە خۆیان بکەن هەم یارمەتیی ئەسینا بدەن. ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ بێزار دەبوون و لە ئەسینا دەتەکانەوە.

(١) تۆینبی رایەکی هەیە بەرانبەر سپارتا (بحث في التاريخ، موجز المجلدات السبعة، الجزء الاول ترجمة د. شوقي ضيف، ص ٢٩٦) کەوا لەسەرەتای هەڵکەوتنیانەوە داخداری میسینییەکان بوون. میسینییەکانیش شارستانییەکی خۆبەخۆبوون. وەرگێڕ بە عەرەبی نووسیویەتی الغزو أسر الغزات؛ واتە هەندە خەریکی جەنگ و دژایەتی کردنی شاری وەک ئەسینا و پێش ئەسینا بوون کەوا بوونە گیرۆدەی ئەو رقەیان و خوویان پێوە گرت.



پاش هەڵگیرسانی جەنگ بە ماوەیەکی کورت دەردێک لە ئەسینا بڵاو دەبێتەوە کە خودی پێرکلیسی تێدا دەفەوتێت. لایەنگرانی سپارتاش زەویوزاری دەوری ئەسینایان دەسووتاند و ناچاریان دەکردن لەنێو سنووری شارەکەیان خۆ حەشار بدەن. لە بەرانبەردا کەشتییەکانی ئەسینا دەریاکانیان کۆنترۆڵ کردبوو و پەلاماریان دەدان. ئەسینی ویستیان گورزێک لە سیراکۆزا بدەن؛ سیراکۆزا شارێکی یۆنانی نشین بوو لە باشووری ئیتاڵیادا وەکو سپارتا بە لەهجەی دۆری قسەیان دەکرد و هاوپەیمانی سپارتا بوون. هەڵمەتە دەریاییەکەی ئەسینا بۆ سەر سیراکۆزا قومارێکی گەورە بوو و بە شکست گەڕانەوە.

ئەمجارە نۆرەی فارس هات کە تۆڵەی خۆیان لەئەسینا بکەنەوە؛ هەستان کەشتیوانەکانی خۆیان خستە بەر دەستی کۆنفیدراڵیەکەی سپارتا بۆ ئەوەی هێزی دەریایی پێک بێنن. بەمەش خەڵکی ئەسینا دەشت و دەریایان لەدەست چوو و تاکە کارتێکی کە بۆیان مایەوە لەم گەمەدا شوورەکانی شارەکەیان بوو. واش هەر تا ١٠ساڵی تر شەڕیان کرد و هەر گوتیان «شارەکەمان پایتەختی هەموو یۆنانە و هەر خۆمان و بەس» تا بەدرەنگەوە ناچار بوون داواکارییەکانی کۆنفیدرالییەکەی سپارتا جێبەجێ بکەن.

ئەسینا تووشی شکست و سەرشۆڕی بوو. حوکمەتە توندڕەوەکەی ئەسینا لادرا و حوکمەتێکی ئۆلیگارکی (کەمینەی بەڕێوەبەر) سەر بە سپارتا دامەزرا. ئەوە و کۆمەڵێک مەرجی تریان جێ بەجێ کرد. ئێستا کە ڕەوتی ڕۆشنبیری پڕ کراوە لە بیردۆزی موئامەرە و دژایەتی کردنی زۆربەی سەرکەوتووەکان و سەرزەنشت کردنی مەلای خەتێ و مەلا ئیدریسی بەتلیسی گوایە هەموو کەون و کائینات خائینن، بێگومان هەندێک کەس حەز دەکەن بڵێن «سەرکەوتنی سپارتا بەهۆی خیانەتەوە بووە و ئای هەیش هەر خراپەکان سەر دەکەون و هەموو هەر خیانەتە و هتد». دەباشە با سەیری خەڵکێکی لێقەوماوی دیکە بکەین؛ بۆ نموونە فەڵەستینی و

عەرەب بەگشتی لەمەڕ بۆچوونەکانی کەناڵی جەزیرە کە مێشکی بینەران پڕ دەکەن بە «*موئامەرە*» ڕەنگە بێلایەنێک بڵێ «دنیا ئەوها نییە و پێویستە عەرەب بەخۆیاندا بێنەوە» کەچی لەمەڕ شکستێکی نەتەوەی خۆی و شتێکی هەمەجۆر، ئەوسا ئەویش حەز دەکات ئۆباڵ بخاتە پاڵ موئامەرات.

من دەڵێم لەباتی خەمپەرستی و ماسۆشیزم و لەباتی ئەوەی پاساو بۆ لایەنی دۆڕاو بدۆزینەوە، با ئێمە بپرسین بۆچی ئەسینا ئەو هەموو دوژمنەی هەبوو؟ ئەی هاوار چ قەومابوو؟ پرسیارێکی تر: «ئایا بۆچی ئەسینییەکان نەیانتوانی خەڵکی کۆرەنت و بۆیۆتیا بکەنە هاوپەیمان کەوا هاوسێی خۆیان بوون؟ ئەدی بابل و کووفە بۆچی ئەو هەموو دوژمنەیان هەبوو ئەگەر ئیدمانی شارپەرستی و خۆ وەدەرخستن و خۆ سەپاندن نەبێت؟ پاشان بۆچی کە خۆیان لەگەڵ فارس ڕێککەوتن ئەوە خیانەت نەبوو؟ هەروەها ئەگەر فارس لە سەرەتاوە سیاسەتێکی زیرەکانەیان پێڕەو کردبایە ئەوسا یۆنانییەکان ئەسڵەن یەکدەست نەدەوەستان. ئینجا با پرسیارێکی تیژتر بخەینە ڕوو «بۆچی یۆنانی نەیانتوانی دوو فارس تێک بەردەن؟» دووبارەی دەکەمەوە: «*بۆچی یۆنانی نەیانتوانی دوو زەلامی فارس تێک بەردەن؟*»

کەچی یۆنانی بەبۆنە و بێ بۆنە هەمیشە ئامادەبوون بۆ خۆبەخۆیی، تەنانەت بەشی گەورەی ئاسیای بچووک یۆنانی بوون، کەچی بەدەگمەن لە ڕووی فارس هەڵستانەوە لەبەر خاتری ڕەشایی چاوی ئەسینا.

وەرن با خۆمان بخەینە جێگەی ئەو یۆنانییانەی ئاسیای بچووک، ئەوانە *لە نێوان دووڕیانی ئینتیما* و وەلا گیریان خواردبوو؛ چونکە لەلایەکەوە خۆیان بە یۆنانی دەزانی. ڕەنگە هەندێک خوێنەرم بە دەهۆڵی ئەسینا هەڵپەڕیبن، بەڵام وەک دەڵێن «گەڵی دوور دەرمانە» و هەرهەندە ئەسینییەکانیان دیتووە بەو بێگانەبەدەری و نەفرەتەی کە لە خەڵکی دیکەیان کردووە، ئەوسا یەکسەر لەبەرچاویان کەوتوون. هەر نەبێ فارس



لەم سەر ئەو سەری جیهان دروشمی ئومەمییەتێکیان پێڕەو کردووە بەبێ فەرق و جودایی و لە سایەیاندا کەس ناتوانێ بڵێ «من لە تۆ گرنگترم و شارەکەمان ئەوها و ئەوهایە و عەشیرەتەکەم ئەوها و ئەوهایە»؛ بەڵکو یەک پاشا کە سێبەری یەک دەسەڵاتی ئاسمانییە، حوکمی هەموان دەکات. پاشان ئەگەر فارس نەمێنن، کێ دەڵێ دیسان شارەکان تێک بەر نابن؟ سەیر نییە کە دەبیسین تێکڕای شارە یۆنانییەکانی بەری ئاسیا بەمەیلەو ئارامی لەژێر حوکمی فارس مانەوە. تەنانەت ئەسکەندەر پاش دەیان ساڵ لەو جەنگە- کە هەڵمەتی گەورە بۆ فارس دەبات- بەرهەڵستی ڕاستەقینە لە مەیدانی شەڕدا دژی ئەسکەندەر ئەو یۆنانییانەی ئاسیای بچووک بوون؛ نەک فارس.

**پاش سەرکەوتنی سپارتا**

سەبارەت بە شکستی ئەسینا، ڕەنگە ئاغایەک، ئەریستۆکراتێک بڵێ «زۆر باش بوو کە ئەو گەجەر و گوجەرانە داسەکنان». بەڵام خۆ هەر ئەسینا هەڵەی نەبوو، مەسەلەکە دەردێکی گشتی بووە. بەشێکی گەورەی یۆنان چاوەڕێیان دەکرد سپارتا وڵاتەکە یەک بخەن کەچی هیچیان بە هیچ نەکرد. ئەسینا و سپارتا وەک ژن و پیاوێکی ناتەبا دێنە بەرچاوم؛ پیاوەکە (سپارتا) چوارشانە و شەڕکەرە، بەڵام سارد و بێ زیپکە. ژنەکە (ئەسینا) زیرەک و ئارەزوومەندە، بەڵام ناپەسند و بزێو و بەفیزە. کە پیاوەکە بەو حاڵە دەبینێ، هەڵدەستێ ڕقایەتیی دەکات و خەڵکی دیکە تەفرە دەدات بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی تا ئەو ڕۆژەی کە کابرا لێی هەڵدەستێتەوە و یەک زللەی لێ دەدات. ژن زیرە دەکا «دەستت بۆ من نەهێنی» بەڵام لە دڵی خۆیدا دەڵێ «ئافەریم، دە بجووڵێوە هەی بێ هەست و شعوور» کابراش عەقڵی پێ ناشکێ.

بەزار جنێوم پێ دەدا        بەچاو پێم دەڵێ وەرە

کەچی پیاوە ساردەکە هەر خەریکی «*یەس یەم*» و پارەی خۆی دەبێ،

ئیـتـر نە پیـتـاندن ڕوو دەدات نە هیچ. «دەی هەر کـەس بۆ مـاڵی خـۆی، بخۆن، بخەون، بمرن».

مەرج نییە دیمەنەکە ڕاستە و ڕاستی ئەم گێڕانەوەی پێشوو بێت، بەڵام دەبیـسین هاوپەیمانەکـانی سـپـارتـاش لە سـیـاسـیـەتی بێ سـەروبـەر و بێ ئامانجی سپارتا بێزار دەبن. سپارتا هیچی بە هیچ نەکرد؛ نە تێکەڵاوی لە نێـوان ئەسـینایی و سـپـارتی ڕووی دا، نە وەچە و نەتەوە و ئینتـیـمـایەکی تازە هەڵکەوت و نە کەمـینەی نەوژەن (أقلیـة مـبـدعـة) پەیدا بوو؛ بەڵکو هەر کـەمـینەی دەسـەڵاتدار (أقلیـة مـسـیطرة) هەبوون و هەر وەکـو خـۆیان مانەوە و تەنیا یەک ساڵ پاش سەرکەوتنی سپارتا، ئەسینی حوکمەتەکەی سەر بە سپارتا شاربەدەر دەکەن و دیسان بەربەرەکانێ دژی تیبە و کۆرەنت هەڵدەگیرسێننەوە. بەڵام ئەم جارە کەس وزەی نەمابوو شەڕی گەورە بکات.


لە لایەکی دیکەوە هاوپەیمانەکـانی سـپـارتـاش وەک جـاران نـامـێنن و لەویش بێـزار دەبن، تەنانەت پاش چەند سـاڵێک تیـبـە Thibs سـپـارتـای بەزاندن و ئەو سام و شەوکەتەی بە بێڵ و پێـمەڕەی جوتیارە بۆیۆتییـەکان دەشکێندرێ. ئیـتر گێژاوێکی سیاسی پەرە دەستێنێت بۆ دەیان ساڵ و ڕۆژ بەڕۆژ بـاری ئابووری بـەرەو هـەڵدێر دەڕوا تـا ٣٦٩ پ.ز دەکـەونـە بەر هێـرشێکی عـەشـایەریی نوێ لە بـاکـوورەوە. فـیلیـپی مـەکـەدۆنی بـاوکی ئەسکەندەری جیـهـانگیـر -کە خەڵکی شارە یۆنانییـەکان بێزیان نەدەهات لەگەڵیان بدوێن – ئەو ئاغایە عەشایەرییە یەک بەیەک شارە یۆنانییەکانی بەزاند. وەک چۆن سەرگـۆنی ئەکەدی و حەمـوورابی بەزەبری ئاگـر و ئاسن شارە عێراقییەکانیان یەک خست، فیلیپپیش هەمان شت بوو.

پێش ئەوەی باسی سەردەمی مـەکـەدۆنی بـکرێت دەبێ تیـشـک بخـرێتـە سەر ڕووداوێکی گرینگی سەردەمەی گێژاوە سیـاسییـەکـەی پاش بەزینی ئەسـینا. ئەم ڕووداوە بای ئەوەیە کـاکـڵی دەروونی گـەنجی یۆنانی بۆ ئێـمـە ڕۆن بکاتەوە.



## زینۆفۆن

ئەو هەڵمـەتە چەکـدارییـەی کـە یۆنانیـیـە بەکـرێگیـراوەکـانی تێـدا بەشداربوون و زینۆفـۆنی ئەسینی تۆماری کرد، نرخێکی بێ سنووری هەیە هەم بۆ تێگەیشـتنی ڕەوشتی خەڵکی یۆنان، هەم بۆ زانینی باری سیاسیی ئەو سـەردەمـە. زۆر کـەس وا دەزانێ زینۆفـۆن سـەرکـردەیەکی گـەورە بووە بەچەشنی ئەسکەندەر و ڕۆستەمی زاڵ. بۆ نموونە لەم دوایانەدا هونەرمەندی نـاودار زەکـەریـا سـتـرانێکی تۆمـار کـرد، بڕگـەیەکی تێـدایە دەڵێ "چ ئـەسـکـەنـدەر چ زەینەفـوون" هتـد وەک بڵـێی هاوتای یەکـتـرن. برام، هەرچی سـمـێـڵی سوور بوو هەمزاغا نییە.



زینۆفـۆن Xenophon یاخـۆ خـینۆفـۆن، کـەس نازانم x لە یۆنانیدا چۆن دەگوترێ، هەرچۆنێک بێت ناوبراو نە جەنراڵ بووە و نە ئەفسـەر. وێڕای ئەوە وا پێ دەچێ زینۆفۆنی ئەسینی حەزی لە موبالـەغە و خۆوەدەرخستن بووبێت[١]. بۆ تێگەیشـتنێکی ڕۆنتر، با وابزانین سەرەتای ساڵی ١٩٩١ کە کوێت داگیرکرا، گەنجێکی سلێمانی لەلایەن برادەرێکی هەولێرییەوە

(١) XENOPHON.The Persian Expedition, Rex Warner. وەرگێڕ هەستی بەم ڕاستییە کردووە و لە پێشەکییەکەیدا (لاپەڕە ٩) دەڵێ "دیارە زینۆفۆن مەیلی گاڵتەکردنی هەیە Sense of humor.

بانگ بکرێت کەوا هەولێرییەکە لەگەڵ ئامۆزاکانی خۆی گەشتێک بۆ نێو کوێت دەکەن بۆ دۆزینەوەی شمەک و ئۆتۆمۆبێلی هەرزان، کەچی لەپڕ تووشی شەڕ بن و برادەرە هەولێرییەکەی بکوژرێت و بەحاڵە حاڵ بتوانن بگەڕێنەوە کوردستان. بەسەرهاتەکە لەئەسڵدا ئەوها بووە، بەڵام کە ئەو دەیگێڕێتەوە وەک بڵێی ئەگەر ئەو نەبایە کەسیان نەدەژیا.

بەسەرهاتەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی چوارەمی پ ز. لەو سەردەمەدا ناتەبایی دەکەوێتە نێوان دوو کوڕی داریووشی دووەم پاش مردنی باوکیان. کوڕی گەورە، ئەرتەکسەرکیس[1]، جێگەی باوکی دەگرێتەوە. کوڕی بچووک، کۆرش، حاکمی ئاسیای بچووک بوو. دایکیان، پەریزاتیس (پەریزاد) لەسەرەتاوە کوڕە بچووکەکەی خۆش ویستووە و هانی داوە جێگەی براکەی بگرێتەوە. کۆرش بەقسەی دایکی دەکات و هەڵدەستێ لەشکرەکەی بەردەستی خۆی لەگەڵ چەکداری بەکرێگیراوی یۆنانی (بە تایبەتیش سپارتی) کۆ دەکاتەوە بەنیازی ئەوەی کە هێرش بکاتە سەر براکەی لە وڵاتی فارسدا. کۆرش دەزانێ کە کەس ناوێرێ لە ڕووی شاهەنشا هەڵگەڕێتەوە بۆیەش وا لە یۆنانییەکان و لەشکرە فارسەکەی خۆی دەگەیێنێ گوایە دەچن بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی پیسیدیا.

---

(١) ئەم ناوە هەر جارە و هەر مێژوونووسێک بەجۆرێکی نووسیوە. ئەکسەکیس، ئەحشوویەرش، خشیارشا، هتد، بەچەندین جۆر بیستراوە و ڕەنگە لە یەک ناو زیاتر بێت. بە رای من ناوەکە بریتییە لە دوو بڕگە. ئەرت، ئەکسەرکیس هەروەکو لە وشەی ئەردەوان، ارطبان هاتووە. ئەرت واتە بەهادار یاخۆ پاک. ئێستا وشەی فارسی ارجمند، ارزندە بەواتای (نرخ دار) دێت. وشەی کوردی (هەرزان) لەو (ارز، ارج، ارد)ە کۆنەوە هاتووە ئەوشە بەواتای کە شتەکە بە نرخە بۆیە کە پارەی پێ دەدەی (هەرزانە، بەنرخە، دەیهێنێ). بڕگەی دووەم ئەکسەکیس ئەوەش گێژاوێکە لەنێوان چۆنێتی لەفزکردنی X . ڕەنگە هەر کیسرا و خوسرەو بێت، جا دەبێتە ئەرتە خوسرەو. ڕەنگە!



مووچە و پارەیەکی باشی داوە و بەڵێنی پارەیەکی زۆرتریشی دەدات.

ئیتر هەندێکیان وەکو کەسابەتی ئاساییی خۆیان، هەندێکیش بەئومێدی پارە و تاڵان و موغامەرات، زیاتر لە ١٠,٠٠٠ بەکرێگیراوی یۆنانی رەگەڵ لەشکری کۆرش دەکەون. یۆنان تازە لە جەنگی ناوەخۆ دەرچووبوو. خەڵکێکی زۆر لە هەردووک لا ئاوارە بووبوون. لە ئەسیناشدا نائومێدییەکی زۆر بڵاو بووبۆوە و ڕەوتێک پەیدا ببوو بە رابەرایەتی فەیلەسووفی ناودار سۆکرات کە دەیانەوێ گۆڕانکارییەک لە ژیانیاندا روو بدات؛ وەک بیستووشمانە دواتر ئەسینییەکان بە خائینیان لە قەڵەم دەدەن و سۆکرات ناچار دەکەن بەدەستی خۆی ژەهر بخواتەوە. هەرچۆنێک بێت زینۆفۆن یەکێک بوو لە باوەڕدارانی سۆکرات، لە هەمان کاتیشدا برادەرێکی هەبوو خەڵکی ناوچەی بۆیۆتیا بەناوی پرۆکسیمۆسی بۆیۆتی. شایانی گوتنە کە تیبا پایتەختی ناوچەی بۆیۆتیابوو و لەو شارانە بوو کە لە جەنگی پیلۆپۆنیزدا دژی ئەسینا وەستان؛ هەروەها ناوچەیەکی کشتوکاڵی بووە و ئەسینییەکان بە گێل و نەفامیان دەزانین[1].


پرۆکسیمۆس چەند ١٠٠ چەکدارێکی هەبووە، کە بیستوویەتی کۆرش پارەیەکی زۆر دەدات، هەڵدەستێ رەگەڵ لەشکری کۆرش دەکەوێت و بەدوا زینۆفۆندا دەنێرێت بۆ ئەو کەسابەتە. زینۆفۆن پرس بە سۆکراتی فەیلەسووف دەکات، سۆکرات پێی باش نابێ بەڵام پێی دەڵێ بچێتە شاری دەلفی پرس بە خواوەندەکە بکات و هتد.

هەرچۆنێک بێت زینۆفۆن دەچێتە لای پرۆکسیمۆس و لەگەڵ ئەوان دەچێ بۆ شاری ساردیس لە بەری ئاسیا کە لەوێدا لەشکری کۆرش و یۆنانییە بەکرێگیراوەکان ساز بووبوون. وەک خۆی باسی دەکات زۆربەی چەکدارە یۆنانییەکان سپارتی بوون؛ لەوانە کلیرخۆسی سپارتی کە دەستە راستی

---

(١) بحث في التاريخ، موجز المجلدات السبعة ١٤٩.

کۆرش بوو و بەرپرسی هەموو چەکدارە یۆنانییەکان بوو. ئینجا ئەرکادی و ئاخی و کریتی و تسالی و تراکی و بۆیۆتی و تێکرای ناوچە و شارەکانی یۆنان لەو لەشکرەدا کۆ بووبوونەوە. لەشکر بەرێ دەکەوێت و بەرە بەرە تێ دەگەن کەوا ئامانجی هەڵمەتەکە بۆ بەگژداچوونەوەی خودی شاهنشایە. واش هەر کەسایەتی و زیرەکایەتی کۆرش بای ئەوە دەبێ کە بەدوای بکەون. لە راستیشدا زینۆفۆن لە نووسراوەکەیدا زۆر بە شان و باڵای کەسایەتیی کۆرش هەڵدەڵێت.




پاش مانگێک رێپێوان، هەرێمەکانی ئاسیای بچووک و شام و بیابانی فورات دەبڕن، دەگەنە دەشتێک لە خوار فەلوجە لەسەر رووباری فورات. لەوێدا بەرەورووی لەشکری شاهنشا دەبنەوە و شەڕەکەی کوناکسا دەقەومێت. وەکو زینۆفۆن باسی کردووە یۆنانییەکان شەڕێکی زۆر باش دەکەن و ئەو بەشە سوپایەی کە بەرانبەریان وەستابوو هەموو دەبەزێنن. با چاوێک بە نووسینەکانی زینۆفۆندا بخشێنین رۆژی شەڕەکەی کوناکسا، شایانی گوتنە ئەو رۆژە یەکەمجار و دواجار بوو زینۆفۆن چاوی بە کۆرش بکەوێت؛ هەروەها زینۆفۆن ناوی خۆی وەکو کەسی سێیەم دەهێنێت.



شتێک دەڵێ بەم واتایەی خوارێ:

بەیانی هەواڵ هات کەوا لەشکری شاهنشا نزیک بووەتەوە. پاش نیوەڕۆ کەوتنە بەرانبەر یەک. کلیرخۆسی سپارتی لەسەر باڵی راستی سوپای کۆرشدا بوو. کۆرش و تەرجومانەکەی چوونە لای کلیرخۆس پێیانگوت «دەبێ پێشڕەوی بکەی بەرەو ناوەندی سوپای شا. ئەگەر ئەو ریزانە شکان ئەوسا سەرکەوتن مسۆگەر دەبێت» کۆرش بەنێو ریزەکانی یۆنانییەکاندا تێ پەڕی. زینۆفۆن ئەسینییەک بوو لەنێو چەکدارە یۆنانییەکان وەستابوو، کە کۆرشی دیت بۆی چووە پێش تا بزانێ دەڵێ چێ؟ کۆرش گوتی: «*فاڵەکان باشن، ئومێد دەکەم ئەنجامی شەڕەکە زۆر باش بێ*» لەو کاتەدا دەنگە دەنگێک لە ریزی یۆنانییەکانەوە هات. کۆرش پرسی «*ئەو دەنگە چییە ؟*» زینۆفۆن گوتی «*ناوی نهێنی بڵاو دەکرێتەوە*». کۆرش پرسی «*چ ناوێکتان داناوە؟*» زینۆفۆن گوتی «*زیۆسی گەیێنەر و سەرکەوتن*»[1] کە کۆرش ئەمەی بیست گوتی «*باشە، من رازیم، با باوا بێ*» کۆرش رۆیشتەوە بۆ لای سوارەکانی خۆی لە ناوەندی لەشکردا.

ئینجا باسی شەڕەکە دەکات و ئەو بڕگانە دەڵێ:

ریزەکانی فارس زۆر نزیک بوونەوە. یۆنانی سروودی «پایێن»یان گوت و بەرەو پێش چوون. ریزەکانی لای چەپ خێراتر بوون و ئەوانی دیکە دەیانویست پێیان رابگەنەوە. هەلهەلە Eleleu یان بۆ خواوەندی جەنگ لێ دا. هەندێک کەس دەڵێن، ریزەکانی پێشەوە تەقەتەقیان بە چەک و مەتاڵەکانیان کردووە تاکو ئەسپەکانی فارس بڕەونەوە؛ بەڵام پێش ئەوەی بگەنە بەر مەودای تیر، ریزەکانی فارس هەڵتەکانەوە و هەڵاتن. یۆنانی

(١) وەرگێڕ ئەم دەقەی نووسیوە Zeus the deliverer and victory رەنگە وەرگێڕ هەڵەی کردبێت و لە ئەسڵدا Zeus the deliverer of victory بووبێت واتە "زیۆس گەیێنەری سەرکەوتن". هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٩، ٥٠.

راویان نان، بەڵام هاواریان کردە یەکتر کە ریزەکانیان تێک نەدەن. عەرەبانەکانی فارس[1] بۆ نێو ریزەکانی دوژمن گەڕاونەوە. هەندێکیان بەبێ شوفێر بەرەو ریزەکانی یۆنانی هاتن، کە یۆنانییەکان دیتیانن خێرا ریزەکانیان کردەوە تاکو کەس بەبەر عەرەبانە نەکەوێت؛ واش هەر یەکێک بەبەر کەوت بەڵام دەڵێن سەلامەت دەرچووە. لەو شەڕەدا تەنیا یەک کوژراو هەبوو کە تیرێکی بەرکەوت و.... سەرنج بدەنە ئەم شتانەی باس دەکرێن.

١- زینۆفۆن لە رۆژی شەڕەکەدا یەکەم جار و دوا جار بوو کۆرش ببینێت. کە دیتوویەتی یەکسەر هەست دەکەی زینۆفۆن خۆی ڕەپێش خستووە.

٢- سەرنج بدەن کە دەڵێ «*وایان گوت، دەڵێن ریزەکانی پێشەوە تەقەتەقیان بە چەک و مەتاڵەکان دەکرد، هەندێک کەس دەڵێن بریندارەکە سەلامەت دەرچوو و هتد*». دیار و ئاشکرایە کە لە کاتی ئەو شەڕەدا زینۆفۆنێکی پەروەردەی شاری ئەسینا هیچ رۆڵێکی نەبووە لەنێو ئەو هەموو شینە جەنگاوەر و سەرکردانەدا، بەڵکو لە ریزەکانی پشتەوە وەستاوە.

٣- دەتوانین باوەڕ بە گوتەکانی بکەین کەوا یۆنانییەکان لەو شەڕەدا زیانیان کەم بوو چونکە ٧٠ ساڵێک پاش ئەو رووداوە ئەسکەندەری مەکەدۆنی هەمان جۆرە سوپای یۆنانی بەگژ هەمان جۆرە سوپای فارسدا دەبات و زیان و کوژراوی زۆر کەم دەبێت. دەشتوانین تەفسیرێکی تر هەڵێنجین کەوا فارس لە شەڕەکەی کوناکسادا بە مەبەست وایان کردووە یۆنانییەکان بەدوایان بکەون بۆ شوێنێکی دوور تاکو دابیڕێن. هەمان تاکتیک لەشکری پرووسی (ئەڵمانی باکوور) لە شەڕی واتەرلۆ (١٨١٥ز) پێڕەو کرد دژی لەشکرەکەی ناپۆلیۆن کەوا

---

(١) عەرەبانەی سکیتیێ Scythian Chariots لە شەڕدا پڕ دەکران لە تیغ و رۆخی تیژ تاکو ریزەکانی لەشکری دوژمن بشکێنن.



بەشێکیان راکێشا بۆ دوور کەچی خۆیان (پرووسییەکان) گەڕانەوە مەیدانی شەڕەکە لای لۆرد ویلینگتۆن و ئینگلیزەکان. تا ئەو بەشەی لەشکری ناپۆلیۆن گەڕایەوە مەیدان، فەرەنسییەکان شکابوون. بەڵام هەرچۆنێک بێت، فارس پاش شەڕەکەی کوناکساش هەرگیز راستەوخۆ بەرەوڕووی یۆنانییەکان نەبوونەتەوە؛ بەڵکو راویان دەنان؛ ئینجا بەچەشنەی سیاسەتی تورک، بانگیان دەکردن بۆ گفتوگۆ و یەکسەر سەریان دەبڕین، ئیتر ئەوها. با بگەڕێینەوە بۆ رۆژی شەڕەکەی کوناکس و رووداوەکانی پاش شەڕەکە.

یۆنانییەکان فارسەکان راو دەنێن و لە لەشکری کۆرش دادەبڕێن تا شەویان بەسەردا دێت لە شوێنێکی چۆڵ، وا دەزانن ئێستا کۆرش سەرکەوتووە؛ کەچی بەیانی هەواڵیان پێ دەگات کەوا کۆرش لە دوێنێوە کوژراوە و زۆربەی فارسەکانی سەر بە کۆرش، چەکیان داناوە. یۆنانییەکان بەتەنیا دەمێنن و لەو تەنگەتاوییەدا نازانن چ بکەن. دەزانن مەسەلەکە مەسەلەی مان و نەمانە؛ ئیتر بڕیار دەدەن بەخۆشی و ناخۆشی بگەڕێنەوە بەرەو یۆنان. لێرەوە رێپێوانێکی ترسناک دەست پێ دەکەن بەرەو باکوور لەگەڵ رووباری دیجلەدا دەڕۆن.

پاش چەند هەفتەیەک رێپێوان کە لە رووباری زاپاتاس (زاب) دەپەڕنەوە، فارس بە فێڵێک پێنج سەرکردەی یۆنانی دەگرن؛ لەوانە کلیرخۆسی سپارتی، سەرلەشکر، و پرۆکسیمۆسی بۆیۆتی کە زینۆفۆن مێوانی ئەو بوو. ئەو رووداوە یۆنانییەکان دەهەژێنێت، شەویان بەسەر دادێت و دەترسن کە ئێستا نا ئێستا فارس بەسەریان دادەدەن. ئەم بەشەی نووسینەکەی زینۆفۆن وەکوو ماستەر سین Master Scene ی نووسراوەکەیتی، با بزانین چی نووسیوە:

ئەو شەوە یۆنانییەکان زۆر نائومێد دەبن. زینۆفۆنی ئەسینی خەونێک دەبینێ کە بە نیشانەیەکی ئاسمانی دادەنێت و دەڵێ بۆچی راوەستین تا

یەک بەیەک دەمانکوژن؟ ئینجا دەڵێ «*دەبێ چ شارێک ئەو رابەرە پێشکەش بکات کە هەنگاوی راست دەنێت؟ ئایا دەبێ راوەستم تا پیر دەبم؟*»[1].

ئەگەر هەندێک لەم نووسینە ورد ببینەوە دەبینی کاکڵی دەروونیی زینۆفۆن لێرەدا دەرکەوتووە کەوا مەکۆی خۆ هەڵسەپاندنی تێدا دیارە. ئەم قسەی کە دەڵێ «*دەبێ چ شارێک ئەو رابەرە پێشکەش بکات کە هەنگاوی راست دەنێت؟ ئایا دەبێ راوەستم تا پیر دەبم؟*» ئەمە دەیسەلمێنێ کەوا نەک هەر ویستوویەتی رابەرایەتی بکات بەڵکو سەربار و بنبار ویستوویەتی بیسەلمێنێت کە خەڵکی ئەسینا شایستەی رابەرایەتین. دە باشە، زینۆفۆن لایەنگری سۆکرات بوو کە ئەوان رەوتێک بوون بۆ بەخۆداهاتنەوە. هەروەها ئەو رەگەڵ سەرکردەیەکی سپارتی کەوتبوو لەژێر ئاڵای شازادەیەکی فارسدا کە گوایە ئەوانە دوژمنی بابەکوشتەی ئەسینان. سەرباری ئەوەش، زینۆفۆن تاکە ئەسینییەک بووە وەکو مێوانێکی نانخۆری جێگر لەنێو بۆیۆتییەکاندا. جا ئەگەر ئەو بەم جۆرە بیری کردبێتەوە ئەدی ئەسینییە توندڕەوەکان چۆن بوون.

ئینجا زینۆفۆن نووسیویەتی دەڵێ «زینۆفۆن لە خەو هەستا و ئەفسەرە بۆیۆتییەکانی پرۆکسیمۆسی بانگ کرد» لێرەوە چەند لاپەڕەیەکی تۆمارکردووە کە چۆن قسە بۆ چەکدارە بۆیۆتییەکان دەکا تا دەگاتە ئەوەی کە پێیان دەڵێ «*بیسەلمێنن کە ئێوە لە هەموویان ئازاترن و مافی رابەرایەتیتان لەو کەسانە زۆرترە کەوا ئێستا رابەرایەتیتان دەکەن. ئەگەر قسەکەم پەسند دەکەن ئامادەم بەدواتان بکەوم و ئەگەر رازیشن ئامادەم رابەرایەتیتان بکەم، بەوەش نییە کە تەمەن بچووکە... هتد*».

(١) هەمان سەرچاوە، بەشی (زینۆفۆن دەسپێشخەری دەکات، Xenophon takes in-itiative).



وا بزانم ئەوە نەک هەر خۆبیاتییە بەڵکو تێک بەردان و فیتنەبازییە کەوا دەیەوێ تاقمێک هار بکات دژ بە تاقمەکانی دیکە. هەر ئەم تەرزە کەسانەشن کە لە نێوان هەموو نەتەوە و حزب و کۆمەڵە خەڵکێکدا فیتنە و ئینشیقاق و دووبەرەکی دەنێنەوە. ئینجا نووسیویەتی دەڵێ: «*هەموو بۆیۆتییەکان تکایان لە زینۆفۆن کرد کە رابەرایەتییان بکا، تەنیا یەکێک نەبێت بەناوی ئەپۆلۆنیدیس ئەوەی بە لەهجەیەکی بۆیۆتیی قسەی دەکرد*». دیارە خەڵکی ئەسینا بێزیان لە لەهجە یۆنانییەکانی دیکە بووەتەوە و هەمان کێشەی لەهجەبازییان هەبووە[1]. ئینجا نووسیویەتی گوایە زینۆفۆن بە سەر و پۆتەڵاکی ئەو ئەپۆلۆنیدیسەدا هاتووەتە خوار وەک دەڵێ «دەبێ لە پایەی ئەفسەر بخرێت و بەچەشنی ئاژەڵ باری بکەین. ئەو کابرایە سەرشۆڕییە نەک هەر بۆ ناوچەی خۆی، بەڵکو بۆ هەموو یۆنان» ئینجا گوایە بۆیۆتییەکان یەکسەر حاشا لە ئەپۆلۆنیدیس دەکەن و زینۆفۆن بە سەرکردەی تاقمی بۆیۆتی هەڵدەبژێرن. تۆ بڵێی ئەوها بووبێت.

(١) هەمان لەهجەبازی کە لەنێو کورد هەیە لە یۆنان هەبووە. هۆنراوەیەک هەیە بەناوی شیوەنکارانی جەژنی ئەدۆنیس. باسی کەرنەڤالێک دەکات لە ئەسکەندەرییە؛ واتە کە یۆنانی میسریان داگیر کردبوو. لەوێدا گوایە دوو ژن قسە دەکەن، پیاوێکیش پەللارێک دەهاوێت بەم واتایە «ئەرێ خانمە بەرێزەکان، بەس نەبوو هەندە قسەتان کرد. ئەو ژنانە دڵم گران دەکەن کە بەو لەهجە دۆرییە قورسە دەدوێن». ژنێکیان بە تووڕەیی وەرامی دەداتەوە بەم واتایە «خوایە ئەو کابرایە لەکوێ بۆمان پەیدابوو؟ کابرا، ئێمە عەبدی تۆ نین تاکو ئەمران بکەی، چاک بزانە کە تۆ قسە لەگەڵ خەڵکی سیراکۆزا دەکەی. دۆری هەر بە دۆری قسە دەکەن، تێ دەگەی». شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە شاری سیراکۆزا لە جەنگی پیلۆپۆنیزدا لای سپارتا بوون و دیارە لەهجەیان وەکو لەهجەی سپارتا بە دۆری قسەیان دەکرد. رەنگە هەر بۆیەش لایەنگری سپارتا بووبن.
الهيلينية في مصر. سير هارلد ادريس بل، ترجمة زكي علي. لاپەڕە ٧٦

زینۆفۆن دەڵێ گوایە هەر لەو شەوەدا پاش ئەوەی بۆیۆتییەکانی نەرم کردووە، لەسەر داواکاری خۆی یۆنانییەکان ئەنجومەنی جەنگیان بەستووە پاش نیوە شەو. لەوێوە بە درێژایی ١٢ لاپەڕ گفتوگۆی کۆبوونەوەکە دەگێڕێتەوە گوایە زۆربەی قسەکانیش خۆی کردوونی. بەدووری نازانم کە لێرەدا هەندێکی پێوە نابێت؛ چونکە زینۆفۆن پاش چەندین ساڵ بەسەرهاتەکەی تۆمار کردووە، جا نازانم ئایا چۆن ئەو هەموو قسانەی ئەو شەوەی بەبیر هاتووەتەوە؟ دەباشە لەو نیوە شەوەدا کە ئێستا نا ئێستا فارس بەسەریاندا دەدەن، کێ ئامادەیە گوێ لەو گوتارانە بگرێت؟ پاشان ئەو گوتارە درێژە بایی ئەوەیە هەندە بخایێنێت کە بەیانییان بەسەردا بێت، مەگەر وەکو فیلمە کۆنەکانی چارلی چاپلن هەموو بەخێرایی کرابن.

لە نووسراوەکەی زینۆفۆندا زۆر نیشانەی تر هەن لە دیاردەکانی پەللار و خۆبییاتی؛ بۆ نموونە هەموو ناوەکان بەگوێرەی ناوچەکانیان دەڵێ وەکو «*کلیرخۆسی سپارتی، ئاکیاسی ئەرکادی، ئەریستیپۆسی تسالی* و هتد» کە لە دەریای رەش نزیک دەبنەوە لە شوێنێکدا هەواڵێکی خۆش دەبیسن و دەست بە سەما دەکەن، هەر تاقمە و سەمای ناوچەی خۆیان دەکەن و کەس تێکەڵی ئەوەی دیکە نابێت. لە شوێنێکی دیکەدا زینۆفۆن تووشی نیمچە دەمەقاڵێیەک دەبێ لەگەڵ ئەفسەرێکی سپارتی. لەوێدا کەس پەللار لە کەسایەتی و رەفتاری ئەوی دیکە ناگرێ بەڵکو پەللار لە «شار»ی یەکتر دەگرن؛ بۆ نموونە زینۆفۆن دەڵێ «سپارتی دزن» ئەویش دەڵێ «نەخێر کەس وەکو ئەسینییەکان پارەی خەڵکی ناخوات» رەنگە ئەم پەللارەی کابرای سپارتی ئاماژەیەک بێت بۆ سەردەمی پێرکلیس کە زۆربەی دەرامەتی یۆنان لە ئەسینا خەرج کرا.

دەبێ ئێمە هۆیێک بگرین کەوا چۆن لاوێکی ئەسینی بە تاقی تەنیا لەنێو ئەو هەموو سپارتییانەدا دەوێرێ جنێو بە سپارتا بدات؟ تەنانەت



بەگوێرەی قسەی خۆی دەڵێ تێکڕای سپارتییەکان گوێڕایەڵی قسەکانی بووبن. بەڵام بەڕای من ئەگەر ئەوهاش بووبێت، سپارتییەکان بۆیە گوێیان نەداوەتێ چونکە گوتوویانە «دیسان ئەسینییەکی فشەکەرمان لێ پەیدابوو، وازی لێ بێنن چ دەڵێ با بڵێ.» تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەگەر مێژووخوێنێکی یۆنانییەک بیەوێ لە راستیی رابردووی خۆی بگات، با بێتە کوردستان و بە باشی فێری لەهجە کوردییەکان بێت و بچێتە نێو دانیشتنێکی کە خەڵکی کۆمەڵێک شاری جودای تێدا بێت، ئەوسا زینۆفۆن و کلیرخۆس و پرۆکسیمۆس و... بە زیندوویی دەبینێ. با بگەڕێینەوە سەر زینجیرەی مێژوو.

# سەردەمی هێلینی

## لە ئەسکەندەرەوە تا کیلیۆپاترا

چەرخی گەردوون هەمیشە دووبارە دەبێتەوە. دیسان شارستانییەکانی وڵاتێکی بێ پایتەخت یەکتریان شل و کوت کرد تا هەموو کەوتنە بەر چەپۆکی عەشایەر. ساڵی ٣٣٨ پ.ز، کە شارە یۆنانییەکان دانیان بەحوکمی فیلیپی مەکەدۆنی ناوە، ئەوە ساڵی نەمانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریی یۆنان بووە؛ ئاواتەکانی ئەسینا و سپارتا هەموو بوونە خەیاڵێکی بابردوو.

من سەیرم پێ دێت کە مێژووناسەکان سەرکەوتنی فیلیپ مەکەدۆنی دەدەنەوە پاڵ پێکهێنانی سوپا و بەکار هێنانی رمبی درێژ و ئەم جۆرە قسانە. راستی ئەوەیە کە یۆنانی بە ئیفلاسی سیاسی و بۆشایی ئینتیما گەیشتن دەنا گەلی یەکگرتوو بەهیچ نابەزن. لە ٤٠٤ پ.ز دا گوایە شەڕی ئەسینا و سپارتا کۆتایی هاتووە؛ کەچی لە ڕاستیدا ئەویش و چەندین کێشەی تر شێن بوونەوە. فیلیپیش ئەگەرچی عەشایەر بوو، بەڵام ئەوە نەک بەواتای کە توانای هەر لە مەیدانی لەشکرکێشیدا هەبووە بەس؛ نەخێر، رۆڵی فیلیپ لە مێژووی یۆناندا لە رۆڵی سەرگۆنی ئەکەدی دەکات بۆ عێراق. کاتێک نێر بە فێڵەکانی مێ بزانێت و داخی لێ هەڵبگرێت، ئەوسا دوو هەندی مێ فێڵباز دەبێت.

مەکەدۆنی سیستەمی دەوڵەتی شاریان پێڕەو نەدەکرد؛ زمانیان جودابوو و خۆیان بە یۆنانی نەدەزانی و ئینتیمایەکی عەشایەرییان هەبووە و شانازییان بە کوێستانەکانی خۆیان کردووە. دەشێ پێوەندی لە نێوان مەکەدۆنیا و یۆنان بەپێوەندیی زاگرۆس و عێراق بچوێنین کەوا ئەگەرچی زۆر زاگرۆسی لەنێو عێراقدا تواوەتەوە، بەڵام هەستی ئینتیمای سەربەخۆ



هەمیشە هەبووە. لە بەرانبەردا یۆنانی مەکەدۆنییەکانیان بە بێگانە و نەفام دەزانن؛ بۆیە داگیرکردنی یۆنان بەدەست مەکەدۆنییەکانەوە سەرشۆڕییەکی گەورەی نواندووە بۆ یۆنانییەکان کەوا بە بێزەوە پێیان دەگوتن بەربەڕی. ئەم وشە (بەربەڕ) لە لاساکردنەوە و پەللاری لەهجەبازییەوە هاتووە. یۆنانی بەهەموو زمان و لەهجەیەکی بێ لە شاری خۆیان دەگوت زمانی "برە برە برە" ئێستا بەسەر هەموو نەژادێکی عەشایەریدا ساغ بووەتەوە.

فیلیپی دووەم کوڕە ئاغا، یاخۆ بڵێم *خانێکی* مەکەدۆنییەکان بووە؛ بەڵام لە رەوشتی خۆبەخۆیی یۆنانی دەزانی. داخداریان بوو کەوا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەبەر دەستیاندا یەخسیری و سووکایەتیی دیتبوو. داگیرکردنی یۆنانیش هەنگاو بە هەنگاو رووی دا. فیلیپ پێش ئەوەی بیر لە چەک و چەکدار بکاتەوە، بیری لە دەمارەکانیان کردووەتەوە و زانی چۆن ئاگری خۆبەخۆیی خۆش بکات. ئەوجار هێزی چەکدارەکانی خستە گەڕ. کاتێکیش کە هەموو یۆنانی پێچایەوە، ئەوسا دوژمنێکی هاوبەشی دۆزییەوە؛ «شەیتانێک بەناوی فارس» کە گوایە «*ئێمە هەموو براین بەڵام ئاخ فارس باعیسی هەموو دەرد و بەڵاکانن*». فیلیپ خاوەن بیردۆزی سیاسی بوو؛ پرۆسەی بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی نێوان مەکەدۆنیا و یۆنان دارشت و زەمینەی ساز دەکرد بۆ هەڵمەتێکی گەورە بەرەو خۆرئاوا، بەڵام لە ٣٣٦پ.ز تیرۆر کرا.

ئەسکەندەر درێژەدەری پلانەکەی باوکی بوو. کە باوکی کوژرا یۆنانییەکان یەکسەر لێی هەڵگەڕانەوە؛ بەڵام ئەسکەندەر دەرفەتی نەدا و کوشتارێکی گەورەی نایەوە لە تیبە. وەک بیستمان تیبە سپارتای بەزاندبوو، پێشتریش سپارتا ئەسینای بەزاندبوو. پێش ئەوەش ئەسینا فارسی بەزاندبوو. ئەوەش هەر جۆرێکە لە ریزبوونی ماگنێت بە «سارد و گەرم». ئەوجار وەک بڵێی هەستی دەکرد ئەم خەڵکە بزێوانە فێر نین بە ئاسایی دابنیشن و زانی کە دەبێ گۆڕانکارییەک بکرێت، ئەمەش ئەو

هەڵمەتە بێ چەشنە بوو کە کردی. بۆ ئەوەی باشتر دیمەنەکە ببینین، فەرموون کتێبی «کنت ابناً للرئیس»[١] بخوێنەوە[٢].

ئەسکەندەر تووشی هەمان شت بوو و هەمان پلانی پێڕەو کرد؛ هێرشێکی بێ چەشنی کردە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ژێردەسەڵاتی داریووشی سێیەمدا بوو. لە ماوەی ٩ساڵدا ١٧٦٠٠ کیلۆمەتری بڕی لە شەڕێک بۆ شەڕێکی تر. وڵاتانی تورکیا، شام، میسر، عێراق، ئێران، ئەفغانستان، پاکستان (بەگوێرەی ناوەکانی ئێستایان) هەمووی داگیر کردن. لە ڕاستیدا ئەو پیاوە و سوپاکەی وەستانیان نەبوو؛ وەک تۆیەک دێتە بەر چاوم کە بەدوای هێلکەیەکەدا بگەڕێت و هەر نەیدۆزێتەوە.

---

(١) حەز دەکەم شایەدییەک بدەم کەوا من باوەڕ بە نووسینەکانی کتێبی ناوبراو دەکەم چونکە نووسەر و خودی عودەی سەدام حوسێن وەلاش تەمەنی خۆم بوون (لەدایکبووانی ١٩٦٤). ڕووداو و قۆناغەکانی کە لەوێدا باس کراون هەموو لەگەڵ یادگارییەکان و تێبینییەکانی خۆم بەرانبەر بە ژیانی بەغدا ڕاست دەرچوون. وێڕای ئەمەش خانم ساجدە ئەلبەکری داکی عودەی لە ١٩٧٠ کە چووم بۆ خوێندنی سەرەتایی تا ساڵی ١٩٧٣ کە گوێزرایەوە بۆ خوێندگەی کرخ، ناوبراو بریکاری بەڕێوەبەری خوێندگەکەمان بوو؛ (الأصیل الابتدائیة) لە گەڕەکی شورتە لە بەغدا. شایەدی ئەوەش دەدەم کە ئەو نازکێشان و مەللاقیەی کە بۆ عودەیەکی ٨، ٩ ساڵی دەکارا لەلایەن زۆربەی ماموەستا و خوێندکارەکانەوە بایی ئەوەبوو کە فریشتەیەک ببێتە فەریکە دیکتاتۆر.

(٢) لەوێدا ڕۆن دەبێتەوە کەوا ناخۆشترین ماوەی حوکمی سەدام ئەو دوو ساڵە بوو لە ١٩٨٨/٨/٨ کە جەنگی ئێران وەستا، تا ١٩٩٠/٨/٢ کە کوێتی داگیر کرد. لەو دوو ساڵەدا نە شەڕ هەبوو نە بیانگەیەکی ئەوها هەبوو تاکو خەڵک بڵێن «دەی جارێ ئەمە قۆناغێکی تایبەتییە و لە پاشەڕۆژدا شێوەژیانێکی باشترمان دەبێت.» سەدام کێشەی ناوەکیی لەکۆڵ خۆی کردەوە بەدۆزینەوەی دوژمنێک و شەیتانێکی دەرەکی. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە خەڵکی بێ ئینتیما دەبێ پێش هەموو شتێک لە خۆ بپرسن: پاش سەرکەوتن چ بکەین؟



گومانیش نییە کە میراتی سەربازیی گەشتەکەی ١٠,٠٠٠ یۆنانییەکان و هەبوونی هەزاران ئاوارەی ناوەخۆ، ڕێگەیان خۆش کرد بۆ سەرکەوتن و پێشڕەویی ئەسکەندەر.

با لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە سەیری ڕووداوەکان بکەین، دەبینین هەمان مەیل و هەستەکانی زینۆفۆن و یۆنانییەکان دواتر لە ئەسکەندەر و سوپاکەیدا بەرجەستە دەبن؛ چۆن؟ ئەگەر وەکو تاکە کەس باس بکرێن، دەبینین زینۆفۆنێکی ئەسینی بەئومێدی «ژیانێکی جودا» ڕەگەڵ لەشکرێک کەوت. لە سەرەتادا فارس و هەموو نا ئەسینییەکانی بە دوژمن دەزانی، کەچی دواتر خولیای ئەو ڕەوشتە یەکگرتووەی فارس بوو. یۆنانییەکان بەگشتی خەڵکی دیکەیان بە دڕندە و نەفام دەزانی؛ کەچی کە تێکەڵ بەو وڵاتانە بوون دیتیان ئەوان زۆر پێشکەوتووترن. هەمان شتیش تووشی ئەسکەندەر بووە. پاشایەکی گەنج کە دەبوایە گۆڕانکارییەک یان نەوژەنییەک بدۆزێتەوە، بەبێ وەستان «بەرەو پێش هەڵدەهات». بەڵێ شا و گەدا نابنە یەک، بەڵام ئەسکەندەر و زینۆفۆن هەموو «بەرەوپێش هەڵدەهاتن». شایانی گوتنە کە پاش سەرکەوتنەکانی مەکەدۆنییەکان، یۆنانی بەلێشاو رژاونەتە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەمان دەرد و بێزاری.

ئەسکەندەر لە دوارۆژەکانیدا مەیلێکی توندی پەیداکرد بۆ ئینتیمای فارس[١] ڕەنگە ئەو بەخواوەندکردنەی کە فارس بۆ هەر شاهنشایەک دەیکەن، ئەوە هاندەرێک بووبێت بۆ ئەسکەندەر؛ واتە مەرج نییە هەموو

---

(١) دووبارەی دەکەمەوە کە ئێستا ناوی فارس دێت ئەمە نەک بە واتای مافوور چنەکانی کاشان و بازرگانەکانی ئەسفەهان؛ بەڵکو ئەوسا پێکهاتەیان وەکو سەلجووقی و عوسمانی ئەفشار و تاڕادەیەکیش وەکو مەغۆل بوون کە لە سەرتاسەری جیهان پابەندی یەک دەسەڵاتدار دەبوون و باوەڕیان بە یەکیەتیی باوەڕێکی وابوو کە سنووری هۆز و نەتەوەی دەبەزاند.

کردەوەکانی بە چاکە بووبن. ئەسکەندەر شازادەیەکی فارسی مارە کرد و فەرمانیشی دا زۆربەی ئەفسەرەکان ژنی فارس بێنن. بەرە بەرەش ئەفسەری فارسی دەخستە نێو سوپا[١]. مەرگ زوو بردییەوە دەنا مێژوو شتێکی دیکەی تۆمار دەکرد و رەنگ بوو بەدەستی خۆی پیرسۆپۆلیسی ئاوەدان کردبایەوە. تەنانەت کە زانیویانە دەمرێ لێیان پرسیوە «کێ پاش تۆ حوکم بکات؟» گوتوویەتی «کێهەی بەتوانایە». وەک بڵێی لە دڵی خۆیدا گوتوویەتی «کەس وەکو ئێوە ئازا نەبووە؛ بەڵام ئازایەتی راستەقینە لە یەکبووندایە. ئەگەر یەکگرتوو نەبن، کەواتە شایستەی دەوڵەت نین.» خەونی ئەسکەندەر لە چۆنێتی پێکهێنانی دەوڵەت و ئینتیما پاش خۆی بە ١٠٠ ساڵێک هاتە دی؛ بەڵام ئەم ئینتیمایە نە لە یۆنان، نە لە مەکەدۆنیا هەڵکەوت، بەڵکو لە رۆما.

ئەگەر چاوێک بە شارستانەتی گەشی یۆناندا بخشێنین مەگەر سەیرمان پێ بێت کە شتێکی پووچ و گەندەڵی وەکو «*شارەکەی خۆمان*» و ئەو دیاردانەی خۆبیاتی بوونەتە هۆی کە ماوەی ٢٠٠٠ ساڵ سەربەخۆیی لەدەست بدەن و وڵاتەکەیان ببێتە مەیدانی لەشکرکێشی و بەکۆمەڵ کوشتن. دواتریش نەوەکانی یۆنان و مەکەدۆنیا بە هەزاران دەکوژران و بەخسیر دەکران و لە رۆما دەفرۆشران؛ تەنانەت هەر سەرکردەیەکی رۆمانی کە لە دەوڵەت هەڵگەڕابایەوە یەکسەر پەنای بۆ یۆنان دەبرد. بۆ نموونە پۆرتۆس کە یۆلیۆس قەیسەری کوشت پەنای بردە بەر یۆنان، ئەوانیش بە خەیاڵی خاوی ئازادییەکی بابردوو یەکسەر بەدوای کەوتن، کەچی لەشکرێکی رۆمی هات و تەفروتووناى کردن. ئیتر ئەوها.

با بگەڕێینەوە سەر میراتی ئەسکەندەر، ئەم ئیمپراتۆریەتە بێ سنوورەی ئەسکەندەر یەکسەر لەت بوو. دەسەڵاتیان لە سیند و خوراسان هەر زوو

---

(١) بحث في التاريخ ترجمة طه باقر ٢٠-٢١.



نەما. سەبارەت بە بەشەکانی دیکەش (یۆنان، ئاسیای بچووک، عێراق، شام، میسر) ئەوانە لەنێوان سێ سوپاسالاری ئەسکەندەر دابەش کران.

ئەنتیگۆنۆس (٣٨٢-٣٠١ پ.ز) لە مەکەدۆنیا و یۆنان و خۆرئاوای تورکیا.

سەلووکەس (٣٥٨-٢٨١ پ.ز) لە شام و ئەنەدۆڵەوە تا عێراق و فارس.

پتۆلیمۆس (٣٦٧-٢٨٣ پ.ز) میسر و بەشێکی شام.

مەکەدۆنی وەک چینێکی سیاسی و سەربازی تێکەڵ بە کولتووری یۆنانی بوون و رابەرایەتیی جیهانی هێلینییان کرد. میراتگری ئیمپراتۆریەتی فارس، یۆنان و مەکەدۆنیا بوون بەڵام وەکو فارس رێ و شوێنیان دیار نەبوو کە «یەک هێلکەی پیتێندراو»؛ بناخەی دەوڵەتەکەیان بێت و یەک بنەماڵەی شاهانە سێبەری خواوەندێکی هەرە گەورە بێت، بەڵکو کولتوور و شێوەژیانی یۆنانیان بەخۆوە گرت «دەوڵەتی شار» جا دەبیسین کەوا «هێلینی» بەگشتی لە مەرگی ئەسکەندەرەوە تا مەرگی کیلیۆپاترا بەچەشنی کلۆ بەفرێک رۆژ بە رۆژ بچووک دەبوونەوە. واش هەر تا دوا هەناسە وازیان لە خۆبیاتی نەهێنا. بۆ نموونە، میسر (وڵاتێکی خاوەن سنوور و پایتەخت) دوا قەڵاتی دەسەڵاتیان بوو؛ کەچی لەوێشدا سیاسەتێکی نەگونجاویان پێڕەو کرد کەوا ئەسکەندەرییەیان کردە پایتەخت و دەوڵەتی شاریان پێڕەو کرد، بەتایبەتیش لە سەر رووباری خۆرئاوادا لە نێوان قاهیرە تا ئەسکەندەرییە. لە ئەنجامدا میسر بوو بە چوار هەرێمی مەیلەو فیدراڵی و نەگونجان و نەفرەت رووی داوە لە نێوان میسری و هیلینییەکان. پتۆلیمۆس ویستوویەتی دینێکی نیشتیمانی لە میسر پەیدا بکات، خواوەندێکی سەپاندووە بەناوی سیرابیس؛ بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

هەر چۆنێک بێت، ئەو ئینتیمایەی کە مەکەدۆنی پێویستیان بوو (ئینتیمای دەوڵەتپەروەر) لە رۆمدا هاتە دی.

## رۆم

ئینتیمای نەتەوەیی رۆم کاردانەوەیەک بوو دژی یۆنانییەکان. لە داستانی ئەلیادەدا باس کراوە گوایە هەرکڵ (هەرقەل) تاکە میرزادەیەکی تروادی بوو لە کوشتن رزگار بووبێت؛ پاش ئەوەی یۆنانییەکان ترواده‌یان قەڵاچۆ کرد ١٢٥٠ پ.ز. رۆم باوەڕیان وابوو کە ئەوان نەوەی هەرکڵن، جا گرینگ نییە ئەگەر ئەم قسە راست بێت یان درۆ، گرینگ ئەوەیە هەبوونی ئەم باوەڕە دیاری دەخات کە رۆم لە سەرەتاوە خۆیان بە دوژمنی شارە یۆنانییەکان زانیوە. لە ڕاستیشدا تۆڵەی ترواده‌یان بە دە هەندە کردەوە.

ئەو جۆرە ئینتیمایەی کە رۆم نواندوویانە، پێکچوونی تێدایە لەگەڵ ئاشوور کەوا ئەگەرچی لە مەڵبەندێکی شارستانیی خاوەن ئیمتیازێکی جیۆگرافیی ئەوتۆ هەڵنەکەوتن، بەڵام ئینتیمایەکی سوپاپەروەرانەی توندیان هەبوو. هەردووکیش سنووریان ئاواڵە بوو، ئیتر ترسی هەمیشەییان هەبوو بەرانبەر سەرهەڵدانەوەی بچووکترین دوژمن لە دوورترین ئاسۆی نەدیتراودا. لە هەمان کاتیشدا هەستیارییەکی توندیان هەبوو دژ بە خۆیاتی و مێیەتی. لە روانگەیەکرا سەیری رۆم و ئاشوور بکەین دەبینین هەردووک ئینتیمایەکی هاوبەشیان دابین کرد لەنێوان عەشیرەگەری لە باکوور و شارپەرستی لە باشوور[1]. کاردانەوەیان بەرەو

(١) سەبارەت بەئاشوور هەرێمەکانی باکوور پڕ بوو لە عەشایەری زاگرۆس و بیابانی شام و ئەنەدۆڵ. هەرێمەکانی باشووریش بریتی بوون لە شارە عێراقییەکان. سەبارەت بە رۆم، خۆیان تێکەڵەیەک بوون لە چەند عەشیرەتێکی یەکگرتوو، ئینجا کە بوونەتە شارستانی هەرێمەکانی باکووری ئیتاڵیا و گاڵ (فەرەنسا) و ئەودیوی دۆناو پڕ بوون لە عەشایەر. باشووریان بریتی بوو لە شارە ئەترۆسکانییەکان و یۆنانییەکان، بۆ نموونە سیراکۆزا لە سیسیلیا. هەروەها شارە فینیقییەکان، کەنعانییەکان، وەکو قەرتاج لە توونس و قەرتاجنە لە باشووری ئیسپانیا.




نەتەوایەتی بوو ئەگەر نەڵێم رەگەزپەرستی. کە ئینتیمای ئومەمی پەیدا بوو، ئاشوور لەو سنوورە تێ نەپەڕین بۆیە شکستیان هێنا. کەچی رۆم ئینتیماکەیان لە جغزی نەتەوایەتیش تێپەڕی بەرەو سیستەمێکی ئیمپریالی وەک ئەوەی کە فارس پێڕەویان کرد. ئینجا دوچاری بە ئارەزووی خۆیان بووبێت یان بە ناچاری ئینتیمایەکی دینیی جیهانگیریان پێڕەو کرد؛ بەتایبەتیش کە مەسیحیاتی بوو بە دینی دەوڵەت. ئەوسا فەلسەفە و ئینتیمای تەوحید و ئومەمییەت قالبێکی چەسپاوتری گرت. دواتر فەرقی نێوان کاتۆلیک و ئۆرتۆدۆکس تێ دەگەین.

پێش ڕۆم، شارستانێتیی ئەترۆسکانی (ئەترۆری) لە ناوەندی ئیتاڵیا هەبوو. کۆمەڵگەیەکی وەرزێری بوون بەڵام زانیاری لەم بوارەدا کەمن. مێژووی زانراوی رۆم دەگەڕێتەوە دەوری ٧٥٠ پ.ز کە شاری رۆما دامەزراوە، تا دەوری ٥٠٠ پ.ز سیستەمی کۆماریان هەبووە. وەک باس کرا، سەدەی شەشەم و پێنجەم پ ز. ئەوپەڕی گەشانەوەی شارستانەتیی یۆنان بوو، لە هەمان کاتیشدا ئەوپەڕی خۆبەخۆیی تێدا رووی دا. رەنگە لەم دوو سەدەدا ئینتیمای نەتەوەیی (ئینتیمایەکی کە لە جغزی تەسکی شار و ناوچە و هۆز گەورەتر) لەنێو رۆمەکاندا پەرەی ستاندبێت وەکو کاردانەوەیەک دژی ئینتیما و شێوەژیانی شارپەرستانەی یۆنانییەکان. شایانی گوتنە کە باشووری ئیتاڵیا بەشێک بوو لە جیهانی یۆنانی؛ واتە لێکخشانێکی راستەوخۆ هەبوو لەگەڵ شارستانێتیی هێلینی. خاڵی گرینگیش ئەوەبوو کە خودی یۆنانییەکان یەکتریان دوچاری رۆم و پاکس رۆمانا دەکرد.

بنەمای پاکس رۆمانا Pax Romana واتە رۆمان رەوایی، وای دەگەیاند کە هەر خەڵکێک (شار، هۆز) لە ژێر ئاڵای رۆمدا بن، حوکمێکی ئۆتۆنۆمییان دەبوو. نە دیکتاتۆر و نە چەتە رێگەی ستەمکارییان دەما و خوا لە حاڵی ئەو خەڵکەی دەستدرێژییان کردبایە سەری خەڵکی دیکە. لە

مەیدانی دینیشدا مەرجی ئاسانییان هەبوو؛ بۆ نموونە ئەگەر قوربانی بۆ خواوەندی شارێک یان هۆزێک کرابایە، دەبوو پێشی بۆ جوپیتەر، خواوەندی نەتەوەیی رۆم بکرێت، ئینجا بۆ خواوەندە ناوچەییەکان. بەڵام بێگومان ئەو ئاسانکارییە لەسەردەمی مەسیحیاتیدا نەما.

هەستانەوەی هەرە گرینگی رۆم لەدوای جەنگی قەرتاجی دووەمدا رووی دا (کۆتایی سەدەی سێیەم پ.ز). هانیبال سوپاسالارێکی بلیمەت بوو، لە باشووری ئیسپانیاوە لەشکرکێشیی کردووە بەسەر چیاکانی ئەلپدا بۆ نێو جەرگەی ئیتاڵیا و بەچەشنی رۆملی ئەڵمان[1]، چەندین سەرکەوتنی ئەفسانەیی تۆمار کردووە و لە رۆما نزیک بووەتەوە. بەڵام هێزی رۆم لەوەدا دەرکەوت کە لەکاتی شکستدا یەکگرتوو و خۆڕاگر بوون کەچی




(١) هانیبالی قەرتاجی، رۆملی ئەڵمان، جەنەرال رۆبەرت لیی کۆنفدرالییەکانی ئەمەریکا، ئەوانە هەر یەک لە کات و شوێنی خۆیدا بلیمەتی مەیدانەکانی جەنگ بوونە؛ بەڵام پێش ئەوەی پەرۆشمان بۆ کەسایەتییەکانیان هەبێت، دەبێ بپرسین ئەگەر ئەوان سەرکەوتبان ئایا ئەم جیهانە باشتر دەبوو؟ وابزانم ئەوسا دەزانین کە شکستیان لەهیچەوە نەهاتووە.



هانیبال و قەرتاجییەکان کە یەک جار شکان ئیتر هەستانەوەیەکی ئەوتۆیان نەما.

ئەرنۆڵد تۆینبی دەڵێ «*جەنگی قەرتاجی مەترسیی نەمانی خستە سەر رۆم؛ بەڵام ئەو لێدانەی نەتکوژێ، بەهێزت دەکات*" هەروەها شکستی لەشکری هانیبال دەداتەوە پاڵ ئەو زستانەی ٢١٧-٢١٦ پ.ز کە لە شاری کاپوا بەسەریان برد. باوەڕی وایە لەشکری قەرتاجی هەندە خەریکی جینس بوون، کە بەهاریان بەسەردا هاتەوە کەڵکی شەڕیان نەمابوو[1].

ئەم راستییە تیشک دەخاتە سەر جیاوازیی نێوان رۆما و کاپوا. لە مێژووی ئیتاڵیادا شاری کاپوا بەپێچەوانەی رۆم ناوبانگی بە ژنسالاری دەرکردبوو و یەکێک بوو لە هاندەرانی رۆم کە کاردانەوەیان دژی شارپەرستی و مێیەتیی بەو توندییە بێت. لەلایەکی دیکەوە دەبێ سەرنج بدەین کەوا هێزی رۆم تەنیا لە دەست و بازوویاندا نەبووە، بەڵکو لەوەش دابوو کە هەندە تامەزرۆی جینس نەبوون وەکو لەشکری قەرتاجی. بەکورتی، نە دۆڕاوەکانی مێژوو لە هیچەوە دۆڕاون و نەسەرکەوتووەکانیش لە هیچەوە سەرکەوتوون. هەستانەوەی رۆمیش پاش بەزاندنی هانیبال لەنێو خاکی توونسدا، یەکجاری بوو.

مەکینەی «شارخۆر»ی رۆم کەوتە گەڕ و ساڵ بە ساڵ سنووریان گەورە دەبوو. دووبارە قسەی ناپۆلیۆن دێتەوە بیرمان کە گوتوویەتی «سەرکەوتوو ئەوەیە هەڵەی کەمترە لەچاو خەڵکی تر». هێلینییەکان خۆیان یەکتریان دوچاری رۆم دەکرد و کە رۆم پەلاماری یەکیان دەدا، ئەوانی دیکە وەک بڵێی پێیان خۆش بوو. بۆ نموونە رۆم هێرش دەکەنە سەر یۆنان؛ کەچی ئەنتۆنیخۆسی پێنجەم، پاشای سەلووکییەکان لە سووریا و ئەنەدۆڵ، لەباتی ئەوەی یارمەتی هاوخوێنی خۆی بدات هێرش دەکاتە سەر

(١) بحث فی التاریخ، موجز المجلدات السبعة، ترجمة فؤاد جمیل ١٤١.

هاوخوێنەکانی دیکەی خۆی لە میسر و داگیری دەکات. ڕۆم یۆنان داگیر دەکەن (١٦٨ پ.ز) و خێرا باڵوێزێک دەنێرن بۆ ئەنتۆنیخۆس. باڵوێزی ڕۆمی پێی ڕادەگەیێنێ کە لەسەر خواستی حوکمەتی ڕۆما دەبێ هەر ئێستا لە میسر بکشێتەوە. مێژوونووسان باسی ئەو دیدارە دەکەن، بەرەوڕوو بوونەوەیەکی دیار و ئاشکرایە لە نێوان ئینتیمای نێر و ئینتیمای مێ کە چۆن پاشایەکی لەخۆبایی و سەرکەوتووی وەک ئەنتۆنیخۆس لە ڕووی باڵوێزێک و چەند چەکدارێکی ڕۆمی خۆی دێنێت و دەبات و دەیەوێ ئیشەکە بشێوێنێ. بەڵام باڵوێزی ڕۆم بەوپەڕی چاوقایمی قسەیەکی پێ دەڵێ بە واتای «*هەر ئێستا یەک قسەمان دەوێت. میسر چۆڵ دەکەیت یان نا ؟*» ئەنتۆنیخۆس یەکسەر کشایەوە بۆ سووریا[١].

لە ١٤٦ پ.ز ڕۆم شاری کۆرەنتیان کاول کرد کە ئاخیر بەرهەڵستکاری بوو لە یۆنان و مەکەدۆنیا. لە پاش ئەوە بە ئاسیای بچووک و سووریا دادێن. یەکە یەکەی شارە هێلینییەکان ڕادەماڵن بەڵام یەکسەر پەلاماری میسر نادەن. سێر هارۆڵد ئیدریس گومان دەکات کە ڕەنگە بەهۆی کێشە و تەڕاتێنەی نێوان هەندێک سیاسەتمەداری ڕۆمەوە بووبێت. لەو ماوەدا هێلینییەکان تووشی سام و ترسێکی سەیر دەبن و جۆرەها ئەفسانە پەیدا دەکەن کەوا ڕۆژێک دێ ڕۆم دەبەزێت و ئاسمان تۆڵەیان لێ دەکاتەوە و هتد. بەڵام هەرچۆنێک بێت ساڵی ٣١ پ.ز ڕۆم میسریان پێچایەوە[٢].

ئێمە کەوتووینەتە بەر پروپاگەندەی فیلم و چیرۆکەکان کە باس دەکەن «*کیلیۆپاترا لووتێکی نازانم چۆنی هەبووە و خۆی بە شیر دەشوشت و ئەم قسانە*». ڕاستی ئەوەیە کە داگیرکردنی ئەسکەندەرییە پۆتشکاندنی ئینتیما و کۆمەڵگایەکی مێیانەی لەخۆبایی بوو کە باوەڕم وایە لەمێژ بوو

---

(١) الهیلینیة فی مصر. لاپەڕە ٨٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٨٨.



هەڵەی خۆیان دەزانی، بەڵام چاوپۆشییان دەکرد و دەیانگوت «دەی قەیدی ناکا، بەشکەم ئەمجارە خۆوبەخت سەر دەکەوین». هەندێک نووسەر و مێژووزان کیلیۆپاترا بە ئافرەتێکی لەشفرۆش ناو دەبەن، هەندێکیش هەیە وا دەزانێ شەهیدی ئەوینە، بەڕای من هەردووک نموونە ڕاست نین. ئەگەر باس باسی فیلم و ڕۆمان بێت دەشێ نموونەی کیلیۆپاترا لە فیلمی (Gone with the wind)دا بدۆزینەوە کەوا ئافرەتێکە ویستوویەتی بەهەموو شێوەیەک پایەداری و میراتی مادی و کۆمەڵایەتیی بنەماڵەکەی زیندوو بکاتەوە. یاخۆ لە چیرۆکێکی مێژوویی وەکو چیرۆکەکانی جورجی زێدان باسی ئافرەتێکی فارسی دەکرێ، تەیموور لەنگ بەدیل دەیگرێت و لە کوڕی خۆی مارە دەکات. ئەو ئافرەتە چیرە هەندە ڕق و بێزی لە تەتەر دەبێتەوە هەڵدەستێ دەرد دەداتە کوڕەکەی تەیموور تا لە خەفەتان دەیکوژێ. ئینجا لەگەڵ خودی تەیموور جووت دەبێت هەر لە پێناو دەسەڵات و تۆڵەدا، لە هەر کاتێکیش دەستی دەکرایەوە شۆڕشی جاڕ دەدا دژی تەیموور و تەتەر.

دوور لە فیلم و چیرۆک، مەسەلەکە بریتییە لە دوو هێز؛ هێزی چەک (نێر) و هێزی استقطاب و توانەوە (مێ). یەکەم هێرش کە لەشکرێکی ڕۆمی بیکات بۆ میسر لەلایەن شارستانەتیی هێلینی و ژیاری نەرمی میسر هەڵمژرا و توانەوە هەم بە هەوڵ و کۆششی کیلیۆپاترا هەم بەهۆی شارستانەتیی میسر. ئەوە هەمان مەسەلەی تەلەسمی بابلە بەرانبەر ئاشوور دووبارە بووەتەوە کەوا ئینتیمای لەشکر و سەرلەشکریان دەتواندەوە و مەسەلەی تەلەسمی فارسە بەرانبەر تورکی ئاسیا و عەشایەری دەوروبەر. بەڵام سەرباری ئەوە، نە ڕۆم و نە ئاشوور ئینتیماکەیان وەکو ئینتیمایەکی نێری نەدیتکە نەبوو بەڵکو نێرێکی ڕەند و چاوتێر.

پێش کیلیۆپاترا و بابل بە هەزاران ساڵ شاژنێکی سۆمەری، شاباد، بە دەیان دەست و پاوەندەوە خۆیان کوشتووە؛ هۆیەکە نەزانراوە، بەڵام من بۆ

ئەوە دەچم کە یەکێک بوو بێت لە دیاردەکانی ئینتیمای *مێیانە کەوا مەرجیان لەژیاندا هەندە زۆر دەبێ وای لێ دێت بەهیچ رازی نابن و ئامادەی خۆکوشتن و نەمان دەبن.* بەڕای من هێلینی تووشی هەمان حاڵەت بوون. کیلیۆپاترا کە زانی تەلەسم و دوعا و فێڵەکانی هیچی تر کار ناکەن، هەستا خۆی کوشت. ئینتیماکەشی لە ماوەی یەک- دوو وەچەدا هەموو خۆیان کوشت. بەڵام ئەوان نە ماریان لە گەردەنی خۆیان ئاڵاند و نە ژەهریان خواردەوە، بەڵکو ئەوان هاتنە سەر باوەڕی خۆبەکوشتدان؛ باوەڕی مەسیحیاتیی ئەو سەردەمە. هەر وەکو تۆینبی دەڵێ *«العنف الانتحاري لم يكن الاستجابة الوحيدة التي بدت من البروليتاريا الداخلية الهيلينية، فقد وجدت اسمى تعبير لها في المسيحية»*[1].

پێش ئەوەی بگەینە سەر کاردانەوە دەروێشانەکەی یۆنان دژی رۆم، دەبێ چاوێک بە قودس (بابلێکی تر)دا بهێنین تاکو بزانین هەوێنی مەنجەڵە ماستەکە لەکوێوە هات؟

## قودس

عیبری لە دەوری ١٧٥٠ پ ز عێراقیان بەجێ هێشتووە و بەگوێرەی تەفسیری تەورات ١٢٥٠ پ ز لە میسر دەرکراون بۆ فەڵەستین. میسری لە هەمان سەردەم باسی هێرشی عەشایەری هیکسۆس دەکەن و ئاغاکانی ئەو عەشایەرانە بە «پاشا شوانکارەکان» لەقەڵەم دەدەن. هەندێک نووسەر باوەڕیان وایە هەمان پێڵی عیبرییەکان بوون. ئەو شوانکارانە یەکێکن لە تاک و تەرایەک پێڵی عەشایەری کەوا لە میسر نەتوانەوە و لە کۆتاییدا دەرکران رێ و رێ بەرەو سینا و فەڵەستین.

سەبارەت بەو جۆرە عەشایەرانەی وەکو عیبرییەکانی ئەو سەردەمە، هەروەها تورک و ئینگلیز هەر یەک لە کات و سات و شوێنی جودای خۆیدا

(١) بحث في التاريخ، ترجمة طه باقر ٣٠.



من بۆچوونێکی تایبەتم هەیە. ئەو جۆرە کۆچەرانە عەشایەرێکی ئاسایی نین بەچەشنی کورد و عەرەب و ئەفغان و مەغۆل و ماسایەکانی ئەفریقیا. ئەوانە دەشێ پێیان بگوترێ «*عەشایەری دوو قۆناغی*». سەرەتا عەشایەرێکی ئاسایی بوون؛ پاش چەند وەچەیە کەوتوونەتە ژیانی وەرزێری و شارستانی (ئێمەی کورد هێشتا لە نیوەی ئەم قۆناغە داین و تێدا گلاوین)، ئینجا بەهۆی کارەساتێک هەڵاتوون و لەوپەڕی ناز و نیعمەتی شار تووشی هەڵات هەڵات و ژیانی کۆچەری و بیابان بوونە، ئەوجار پاش چەند وەچەیەک توانەوە و گۆڕانکاری (گەنج بوونەوە) گەیشتوونە وڵاتێکی دیکە و لێکخشان رووی داوە. بەکورتی، عەشایەری دوو قۆناغی رەوشت و رەفتار و ئینتیمایەکی ١٠٠٪ جودایان هەیە لەچاو عەشایەری ئاسایی. رەنگە لە پاشەڕۆژ کتێبێک دەربارەی ئەو جۆرە ئینتیمایە بنووسم. با بگەڕێینەوە سەر باسەکە.

پاش چۆڵکردنی میسر، لە دەوری ١٠٠٠ پ.ز. داود، قودسی لەژێر دەستی کەنعانییەکان (فینیقی) دەرهێناوە. دەوڵەتەکەیان کۆپیەیەک بوو لە دەوڵەتی شارە سۆمەرییەکان و بەهەمان شێوە شەریعەتی خۆیان تێدا سەپاندووە. سنووری دەوڵەتی قودس هەندێک پەرەی ستاندووە بەتایبەتی لە سەردەمی سولەیمان؛ کەچی هەندە نابات کە دووبەرەکی دەکەوێتە نێوان ناوچەی یەهوودا و سامیرە بۆ سەدان ساڵ. بۆ نموونە لە سەردەمی ئاشووریدا ناوچەیەک پشتی بە ئاشوور بەستووە و ئەوەی دیکە لایەنگری میسر بووە. جا لە گەمارۆدانێکی قودسدا گوتەبێژی ئاشووری بە خەڵکی قودس دەڵێ: «*ئێوە چۆن پشتی خۆتان بە میسرییەکان دەبەستن؟ ئەوانە وەک دار قەمیشن ئەگەر پاڵی پێ بدەنەوە، قەمیشەکە دەشکێت و لە گۆشتی خۆتان رادەچێ*». ئاشووری قودسیان بەدەردی بابل برد و لەوێش نەوەستان بەڵکو میسریشیان پێچایەوە. پاش رووخانی ئاشوور لە ٥٨٦ پ.ز نەبوخەزنەسر قودس دەگرێت و پەرستگەکەیان کاول دەکات و دەیان

هەزار جوو بە یەخسیری دەباتەوە بابل. لەسەردەمی ئەخمینیدا جوو لە یەخسیری رزگار بوون، دواتر لە قودس داریووشی یەکەم هێشتوویەتی پەرستگەکەیان دروست بکەنەوە.

«عباس العقاد» باوەڕی وا بوو کە یەکەم دیاردەی تەوحید لەنێو جوولەکەدا دەگەڕێتەوە سەردەمێکی کە تێکەڵاوییان لەگەڵ فارس پەیدا کردووە[1] ئەم تێکەڵاوییە رەنگدانەوەیەکی سروشتی هێنایە ئارا لە گۆڕینی بیرۆکەی خوایەکی تایبەت بە چەند عەشیرەتێک و ناوچەیەک، بۆ خوایەکی جیهانی Universal. پێشتر لە سایەی میسر و ئاشوور و بابلدا لە نووسینەکانیاندا رقێکی سەیر رەنگی دەدایەوە دژی ئاموون و ئاشوور و مەردۆخ. بەلەعنەت کردن و خواستنی مەرگ و نەمان بۆ ژن و منداڵی و هەموو «ناخۆییەکان» شتێکی ئاسایی بووە؛ بۆ نموونە گوایە خودا لەعنەتی ناردووە کە هەموو نۆبەرەکانی گەلی میسر بمرن و خوا لەبەر خاتری ئەوان ئاشووری لەناو بردووە، ئیتر ئەوها. ئەو شتانە رەنگدانەوەی خۆ بە مافخوراو زانین و خۆ بە شایستە زانینە لەلایەن هەرکەسێکی رقی لە دەوڵەتی نەتەوەیی (ئاشوور، بابل، میسر هتد) هەڵگرتووە. کەچی کە فارس پەیدا دەبن و لەچاو ئاشوور و بابل نەرمی بەرانبەر دین و ئینتیما بچووکەکان دەنوێنن و بایەخ بە چینە ئەریستۆکراتیەکان دەدەن. ئەوسا هەر مەدح و سەنایان بۆ دەچێ.

ئینتیمای جوو تاکە ئینتیمایەکە کە راستەوخۆ لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە تا ئەمڕۆ ماوەتەوە. خواوەندی «یەهوە» ئینتیمایەکی نەتەوەیی دەنواند؛ تەنانەت لە هەندێک قۆناغدا هەموو عیبرییەکانیشی نەدەگرتەوە، تەنیا ناوچەی یەهوودا. کە چاو بە تەوراتدا دەخشێنیت هەست دەکەیت وشەی «خۆمان» لەوێدا ئاگرێکە خامۆش نابێتەوە. جامی

(١) مسعود محمد – لسان الکرد لاپەڕە ٨١. هەروەها، توینبی بحث فی التاریخ طه باقر ١٦٩.



بێگانەبەدەری پڕبووە بەشێوەی «لەعنەت باراندن» دیار دەبێ کە بەسەر هەر هەموو ئینتیماکانی دەوروبەردا باریوە. ئەم راستییە رەنگدانەوەیەکی ئاساییە بۆ ئینتیمای تەسک. وا دەزانن هێزێکی غەیبی غەوارە و ناحەزەکانیان بەکوشت دەدات و تەنیا «خۆییەکان» رزگار دەکا. ئیتر عەمووری و یەبووسی و ئاشووری و میسری و هەموو «نا خۆیی» بەلەعنەت کراون لەوێدا.

دەشێ بیهێنینە بەر خەیاڵمان کەوا عیبری وەکو هەر کەمینەیەکی نەتەوەیی مرۆڤی زیرەکیان تێدا هەڵکەوتووە و هەمیشە ویستوویانە دڵی پاشا گەورەکان رابگرن. هەست و فیکرەیان بەرانبەر بە هەبوونی تاکە خودایەک هەمان فیکرەیانە بەرانبەر کۆرش و ئیمپراتۆرێکی رۆم و سەرۆکێکی ئەمەریکی، بەمەرجێکی کە خاتری ئەوان بگرێت و ئەوان رەپێش بخرێن. ئەوسا دەیانگوت «بۆ خۆمان باشە» دەنا بەچەشنی ئاشوور و میسر و بابل بەلەعنەت دەکرا.

لە سەردەمی هێلینیدا دیسان دەکەونە نێوان کێشەی دەسەڵات لەنێوان هێزی باکوور (سەلووکییەکان وارسی هەرێمەکانی بابل و ئاشوور) لەگەڵ هێزەکانی میسر (پتۆلیمییەکان واریسی فەرعۆنەکان) و ئەگەر سەلووکی حاکم بووبن یان پتۆلیمی، جوو کەوتنە خانەی سێیەم. مەکەدۆنی و یۆنانی، ئینجا جوو. لەسەردەمی رۆمیشدا دەبیسین کە دەوڵەمەندێکی گەورەی وەک شائوولی تەرتووسی (لە ئەورووپا بە پۆڵ Paul ناسراوە) ناوبراو لەو تاک و تەرایە بووە کە مافی هاوڵاتییەکی رۆمی وەدەست هێنابێت؛ چونکە بەدەگمەن عیبرییەک و ئارامییەک بە هاونشینی یۆنانی و رۆم دەزانران. پێژەکە بەم شێوە بووە، گەورە ئەفسەرانی رۆم، ئینجا چینی ئیداری و ئەریستۆکراتی یۆنانی ئەوجار خەڵکی وەک جوو ئارامی و میسری و هتد. تۆ بڵێی نەتەوەی عەشایەری وەک کورد و عەرەب لە چ خانەیەکدا بووبن؟

خەڵکی قودس لە خەڵکی بابل و ئەسینا چیڕتر و شارپەرستتر بوونە. بێگانەبەدەرییان لەگەڵ ئەرز و ئاسمان کردووە و هەر خەریکی ئەوەبوونە دەسەڵات بگرنەوە دەست و شەریعەتی باب و باپیران پێڕەو بکەن. هەمان شتە کە بابلی کردوویانە بۆ شەریعەتی حەموورابی و میهرەجانی ئەکیتۆ. قودس جارەهای جار شۆڕش و شکست و بەکۆمەڵکوژییان دیتووە واش هەر ئیدمانەکەیان بەرنەداوە. لە ڕاستیدا وێنە زیندووەکەیان ئێستا لە خودی فەلەستین و قودسدا دیارە؛ بەڵام لە بەرگ و ڕەنگ و ناوێکی دیکەدا. جاران عیبری بێژ بوون، ئێستا عەرەبی بێژن، لە هەردووک سەردەمیشدا شار و ڕەگەز و دین و شەریعەت بەگەڕ هاتوون بۆ بەجۆش هێنانی بێگانەبەدەری و دەروێشی بۆ «شارە پیرۆزەکەمان».

لە ١٦٨ پ.ز ئەنتۆنیخۆسی پێنجەم- پێشتر باس کرا- کاولکارییەکی گەورە لە قودس دەنێتەوە کەچی کە بەرپەرچ دەدرێتەوە یەهودای مەکابی، رابەرێکی دینی لە ١٦٥ پ.ز قودس ئازاد دەکات و بەشێکی گەورەی ناوچەی یەهوودا دەگەڕێنێتەوە. لەو ڕۆژەوە قودس دەبێتە قیبلەی حەج بۆ جووەکانی دیکە و شانیان لە شانی هێلینییەکان دەدەن کەوا چۆن هێلینی و فینیقی «شار»یان هەیە، جووش هەمان شت. کەچی لە ساڵی ٦٣ پ.ز نۆرە دەگاتە قودس و مەکینەی ڕۆم دەیپێچێتەوە. بۆ ماوەیەکی کورت، لە ٣٧ تا ٤ پ.ز هیرۆدی مەزن حوکمی یەهوودا دەکات و گەشانەوەیەک روو دەدات؛ بەڵام پاش ئەوە ئیش بەرەو هەڵدێر دەڕوا.

کۆمەڵێک حاکمی ڕۆمی دێنە سەر قودس یەک لەوانە پۆنتیۆس پیلات (٢٦ - ٣٦ی زاینی) لەسەردەمی ئەودا بزووتنەوەکەی حەزرەتی مەسیح روو دەدات. بەسەرهاتەکەش زۆر کورت و هەست پێ نەکراو دەبێ؛ بەڵێ باوەڕدارانی مەسیحی لە قودس پەیدا دەبن، بەڵام شوێندەستیان لە ڕەوتی گشتیی کۆمەڵگەدا زۆر کەم دەبێت چونکە قودسی، (بابلی ئاسا) هەموو *هەست و هۆشیان لە شار و ئازادی شار و شەریعەتی شاردا بووە*.



ساڵی ٦٤ی زاینی دروستکردنی هەیکەلی قودس ئەنجام دەدرێت؛ بەڵام ئەوە دەبێتە هۆی بێکاربوونی هەزاران کرێکار. ئیتر قودسی شۆڕش دەکەن و بۆ چوار ساڵ خۆ رادەگرن تا سوپایەکی ڕۆمی قودس وێران دەکات[1].
دوا هەناسەشیان لە مەسەلەی «شۆڕش بۆ ئازادکردنی شار» لە ساڵی ١٣٢ ز رووی دا و تا ١٣٥ ز خایاند. ئەم جارە شارەکەش کاول کرا و جوولەکە پەراگەندەی وڵاتانی جیهان بوون. ئێستا با بگەڕێینەوە سەر بزووتنەوەکەی حەزرەتی مەسیح کە بەهەمووی سەدەیەک تێ نەپەڕیبوو بەسەر نەمانی پتۆلیمیەکان و کیلیۆپاترادا.

ئایا خەڵکی شارۆچکەیەکی نزیک قودس لەژێر چ بارێکی قورسی ئینتیمادا ژیاون؟ عیبری لە خانەیەکی نزم لە هەرەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆمدا بوون، مەگەر ئارامی و عەرەب و بەربەر لەوان بەرەژێرتر بووبن؛ دەنا تا ڕۆمێک و یۆنانییەک هەبان، عیبری هیچ نرخێکیان نەبوو. ئەوە پاڵەپەستۆی دەرەکی، دەنا پاڵەپەستۆی ناوەکی ڕەنگە قورستر بووبێت. جووتیارێکی فەلەستین ئەگەر عیبری بووبێت یان ئارامی لەژێر باری قورسی چینایەتیی ناوەخۆدا ناڵاندوویەتی. ئینجا دابەشکردنی ئەستوونی کە وای دەکرد گەدایەکی قودس بە چاوی سووکایەتی بڕوانێتە ملکدارێکی نا قودسی؛ وەک دەڵێن «شایان بە سەپان رانەدەگرت». ئینجا لووتبەرزیی چینی یۆنانییەکان، ئەوجار زەبر و ستەمی ڕۆم. کەواتە چین لە ژێر چین خەفەت و هەستی هەڵاواردن و خۆبەکەمزانین دابوون. شەریعەت زانەکان «فەریسی» کون بە کون راوی خەڵکیان ناوە «*ها مام جووتیار لەخۆمانی یان لە خۆمان نی؟ لە نەتەوەی خودای یاخۆ لە کافر و غەوارەکانی؟ ئەگەر «لە خۆمانی» ئەدی بۆچی فڵان دەقی تەورات جێبەجێ ناکەیت و بۆچی پارە پێشکەش بە پەرستگەی*

(1) Church history in plaine language,Bruce.L.Shelley,2nd edition.P 23.

قودس *ناکەیت و بۆچی و بۆچیێ؟ نازانی لە قیامەتدا چت بەسەر دێت؟*»

شەریعەت بارێکی گران بووە لەسەر شانی خەڵکەکە. لە کۆمەڵگەی ئەوهاشدا خەڵکی دینپەرست کۆمپیووتەرەکانیان بەجۆرێک ئاڵۆز و ئێسککگران دەکەن بەڕادەیەک کە بەکەس هەڵناستێت؛ بەڵام هەر کەس بڵێ «لەل» دەڵێن «*ئۆۆۆۆ ئەدی باوەڕت بە خودا نییە؟ ئەدی چۆن ئەم جیهانە خەڵق بوو ئەدی و ئەدی...*» کابرای بەدبەخت دەڵێ «باشە کاکە، دەزانم خوا هەیە» ئەوسا یەکسەر دەڵێن «ئەهـ، کەواتە هەستە بەگوێرەی کۆمپیووتەر بکە». هەبوون و نەبوونی خوا یەکسەر ئالوودەی ئەوە کراوە کە دەبێ شەریعەتی دانابێت و هەر خۆیان لێی دەزانن و دەبێ خەڵک پابەندی بن. لەژێر ئەو بارە قورسانەدا ئەوەی ئەو کەسایەتییە پیرۆزەی یەسووع (دارتاش بوو لە شارۆچکەی ناسیرەی ناوچەی جەلیل) کردوویەتی ئەوە بوو کە بەگژ قودس و شەریعەتی «شار»دا چووەتەوە. گوێ بگرن چ بەو دینپەرستانە دەڵێ[1] «*نووسەر و فەریسییەکان کورسیی مووسایان گرتووەتەوە. بەقسەیان بکەن، بەڵام بەمەرجێک کە پێڕەویشی بکەن؛ نەوەکو ئەوان بکەن، ئەوانە دەیڵێن بەڵام نایکەن. ئەوانە قورسایی زۆر گەورە بەمل خەڵکی دادەدەن کەچی بۆ خۆیان دەست نابزێون، هەر ئەوەندەیە هۆشی خەڵکی داگیر دەکەن و لە داوەتاندا پێشی مەجلیسەکان دەگرن و لە ڕێگەدا پێیان دەگوترێ مامۆستا مامۆستا. ئێوە کەس مامۆستاتان نییە یەک کەس نەبێت، هەمووشتان برای یەکترن.*» ئەمە وەک ئەوەیە بڵێ «ئەگەر هەندە باوەڕتان بە شەریعەتە کەواتە فەرموون پێڕەوی بکەن، با بزانم ئەو بارە قورسە بە کێ هەڵدەسووڕێ؟» ئینجا بەسەر و پۆتەڵاکی ئەو دینپەرستانەی قودسدا دێتە خوار، دەڵێ «*داختان لە جەرگم هەی فەریسی و نووسەری دووڕوو، ئێوە دەرگەی ئاسمان لە خەڵکی دەبەستن، کەچی نە خۆتان دەچن و نە دەهێڵن کەس بچێت...*

(1) Arabic / English Bible, International Bible Society 1999. p1464.



بزووتنەوەی ڕاستەقینەی حەزرەتی مەسیح دژی ئەو شەریعەتە بوو کە کۆپییەیەکی پێشکەتوو و ئاڵۆزی کۆمپیووتەرەکەی سۆمەرییەکان بوو. مەسەلەی شەریعەت مەسەلەیەکی فەلسەفییە کە ئایا مرۆڤ دەتوانێ دەروونی خۆی بکاتە پێوەر تاکو هەم بەئازادی بژیێت و هەم بەرەڵڵایی روو نەدات؛ یاخۆ دەبێ هەمیشە فەرمان و بیجووڵێنێتەوە؟ یەسووعی ناسیری دەنگی بۆ دەروون داوە نەک بۆ کۆمپیووتەر؛ واتە ئەو قسە کوردییەی کە دەڵێ پاک بە، بێ باک بە.

ئینجا کێشەی دان و نەدانی باج؛ دەزگا دینییەکانی قودس کە دەیانویست باج و پارە بدرێتە خۆیان نەک ڕۆم. گرفتەکە باری خەڵکەکەی گران کردبوو کە ئەگەر باجیان دابایە ڕۆم، ئەوسا وەک جۆرە خیانەتێک بوو لە نەتەوەی خۆیان و ئەگەر باجیان نەدابایە ڕۆم، ئەوسا خوا لە حاڵیان. ئیتر نەیاندەزانی چ بکەن. کە خەڵکەکە لە حەزرەتی مەسیحیان پرسیوە، وەرامی ئەوە بوو پارەیەکی پێشان داون و فەرموویەتی «سەیری بکەن، ئەم پارەیە چی لەسەرە؟» گوتیان: «نیگاری قەیسەر» گوتی: «کەواتە بیدەنەوە خۆی، ئی قیسەر بۆ قەیسەر، ئی خواش بۆ خوا.» بەڕای من ئەم قسە بە واتای ئەوەیە کە «پێی ناوێ ئێمە لەخۆمان بشێوێین، کەی بووینە دەوڵەت ئەوسا باج دەدەینە دەوڵەتی خۆمان؛ بەڵام ئێستا وا لە «پایتەخت»ی خۆمان وەک بێگانە دەژین ئیتر ئەو پارە کێشانەوە بۆ چی؟ دین شتێکە و دەوڵەت شتێکی دیکەیە» حەزرەتی عیسا بارێکی گەورەی لەسەر شانی هەژاران لادا بەڵام قودسییە توندڕەوەکان ئەمیان بە خیانەت زانیوە. هاندەرەکەشیان دژی بزووتنەوەی جەلیلییەکان بەڕادەی سەرەکی لەپێناو دەسەڵاتی شار و دەرامەتی شار و خواوەند و ئینتیمای شار بوو لە بەرگی دیندا. ئەو دیمەنەی کە لە ئینجیلدا باس کراوە، چۆن خەڵکی قودس دەیگرن، ئەوە وەک جۆرێک ڕەشبگیری بووە دژی تاقمێک خەڵکی «نا شاری» بەتایبەتیش خەڵکی جەلیلی. بۆ نموونە یەکێک لە هاوڕێکانی

عیسا دەیەوێ خۆ بدزێتەوە، قودسییەکان دەیدوێنن جا کە قسە دەکات یەکسەر دەڵێن "ئەوەش بە لە هجەی جەلیلی قسە دەکا، بیگرن"

بزووتنەوەی جەلیلی وەک ئەوەبوو بابایەکی گۆران (کاکەیی، هەورامی و هتد) بەسەر شارێکی سۆرانیدا بدات و بڵێ «ئێوە ناڵێن، ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین؟ منم نەوەی راستەقینەی میدیا، کەواتە بەدوای من بکەون». عیسا نە بە لەهجەی خۆیان قسەی کردووە، نە دانی بەوە ناوە کە شارەکەیان سەنتەری جیهانە و نە دانی بەوە ناوە کە خوا هەر ئی خۆیانە و هەر ئەوانی خۆش دەوێت. بانگەوازێک بوو دژ بە هەموو ئینتیما بچووکەکانی هەرێمەکەیان کە نە جەلیل و نە یەهوودا و نە سامرە، کەس لەکەس گەورەتر نییە. خەڵکی هان داوە کە بایەخ نەدەن ئایا قودس چییە و چ نییە، بانگەشەی کردووە کە باج و پارە بە دەزگاکانی قودس نەبەخشن. بابایەک بوو کە لەپڕ بەسەر خەڵکی قودسی دادا و گوتی «*ئێوە ناڵێن خوا حوکم و دەسەڵاتی بۆ نەوەکانی حەزرەتی ئیبراهیم داناوە، دەفەرموون وا من نەوەی ئیبراهیمم، دەبا بزانم بەقسەم دەکەن؟*». لە هێڵە سوورەکانی ئەو ئینتیمایە پر لە کیف و قەپێلکە نەوەستاوە و کاتێک بە ئاسایی و بەبێ بێز کردن قسەی لەگەڵ ئافرەتێکی لەشفرۆش کردووە، خەڵکەکە هۆپێکیان گرتووە کەچی فەرموویەتی «ئەو کەسەی خۆی بەبێ تاوان دەزانێ با بەردێکی تێ بگرێت». ئەو رووداوە وا دەگەیێنێ کە کۆمەڵگەی قودس وەکو کۆمەڵگەکانی خۆمان بوو کەوا چاوپۆشی لە هەڵە و تاوانی گەورە دەکەن تەنیا لە بواری جینس نەبێ. ئیتر دەسەڵاتدارەکانی قودس ئەگەرچی لەنێو خۆیاندا کێشەیان هەبوو بەڵام بەرانبەر بزووتنەوەی جەلیلییەکان یەکتریان گرت و بڕیاریان دا کە دەبێ بەزووترین کات ئەم دەنگە کپ بکرێت[1] و یەکسەر بەکوشتنی دەدەن.

(1) Church history in plaine language, Bruce.L.Shelley, 2nd edition, p9.



گرینگی بزووتنەوەکەی حەزرەتی مەسیح لە کاتاندنەکەدا بوو. لەو سەردەمەدا چینێک عیبری و سامی بەگشتی پەیدا بووبوون کە دوچاری شێوەژیان و ئینتیمایەکی جودابوون لەچاو خەڵکی «شاری»ی قودس. حەزرەتی عیسا تاکە کەسێک نەبووە داخدار و بێزار بووبێت لە ئینتیما گەندەڵەکەی قودس، بەڵکو لایەنگر پەیدا دەبن لە ریزی هەزاران ستەمدیدە و تەمییز لێ کراو و هەزاران خەڵکی کە تێکەڵ بە کولتووری هێلینی و رۆمی بوونە و هیچی تر نەیاندەتوانی پابەندی «شار» بن. خەڵک ناڕەزاییان بەرانبەر بەکۆنگرەی جوو دەردەبڕی لەکوشتنی «ئەم جوانەمەرگە»دا و گەیشتنە باوەڕێک کە ئیتر بەسە. لە ساڵی ٣٦ ز، ئیستێفان، یەکێک لە لایەنگرانی حەزرەتی عیسا، لە ڕقی دام و دەزگای قودس و لەنێو پەرستگەی قودسدا بە زمانی یۆنانی گوتاری خوێندووەتەوە و شەریعەتی مووسای سەرزەنشت کردووە و خەریک بووە پەلاماری هەیکەلەکە بدات، هەیکەل رەمزی ئینتیما «شار». ئەمجارە توندڕۆیەکان رانەوەستاون تاکو سەربازی رۆم «ئەم خائینە» دەکوژن بەڵکو بەنێو کۆڵانەکاندا رایانکێشاوەتە دەرەوەی شار، لەوێدا بەردبارانیان کردووە تا مردن[١].

وەک هەمیشە، پەیدابوونی شەهید ژمارەی باوەڕدارانی مەسیحیی لەنێو جوولەکە هێلینییەکاندا زیاد کردووە و ئەگەرچی زۆر لە مەسیحییەکانی قودس شاربەدەر کران، بەڵام ئینتیماکە لە قودسدا جێگیر بووبوو. لەنێو قودسدا نەیاندەوێرا دان بەشەریعەتدا نەنێن؛ بەڵام لە شارەکانی دیکە (ئەسکەندەرییە، دیمەشق، ئەنتاکیا) مەسیحیاتی خێراتر پەرەی دەستاند چونکە جوولەکەی هێلینی لەو شارانەدا ژمارەیان زۆرتر بوو لەچاو قودس ئیتر پێویستیان بە ئینتیمایەکی فراوانتر هەبوو.

(١) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٧

تینی مەرگی ئیستێفان لە مەرگی حەزرەتی مەسیح کەمتر نەبووە. پێویستە چاوێک بە گوتە و هەڵوێستەکانی شائوولی تەرتووسی (Paul)دا بخشێنین بۆ تێگەیشتنی ئەو دەروونەی کە ئینتیمای تەسک دەگۆڕێتەوە بە ئینتیمایەکی فراوان. هەر وەک لە ناوەکەی دیارە، «*تەرتووسی*» ناوبراو قودسی نەبوو. بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو گەیشتبووە ئەو رادەی کە مافی هاووڵاتیەکی رۆمی وەربگرێت. خۆی لە بەردبارانکردنی ئێستێفاندا بەشدار بووبوو کەچی هەر خۆی یەکسەر پەشێمان بووەتەوە (کووفییەکان ئاسا). ناوبراو نرخی ئەم فیکرەی زانیوە و گوتوویەتی «*کەواتە ئێستێفان راست بوو. شەریعەت بۆ کاتێکی تایبەتی بووە بەڵام ئێستا هیچی تر بە شتێکی پێویست نەماوە*». ئنجا وەک جۆرێک حیلە شەرعییە گوتوویەتی "*شەریعەت ئەو کەسانە بەلەعنەت دەکات کە پابەندی نابن؛ بەڵام خۆشبەختانە خوا رێگەیەکی کردووەتەوە بۆ ئەوەی لە شەریعەت رزگار بین؛ وا مەسیح لەباتی هەموومان خۆی بەکوشت دا و لەو لەعنەتەی رزگار کردین.*» ناوبراو تا دوا رۆژی ژیانی نەیهێشت شەریعەت بخرێتە نێو دینەکە[1].

بەشێوەیەکی گشتی، عیبرییەکانی دەوڵەتی رۆم لەسایەی ئەو دینەدا حەسانەوە و تێکەڵ بە ژیانی هێلینی و رۆمەکان بوون.

بۆ ئەوەی باشتر لە دیمەنەکە بگەین، شێوەژیانی هێلینی بۆ جوولەکە وەک ئەوەبوو، بۆ نموونە لە سەردەمی بەعس مەسەلەی «ئیمزاکە بۆ بەعس» و پێشتر لە سەردەمی پاشایەتی داوا لە کورد دەکرا یەک ئیمزا بکەن دان بە بنەماڵەی هاشمی بنێن، هەمان شت بوو جوولەکە. ئەوان ساڵەهای ساڵ ئیمزاکەیان نەکرد، بەڵام شۆڕشێک و دوو شۆڕش و سێ شۆڕش هەموو سەرنگوم کران. ئیدی ئەوانەی لەدەرەوەی فەڵەستین دەژیان توانایان نەما

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٩، ١٩



هیچی تر و ئیمزاکەیان بەوپەڕی باوەڕەوە کرد کەوا «تەواو دەبینە بەشێک لەو کۆمەڵگە بەرزەی هێلینی». بەڵام وا بزانم پێ رانەگەیشتن خۆشیی لێ ببینن؛ چونکە خودی هێلینییەکان ئەوجارە بایان دایەوە سەر بەرهەڵستی، ئیتر مەسیحیاتی لەباتی ئەوەی ببێتە مایەی حەسانەوە و قازانج، بوو بە مایەی ماڵوێرانی.

## وەرگەڕانی یۆنانییەکان بۆ مەسیحیاتی

ئەگەر مەسیحیاتی بۆ عیبرییەکان جۆرە ئازادییەک بووبێت، یان بڵێین لەکۆڵکردنەوەی بارێکی گران، بۆ یۆنانییەکان شتێکی ١٠٠٪ بە پێچەوانەی ئەمە بوو. یۆنانی ئەسڵەن رقیان لە بیروباوەڕی ئازادانە بووبووەوە کە لە شکست و سەرشۆڕی بەولاوە هیچی پێ نەبەخشیبوون.

پێشتر باسی یۆنانییەکان کرا کە بە چ حاڵێک گەیشتبوون. بەگشتی تووشی بێ ئینتیمایی و نائومێدی بووبوون؛ ئەفسانە و خەیاڵاتیان بۆ خۆیان هەڵدەبەست، گوایە بەم زووانە ئاسمان تۆڵەیان بۆ دەکاتەوە لە رۆم. کەچی رۆم هەر بەهێزتر دەبوون و ئەوان هەر زەلیلتر دەبوون.

لەهەمان کاتدا دەیاندیت مەسیحییەکان (جوولەکەی هێلینی) شوێنی خۆیان لە سیستەمی رۆمدا دەکردەوە. ئەو ئاشتیخوازییە و ئەو رەوشتبەرزییەی کە مەسیحیاتی بانگەشەی بۆ دەکات، مایەی رەزامەندیی رۆم بوو؛ رەزامەندییەکەش تەنیا بۆ ئەوەبوو کە جوولەکە و ئارامی ببنە مەسیحی تاکو بەبێ گرفت باج بدەن؛ دەنا کە یۆنانی ببوونە مەسیحی مەسەلەکە گۆڕا. چونکە ئەوان لە رقی رۆم ئەو دینەیان گرت و کار لەوە گەورەتر بوو کە ئایا باج دەدرێتە رۆم یان نادرێت. ئەوان بەگژ خودی خواوەندی رۆمدا دەچوونەوە و تێکڕای دیاردەکانی «خودانێتی»ی ئیمپراتۆری رۆمیان بە کوفر لە قەڵەم دەدا. ئیتر وەک رەسڵ دەڵێ لە

سەرەتای سەدەی سێهەمی زایینییەوە کۆمەڵگەی مەسیحی دەوڵەتێک بوون لەنێو خودی ئیمپراتۆریەتی رۆمدا[١].

خاڵێکی زۆر گرینگ، وەک چۆن عیبری لە رێگەی مەسیحیاتییەوە بەرەو شێوەژیانی هێلینی خۆیان جودا کردەوە، یۆنانیش هەبوون لە ئینتیما بەزیوەکەیان بێزار بووبوون و بەڕاکە ڕاکە خزمەتی رۆمیان دەکرد. ئەم جۆرە کەسانە (خەڵکێکی کاردانەوەیان گرتبێت دژی ئینتیمای خۆیان وەکو حەجەجاج بۆ نموونە) دوو هەندی بێگانەکە تیژتر و داخداری خەڵکە ئەسڵییەکە دەبن. کورد ئەو راستییەی زۆر تووش بووەتەوە کەوا خودی کورد و زاگرۆسی بەگشتی وەردەگەڕێن بۆ ئینتیمای دەرەکی (زۆربەی جار ئینتیمای داگیرکەر) و دوو هەندە رقایەتی دەکەن. ئەم راستییە لە بەراوردییەکی بچووکدا دیار دەکەوێت لەنێوان سەرکردە و ئیمپراتۆرەکانی کە بەئەسڵ بەڵکانی و ئەنەدۆڵی بوون (بۆنموونە دیۆکلیتیان) لەچاو کەسانێکی کە لەنزیکەوە یۆنانییەکانیان نەناسیوە (وەک کۆنستانتین کە لە باشووری فەرەنساوە هاتبوو).

لە بەرانبەردا زۆربەی خەڵکەکە رۆژ بەرۆژ پتر هەستیان بە ستەم و ژێردەستەیی دەکرد و پتر رقیان لە رۆم و نۆکەرەکانیان دەبۆوە. لە هەمان کاتیشدا رقیان لە کۆنە ئینتیمای بەزیوی خۆیان دەبۆوە. ئەم لات ئاگر و ئەو لات هەڵدێر، رێگەی سێیەمیان گرت؛ خۆکوشتنێکی تایبەت. با خەیاڵمان بۆ مەجلیسێک بچێ کە هەندێک یۆنانیی کۆنەپەرست وەک هەمیشە شانازی بە «فەیلەسووفی شارەکەیان» و «سیستەمی سیاسیی شارەکەیان» دەکەن و سووکایەتی بە رۆم دەکەن کەوا «*کەی ئەوانە مرۆڤن، ئەوانە دڕندەن بەڵام ئاخ بەختیان هەیە... هتد*» گەنجێک لەگەڵیان دانیشتووە دەبینێ نە خۆیان و نە فەلسەفەیان بەرگەی سووکترین

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٢، ٤٤



سەربازێکی رۆم ناگرن. ئەو گەنجە یۆنانییە ئەگەر قسەکانی مەسیحیاتیی بیستبێت، یەکسەر بەگژ ئەو فەریکە فەیلەسووفانە داچووەتەوە و گوتوویەتی «*چوار مادەکەی ئەریستۆ و یووتۆپیای ئەفلاتوون بە یەک فلس ناکڕم؛ خوایەک هەیە کە ئەم جیهانەی بە شەش رۆژ دروست کردووە، ئینجا ئادەم و دواتر کۆمەڵێک پێغەمبەری ناردووە کە مەسیح دواکەسیانە، ئەوەی بەقسەی دەکات باشە دەنا وەکو ئێوە رووڕەش دەبێت*». پێی دەڵێن پەه لەم قسە! چۆن وایە؟ بە چی دەزانی؟ گەنجەکە دەڵێ "بەسیەتی ئیتر فەلسەفە و لووتبەرزی، هەیە و نییە هەر مەسیحە و یەک قسەی تر نەکەن.

ئەوە کوڕێکی هێلینی بوو، دەنا ئافرەتی هێلینی ماسۆشیتریش بوون و ئەوان ئەگەرچی وەکو کیلیۆپاترا و شاباد خانمی سۆمەری خۆیان نەکوشت، بەڵام ئەوان هاتنە سەر بیروباوەڕی خۆبەکوشتدان. وەک ئەوەیە کچێکی نازدار خۆشەویستەکەی بمرێت و لە داخان بڕیار بدات کە نە خۆی نە کەس ئەوین و شادمانی بچێژێت. مەیلێکی توند پەیدا بوو بۆ شێوەژیانی پڕ لە کۆت و بەندی رۆژهەڵات کە زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ عێراقی کۆن! تەنانەت رەوتەکە نەک هەر بۆ مەسیحیاتی بووە، بەڵکو بۆ جوولەکایەتیش کەوا هەندێک یۆنانی دەستیان پێ کرد داوای سوننەت کردن بکەن[١] و دژایەتیی ژنهێنانیان کرد کە گوایە دینیان دوور دەخاتەوە. رەوتەکان لەمسەر بۆ ئەوسەر رۆیشتوون تا لە ناوەندی رێگادا وەستا لەنێوان ئەوپەڕی ئازادیخوازی کۆنە یۆنانییەکان و ئەوپەڕی دینپەرستی و ماسۆشیزم و رەشپۆشیی عێراق و فەڵەستین. ئەمەش ئەو مەسیحیاتییە رەشپۆشەی ئۆرتۆدۆکس بوو.

لە چەند تاکە کەسێکی جوولەکە نەبێت کە لە سەدەی یەکەمی زایینیدا بانگەشەیان بۆ مەسیحیاتی کرد، ئەوانەش بەزمانی یۆنانی کردوویانە نەک

(١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٩

بەعیبری؛ دەنا زۆربەی هەرە زۆری نووسەران و پێشەنگەکانی مەسیحیاتی یۆنانی بوون. دیاردە زۆرن لە چۆنێتی وەرگرتنی فەلسەفەی دینییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تواندنەوەی ڕەوشتی چەند خواوەندێکی وەک میترا لە ئەنەدۆڵ[1]، ئیزیس لە میسر، یەهوەی جوو، وێڕای هەندێک تایبەتمەندییەکانی خواوەندە کۆنەکانی یۆنان. کارەکەشیان بەوپەڕی پوختی ئەنجام داوە کەوا کون بەکون بەدوا نووسین و تۆماری کۆندا گەڕاون (یۆنانی و نا یۆنانی) و یەک شتیان بە ساغی نەهێشتووەتەوە تاکو هیچ پێوەندییەک لەگەڵ ڕابردووی تاڵدا نەمێنێ تەنیا تەورات نەبێت کە زنجیرەی بۆچوونەکانیان دەگەیێنێتەوە بناخەیەکی فەلسەفی و مێژوویی. تەنانەت چەندە ڕقیان لە ڕۆم بووەتەوە، هەندەش ڕقیان لە فەلسەفە و عەقڵ و بیرکردنەوە و ئازادی و شادمانی بووەتەوە.

بەڵام وەک هەمیشە، عەقیدە ئەگەر دینی بێت یان دنیایی، چارەیەکی بنەڕەتی دانانێت بۆ کۆمەڵگەی خۆبەخۆ و فرە ئێنتیما. هێلینی هەر هەندە دینەکەیان بڵاو کردەوە ئەوسا هەر هەرێمێک فەلسەفەی دینی خۆیان بۆ لایەک ڕاکێشا، لەنێو ئایندا ئاینزا پەیدابوون کەوا لە گشت دینەکاندا مەزهەب ڕەنگدانەوەی فرە ئێنتیمایی هەرێم و ناوچە و شێوەژیانی جودایە. جا بگرە ئەم قسانەی کە تا ئێستا دەگوترێنەوە «ئایا مەسیح خوایە یان کوڕی خوایە؟ ئایا کوژراوە یان هەڵکێشراوە بۆ ئاسمان؟ پیتەر گرینگترە یان شائوول یان مەریەم یان کێ؟» بێگومان لە کۆمەڵگەی ژنسالاریدا

(١) تأريخ الكرد القديم. ٩٦-٩٧ بەڕێزان جمال رشید و فوزی رشید رای دەگەیێنن کە ڕۆژی «لەدایکبوونی مەسیح» جەژنێکی میترایی بووە بەناوی جەژنی لەدایکبوونی خۆری نەبەز. هەروەها مەسەلەی نەبوونی باوک و مەسەلەی مەرگ و ژیانەوەی میترا هەموویان لە مەسیحیاتیدا دووبارە کراونەوە. وەک باسیش کرا مەسەلەی نەبوونی باوک و مەسەلەی ژیانەوەی شەهیدێکی جوانەمەرگ هەردووک دەگەڕێنەوە بۆ کولتووری عێراقی.



بایەخێکی گەورەتریان بە مەریەم داوە. ئینجا ڕەوتی گنۆستیزم Gnosticim وشەیەکە لە وشەی زانستیی کوردییەوە نزیکە؛ عەرەب پێیان دەڵێن «الغنوصیة». ئەوانە پەیدابوون، بەڕای من ئەوانە نوسخەیەک بوون لە سۆفستاییەکانی یۆنانی کۆن و ئەو نموونەی کە پێشتر باس کرا لەو پیاوانەی دەیانگوت «فەلسەفەی خۆمان لە هەموو فەلسەفەیەک باشترە»، ئەوانە لەبەرگی دیندا هەمان شتیان دووبارە کردووەتەوە و تا کۆتایی سەدەی دووەمی زاینی مەترسییان خستووەتە سەر کەنیسە[1]. ڕەوتی دیکە پەیدابوون لە دەوری ١٥٠-١٧٠ ز، کە بانگەشەیان کردووە بۆ پەیدابوونی مەسیحی دووەم[2] و گومانیان خستە سەر ئینجیلەکانی بەر دەستیان. ئیتر پێشەنگانی هێلینیاتی ناچار بوون تەنیا چەند ئینجیلێک پەسند بکەن. وەک دەبینین، لە کۆمەڵگەی ئەوهادا چ زۆرە بیانگە زۆرە بۆ خۆ جوداکردنەوە و حیزبایەتی و ئایەتبازی.

شایانی گوتنە کە کۆمەڵگە لادێیەکانی خێراتر دەبوونە مەسیحی. بۆ نموونە لە ساڵی ١١٢ ز، حاکمێکی ڕۆمی بەناوی پیلێنێ لە ناوچەی بیلهێنیا (ناوچەیەکی لادێیی بووە لە ئاسیای بچووک) ناوبراو نامەی بۆ ئیمپراتۆر تراجان ناردووە نووسیویەتی کەوا «*ئەو دینە تازە زۆر بەخێرایی لەنێو لادێییەکان بڵاو دەبێتەوە و هەندەی نەماوە پەرستگە کۆنەکان بەیەکجاری خاپوور بن*». هەمان شت لەنێو لادێیەکانی وەک شارێکی وەک قەرتاج، پایتەختی توونس و بەشێکی جەزائیری ئەمڕۆ، ڕووی دا کە ئەوانیش هەمان جۆرە کۆمەڵگە بوون (شارپەرستێکی شکست خواردوو). جا دەبیسین کەوا لە سەدەی دووەمی زاینییەوە زۆربەی گوندەکانی توونس

(1) Church history in plaine language, Bruce.L.Shelley, 2nd edition, .p50.

(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە، ٦٥.

و جەزائیر قەشە و کەنیسەی خۆیان هەبووە[١]. ئەم ڕاستییانە دێنە پاڵ ئەو ڕقەی لادێیی پەیدایان کرد دژ بە ئینتیمای خەڵکی شار. تەنانەت لەنێو هێلینییەکاندا لەهجەی ئەتیکی (لەهجەی ئەسینا) لە نووسینەوەی ئینجیل و وەرگێڕانی تەوراتدا بەکار نەهێندرا بەڵکو لەهجەی دۆری[٢]. کەواتە مەسەلەی لەهجەبازی و ئینتیمای زمانەوانی شتێکی زۆر ئاشکرایە. وەک دەبینین جوولەکەی هێلینی لە ڕقی قودسییەکان بە یۆنانی قسەیان کردووە. ئینجا ئەو هێلینییانە کە بوونەتە مەسیحی لە ڕقی ئەسینا بە لەهجەی دۆری، لەهجەی دوژمنەکانی ئەسینا، ئینجیلیان تۆمار کردووە. ئەوەش هەر دیاردەیەکی ترە لە هەبوونی کاردانەوەی دژی شارپەرستی لە هەر شوێنێک بووبێت.

(١) هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٢٩، ٣٠، ٣١

(٢) بحث فی التاریخ ترجمة طه باقر ١٥٩ .



## مەسیحیاتی لە ڕۆما

بەرەنگاری لەنێوان ڕۆمی نێر و یۆنانیی مێدا مایەی سەیر و سەمەرەیە. سەبارەت بە وەرگەڕانی دینی هەمووومان ئەو ڕووداوەمان بیستووە کە ئیمام عومەر، پێش ئیسلام بوون، زانیویەتی خوشکەکەی وەرگەڕاوە. ئەو سام و ترسەی خوشک و زاواکەی ماوەیەکی کەمی خایاند؛ چونکە ئیمام عومەر زوو باوەڕی هێنا. دەنا ڕۆم ٢-٣ سەدە بەوپەڕی دڕندایەتییەوە دەستیان وەشاندووە... لە بەرانبەردا ئەوەی مەهاتما گاندی و ملیۆنان هیندی دژی ئینگلیز کردیان، هێلینییەکان هەمان شتیان لەگەڵ ڕۆم کرد.

یەکەم کوشتار لە ڕۆما دژی مەسیحییەکان ڕووی دابێت بەفەرمانی ئیمپراتۆر نیرۆن کراوە ساڵی ٦٤ ز؛ واتە تەنیا ٢٥ ساڵێک پاش کوشتنی ئیستێفان. کەچی هەندەی نەبرد کە سەرژمێری هێلینییەکان لە خودی خەڵکی ڕۆما زیادتر بوون، بەهۆی ڕاگوێزتنەوەی سەدان هەزار یەخسیر بۆ ڕۆما. زمانی یۆنانی لە خودی ڕۆما بووبوو بە زمانی چینی یەخسیر و هەژار[١]. ئەو فیلمانەی کە باسی کوشتاری مەسیحییەکان دەکات لە مەیدانەکانی ڕۆمادا، بەداخەوە چاوپۆشی لە یەک ڕاستی دەکەن کەوا مەسەلەکە لەئەسڵدا کێشەی نەژادی بوو لە نێوان هێلینییە ژێردەستەکان و ڕۆمی سەرکەوتوو. ئەگەرچی ڕۆم لە مەیدانی جەنگدا هێلینییەکانیان بەزاند، بەڵام لە مەیدانی دیندا ناچار بوون کڕنووش بۆ خاچی هێلینی بەرن. واش هەر ڕەوشتی دەوڵەتپەروەری ڕۆم بە ئاسانی نەتوایەوە بەڵکو ئینتیمای یەکگرتووی خۆیان لە قالبێکی نوێدا بەرجەستە کرد کە ڕۆمایان کردە پایتەختی مەسیحیاتییەکی دەوڵەتپەروەر کە پابەندی یەک پایتەختی

(1) Church history in plaine language, Bruce.L. Shelley, 2nd edition, 22.31.

جیهانی بێت[١]. ئەمەش تەنیا پاش ئەوە رووی دا کەوا خۆیان لە هێلینییەکان دابڕاند؛ یاخۆ بڵێین هێلینییەکانیان لەکۆڵ خۆیان کردەوە لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەت و پایتەختێکی جودا بۆ ئەوان لە بیزەنتە. ئەو بەسەرهاتە شتێک بوو وەک ئەوەی صەدام کردی لە هاوینی ١٩٩١ کە لە کوردستان کشایەوە دەنا دوور نەبوو سوپاکەی لێی هەڵگەڕێتەوە بەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ کورد. دیاردەکانی نەرمبوونی رۆم زۆرن. چەند جارێک خواوەند و خۆرهەڵاتی پەسند دەکەن. بۆ نموونە «*ئیلۆس جەبەلۆس*»[٢] کە پیاوێکی سووری توانی بیگەیێنێتە سەرووی هەموو خواوەندەکانی رۆم، بەڵام لە ٢١٨ ز کوژرا و دینەکە یەکسەر نەما. هەروەها میترایی (میهرەبانی) کە لە ئێران و ئەنەدۆڵ پەیدابوو؛ ئیمپراتۆرە رۆمەکان بایەخێکی گەورەیان پێ دا. بەڵام هیچیان وەک مەسیحیاتی هێلینی نەبوون.

مەسیحیاتی لە چەند شتێکدا ڕێگەی دەرکرد؛ وەک مەسەلەی مردوو ناشتن، هەژاری، نەخۆشی و هتد. شتی گەورە بەهۆی شتی بچووکەوە دەبن. ئینتیمای ژیانپەرستی رۆم بێزیان لەوە دەبۆوە یەکێک بترسێ کەوا دەسەڵات و دەوڵەمەندی و گەنجایەتی تاسەر نامێنن. کەچی مەسیحییەکان ئیش و کاریان ئەم شتانە بوو. لە کاتی هەژاریدا بە هانای لێقەوماوە رۆمەکان دەهاتن و لە نەخۆشی و لە رێوڕەسمی مردووناشتندا خۆشەویستترین کەس بوون بۆ لێقەوماوەکان. لەوانەش گرینگتر دیمەنی ئافرەتێکی نەرم و جوان کەوا بە دڵئارامییەوە -رەنگە بەچێژ وەرگرتنەوە-

(١) ئۆرتۆدۆکس واتە رەسەن، ئەسڵی کەچی زاراوەی کاتۆلیک واتە جیهانی یاخۆ تاکانە Unioversal هەمان سەرچاوە ٩٧.

(٢) اله الجبل الحمصي خواوەندی حیمص. تۆینبی، مختصر دراسة للتاريخ، الجزء الاول. ترجمة فؤاد جميل ١٩١.



خۆی دەخستە بەر ددانی شێر و پڵنگەکان. ئەمە کاری لە بەردیش کردووە و کاری خۆی لە دەروونی خەڵکی رۆما کردووە.

لەلایەکی دیکەوە، تەراتێنەی خودی رۆم بۆ سەر تاج و تەخت کاری خۆی کرد. برووس رەسڵ دەڵێ ئیمپراتۆر دیۆکلیتیان، خەڵکی بەڵکان بوو، کە ساڵی ٢٨٤ز بە کودەتای سەربازی گەیشتە حوکم. هەر لەو ٨٤ ساڵەی دواییدا ٣٠ ئیمپراتۆر پێش خۆی هاتبوونە سەر تەختی رۆما[١]. ئیمپراتۆری ناوبراو تا ٣٠٥ز حوکمی کرد. ژن و کچەکەی هاتنە سەر باوەڕی مەسیحیاتی کەچی لە دوو ساڵی دوایی حوکمیدا، ناوبراو کوشتارێکی بێ چەشنی لە نێو مەسیحییەکان نایەوە، وەک بڵێی دوا گڵپەی ئاگری جووپیتەر بوو. هەندەی نەبرد تەراتینەی دەسەڵات لە رۆما وای کرد ئیمپراتۆر کۆنستانتین، خەڵکی فەرەنسا بوو، لە ٣١٢ ز دوچاری یارمەتیی مەسیحییەکانی بێت.

کوشتاری مەسیحییەکان لە رۆما قەدەغە کرا و لە ساڵی ٣٢١ز رۆژی یەکشەممەی مەسیحییەکانی کردە رۆژێکی رەسمی و پێش ئەوەی بمرێت لە ٣٣٧ز.دا، ئەویش بوو بە مەسیحی[٢]. نەک هەر ئەوە بەڵکو دەوڵەت و پایتەختی بۆ هێلینییەکان جودا کردەوە بە دروستکردنی کۆنستانتینۆپۆڵ (شاری کۆنستانتین). بەڵام وەک باس کرا، ئەمە وەک لاواندنەوەکەی کۆرش بوو بۆ خەڵکی بابل کەوا «*دین بۆ خۆتان، بەڵام دەوڵەت بۆ ئێمە*» کۆنستانتین دەسەڵاتی دینی و دنیایی وەکو یەک پێڕەو کرد و لەبەرانبەر چاکەکانی بۆ مەسیحییەکان داوای گوێڕایەڵییەکی کوێرانەی کرد لە کەنیسە و فەرمانەکانی وەکو فەرمانی ئاسمانی لە قەڵەم دەدرا.

(1) Church history in plaine language, Bruce.L.Shelley, 2nd edition, 97.

(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە،٩٤.

لەم خاڵەدا ئینتیمای هێلینی تووشی شتێکی سەیر بوو. وەک بڵێی ماوەیەک بوو پاڵیان بە دەرگایەک دەنا و لە ناکاو دەرگاکە کرایەوە. هێلینییەکان خوویان بە بەرهەڵستی کردن و ئەشکەنجە و یەخسیری گرتبوو. جاران خەڵکی پایەدارەکانی رۆما نەفرەتیان لێ دەکردن، کەچی ئێستا خۆیان لێ نزیک دەکەنەوە و واستەیان پێ دەکەن. وەکو پیاوێکی کە بەدرێژایی تەمەنی بەردی قورسی کێشابێتەوە کەچی لەپڕ باڵ بگرێ «*ئەی خوایە ئەدی لەمەوپاش لەچی ناڕازی بم و بەرهەڵستی بەرانبەر چ شتێک بکەم؟*»

رەنگە هێلینییەکان لەو سەردەمەدا ئینتیمایان لەنێو بواری دینیدا توابێتەوە و لەبیریان چووبێتەوە کە لە ئەسڵدا بۆچی بوونەتە مەسیحی؛ بەڵام رەوشتەکە، رەوشتی رقایەتی کردن بەرانبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی، هەر هەبوو. مەسەلەی هەرە گرینگیش هێشتا چارە نەکرابوو. کێ حوکم دەکات؟ ئەم پرسیارە لە ساڵی ۳۹۰ ساغ بۆوە؛ واتە هێشتا ئەستەنبووڵ رەگی دانەکوتابوو وەکو پایتەختێک بۆ هەرێمەکانی هێلینی. قەشەیەک لە شاری سالۆنیک، باکووری ئەسینا، تاوانبار دەکرێ بە نێربازی، حاکم دەیگرێت، خەڵکی شار رادەپەڕن و حاکمەکە دەکوژن. ئیمپراتۆر تیۆدۆسیۆس، ئەوسا لە شاری میلان حوکمی دەکرد. واتە مەرج نییە رۆم پابەندی رۆما بووبن، هەرچۆنێک بێت ناوبراو فەرمان دەردەکات و لەشکری رۆم، ئەگەرچی ئەمجارە مەسیحی بوون، بەڵام وەک هەمیشە رۆم بەشارێکی هیلینی وەر دەبن و لە چرکەیەکدا ۷۰۰۰ کەس دەکوژن[(۱)].

لەم رووداوەدا بەرەنگارییەکی نیشانەدار روو دەدات لەنێوان دەسەڵاتی دینی و قەیسەر. ئەمجارە قەیسەر داوای لێبوردن دەکات و زۆر دەپاڕێتەوە. بەڕای من ئەم رووداوە زۆر راستی رۆن دەکاتەوە. کوشتاری

(۱) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە،۹۷.



سالۆنیک و پەشێمانبوونەوەی قەیسەر دیاری دەخات کە لایەنە دینییەکان سەلماندیان کە رۆما وەک جاران لەژێر دەسەڵاتی قەیسەردا نەماوە بەڵکو دەسەڵاتی گەورەتر هەیە، کەنیسە.

سەبارەت بەیۆنانیش، دەشێ بگوترێ کە لەو سەردەمەوە رۆڵی ئەستەنبووڵ وەکو پایتەختێکی سروشتی لە بواری هێمنکردنەوەی گەلانی یۆنانیدا دیارکەوت. ئیتر وەکو جاران شۆڕش و ئاژاوە نامێنی. واش هەر جودایی ئینتیما تا ماوەیەک لە تەڕاتینەی نێوان کەنیسەی ئەسکەندەرییە و ئەنتاکیا دیار دەبێ کە ئەگەر لە روانگەیەکەوە بیبینین، وەکو تەڕاتینی نێوانە سەلووکی و پتۆلیمییەکان دێتە بەر چاوان؛ بەڵام نەک بە چەکی ئاگر و ئاسن بەڵکو بە چەکی دین.

هەمان شت لە عێراق رووی داوە پاش دروستکردنی بەغدا کووفە و بەصرا وازیان لە شەڕ هێنا و کەوتنە تەڕاتینەی فیکری. مێژووی ئیسلام پڕە لەم ناونیشانە «مدارس الكووفة ومدارس البصرة». کەوا لە زۆربەی بوارەکاندا کێشەیان هەبوو، رێزمان، تەفسیر، مەنتیق، شەرع و هتد. هەرچی یەکێک گوتبای ئەوانی دیکە رایەکی پێچەوانەیان دەبوو.

## بیزەنتە، یەکەم پایتەختی سروشتیی یۆنانییەکان

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر مەسەلەی گرینگی هەبوونی پایتەخت. لە دامەزراندنی بیزەنتەوە تا ئەو ڕۆژەی کەوتە بەر دەستی تورک – واتە بۆ ماوەی ١٠٠٠ ساڵێک – وڵاتی یۆنان و ئاسیای بچووک لە بارێکی سیاسیی ئارامدا ژیاون. نە باسی شۆڕشێکی ئەوتۆ دەبیسین، نە کوشتار و سەرکوتکردن، نە خۆبەخۆیەکی ترسناک. کێشەی مەزهەبی و کێشەی دەسەڵات لە هەموو کۆمەڵگەیەک هەیە، بەڵام نەدەگەیشتە رادەی جەنگ و خۆبەخۆیی.

مەسەلەی وەرگەڕانی هێلینییەکانی ئاسیای بچووک بۆ تورکایەتی و ئیسلام (*تورکایەتی و ئیسلام بۆ نەتەوەکانی سلاڤ و هیلینی یەک شت بوو*) شتێکی دوور و درێژە و رەنگە لە داهاتوودا کتێبێک لەم بارەوە بنووسم. بەڵام دەشێ ئاماژەیەکی سەرپێیی بکرێت بۆ هەڵوێستی ئەسکەندەر و زینۆفۆن بەرانبەر ئومەمییەت و ئینتیمای فارس. ئەو شایە و ئەو گەدایە چۆن بوون بەرانبەر فارس؟ هێلینییەکان هەمان هەڵوێستیان هەبوو بەرانبەر تورکی سەلجووقی و عوسمانی (سەرەتا رق و بێزێکی زۆر، کەچی دواتر مەیل بۆ وەرگەڕان و توانەوەیەکی سەرتاسەری). هەرکەس سەیری رەنگ و روخساری خەڵکی تورکیا بکات، ئایا چەندیان وەکو نەتەوە ئارالییەکان لووسکە و لووت فیچ (انف فاطس) و چاو باریکن؟ لەراستیدا زۆربەیان نەسلی هێلینییەکانن؛ بەڵام لەژێر زمان و ئینتیمایەکی دیکەدا. با ئەو هەزار ساڵەی بەپایتەخت بوونی کۆنستانتینۆپۆڵ دەخەینە لاوە و تەنیا یەک ئاماژە بکرێ بۆ رادەی گرینگی و ئەو ئیمتیازە جیۆپۆلیتیکییە کە ئەستەنبووڵ هەیەتی لە چاو ڕۆما.

ڕۆما پایتەختێکی ئەفسانەیی بووە بۆ ئیمپراتۆرییەتێکی تاکانەی مێژوو بەڵام ئەو هێزە زیاتر هێزی ئینتیمای خەڵکەکە بوو نەک هێزی شارەکە،



پێشتر باسی ئاشوور و پێکچوونی بە ڕۆم کرا. کەچی ئەستەنبووڵ هەر لەخۆیدا توانایەکی یەکجار زلی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی رێگە و پێوەندی و پاوانکردنی دەسەڵات. تەمەنی «کۆنستانتینۆپۆڵ» لە یەک سەدە تێپەڕ نەبووبوو کە جموجۆڵی عەشایەری لە باکوور بەگەڕ هات. جا دەبیسین ئیمپراتۆرێکی بیزەنتیی وەکو ستیلکۆ بە لەشکری بیزەنتییەوە رێگەی لە عەشایەرە گۆتەکان دەگرت کە بڕژێنە باکووری ئیتاڵیا کەچی کودەتای سەربازانی ڕۆما (٤٠٨ ز) بوو بە هۆی کوشتنی ئەو ئیمپراتۆرە و کوڕەکەی.

گۆت بە رابەرایەتی ئەلەریک باکووری ئیتاڵیا رادەماڵن و لە ٤٠٩ ڕۆما گەمارۆ دەدەن و لە ٤١٠ ڕۆما تاڵان و بڕۆ کرا[1]. کەچی ئەستەنبووڵ نەک

---

(١) Peter Heather, THE GOTHS ل١٤٧، بەڕای من گۆت (القوط، Goth) کەمێک لە عەشایەری هوون و ئاڤار پێشکەوتووتر بوون دەنا رەوشتی دواکەوتوویی و خۆبەخۆیی و تیرەپەرستی لە نێویاندا زۆر ئاشکرایە. گۆت تەنیا بەرانبەر ڕۆم و تەنیا لە کاتی هەڵمەتدا یەکگرتوو دەبوون؛ دەنا یەکسەر خۆبەخۆیی دەستی پێ دەکردەوە. هەستی ئینتیمایان زۆربەی کات «استقطاب» کرابوو بۆ ڕۆما کەچی وازیشیان لە رەوشتی عەشیرەتگەری و تیرەپەرستی نەدەهێنا، جا لە ناوەندی رێگەدا مابوونەوە، کورد ئاسا.

ئەلەریک ئەو ئاغایە گۆتەی کە لە ٤١٠ ز ڕۆمای داگیر کرد، تا دوا ڕۆژی ژیانی ویستوویەتی ڕۆما پایەی جەنەراڵێکی رەسمی پێ ببەخشێت، کەچی هەرگیز ئەو ئومێدەی نەهاتە دی تەنانەت پاش داگیرکردن و تاڵان کردنی ڕۆماش. سەرچاوەی پێشوو (١٤٣). واتە نەفرەتێکی توند هەبووە لەنێوان «عەشیرەتی هێرشبەر و شاری سەنتەر» ئیتر *پیتاندن* رووی نەداوە بەڵکو زیاتر بە هەتک و رفاندنێکی بەزۆر دەچێت. شایانی گوتنە کە گۆت، ڕۆما تاڵان دەکەن دەست لە کەنیسە نادەن، ئەمە دیاری دەخات کە عەشایەر تا دواکەوتووتر بن زووتر دەکەونە ژێر دەسەڵاتی دینی.

گوتەکان پێڵ بەپێڵ دەهاتن و زۆر خۆبەخۆ بوون. یەک لەو پێڵە عەشایەریانەی=

هەر خۆی ڕاگرت، بەڵکو بوو بە مایەی ڕاکێشان و تواندنەوەی ئینتیمای

=گۆت بە ڕابەرایەتیی گۆتەکانی راڤینا (باکووری ئیتاڵیا) قەڵاچۆ دەکات و دەبێتە پاشا. ناوبراو کوڕی نەبووە، سێ کچی بەمێرد داوە بۆ هاوپەیمانێتی سیاسی. یەک لە زاواکانی (سیگیسمۆند حاکمی بۆرگۆندی) لە ساڵی ٥٢٢ ژن و کوڕی خۆی کوشت تەنیا لەبەر ئەوەی کە لە کچی تیۆدۆریک بوو. زاوای دووەم، هیدەریکی ڤاندالٚ حاکمی باکووری ئەفریقیا بوو، ساڵی ٥٢٣ کاتێک کچەکەی تیۆدۆریک بە بەرگی بووکێنی بۆی دێت، ناوبراو هەموو پاسەوانەکانی بووکەکە دەکوژێت (٥٠٠٠ چەکدار) و بووک لە زیندان دەنێت تا مردن. لەهەمان کاتیشدا خەریک دەبێ هاوپەیمانێتی لەگەڵ بیزەنتە دروست بکات. ئینجا دەگەینە سەر چیرۆکی کچە گەورەکەی تیۆدۆریک، ئەماڵەسوێنتە، تا بزانین نەتەوەی بێ ئینتیما پاش سەرکەوتن بۆچی زوو لێیان تێک دەچێت و گۆتەکان بۆچی هەندە بێ کەڵک و بێ هێز بوون و چەند بە هاتە هات سەرکەوتن هەندەش بە هاتە هات وێران بوون.

ئەماڵەسوێنتە یەک کوڕی هەبوو بەناوی ئاتە ئەلەریک (لەدایکبووی ٥١٦ ز) واتە کە تیۆدۆریکی لە ٥٢٦ مردووە ئەو کوڕە هێشتا منداڵ بوو. داکی نازێکی زۆری داوەتێ و نەیهێشتووە بە شێوازی سەربازی رۆمی پەروەردە بکرێت. کوڕەکە بە لاوازی هەڵکەوتووە و لە ٥٣٤ مردووە. هەر لەم چەند ساڵەدا ئەماڵەسوێنتە بە نهێنی پێوەندی لەگەڵ بیزەنتە خۆش کردووە، زێڕ و پارەی ناردووەتە بیزەنتە بۆ ئەوەی لەکاتی لێقەومان یەکسەر هەڵبێت بۆ بیزەنتە هەروەها کۆمەڵێک سوپاسالاری باوکی خۆی بەکوشت داوە. کە ناچار بووە مێرد بکاتەوە، پیاوێکی هەڵبژاردووە بەناوی تیۆدۆهاد بەڵام پێشەکی سوێندی داوە بەقسەی بکات کەچی زاوای تازە یەکسەر ژنەکەی نەفی کردووە بۆ دوورگەیەک و لە ٥٣٥/٤/١٠ بەکوشتی داوە.

تۆ بڵێی کچانی گۆت بۆچی ئەوها ناحەز و بەخت ڕەش بوونە و بۆچی بە پێچەوانەی ئەوان هەیە وەکو ئافرەتێکی فارس مێرد بە میری ئەردەڵان دەکات یەکسەر چارەنووسی میرنشینییەکەی ئەردەڵان وەردەچەرخێت و دەتوڵێتەوە؟ ئەدی بۆچی ژنە تورک و فارس وایان دەکرد خەلیفە عەبباسییەکان لەخزمەت تورک و فارسدا بن؛ کەچی شا عەباسی سەفەوی کچە ئاغای موکریانی خواستووە و چوار شەو لەگەڵی بووە، ئینجا یەکسەر فەرمانی داوە رەگ و ریشەی عەشیرەتی=



عەشایەرە گۆتەکان کەوا دواتر زۆربەیان کاکانە و بابانەی خۆیان بۆ بیزەنتە

=موکریان دەربێت؟ من یەک لەبارە خۆمەوە ئافرەتی عەشایەری کورد بای خۆم دەناسم. هەیانە وەک حۆری وان بەڵام ڕەنگە لە یەکەمین مەرحەبادا قسەیەکت پێ بڵێ وەک «*لاچوو دەنا بەبرای خۆمت دە...*» بالۆرەیەکی کوردیش هەیە ئافرەتی ناوچەی کۆیە بە یەکتریان دەگوت.

مایێنێ بێ رێشم – لە برای خۆمت کێشم

تۆ بڵێی ئەو خانمە شەکرێکی ئەوهای لەڕووی مێردەکەی شکاندبێ چونکە «لە خۆمان نییە» ؟ مێردیش چ مێرد؟ شا عەبباسی سەفەوی! کە قەڵاچۆکردنی دەیان شار و هۆز لەلای ئەو وەک ئاوخواردنەوە بوو. یاخۆ دەبینی هەندە بە شان و باڵای باب و براکانی گوتبێ «*وەی بەسەدەقەیان بم، وەی بەقوربانیان بم هەر ئەوان پیاون و کەس پیاو نییە.*» لەو چەند شەوەدا کەس لەگەڵیان نەبووە بزانی چ جۆر کار و کاردانەوەیەک رووی داوە، بەڵام یەک شت مسۆگەرە؛ نێرەتی بەتەنیا بەبێ کەمترین مۆرکی پێویست لە مێیەتی شتێکی دۆڕاوە. ئافرەتی کورد بەشێوەکی گشتی دوو رەوتی هەیە، یەکیان زۆر برا و باوانیان خۆش دەوێت و ٢٤ سەعات بەشان و باڵایان هەڵدەڵێن. ئەوەی دیکە بەتایبەتی لە شارستانی دوور لە شاخ تووشی وەرچەرخانێکی سەیر دەبن دژی باوانیان. مسۆگەرە کە ئەم ئافرەتە لە تاقمی یەکەم بووە. دواتر باس دەکرێت و با بگەڕێینەوە سەر گۆت و رۆم و بیزەنتە.

لە هەمان ساڵ ئوستۆلێکی بیزەنتی بە رابەرایەتی جەنراڵ بێلیزایۆس دەگاتە دوورگەی سیسیلیا (صقلیة) بۆ تاقیکردنەوەی رادەی هێزی گۆتەکان، کەچی جەنەراڵەکە یەکسەر سیسیلیا داگیر دەکات. ساڵی دواتر ٥٣٦ جەنەراڵ لەشکرەکەی لە ناپۆلی دادەبەزێنێت. هاوار لە گۆتەکان هەڵدەستێ «هاتن، هاتن» و یەکسەر لەنێو رۆما تێک بەردەبن وپاشا تازەکەیان. (تیۆدۆهاد) دەکوژن و سوپاسالارێکی ئازا هەڵدەبژێرن بەناوی ویتیگیس. ناوبراو خەریک دەبێ کاکانە و بابانەی خۆی لەگەڵ بیزەنتە و جەنەڕاڵەکە بکات بەبێ سوود. هەر ئەو هاتە هاتەش وا دەکا گۆت رۆما چۆڵ بکەن و جەنەراڵی بیزەنتی لە ٥٣٧ ز رۆما ئازاد دەکات. گۆتەکان دەگەڕێنەوە بۆ گرتنی رۆما بەڵام بێلیزاریۆس خۆی رادەگرێت و لەلایەکی دیکەوە هێزی سوارە دەنێرێتە سەر ناوچەی پێسەنۆم کە خێزانە گۆتەکان لەوێدا دەژیان. ئیتر کوشتارێکی جگەربڕ لەنێو ژن و منداڵی گۆتەکاندا دەکات و گۆت=

دەکرد. دواتر ئیمپراتۆرێکی بیزەنتیی وەک زینۆ لە دەوری ٤٨٠ز پێلێکی دیکەی گۆتەکانی لە بیزەنتە بەرپەرچ داوەتەوە و وای کردووە بچن بۆ

= دەکشێنەوە بۆ لای ژن و منداڵە سەربڕاوەکانیان. ئەمەش پێکچوون دیار دەخات لەگەڵ عەشایەری کورد لە ورمێ مەراغە کەوا تێکەڵ بەخەڵکی نەدەبوون؛ بەڵکو هەمیشە ژن و منداڵیان بەلاوە ڕادەگرت لە قەڵاتێک. بۆیەش دەبوونە نیشانەیەکی ئاسان بۆ پەلامارەکانی دوژمن. ساڵێک دواتر هێزێکی دیکە دەنێرێتە سەر شاری جەنەوا لە باکووری ئیتاڵیا. گۆت گێژتر و بێ ورەتر دەبن. ویتیگیس کۆمەڵێک ناوچە لە باشووری فەرەنسا بە فەرەنکەکان دەبەخشێت بۆ ئەوەی شەڕ بە گۆتەکان نەفرۆشن تاکو چەکدارەکانی بەهانای بێن. لەلایەکی دیکەوە نامە بۆ ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەنێرێ بۆ ئەوەی لە خۆرهەڵاتەوە هێرش بکەنە سەر ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی؛ بەڵێ فارس لە ٥٤٠ز ئەنتاکیا دەگرن بەڵام پاش چی! گۆت و دەوڵەتەکەیان لەماوەی ٤ ساڵ (٥٣٧ تا ٥٤٠) بە هاتە هاتە تێک شکا. (سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی ٢٥٩ تا ٢٦٦).

ئینتیمای گۆتەکان بریتییە لە تیرەپەرستییەکی هەمیشەیی و تیرۆر و کوشتن و خۆبەخۆیی و ئامۆزا دژی ئامۆزا. پێکچوونێکی گەورەشیان لەگەڵ عەرەبی عێراقی هەیە کەوا لە وڵاتێکی بێ پایتەختەوە ڕۆیشتوون بۆ وڵاتێکی دیکەی بێ پایتەخت و پیتاندنیان نەکردووە؛ بەمەرجێکیش کە ئەوان خاوەن دین و کولتوورێکیش نەبوون وەک عەرەب، بەڵکو دینەکەیان (ئاریانیزم) بریتی بووە لە تیرەپەرستییەکی ئەریستۆکراتییانەی ساکار. دواتر کە عەرەب دەگەنە ئیسپانیا پاشایەکی گۆت دەبەزێنن بەناوی هیرۆدریک؛ عەرەب پێیان گوتووە «لذريق». لەراستیدا هەردووک عەرەب و گۆت دەرەقەتی بیزەنتە نەهاتن و هەردووک ترسی گەورەیان لە عەشایەری فەرەنک بوو؛ بەڵام هەرنەبێ عەرەب دین و کتێبیان هەبوو کە دەبێ تا دوا زەمان نرخی حەزرەتی محمد بزانن کەوا ئەوەندە مێیەتییەی بەسەردا سەپاندن. گۆت ئێستا ناویان ئالوودەی شێوازێکی بینا و هونەری ئەورووپایی کراوە کەوا لەسەردەمی پاش ڕۆمەکانەوە سەری هەڵدا، ئەوەی ببیسێت ئەم بینایە بە شێوازی گۆتیک (Gothic) دروست کراوە وا دەزانێ گۆت هەموو هونەرمەند بوونە کەچی لە ڕاستیدا تا دەسەڵاتیان هەبووە بەپێچەوانەی هونەر و پێشکەوتن ڕەفتاریان کردووە.



ئیتاڵیا. ئەو گۆتانە بەڕابەرایەتی تیۆدۆریک (ئەوەی لە پەراوێزی پێشوودا باسی کچەکانی کرا) ڕۆیشتوون و گۆتەکانی کە پێش خۆیان گەیشتبوونە باکووری ئیتاڵیا قەڵاچۆیان کردوون. دواتر لە ٥٤٠ز هێزێکی بیزەنتی بوو ڕۆمای ئازاد کرد و گۆتەکانی قەڵاچۆ کرد (جەنەراڵ بێلیزاریۆس، پەراوێزی پێشوو). سەرباری ئەستەنبووڵ، یاخۆ بڵێم بیزەنتە، هەزار ساڵ پاش نەمانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم مایەوە. ئینجا کە تورک گرتوویەتی، هەر بە پایتەختی هەرەگەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەتەوە.

لە ١٤٥٤ز، کە سوڵتان محەمەدی فاتح ئەستەنبووڵی گرتووە، جەمسەری هەرە گەورە بۆ ئینتیمای و هاوبەش لەنێوان بەڵکان و پایتەختە سروشتییەکەیدا پچڕاوە. واتە بۆ خەڵکی بەڵکان بە گشتی و یۆنان بەتایبەتی، مەسەلەی «ئینتیما بۆ پایتەختی سروشتی» گەڕایەوە سەردەمێکی کۆن کە بیزەنتە بریتی بوو لە شارۆچکەیەکی لاچەپ بەناوی بیزەنتە؛ وەک نەبووبێت ئەوها بوو. ئەنەدۆڵ لە ئیسلام و تورکایەتیدا تواونەوە و پێوەندییەکی سروشتی لەنێوان خەڵک و پایتەختدا ماوەتەوە کەچی بەڵکان و ئیجە و هەرێمەکانی کە نەبوونە تورک و ئیسلام، ئەوانە بێ پایتەخت و ئینتیما مانەوە. مامۆستا کەمال مەزهەر لە کتێبی «كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى» تیشکێکی گەورەی خستووەتە سەر ئەو ئاژاوە قووڵانەی کە لە هەرێمەکانی بەڵکان و زاگرۆس لەسەردەمی عوسمانیدا دەقەومان. دیاریشی خستووە کە بەڕادەی سەرەکی هەرێمەکانی بەڵکان مایەی لاوازکردنی حوکمی عوسمانی بوونە. تەنانەت لە قامووسی سیاسیدا وشەی Balkanize (بەعەرەبی دەڵێن «بلقنة»)، بە بەڵکانکردن ئەمە بەواتای هەڵگیرساندنی ئاژاوەیەک دێت کەوا لایەنی سەرکەوتووش سوود لە سەرکەوتنەکە نەبینێت.

هەروەها لێرەدا گرینگی مەسەلەی جەمسەرکێشی (استقطاب)ی ئەستەنبووڵ دیار دەکەوێ کەوا ئەگەر بیزەنتی حاکم بووبن یاخۆ تورک،

دەبینین ناوچەی دەسەڵاتی ئەو جەمسەرە زلەی جیهان لە هەردووک باردا نزیکەی یەک شت بوون.

## دیسان ئاژاوە

یۆنانی لە بەری ئەورووپا و چوار دەوری دەریای ئیجە نەفرەتیان لە تورک و پایتەختەکەیان کرد و هەر لە رقی تورک چاویان بریوەتە دەستی رووس کە خۆیان بە میراتگری و لایەنگری کەنیسەی ئۆرتۆدۆکس دادەنا. لە ۱۷۷۰ز کە یەکەم جار یۆنانی شۆڕشیان کرد دژی تورک، ئەوە بە یارمەتی هێزێکی رووسی کرا[(١)].

لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسی و زیندووکردنەوەی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی، یۆنانییە دەوڵەمەندەکان گەنجەکانیان دەناردن بۆ خوێندن لە ئەورووپا و رێکخراوی سیاسی پەیدابوون کەوا لە ۱۷۹۸ ویستوویانە هەموو بەڵکان دژی تورک هان بدەن. لە ١٨١٤ یۆنانییەکان لە ئۆکرانیا حیزبێکیان پێک هێنا کۆمەڵەی برایەتی. یپسیلانتیس جەنەراڵێکی

(١) رووس بە ئەسڵ نورمانن (ڤایکینگ)؛ بەڵام وەک لە هەموو جێگەیەک کردوویانە، هاتوونەتە سەر زمانی ئەو نەژادانەی کە بەردەستەی خۆیان بوون، لە فەرەنسا بە فەرەنسی دەدوان و لە ئینگلستان بە ئینگلیزی. هەندێک جاریش لە فەرەنساوە بەسەر ئینگلستانیان داداوە وەکو ویلیەمی فاتح و دواتر ئەنژوویییەکانی بنەماڵەی ریچارد شێردڵ. ئیتر ئەو بایەخەیان بە ناوچە و شار نەداوە و هەمان شت بەرانبەر دین و مەزهەب. هەر چۆنێک بێت رووس خاوەن ئینتیمایەکی بێ ئەندازە توێنەر و فراوانن کەوا رەنگە تاکە ئینتیمایەک بێت کە لە مەیدانی تواندنەوەدا ئینتیمای تورکی بەزاندبێت. واتە شتێکن ١٠٠٪ بەپێچەوانەی ئینتیمای کورد و یۆنانی و ئەو گەلانە. جا ئەگەر رووس ئەستەنبووڵیان داگیر کردبایە دوور نەبوو یۆنانی لە رقی ئەوان بووبانە ئیسلام. بۆسنە نموونەیەکی زیندووە کەوا هەمیشە دین و ئینتیمایەکی هەبووە بەپێچەوانەی هەموو دەوروبەر. ئینتیمای تەسک و بێگانەبەدەری لە هەموو کات و ساتێکدا زیانبەخش بوونە.



یۆنانی کە لە سوپای رووسدا بوو، رابەرایەتیی ئەم کۆمەڵەی کرد و هێرشێکی کردە سەر مۆلدۆڤیا. تورک هێرشەکەیان شکاند، بەڵام هەواڵەکە بڵاو بۆوە و شۆڕش لە ناوچەی پیلۆپۆنیز هەڵگیرسا. ئەمە سەرەتای جەنگی ئازادی بوو بۆ گەلی یۆنان. دیارە کەنیسە هاندەری شۆڕشەکە بووە؛ چونکە لەو نێوانەدا ناوی قەشەیەک دێت کە رابەرایەتی ئەم شۆڕشەی کردووە، گیرمانۆسی پاترایی. هەم بەهۆی دینەوە و هەم بەهۆی ناوی بەرزی یۆنان لە میراتی کولتووری ئەورووپا و جیهانی مەسیحیدا، دەوڵەمەند و رۆشنبیری ئەورووپا و ئەمەریکا پشتگیرییان لە یۆنانییەکان دەکرد. واش هەر دەبیسین کە رەوشتی خۆبەخۆیی یۆنانییەکان جۆرەها گرێی دەخستە رێگەیان.

سوڵتان مەحموودی دووەم دەستەوئەژنۆ نەوەستا. دوورگەی کریتی پێشکەش بە محەمەد عەلی پاشای میسر کرد و لە بەرانبەردا محەمەد عەلی پاشا ناوچەی پیلۆپۆنیزی داگیرکردەوە. بەڵام لە ١٨٢٧ هێزی دەریایی فەرەنسا و ئینگلیز لە شەڕی ناڤارینۆ هێزەکانی تورک و میسرییان بەزاند. کۆنت ئەوانیس کاپۆدستریاس بوو بە سەرۆک و لە ١٨٢٩ سوڵتان مەحموود ناچار کرا دان بە سەربەخۆیی یۆنان بنێت. ئەمە یەکەمجار بوو یۆنانییەک ببێتە سەرۆکی یۆنانێکی ئازاد. *رەنگە بگوترێ ئەلحەمدولیلا هیچ گرفتێک نەما، کەچی لە ١٨٣١ کاپۆدستریاس بەدەستی خودی یۆنانییەکانەوە تیرۆر کرا و بوو بە بەرەڵڵایی.*

پاش ئەوە، هێزە ئەورووپاییەکان ویستیان پاشایەک بۆ یۆنان دەستنیشان بکەن؛ کەچی کەس لە شازادە ئەورووپاییەکان ئامادە نەبوو خۆ لەو گێژاوە بدەن تا ١٨٣٢ شازادە ئۆتۆی باڤاری لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بە پاشا دانرا. شایانی گوتنە لەو سەردەمەدا ئەسینا بووبوو بەگوندێکی بچووک، بەڵام شوێنەوارەکان و مێژووە بەناوبانگەکەی وای کرد بیکەنە پایتەخت؛ ئیتر پاشا لەوێ دامەزرا. دەبا بزانین ئایا هەڵوێستی

یۆنانییەکان بەرانبەر بە دەوڵەت و پاشا و سەربەخۆیی لە هەڵوێستی عێراقییەکان باشتر بوو یان چۆن بوو؟

پاشا هەر لە سەرەتاوە بێگانەبەدەریی لەگەڵدا کرا و ئەویش ڕۆژبەڕۆژ لە یۆنانییەکانی توند دەکرد. پاشا پرۆتستانتی بوو؛ بەڵام دیارە نەفرەتی دووسەرە (مُتبَادَل) وای کرد نە خۆی و نە کوڕەکەی بەێن بە ئۆرتۆدۆکس و هیچیان لەگەڵ ئەو خەڵکە خۆبەخۆیە نەگونجان. کەواتە پیتاندن و توانەوە و یەکیەتی ئینتیما بەهیچ شێوە ڕووی نەدا؛ بەڵکو هەر لە ١٨٤٣ کودەتا و کێشە دەستیان پێ کرد. لە ١٨٤٤ دەستوورێک بەسەر پاشادا سەپێندرا کە لەچاو ئەو سەردەمەدا بێ ئەندازە ئازادیخواز بوو. دەستوورەکە هەر لەسەر کاغەز مایەوە. (پەرلەمانی کوردستان و عێراق شایەد.)

دیارە هەمان مەسەلەی دەوڵەتی عێراقی تازە پێشتر لە یۆنان ڕووی داوە؛ چونکە یۆنانی بەیارمەتیی ئەنگلۆ – فەرەنسی لەدەست تورک ڕزگار بووبوون؛ ئینجا کە نەیانتوانی سەرۆکێکی «خۆیی» پەسند بکەن، ئەورووپاییییەکان پاشایان بۆ دانان کەچی ڕەوشتی بێگانەبەدەری و قسە ژەهراوییەکەی کە دەڵێ «ئەوە لە خۆمان نییە» وای کرد بەرهەڵستی دژی پاشا و ئینگلیز و فەرەنسا پەیدا ببێت بەلای ڕووسیادا. خۆ ئەو کاتە ڕووسیا کۆمیونیستی نەبوو؛ بەڵام ئەوەی بەدوا دووبەرەکیدا بگەڕێت بیانگە زۆرە. ئەو کێشەیە لە جەنگی نیمچە دوورگەی کریما (١٨٥٣– ١٨٥٦ ئینگلیز و فەرەنسی دژی ڕووس) تەشەنەی کرد. مەلەکییەکان سەر بە ئەورووپا بوون و بەرهەڵستکارەکان سەر بە ڕووس بوون؛ ئیتر کودەتایەک پاشای لابرد و شازادەیەکی دانیمارکی (ولیەمی گلوکسبۆرگ) هەڵبژێردرا بە ناوی شا جۆرج یەکەم. ئەم بنەماڵەیە تا ١٩٧٤ مانەوە بەڵام چۆن مانەوەیەک؟ با بزانین.

لە ١٨٦٤ دەستوورێکی نوێ دانرا و سەردەمێکی تازە هاتە ئارا کە تا رادەیەک خۆبەخۆیی تێدا نەبوو. ئەوەش نەک لەبەر تەبایی و برایەتی



بەڵکو بەهۆی دوژمنێکی هاوبەش و تۆڵەکاری کە خوێنی هەڵمەتبەران پڕ دەکا لە ئەدرینالین. دروشمی ئازادکردنی ناوچە یۆنانییەکان هەڵدرا و نیاز وابوو ئەستەنبوڵ بکەنە پایتەختی یۆنان. ئینگلیز و فەرەنسا پشتیان دەگرتن و هاوکات لەگەڵ ئەوە تورک لە جەنگی دژ بە ڕووس (١٨٧٧ _ ١٨٧٨) بەزیبوو. ئیتر لە کۆنگرەی بەرلین ساڵی ١٨٨١ سوڵتان ناچار کرا ناوچەی تسالیا بداتە یۆنان و دوورگەی قوبرس بداتە بەریتانیا. ئەوجار خەریکی ڕزگارکردنی مەکەدۆنیا و کریت بوون. لەسەر مەکەدۆنیا تووشی ئالۆزییەکی سێقۆڵی بوون لەگەڵ بوڵگار و سیرب. کەنیسە و خوێندگەی هەموو ئەو نەتەوانە بە خەڵکی خۆیان دەگوت مەکەدۆنیا لە باب و باپیرەوە (عایدی خۆمانە).

ئینجا لە ١٨٩٦ خەڵکی کریت دژی تورک هەستانەوە و پێشمەرگەی یۆنانی بەهانایانەوە چوون؛ بەڵام بەتوندی شکان و زیانێکی گەورەیان پێ گەیشت. بەڵام دیسان بە پاڵەپەستۆی هێزە ئەورووپاییەکان ساڵی ١٨٩٨ تورک لە کریت کشانەوە و دواتر لە ١٩٠٨ بە بڕیاری گشتی تێکەڵ بە یۆنان بوونەوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا مەیدانی سیاسەتی یۆنان کەسایەتییەکی تازەی بەخۆوە دیت. ئەلیوتۆریۆس ڤەنیزەلۆس پەیدا بوو کە یۆنانییەکی توندڕۆ بوو و دەستی باڵای هەبوو لە مێژووی یۆنانی نوێدا. لە نێوان ١٩١٠ تا ١٩٣٢ پێنج جار سەرۆکایەتی وەزیرانی گرتە دەست و پێوانەی یۆنان لەسەردەمی ئەودا ١٠ هەندەی لێ هات و سەرژمێریان لە سێ ملیۆن گەیشتە پێنج ملیۆن. بەڵام دووبەرەکی کەوتە نێوان لایەنگرانی ڤەنیزەلۆس لەگەڵ مەلەکییەکان.

لە ١٩١٢دا یۆنانی و سیرب و مۆنتینیگرۆ و بوڵگار پەلاماری تورکیان دا و یۆنانی خێرا خۆیان گەیاندە شاری سالۆنیک (شاری تسالۆنیکی، پایتەختی ناوچەی تسالیا). لە ١٩١٣ جەنگی بەڵکانی دووەم بەرپابوو، سیرب و یۆنانی بەگژ بوڵگاردا چوون. لە هەمان ساڵدا پاشا تیرۆ کرا و

کوڕەکەی کۆنستانتینی یەکەم لە جێی دانیشت و لەگەڵ ڤەنیزەلۆس نەگونجان و لە ساڵانی **١٩١٥-١٦** ڤەنیزەلۆس ئەسینای بەجێ هێشت بۆ شاری سالۆنیک لەوێدا حوکمەتێکی سەربەخۆی ڕاگەیاند دژی پاشا. *دیارە دیسان دەوڵەتی شار زیندوو کراوەتەوە چونکە سالۆنیک یەکەم شاری گەورە بوو کە بکەوێتە دەست یۆنانییەکان*، ئیتر یەکسەر هەندێکیان خۆیان جودا کردووەتەوە و دەوڵەتێکیان تێدا دامەزراندووە. ئەو دەوڵەتە گەورە بوو و ئینگلیز و فەرەنسا بەڕەسمی دانیان بە کۆماری سالۆنیک نا و پاڵەپەستۆیان کرد تا لە **١٩١٧** ئینگلیز پاشایان لادا و کوڕەکەیان لە شوێنی دانا. ڤەنیزەلۆس بەسەرکەوتوویی هاتەوە ئەسینا و یۆنانی خستە بەرەی هاوپەیمانەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم دژ بە ئەڵمان و تورک و بولگار.

**١٩١٩** مەکەدۆنیا و باشووری بولگاریا وەبەر یۆنان کەوتن. ڕێکەوتنە کورتخایەنەکەی سیڤەر **١٩٢٠** شاری ئەزمیری تورکیای دایە یۆنان و بەپشتیوانی ئەورووپا و ئەمەریکا یۆنانی لەشکریان نارده ئەزمیر؛ بەڵام ساڵی **١٩٢٢** بزووتنەوەی تورکە کەمالییەکان بەرپەرچی دانەوە. لێرەدا کاکڵی خۆڕاگری و یەکگرتوویی دیار دەبێ، تورک لە کاتی شکستدا هەر یەکگرتوو مانەوە. وەک چۆن قەرتاجی تەنیا لە کاتی هێرش و سەرکەوتن یەکگرتوو بوون دەنا یەکسەر ورەیان بەردا. یۆنانیش بەس لە کاتی سەرکەوتندا باش بوون، دەنا لە یەکەمین شکستدا یەکسەر یەخەگیری یەکتر بوون. دیسان پاشا (*شەیتانولئەکبەر*) لا درا و کوڕەکەی لە شوێنی دانرا. لە ڕێککەوتنەکەی لۆزان **١٩٢٣** یۆنانی وازیان لە تێکڕای دەسکەوتەکانیان هێنا لە باشووری بولگاریا و لێواری تورکیا. دوابەدوای ئەمەش، یەک ملیۆن یۆنانی لە تورکیا دەرکران و بوون بە ئاوارە.

**١٩٢٤** دیسان ڤەنیزەلۆس هاتەوە سەر کار، ئەمجارە پاشای دەرکرد و بە تێکڕای دەنگ سیستەمی کۆماری جاڕ درا و جەنەراڵێک کرایە سەرۆک



(ئۆخەی نەبوونائید لە کۆڵ بۆوە!)، کەچی لە **١٩٢٥** جەنەراڵێکی دیکە کودەتایەکی کرد و یەکسەر کردی بە دیکتاتۆرییەت. **١٩٢٦** دیکتاتۆرێکی تازە هات. **١٩٢٧** دەستووری کۆماری دانرا. **١٩٢٨** تا **١٩٣٢** ڤەنیزەلۆس هاتەوە و هەندێک وڵاتەکە ئارام بوو. نازانم چۆن چوار ساڵ خۆیان بەبێ هەرا ڕاگرت. لە **١٩٣٢** هەرا و نائارامی هەڵگیرسایەوە. **١٩٣٣** هەوڵێک درا بۆ تیرۆر کردنی ڤەنیزەلۆس. ئەمجارە مەلەکییەکان دەستیان بە جموجۆڵ کرد و لە **١٩٣٥** کودەتایەکی مەلەکییەکان سەری گرت. ڤەنیزەلۆس هەڵات بۆ فەرەنسا ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ تەنگەژەی ئابووری کە لە **١٩٣٠**یەکاندا ڕووی دا. ئیتر باری ئابووری و سیاسی یەک لە یەک خراپتر بوون تا هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم لە **١٩٣٩**.

ئەگەر بمانەوێ ئەم گێژاوە سیاسییە شیتەڵ بکەینەوە، دەبینین یۆنانی پتر بەهۆی کێشەی دەرەکییەوە خۆبەخۆ نەدەبوون دەنا هەر کاتێک شەڕی دەرەکی نەمابێت، یۆنانییەکان یەکسەر تێک بەردەبوون. خودا کردی لە **١٩٤٠**دا ئیتاڵیا شەڕی بە یۆنان فرۆشت؛ ئەوسا هەموو گوتیان «*ئەها! خۆ ئێمە هەموو براین؛ بەڵام ئیتاڵیا باعیسی هەموو دەردە و بەڵاکانە.*» یەکسەر هەموو بەگژ ئیتاڵیادا چوونەوە و خەریک بوو ئەلبانیا لەبن دەستی مۆسۆلینی دەربێنن. ئەوجار ئەڵمان بەهانای ئیتاڵیاوە هاتن و یۆنانیان داگیر کرد. جۆرجی دووەم هەڵات بۆ قاهیرە و بەرهەڵستی دژی ئەڵمان جەژنەیان بوو «*یاڵڵا بۆ خەبات بەرابەرایەتی خۆمان*» جا بژمێرە لە حیزبی تازەی وەکو بەری ئازادیی نیشتیمانی EAM، سوپای رزگاری جەماوەری ELAS، ئینجا EDES هتد. هەر تاقمێک سفرەکەی بە جۆرێک دەڕازاندەوە یەکێک دەیگوت «*بژی ستالین*» ئەوەی دیکە دەیگوت «*باشە، بژی ستالین، بەڵام بەخوا ئینگلیزیش هەندێک باشن*»، «*نا کاکە سیستەمی سوشیالیستی پاشایی باشە*»، «*نەخێر دین و بەس؛ بەڵام ئەگەر هەندێکیش سۆشیالیزمی لەگەڵدا بێت قەیدی ناکا*»... هتد. من دەپرسم

ئایا ئەم قسانە کێمان وەبیر دێنێتەوە؟ ئایا خوێنەری کورد خۆی لە ئاوێنەی مێژوودا دەبینێت؟

وینستۆن چێرچل لە یاداشتەکانیدا دەڵێ «*یۆنانی لە هەموو کەس پتر خەریکی رامیاری دەبن. واز لە ململانێ ناهێنن و هەر تاقمێک سەرکردەیەک بۆخۆیان پەیدا دەکەن تا هەمیشە خەریکی ململانێ بن تەنانەت ئەگەر مەترسیی دەرەکییان لەسەر بێت و سور بزانن کە بە هیچیان ناگەیێنێت واش هەر واز ناهێنن. یۆنانی بە جووەکان دەچن کە ئەگەر سێ جوولەکە لە یەک شوێن کۆ ببنەوە، یەکیان خۆ دەکاتە سەرۆک، یەکیان دەبێتە لایەنگر، ئەوەی سێیەم دەبێتە بەرهەڵستکار*»[1].

کوردئاسا حیزبە یۆنانییەکان هەر لە شاخەوە تێک بەربووبوون پێش ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شار. لە پایزی ١٩٤٣ ELAS پەلاماری EDES ی دا تا بەهاری ١٩٤٤ کە ئاشتییەکی بەرپا کرد. لە ئابی هەمانساڵدا بەرەیەکی نەزۆکیان پێک هێنا بۆ پشتیوانی کردن لە پاشای دووروڵات؛ کەچی هەر هەندە ئەڵمان کشانەوە ڕاکەڕاکە بۆ شار و خۆبەخۆیی بەشێوەیەکی توندتر هەڵگیرسا. دیسان دووبەرەی سەرەکی پەیدابوون؛ لایەنگرانی رووسیا و لایەنگرانی ئینگلیز. رەنگە بگوترێ «ئاخر ئەوە فەلسەفەی مارکسی بووە و فەقیر و هەژار و چینی کرێکار و، هتد» بەڵام بەڕای من مێژوو یەک شت دەبینێ، ئەمەش ئەوەیە کە لە ١٨٤٣ تا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەم لایەنگرانی رووسیا و کرێملین دژی پاشایەکی سەر بە ئینگلیز و فەرەنسا جەنگان. هەمان شت پاش ١٠٠ ساڵ دووبارە بووەتەوە کەوا لایەنگرانی رووسیا و کرێملین لە ١٩٤٥ تا ١٩٤٩ دژی پاشا و حوکمەتێکی سەر بە ئینگلیز جەنگان. جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جەنگەدا دوو شت بوو. یەکەم: ئەمجارە سەڵەواتەکان بۆ

---

(١) بگەڕێوە بۆ مذكرات تشرشل. بەشی، عيد ميلاد في اليونان.



ستالین لێ دەدران لەباتی قەیسەر؛ دووەم: ئەمجارە لەباتی چەند هەزار کوژراوێک، زیانەکان گەیشتنە ١٦٠ هەزار کوژراو و ٨٠٠ هەزار ئاوارە لە وڵاتێکی ٤–٥ ملیۆنیدا.

داخی گەورە ئەوەیە کەوا لەکاتی خۆبەخۆییدا ئەگەر لە هەر رووڕەشێکی ئەو خۆبەخۆییەت پرسیبایە گوتبات «چ قەوماوە و بۆچی وا دەکەیت» ؟ ئەوسا گوێ بگرە لە سروودەکانی «*نا کاکە ئاخر ئێمە فەرقمان هەیە، ئێمە بیروباوەڕمان جودایە، نەسرەوتن تا سەرکەوتن و ئاخر ئێمە شایستەین و ئاخر... هتد*» . ئینجا با لەگەڵ فەرەنسا بەراورد بکرێتەوە کە ئایا چەند ملیۆن بوون و چەند کوژراویان هەبووە کە دەکا سەتا چەندی وڵاتەکە؟ بخوازین و نەخوازین، لەو میانەدا یەک ڤایرۆس هەیە تەنگی بەو مێشکە تەسکە و بەو ئینتیما تەسکانە هەڵچنیوە، ئەوەش بریتییە لە یەک وشە، «*خۆمان*» .

## لە ١٩٥٠ تا ئەمڕۆ

وەک دەزانین لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە ئینگلستان وەک جاران توانای نەما و بەرەبەرە ئەمەریکا شوێنی دەگرتەوە. لە ١٩٤٧ ئەمەریکا یارمەتییەکی ئابووری و سەربازی گەورەی دابین کرد بۆ حوکمەتی یۆنان دژبە حزبە چەپڕەوەکان؛ دەنا دوور نەبوو یۆنان دابەش بێت بۆ یۆنانی دیمۆکراتی لە باکوور و یۆنانێکی پاشایی لە باشوور. بەچەشنی کۆریا و ئەڵمانیا و یەمەن. جا لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، ئایا ئەو گەشانەوە ئابوورییە و ئەو ئارامییەی کە لەم ٥٠ ساڵەی رابردوو بەسەر یۆناندا هات ئایا دەدرێتەوە پاڵ ئەمەریکا؟

لە وەرامدا دەڵێم بەڵێ تا رادەیەک پارە و دەسەڵاتی وڵاتانی خۆرئاوا دەستیان لە ئارامکردنەوەی گەلی یۆناندا هەبوو. بەڵام دەبێ یەک شتی زۆر گرینگ ڕەنێو بێنینەوە. لەو سەردەمەدا بارێکی ئەفسووناوی بەسەر یۆناندا

هات کە لە خەیاڵی کەسدا نەبوو. وەک چۆن دروستکردنی تەیسەفوون یەکسەر بابل و کێشەکانی بابلی تواندەوە، هەمان شت لە یۆنان رووی دا بەڵام نەک بەدروستکردنی شارێکی دیکە، بەڵکو خودی ئەسینا بوو بەپایتەختێکی سروشتی، چۆن؟

لە لایەکەوە سەرژمێر زیاد بوو، لە لایەکی دیکەوە سەدان هەزار ئاوارە و هەژار و لادێیی روویان لە شارەکان کرد بۆ کەسابەت بەتایبەتیش بۆ ئەسینا. یەکەم جار بوو لە سەرتاسەری مێژووی یۆناندا حاڵەتێکی دیمۆگرافی روو بدات کە ٢٥٪ و ٣٠٪ی خەڵکی یۆنان لە یەک شاردا بژین. ئەم حاڵەتە پێش سەدان ساڵ لە لەندەن رووی داوە کە چارەکی ئینگلستان لە پایتەخت دەژیان. وەک تۆینبی دەڵێ گەورەترین شاری ئەورووپا بوو[1]. لە یۆنان ئەم رێژە رۆژ بەرۆژ زیادی کرد، تا ئەمرۆ دەبینین وا سەرژمێری یۆنان لەدەوری ١١ ملیۆن کەس دایە، لەم ١١ ملیۆنە پتر لە ٤ ملیۆنیان لە ئەسینا دەژین. جا دەبینین خەڵکەکە بە ئارامی ژیان بەسەر دەبەن بەبێ ئەوەی دوچاری یووتۆپیای ئەفلاتوون و عەقیدەی مەسیح و مارکس ببنەوە و بەبێ ئەوەی ئەسکەندەر و ئینگلیز لەشکرکێشیی بۆ بکەن و رەنگە ئەوانیش نەزانن بۆچی خۆبەخۆیی روو نادات؟ منیش دەپرسم ئەگەر مەسەلەکە مەسەلەی هەبوون و نەبوونی پایتەخت و نەبوونی هەستی یەکیەتی ئینتیما نەبێت، ئەدی چییە؟

(١) موجز المجلدات السبعة ٣٩٦ .



# کوردستان

هەندێک کەس بەبێ سەر ئێشە حەز دەکەن زوو بگەنە کاکڵەکە، بۆیەش لە ئاخیرەوە دەست پێ دەکەم. بەڵام پێش ئەوەی بگەینە سەریان، داوا دەکەم خوێنەر سەیری پێ نەیەت.

گۆڕانکاریی بنەڕەتی بۆ ئینتیمای خەڵکی زاگرۆس، بەتایبەتیش کوردستانی عێراق، لە چەند شتێکی «بچووک»دایە.

یەکەم: *دابینکردنی رێگەوبانی قەدبڕ بۆ ئەمسەر ئەوسەری کوردستان*.


دووەم: ئامادەبوون بۆ گۆڕینی دەقی لەهجە ناوچەییەکان لە نووسیندا بۆ بووژاندنەوەی شێوازێکی ئاسان کە بێگانەیەک بتوانێ بەکاری بێنێت. دەشێ هەنگاوی یەکەم لە دوو مەیدان سەر هەڵدەن «زمانی نامەکاری لە ئینتەرنێت و زمان نووسی (مزگەوت)».

سێیەم: کێشەی سیاسی، ئەگەر چارەی هەبێ مەگەر بە سیستەمی میرایەتییەکی دەستووری بکرێ بەچەشنی ئیماراتی عەرەبی و مۆناکۆ لە فەرەنسا.

نوکتەی خەڵکی بەغدا هاتە دی کە گوایە کورد هەموو شتێک سەراوژێر دەکەنەوە؛ منیش لەسەر قسەی ئەوان لە ئاخیرەوە دەستم پێ کرد. لە ڕاستیشدا ئەم خاڵانە هەموو شتێکیان بەبەروە هەیە تەنیا نوکتە نەبێت، با هەندێک رۆن بکرێنەوە.

**١- *رێگەوبانی قەدبڕ*.** ئاودێری و پێژەکاری (مدرجات زراعیة) و وزەی کەهرۆئاوی و کەهرۆهەوایی و زۆر شتی تر هەموویان لە پێشمانن کە لە کوردستان جێبەجێ بکرێت؛ بەڵام هیچیان وەکو مەسەلەی رێگەوبان نین. ئێمە ناتوانین ئاوڕۆی دیجلە و زابەکان بگوازینەوە تاکو سوودیان بۆ دەشتاییەکانی کوردستان بێت؛ بەڵام وابزانم دەکرێ ئۆتۆبانی رێکوپێک

دروست بکرێ بۆ ئەوەی سامانی «ماددی، مرۆیی» بۆ خەڵکی هەرێمەکە بمێنێت. مووسڵ بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتی بەسەر زاگرۆسدا زاڵ بووە؛ بەهۆی نەبوونی پێوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان ناوچە و دۆڵەکانی زاگرۆس. بابایەکی کەرکووک و کۆیە و بیتوێن مەگەر لە مووسڵ تووشی ئێزدییەک و بادینییەک بووبان. لەئەنجامدا کولتوور و دەسەڵاتی مووسڵ (لە کاتی خۆیدا ئاشوور)، هەردووکیانی کۆنترۆڵ کردووە.




با بیر بکەینەوە ئەگەر ئۆتۆبانی رێکوپێک هەبن کە شاخی سەخت و رووباری قووڵ قەدبڕ بکەن بۆ ئەوەی شوفێرێکی باش بە ٣-٤ سەعات لە زاخۆوە بگاتە خانەقین؛ یاخۆ بە یەک سەعات لە قەڵادزە بگاتە ئامێدی. با خوێنەر سەیری پێ نەیەت و بەسیەتی بیر لە قسەی قەبە بکەینەوە. بۆ



ئینتیمای کورد، ئەم شتە زۆر گرینگترە لەچاو شتی نەزۆکی وەک نەفتی کەرکووک و یارمەتییەکانی UN. ئەم شتە گرێکوێرەی وڵاتی زاگرۆس دەکاتەوە کەوا بەدرێژایی مێژوو ئینتیماکەی لەت کردووە و مراندوویەتی. ئەو سامانەی (مادی - مرۆیی) کە هەمیشە رژاوەتە میسۆپۆتامیا و بەغدا و بابل و بووەتە هۆی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی وەک کاشی و ئاشووری، ئەوانە لە خاکی زاگرۆسدا گوڵ دەدەن و لەباتی ئەوەی پیتاندن و توانەوە لەگەڵ مووسڵ و بەغدا رووبدات، ئەوسا ناوچە کوردییەکان بەخۆشی و ناخۆشی لەیەکدا دەتوێنەوە، ئەوجار کولتوور و ئینتیمای گشتی لەدایک دەبێت کەوا نەک تەنیا «لە رِقی» بێگانە بێت.

هەندێک رووداو هەن لە مێژوودا نەخشەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمەکانیان گۆڕیوە؛ بۆ نموونە هەڵبژاردنی ناوچەی تەیسەفوون (دواتر بەغدا) بە پایتەختی عێراق، هەموو سامانی مادی و مرۆیی بابلی هەڵمژی و سنوورێکی دانا بۆ ئینتیمایەکی «نەمر- نەژی» کە لە بابل چەسپابوو؛ هەروەها دامەرزاندنی پایتەخت لە بیزەنتە (ئەستەنبووڵ). ئەو کردارە وەک ئەوەبوو *کونی «بانیۆ» بکرێتەوە*. سامانی مادی و مرۆیی لە دووری هەزاران کیلۆمەتر بەدەوری ئەستەنبووڵدا کەوتنە بەر «استقطاب»ی ئەو شارە. سەرنج بدەن کەوا پێش دامەزرانی بیزەنتە دەیان دەوڵەت لە وڵاتانی دەوروبەری ئەو شارە هەڵدەکەوتن؛ واشووکانی پایتەختی میتانییەکان، «شرگاط» و مووسڵ پایتەختەکانی ئاشوور، ئەنقەرە و کۆمەڵێک شاری دیکەی حیسییەکان[1]، ئینجا دەیان شاری یۆنانی لە ئاسیا و ئەورووپا و

(١) ئەنقەرە بەهۆی بارێکی سیاسی تایبەتەوە بوو بە پایتەختی دەوڵەتی تورکیای نوێ؛ بەڵام بەڕای من ئەستەنبووڵ جەمسەری راستەقینەی تورکیایە. کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتێکی ئەوها گەورە بەوهەموو سنوور و ناوچە و نەتەوە جودایانە زۆر لە توانای «استقطابی» ئەنقەرە گەورەترە. هەروەها تورک لە نەتەوە گەنجەکانی جیهانن؛ واتە مەرج نییە هەموو پێوەرەکانی ئەم کتێبە بیانگرێتەوە.

دوورگەکانی دەریای ئیجە وەکو ئەسینا و سپارتا و تروادە و ئەنتاکیا و هتد. تێکڕای ئەم دەوڵەت و پایتەختانە پێش بیزەنتە پەیدا دەبوون، کەچی پاش ئەوە، *ئاوی بانیۆکە یەکسەری لرف درا بۆ یەک سەنتەر*.

با بیر بکەینەوە ئەگەر ئەسکەندەر لەباتی دەیان شار بەناوی ئەسکەندەرییە، یەک پایتەختی دروست کردبایە لەشوێنی بیزەنتەی؛ یاخۆ ئەگەر ئیمام علی لەباتی کووفە ڕۆیشتبایە بۆ میسر. شتی ئەوها ڕاڕەوی مێژوویان دەگۆڕی و سەدان ساڵ دواکەوتوویی و خوێنڕێژی لە کۆڵ مرۆڤایەتی دەبۆوە. شت هەیە لە مێژوودا وەک «بوخچەیەکی نەکراوە» وایە؛ وڵاتی زاگرۆسیش کۆمەڵێک بوخچەی نەکراوەی تێدایە. ئەم گرێیە جیۆگرافییەی کە چیا سەختەکانی زاگرۆس بۆ خەڵکی خۆیان و خەڵکی دەوروبەر دروستیان کردووە، دەشێ بارەکە سەراوژێر بکرێتەوە بە دروستکردنی تونێل و ڕێگە و پرد. نە چیاکان تەخت بکرێن و نە ڕووبارەکانی بگوازرێنەوە؛ بەڵکو بەکورتی ئۆتۆیانی قەدبڕ کە هەر نەبێ قورگی کورد لە دەست ئەو پاوانکارییەی مووسڵ دەربچێت. ئەوسا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیش لە هەولێر ڕوو دەدات؛ هەولێر شارێکە کە تا ڕەخنەی لێ بگیرێ من دوو هەندە دەڵێم، بەڵام شتێکی هەیە کە لە هیچ شارێکی کوردستان دەست ناکەوێت. ئەوەیە کە شاری هەمووانە و کەس بە کەس ناڵێ تۆ خەڵکی ئێرە نی یالڵا لێرە بارکە.


ئەم ڕاستییە لە تێکڕای عێراق تەنیا لە بەغدا و تاڕادەیەک لە بەصرا هەیە دەنا تەنانەت مووسڵیش ئەوەی نییە.

**٢- زمان و کولتوور**: بەشێوەیەکی گشتی یەکێک لە ئەنجامەکانی گۆڕینی ڕوخساری ڕێگەوبان و پێوەندییەکان، ئەوەیە کە زمانی بازرگانی بەسەر لەهجە ناوچەییەکاندا زاڵ دەبێت. پێویستە نووسینی کوردی لەم قالب و ڕەوتەی ئێستا دەربچێت کەوا بایەخ بە تۆمارکردنی دەقی مۆسیقای لەهجەکان دەدرێت. نووسین و زمانی یەکگرتوو ڕۆژێک



ناچارمان دەکات شێوازێکی بەرفراوانتر پێڕەو بکەین. هەنگاوی یەکەمیش دەشێ لەم دوو مەیدانەدا دەست پێ بکات «مزگەوت و ئینتەرنێت». با کەس سەیری بەم ڕایە نەبێت؛ چونکە من دەزانم دەڵێم چی و لە داهاتوودا کتێبێک لەم بارەوە بڵاو دەکەمەوە. بەڵام لە ئێستاوە دەڵێم ئەمە ڕێگەیەکی درێژە. وەچەی ئێمە دەتوانن بناخەکەی دابنێن، بەڵام مەرج ئەم وەچەیە و وەچەی داهاتوو بەو دەسکەوتە ڕابگەن.

***٣- کێشەی سیاسی***. ئێمەی کورد نموونەیەکی زیندووین بۆ دەوڵەتی شارە سۆمەری و یۆنانییەکان. ئەگەر کورد سوور بێت لەسەر جۆرێک ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی، هەر ناو و سیستەمێکی کە ناسنامە و تایبەتمەندێتیی خۆی پێ جودا بکاتەوە لەسایەی عێراقێکی یەکگرتوودا، باوەڕم وایە سیستەمی میرایەتی دەستووری باشترین چارەیە. ڕەنگە کەسێک وابزانێ ئەم قسە بەلای حیزبێکدایە دژی حیزبێک؛ بەتایبەتیش ئەو کەسەی کە مەیلی لە بیردۆزی پیلانە، ئەو کەسە مەگەر خۆبییەکانی خۆی ببنە پاشا و سەرۆک ئەوسا مەگەر ڕازی بێت. ڕەنگە بەوەش ڕازی نەبێت و وشەکەی «خۆمان و بەس» دەگۆڕێ بۆ «خۆم و بەس». مێژووی میرنشینییە کوردەکان بخوێننەوە، ئەوسا دەزانن برا و ئامۆزا چییان بە یەکتر کردووە. بەڵام بە خوێنەر دەڵێم با پەلە نەکات، چونکە دوور نییە مەسەلەکە بەپێچەوانەی تێگەیشتنێکی ساکارانە بێت بۆ فیکرەکە. با کورتە باسێک لە مەسەلەی گەل و بنەماڵەکانی پێشکەش بکەم.




له مێژوودا بنەماڵەی دەسەڵاتدار بەگشتی پێوەندییەکی تەریبیان هەبووە لەگەڵ پێکهاتەی گەلەکانیان، کار و کاردانەوەش لەنێوان گەل و حوکمەتدا ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ڕادەی تێکەڵاوی و Integration ی دەوڵەت و گەلەکە. سەیری ئەم نەخشە بکەن، هەر یەک لەم سێگۆشانە دەوڵەتێک دیار دەدەن. لە سێگۆشەی دەستەڕاستدا وەک دەبینین کوتلەی حاکم گەورەیە، ناوبڕەکانی نێو کۆمەڵگە ناوبڕی ئەستوورن و کوتلەی هاو قەبارە هەن. لە سێگۆشەی دەستەچەپدا دەبینین کوتلەی حاکم بچووکترە، کوتلەکانی بنەوەش وردتر دەبن و ناوبڕەکان تەنکتر دەبنەوە.

واتە تاکو بنەماڵەی پاشایەتی تەنکتر بێت، ناوبڕ و جیاوازییەکانی دەوڵەتەکە کەمتر و تەنکتر دەبن. پێچەوانەی ئەم قسەش هەر ڕاستە؛ واتە ئەگەر خودی کۆمەڵگەکە بریتی بێت لە کوتلەی گەورە، بۆ نموونە وەکو «سوننە و شیعە و کورد و کەمینەکانی تر لە عێراقدا»، ئەوسا حوکمەکەش هەر بەم شێوە دەبێت کە لە عێراق هەبوو. دواتر بەراوردییەک دەکرێت لەنێوان عەشیرەتی زەندی لە ئێران لەگەڵ بنەماڵەی ئەییوبی لە میسر. ئەوسا وێنەکە ڕۆنتر دەبێتەوە. ئێستاش بگەڕێینەوە سەرەتای بابەتەکە و باسی خەڵک و خاکی کوردستان بکەین بەگوێرەی ئەو پێوەرانەی کە لە میسر و ئێران هەڵێنجران.

## سروشت

وڵاتی زاگرۆس وڵاتێکی بێ ئەندازە بێ پایتەخت و نامەرکەزییە. نەک بلێیی یەک سەنتەری چۆڵی هەیە، بەڵکو کۆمەڵێک سەنتەری هەن کە هەر هەموویان ناوچەی شاخاوین. شار و ناوچەکانیش بەدەوری سەنتەرەکاندا بڵاو بوونەتەوە. ئەم دیمۆگرافییەتە کۆمەڵێک میرنشینی دروست کردووە کە شێوازێک بوون لە دەوڵەتی شار (دویلات المدن). جا ئەگەر سەربەخۆیی سیاسیش نەبووبێت، سەربەخۆیی ئینتیمایان هەبووە هەم بەرانبەر بێگانە و





هەم بەرانبەر یەکتر. ئەم زانیارییانەی پێشوو دەمانگەیێنێتە یەکێک لە ڕاستییە هەرە تاڵەکانی مێژوومان. هۆنراوەیەک هەیە دەڵێ: دەمکوژێ *ئەمما بەگژ جەللادەکەمدا دێمەوە؛ کوردم و ناتوێمەوە و ناتوێمەوە.* هۆنراوەیەکی ئەوها لە کاتی خۆیدا تینێکی ئاگرینی هەبوو؛ بەڵام دواتر بۆم ڕۆن بووەوە کە ئێمە نەک هەر لەنێو بێگانە نەتواوینەوە، ئێمە لەنێو یەکتریشدا نەتواوینەوە.

١- زەویی بەراو زۆر کەمترە لەچاو پشتاو و زوورگ و شاخ و لەوەڕگە. ڕووبارەکان زەوییەکان هەڵدەدڕن و هەمیشە ئاستی زەوی لە ئاستی ئاوەکە بەرزترە. لافاوی بەهاریش لە کاتێکدا روو دەدەن کە ئەسڵەن پێویست بە ئاودێری ناکات. ئیتر تا سەرەتای سەدەی بیستەم کۆچەر جێ دەستێکی گەورەیان هەبووە لە کۆمەڵگە و سیاسەتدا. بەشێوەیەکی گشتی، عەشیرەتگەری و نێرسالارییەکی تیژ بەسەر کولتووری کۆمەڵایەتی و بەسەر هەستی ئینتیمای زۆربەی کورددا زاڵ بووبوو.

٢- عەشیرەتگەری لە دەرەوەی شارەکان کاردانەوەیەکی تیژی دروست کردووە، لە شارەکاندا بەرەو قەپێلکێکی شارپەرستانە. شارەکانی کوردستان ئەگەر شوور و دەروازەشیان نەبووبێت، دیوارێکی دەروونی لەنێوان شاری و ناشاریدا هەبووە. خەڵکی زۆر شار بە زمانی خەڵکی شاخ قسەیان نەکردووە؛ یان ئەوەتا لەهجەکەیان بەجۆرێک شێواندووە تاکو خۆ لە خەڵکی دەوروبەر جودا بکەنەوە؛ یانیش ئەوەتا ئەگەر شارەکە لە شاخ دوور بووبێت، ئەوسا خەڵکەکە گۆڕاون بۆ زمان و ئینتیمایەکی نەتەوەیی دیکە. بەوەش هێڵێکی گەورەتریان لەگەڵ دەشت و شاخ کێشاوە.

٣- زنجیرە چیا و ڕووبارەکان مایەی دابڕینی ناوچەکان بوونە لەیەکتر؛ ئەوەش هۆکارێکی تر بووە بۆ نەبوونی هیچ جۆرێک مەرکەزییەت و بۆ بووژاندنەوەی ناوچەگەری. واتە خەڵکی شارەکان نەک هەر دژی عەشایەری دەوروبەر وەستاون بەڵکو دژی یەکتریش.

٤- هەر چوار لای کوردستان بەسەر وڵاتانی دەوروبەردا ئاوەڵەن. واتە ئەو سنوورە سروشتییانەی کە میسر و فارس هەیانە، ئەو دەسکەوتانە بۆ وڵاتی زاگرۆس هەڵنەکەوتوون. نەبوونی سنووری سروشتی ڕێگەی هێرش و دژەهێرشی ئاواڵە کردووە لە نێوان خەڵکی زاگرۆس و خەڵکی دەوروبەر. لە هەمان کاتدا ڕێخۆشکەر بوون بۆ «استقطاب»ی دەرەکی بەرەو عێراق، ئێران، تورکیا، شام و میسر[١].

٥- زاگرۆس جەمسەر نەبووە بۆ سامانەکان، بەڵکو خۆی لەنێوان کۆمەڵێک جەمسەری شارستانیدا هەڵکەوتووە. ئەم ڕاستییە تووشی «چۆڕانەوە»ی کردووە. دواتر باس دەکرێت.

---

(١) جەمسەری پێنجەم (ڕووسیا) لە سەرەتای سەدەی ١٨هەم پەیدا بوو؛ کە پیتەری گەورە پاش بەرپەرچدانەوەی سویدییەکان ڕووی لە وڵاتانی باشوور کرد. ڕووسەکان تا جەنگی جیهانی یەکەم لایەنێکی گرینگ بوونە لە ناوچەکەدا ماوەیەکی کورتیش لە جەنگی دووەمدا هەمان ڕۆڵیان هەبووە.



## ڕەوشت

وشەی کورد وشەیەکە کە بێگانە بە ئێمەیان گوتووە. لە «تاريخ الكرد القديم»دا ئەم شتە ڕۆن کراوەتەوە و جگە لەوە، وەک چۆن وشەی تاجیک، تازیک بە نەژادە ئێرانییەکانی نا شیعە گوتراوە، باوەڕم وایە هەمان شت بە زۆر خەڵکی دیکەش گوترابێت. مەبەست ئەوەیە کە خەڵکی زاگرۆس لە ئەسڵدا تەنیا بەهۆی «بێگانەیەک» ئینجا بەبیریان هاتووەتەوە کە ئەوان شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ یەکدا هەیە.

کوردستان ئەو شارە و ئەو ناوچەیە نییە کە «داگیرکردنی وی» بکێشێتەوە سەر داگیرکردنی هەموو کوردستان. با لەو ڕوانگەوە سەیری دیمەنەکە بکەین کە وا زاگرۆس بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت؛ دەنا کوردستان زۆر جار داگیرکەری تێدا نیشتەجێ بووە و ناسنامەی خەڵکەکەیان گۆڕیوە. من و تۆش ئێستا هیچ باک و پەرۆشێکمان نییە بۆ ئەو گۆڕانکارییە. ئەگەر بە یەک هێرشی خوێناوی مەسەلەکە بڕابایەوە باشتر بوو لەوەی کە هەمیشە نەخۆمان وڵاتی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین و نەکەس یەکلای بکاتەوە.

ئێمە تا ئێستا وامان لە خۆ گەیاندبوو گوایە کورد هیچ عەیبی نییە و گوایە هەموو شکست و بەدبەختی لە ئەستۆی ئیستیعمار و داگیرکەر و ئەم شتانەدایە. مێشکیشمان پڕ بووە گوایە کورد هەموو سوارچاک و جەنگاوەر و سووپەرمانن؛ کەچی لە ڕاستیدا ئێمە لە خەڵکی دیکە زیاتر نەبووین. وەکو خەڵکی سەر ڕووی زەمین نێر و مێمان هەبووە، ترساوین، گریاوین. ئەم لەخۆشێوانەش لە ڕادەی دووڕوویی کۆمەڵگەکەمان زیاد دەکات. ئەگەر بێتو هەژارێک مێشکی کوڕەکەی خۆی پڕ بکات، گوایە ئەوان لە هەموو کەس دەوڵەمەندترن. نازانم ئەو کوڕە لە داهاتوودا چۆن دەژی؟ مەلای گەورە دەڵێ *ئەبغەزی خەڵقی خودایە فەقیر و فەخوور*. *من و تۆ لە*

*دەوڵەمەندێک قەبووڵ ناکەین سووکایەتی بەخەڵکی دیکە بکات کەوا ئەو دەوڵەمەندە بەڵام کە وای لێ هات فەقیرەکە سووکایەتی بکات؟ زۆر سەیرە.*

پێشتر بەقووڵی باسی خەڵک و خاکی عێراق کرا. لە ڕاستیدا تێکڕای کەموکوڕییەکانی خەڵک و خاکی عێراق لە کورددا بەدی دەکرێن و لە هەندێک بواردا لەوانیش بەدبەختترین؛ بۆ نموونە عێراق خاکێکی وەرگرە، سامانی مادی و مرۆیییان بەئاسایی بۆ دابین دەبێت. بەڵام لە لایەکی دیکەوە کورد لە هەندێک شتدا بەختی لە عەرەبی عێراق باشترە. بۆ نموونە، زاگرۆس وڵاتێکی جوانتر و فێنکترە لەچاو دەشتە ئاگرینەکانی عێراق. ئەم خاڵە هاندەرێکی زۆر گرینگە بۆ ئەوەی خەڵک پەرۆشییان بۆ خاک هەبێت. هەروەها هەوای فێنک ڕێگە نادات ماسۆشیزم و خەمپەرستی بەسەر کولتووری گشتیدا زاڵ بێت؛ بەڵکو هانمان دەدات بەرەو جوانکاری و دابینکردنی شادمانی. بەڵام ئەم باڵادەستییەش تەنیا بەرانبەر عێراق هەیە و بەس، نەک بەرانبەر تورکیا و ئێران و شام. سەرباری ئەوەش، عێراقی ئەگەر بکۆشن یان نەکۆشن، ئەوان پایتەختیان هەیە و نیشتیمانەکەیان خاکێکی وەرگرە. کەچی ئێمە ئەگەرچی وڵاتەکەمان جوانتر و فێنکترە، بەڵام هەم لەژێر چۆڕانەوەی سامانەکانداین و هەم پایتەختەکەشمان نییە.

هەستی نیشتیمانپەروەری لەنێو زۆربەی کورددا هێشتا لەدایک نەبووە، هێشتا هەر لە جغزی تەسکی خۆیییاتیی (بەرەباب، تیرە، هۆز، شار، ناوچە)دایە. مەگەر بەرانبەر ستەمی بێگانە بەبیرمان بێتەوە کەوا هەموو کوردین و دەست پێ دەکەین بەدوا ئینتیمایەکی هاوبەشدا بگەڕێین. لەئەنجامیشدا زۆربەی کات تووشی ڕەوتی عەقیدەپەرستی دەبین؛ مادی یان دینی.



## دوو دیمەنی مێژوو


زانیاری دەربارەی وردەکارییەکانی مێژووی کوردستان لەچاو گەلانی دیکە زۆر کەمە؛ مەگەر گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس و نووسەری ناکورد خۆوبەخت شتێکیان نووسیبێت، دەنا خەرمانمان لە زانینی مێژووی خۆمان زۆر کەمە[1].

ئێمە لە لاڕا هەواڵی باپیرانمان پێ گەیشتووەتەوە؛ بۆیە دەبێ وەک شوێنهەڵگر پێوەر و یاساکانی مێژووزانی بەکار بێنین بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان. لێرەدا دوو نموونە دەخەمە بەرچاوی خوێنەران کەوا دوو گەڕیدەی باناوبانگ نووسیویانن، *یەکەم*: هاوڕێ قسە خۆشەکەی خۆمان، زینۆفۆنی ئەسینێ. *دووەم*: «ابن بطوطه» باسی عەشیرەتی گاوانی کردووە کە لە عێراقدا دیتوونی.

(١) خاکی زاگرۆس وەک بڵێی دوژمنی کتێب و کتێبخانەیە. یەکەم نووسەری کە پێی بگوترێ نووسەرێکی کورد شەرەف خانی بەتلیسی، پاش خۆی بە ماوەیەکی کورت هەم شارەکەی هەم کتێبخانەکەی بەدەستی تاقمە کوردێکی دیکەوە تاڵان و بڕۆ کرا. وا مەزانن ئێستا زۆر باشترین. ماموەستا نەژاد عەزیز سورمێ کتێبخانەیەکی تایبەتی هەبووە لە ٨٠٠٠ کتێب و چەندین دەستنووسی گرینگ، یەکیان تەرجەمەیەکی زۆر گرینگ بۆ داستانی گەڵگامێش، هەر هەمووی لە شەڕی ناوەخۆدا سووتا. ئینجا کتێبخانە نایابەکەی دکتۆر «فؤاد معصوم» شایەد دیتوویەتی کە ئافرەتی کورد وردە وردە لە بن سێڵی نان کردندا دەیسووتاند.

## دیمەنی یەکەم

زینۆفۆن بە کوردستاندا تێپەریوە؛ با بزانین بێگانەیەکی بێ لایەن چۆن باسی باپیرانمان دەکات. چەکدارە یۆنانییەکان لە میسیلا (مووسڵ) ڕەت دەبن و یەک- دوو ڕۆژ لەگەڵ لێواری دیجلە بەرەو باکوور دەڕۆن. لەوێدا لەشکری فارس پێشیان لێ دەگرێت بەناچاری مل لە چیاکانی باکوور دەنێن. لەوێدا تووشی خەڵکێک دەبن بەناوی کاردۆخی[1].




(1) The Persian Expedition 131



وڵاتی کاردووخییەکان ناخۆشترین قۆناغی ئەو گەشتە بووە. لەوێدا زیان و کوژراوێکی زۆر دەدەن. با کەس دڵەفرکە نەبێ بڵێ «کەواتە ئێمە ئازاین». لێرەدا دەمەوێ باسی گێرەشێوێنییەک بکەم کە پێوەندیی بە زینۆفۆنەوە نییە. مەسەلەکە پێوەندیی بە ڕۆشنبیرانی کوردەوە هەیە کەوا لە تێکڕای ئەو گەشتەدا ئێمە وازمان لەو هەموو ڕاستییە گرینگانە دەهێنا و تەنیا تیشکمان دەخستە سەر مەسەلەی کەوا کاردۆخی شەڕکەر بوون. منیش جاران بەم قسە خەنی دەبووم بەڵام کە سەرگوزشتەکەم خوێندەوە ئەوسا تێگەیشتم کە ئەوپەڕی بەدبەختیی کورد لەم ڕاستییە بچووکەدایە. دواتر هەواڵی ئەو کاردۆخیانەم لە شوێنێکی دیکە کەوتە بەرچاو. مشیخا زخا نووسەرێکی سریانی بوو باسی کاردۆخییەکان دەکات، لە دەوری (١٥٠ز) واتە ٥٥٠ ساڵ پاش زینۆفۆن. ئەو کاردۆخییانە تالانێکی زۆر دەنێنەوە لە دەوروبەری مووسڵ و هەولێر[1]. هەرچۆنێک بێت با بزانین زینۆفۆن چ دەڵێ دەربارەی کاردۆخییەکان.

١- زینۆفۆن دەڵێ کاردۆخییەکان دوژمنی فارس بوون؛ بۆیەش یۆنانی بیریان کردووەتەوە کە ڕەنگە لەم دوور وڵاتەدا پشتیوانێک بدۆزنەوە. کەچی هەرهەندە گەیشتوونەتە گوندێکی کاردۆخی، کاردۆخییەکان هەڵدێن بۆ چیا. یۆنانییەکان هەندێک مەی و خواردنیان خواردووە بەڵام دەستکاری یەک شتی تر ناکەن بە ئومێدی ئەوەی تووشی ئاڵۆزی نەبن لەگەڵ کاردۆخییەکان. بانگی کاردۆخییەکان دەکەن کەچی کاردۆخی هیچ وەرام نادەنەوە، هەر کە شەویش دادێت، کاردۆخییەکان یەکسەر پەلاماری یۆنانییەکان دەدەن و دەبێتە شەڕی پارتیزان. لێرەوە چەند ڕۆژێک ڕێپێوانی هەرە سەختیان تووش دەبێت و بەگوێرەی نووسینەکانی زینۆفۆن لە هیچ شوێنێکی گەشتەکەیان هەندە پیاویان لێ نەکوژرا. داخوا لەشکری فارس

(١) تاریخ الکرد القدیم لاپەڕە ١٣٨ .

بەپێکەنینەوە سەیری یۆنانییەکانیان کردووە کە roویان کردووەتە شاخ، گوتوویانە «دەبڕۆن بیخۆن».

ئەو کاردۆخییانە ئەگەر هەندە رقیان لە فارس بووەتەوە کەواتە بۆچی رقیان لە دوژمنی فارسیش بووەتەوە؟ چییە مەسەلە و بۆچی ئەوها دوژمنایەتی و نەفرەتیان لە ئەرز و ئاسمان کردووە؟ کەس نالێ یۆنانییەکان فریشتە بوون؛ ئەو چەکدارانە ئامادەبوون لە هەر کاتێکدا دەست بوەشێنن. بەڵام ئەوانە بەو هەموو ئاوەدانییانەدا تێپەڕیون بەدرێژایی فورات و دیجلە و زاگرۆس و ئەرمەنستان و ئەنەدۆڵ و دەریای رەش و هتد. هەموو خەڵک شتیان پێ فرۆشتوون و مامڵەتیان لەگەڵدا کردوون تەنیا کاردۆخییەکان نەبن کە بەهیچ شێوە و هەرگیزاو هەرگیز ئامادە نەبوون قسەشیان لەگەڵدا بکەن.

یۆنانی و کاردۆخی شەڕێکی دووروودرێژیان کردووە. چەندان کەس لە هەردووک لا کوژراون، کەلەشی مردووەکانیان لەگەڵ یەکتردا گۆڕیوەتەوە، بەڵام بەبێ یەک نوققە. لە شوێنێکدا دوو کاردۆخی دەگرن؛ تاکە داوایان ئەوەبوو ڕێگەیەکیان پێشان بدەن بۆ ئەوەی لەکۆڵ ئەو وڵاتە سەختە ببنەوە. تێی هەڵدەدەن، کەچی کابرا هەرگیزاو هەرگیز و تا مردن نوققەی نەهاتووە. پاش ئەوەی پیرەکە دەمرێت، ئەسیرە گەنجەکە بەقسە دێت و دەڵێ «*ئەم پیاوە تازە کچی بەمێرد داوە، ئەو ڕێگەی کە ئێوە دەتانەوێ پێدا بڕۆن بەو گوندەدا دەڕوا کە کچەکەی لێیە، بۆیە قسەی نەدەکرد*» لێرەدا دەگەینە خاڵێکی ناسک کە دەشێ ئێمەی خۆبەخۆ هەتا سەد ساڵ دەمەقاڵێ لەسەر بکەین کە ئایا کابرای کاردۆخی باشی کرد یان خراپی کرد؟

گرفتەکە لەوەدایە کە ئێمە وادەزانین (جاران) خەڵک دێو و ئەژدیها و عەنتەر بوون. نەخێر وا نییە، ئێستا و پێش ٥٠٠٠ ساڵ یەک شت بووە و رەنگە ئەو کابرایەش وای زانیبێ کە دەبێ وەکو خەڵکی جاران (*جاران بە نیسبەت خۆی*) پیاوێکی بێ هەست و شعوور بێت. ئێمە ئەگەر ئەو



هەڵوێستە بەوپەڕی پیاوەتی بزانین، کەواتە دەبێ تێکڕای خەڵکی ئەنەدۆڵ و سووریا و عێراق و دەریای رەش هەر هەموو ناپیاو و ناپاک و خۆفرۆش بووبن، تەنیا کاردۆخییەکان نەبێت. هەروەها یۆنانییەکان پێش ئەو رووداوە و پاش ئەو رووداوەش هەر دووبارەی دەکەنەوە کە «ئەی هاوار ئێمە هیچ نیازێکی خراپمان نییە دژی ئێوە و دەزانین کە دوژمنی فارسن و ئێمەش دوژمنی فارسین و... هتد»، کەچی سوودی نییە وەک بڵێی لەگەڵ دار و دیوار قسەیان دەکرد. کاردۆخیش هەر لێدە و لێدە.

کاردۆخی کۆچەر و دڕندە نەبوون تاکو وابزانین کە هەموو عەنتەر بوونە. زینۆفۆن باس دەکات کەوا ئەوەندەی مەی (شەراب) و هەنگوین لەو گوندانە بەدەست یۆنانییەکان کەوتووە، لە هیچ شوێنێکی دیکە ئەو ناز و نیعمەتەیان نەدیتووە. کە دەگوترێ «مەی» واتە رەز و مێو و کووپە و کوندە و ژیانێکی ئارام و بارێکی ئابووریی دامەزراو هەبووە؛ واش هەر رەفتاری کاردۆخییەکان بێ ئەندازە نامۆ و دواکەوتوو بوو. ئایا ئەوە مایەی شانازییە؟ تۆ دەڵێی ئەوە ئازایەتییە، بەڵام من دەڵێم نەخێر کێ دەڵێ کابرا لە ژن و خەسووی کوڕەکەی خۆی نەترساوە کەوا تا مردن نەیوێراوە نوققەی بێت! ئەمەش دەبێت و ئەوەش دەبێت.

بەهەر حاڵ، مایەی شانازی نییە ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەکدا کە باسی رۆشنبیری و عەولەمە دەکرێت ئینجا کیف و قەپێلکی کاردۆخییەکانیان بکرێتە «نموونەی ئازایەتی و خەباتی بێ هودان» بۆ وەچەکانی داهاتوو. ئەمڕۆ نووسەری شارستانی ئەگەر یەکێک بە دەنگی بەرز قسەی لەگەڵدا بکات یاخۆ ئەگەر هەندێک بە نامۆیی سەیری بکات، رەنگە هیچی تر سڵاوی لێ نەکاتەوە. بەڵام ڕێگە دەدەینە خۆمان شانازی بە«ئازایەتی»ی کاردۆخییەکان بکەین و لەلایەکی دیکەوە «بڕمێ بڕمێ» بۆ عەشیرەت و ئاغا و پاشکەتووخوازی لێ بدەین. ئەدی عێراقی بەچی تووشی ئیزدیواجییەت بوونە بەم قسانەی عەنتەر و قەعقاع نەبێت؟ ئەو

کەسەی دەیەوێ تاسەر شانازی بەتەقەوقعی کاردۆخییەکان بکات، پێی دەڵێم «باش، بەسەر چاو» *بەڵام نابێ لە دواترین پێنج دەقیقەی چەرخی مێژوودا چاکەت و ملبەند ببەستێت و یەکسەر داوای سەربەخۆیی و نەفتی کەرکووک و مافی ئافرەت و عەولەمە و ئەم قسانە بکا.* ئینتیمای دەوڵەتپەروەر ١٠٠٪ بەپێچەوانەی ئەمەیە و ئەو کاردۆخییانە و هەر کەسێکی وەکو ئەوان بیر بکەنەوە و رەفتار بنوێنن، وەک ئەوەیە لە مەریخ بژیێن دوور لە چەرخی پێشکەوتن. گومانیشم نییە کە رەفتاری کاردۆخییەکان یەکێکە لە دەردەکانی وشەی «خۆمان و بەس». مسعود محمد دەیگوت «ئێمەی کورد لە دەرەوەی بازنەی مێژوودا ژیاوین». دیارە قسەکەی ڕاستە.


٢- زینۆفۆن لە ناوچەکانی زاب و دەشتی هەولێر و مووسڵ باسی قەڵات و شارۆچکەی میدی دەکا؛ کەچی کە دەگەنە شاخ ناوی ماد نامێنێت و هەموو باسەکە باسی کاردۆخییەکانە وەکو دوو نەژادی جودا باس دەکرێن.

مەسەلەی میدیا و ئەو هەموو هەڵکێشانەی میدیا باوەڕ ناکەم راستییەکە بە دڵی رۆشنبیرانی کورد بێت. میدیا زمانێکیان هەبووە وەکو زمانی گۆران بەمەرجێک کە سەبارەت بە گۆڕینی L بۆ R لە لەهجەی هەولێر تیژتر بوون. بۆ خەڵکە ئەسڵەکەی زاگرۆس ماد شتێک بوون وەکو دەوڵەتە تورکمانەکانی تەمەن کورت، سەلجووقی، قەرەقۆینلوو، جەلایەر و هتد؛ وەک چۆن کە هاتوون و پاڵەپەستۆیان خستووەتە سەر گوندی و عەشایەری کورد. مادیش لەکاتی خۆیدا هەمان شت بوونە بۆ خووری و مانی و لۆلۆ و کاردۆخییەکان. ماد دژایەتی هەموو دیاردەیەکی وردە ئینتیمای سەربەخۆیان کردووە ئەگەر لەسەر شێوەی عەشیرەتی سەربەخۆ بێت یان ناوچە و شاری خاوەن جۆرێک ئۆتۆنۆمی (ئینتیمای تەسک). دواتر کە بەزیون تێکەڵ بە خەڵکی زاگرۆس بوونە؛ بۆ نموونە د جمال رشید دەڵێ وشەی کورمانج لە «کورد- ماد» هاتووە. دوا هەواڵی میدییەکان



ساڵی ٢٢٠ ز ناویان دێت لەگەڵ دەوڵەتی ئەدیابینی هەولێر (پاشماوەی ئاشوورییەکان). شۆڕشیان دژی ئەردەشێری ساسانی کردووە و وەک هەمیشە سەرکوت کراون.

هەر چۆنێک لێکی بدەینەوە ماد هەرگیز ئەو ئینتیمایەی نەنواندووە کە گەنجی ئەمڕۆ تێی دەگەن. مسعود محمد کە پێوەندییەکی گەورەی کردووە لەنێوان ماد و کوردی ئەمڕۆ، باوەڕی وابوو پێلی عەرەبی ئەگەر زیانی بەخەڵکی زاگرۆس گەیاندبێت زیانی بەپاشماوەی میدییەکان گەیاندووە. مەبەستی ئەوەبوو ئیسلام کە هاتووە زەبری لە هەردووک ئیمپراتۆرییەتی فارس و بیزەنتە وەشاندووە و بێگومان خەڵکە شارستانییەکەی سەر بەدەوڵەتە بەزیوەکان زەبریان پێ گەیشتووە؛ دەنا نەتەوە عەشایەرییەکانی وەکو کورد و تورک (عەشایەری سوننە) ئەوانە قازانجیان کرد و لە بنی



کۆمەڵگە پازێکیان دا شان بەشانی فارس و ماد یۆنانی و سریانی و جوو و هتد.

ئەگەر بێت و ئەم رایەی مسعود محمد پەسند بکەین، لەهەمان کاتیشدا رایەکەی د. جەمال رەشید رەچاو بکەین کە دەڵێ «لە ماوەی هەزارساڵی رابردوودا گۆڕانکارییەکی زمانەوانیی بنەڕەتی لە کوردستان رووی داوە»(١). دەتوانین بگەینە فەریکە فیکرەیەک کەوا کوردی سۆرانی و کرمانجی. ئەوانە بەم شێوە قسە دەکەن «دەکات، دەخوات، دەڕوات». ئەم «دە»یە «ئاتەی دوایی» هەمان do و ed ی ئینگلیزییە؛ وەکو (*killed*) کوشت. واتە رەنگە عەشایەری ساکا، سکیت، هەمان سەکسۆنەکان بووبن هەندێکیان بەرەو ئەورەووپا رۆیشتوون. هەروەها وشەی شکاک ئەم پێچوونە لەگەل سەکسۆن دیار دەخات.

هەرچۆنێک بێت پاش نەمانی دەسەڵاتی ساسانی عەشایەری قەفقاس و ئازەربایجان (بۆ نموونە مانی لە موکریانی ئێستا) خزیون و پاڵەپەستۆیان خستووەتە سەر پاشماوەکانی ماد. مەسەلەکە وەک ئەوەیە ستڵە ئاوێک برژێ؛ ئەوسا بەر ستڵەکە زۆربەی تەڕ دەبێت تەنیا چەند پەڵەیەک نەبێت لێرە و لەوێ بەوشکی دەمێنن. ئەگەر لەم نیگارەدا توانیبێتم مەبەستەکەم رۆن بکەمەوە، بەوە دەزانین بۆچی گۆرانەکان «کاکەیی، هەورامی،

(١) د. جەمال رەشید، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی. دکتۆر لەوێدا باس ناکات گۆڕانکارییەکە بێگومان لەبەرئەوەیە سەرچاوە و تۆمارکردن لە کوردستاندا زۆر کەم بووە. هەروەها ئاماژەی کردووە کە ئازەربایجان پێش ئەوەی ببنە تورک زمان و نووسینێکیان هەبووە لە دەور ٥٠ پیت. من لە زمانەوانی شارەزا نیم بەڵام جموجۆڵی نەتەوەکانی ناوچە وا دیار دەخا کە لەهەر کاتێکدا عەشایەر لە قەفقاس و خوراسانەوە هاتبن بۆ ئازەربایجان، بەشێک لەوێ خزیون بۆ زاگرۆس، ئەمە گومان هەڵناگرێت بەڵام ئایا تا چ رادەیەک گۆڕانکارییان لە زمانی خەڵکی زاگرۆس ئەنجام داوە، گرفتەکە لەم خاڵەدایە.



رۆژبەیانی، زازا، شەبەک و هتد»- کە پاشماوەی میدییەکانن- ئەوها لە ناوئاخنی لێک دابڕاو ماونەتەوە؛ کەچی زمانی پێڵە عەشایەرییەکانی نوێتر زۆربەی دەشت و چیاکانی کوردستانیان راماڵیوە.

کەواتە ئەتۆی سۆرانی چۆن لە تورک دەگەیت، گۆران ئەوها لە تۆ گەیشتوون و پێشتر خووری و کاردۆخی ئەوها لە گۆران (میدی) گەیشتوون کەوا «ئەوانە زۆر سەیرن، هەرچی دەوڵەت دەیلێ جێبەجێی دەکەن».

من بایەخ بەوە نادەم کێ کوڕی کێیە و کێ لە کوێ هاتووە. من بایەخ بەهەستی ئینتیما و ڕادەی هەبوون و نەبوونی ئینتما دەدەم؛ بایەخ بە هەبوون و نەبوونی توانای پێشکەوتن دەدەم. پێشکەوتنێکی بەبێ نەفرەت و خۆییاتی «لەلایەکەوە بێگانەبەدەرییەکی مێیانە، لە لایەکەوە توندڕەوییەکی نێرانە». زینۆفۆن ئەوەندەی دیتووە کە میدی لە دەشتاییەکانی کوردستان ژیاون، کەچی کاردۆخی «لە شاخ» خۆیان قایم کردووە دژی هەر هەموو بێگانەیەک؛ دوژمن و دوژمنی دوژمن.

بەدووریشی نازانم کەوا لەگەڵ هاتنی پێلی عەرەب، تورک و کورد (سۆرانی و کرمانجی ئەمڕۆ) گۆران هەندێکیان وێک هاتوونەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە باس کران. ئەوانی دیکە، کە لە هەولێر و کەرکووک و دەشتاییە ئاواڵەکاندا دەژیان، کەوتوونەتە بەر دوو ئیختیار. یان ئەوەتا لەنێو عەشایەری کورد بتوێنەوە؛ یانیش لەنێو تورک (عەشایەری دوو قۆناغی کە پایەی ئافرەت بەرزترە). ئەمەش تەنیا بەسەر گۆران (ماد)دا نەهاتووە، بەڵکو هەموو عەشیرەتێک (لە سەردەمی ئاشووری وەک باس کرا پێشتر) خووری لە دەشت و چیا هاتوونەتە شار و لە میانی ٢- ٣ وەچەدا بوونەتە ئاشووری. تۆ بڵێی ئەو کاردۆخییان یەکیان لەو چیایانە دەرنەچووبێت.

پاشان وا مەزانن کاردۆخی -کە هەندە یەکگرتوو بوونە- یەکگرتنەکەیان لە ڕقی یەکتر و لە شەرمی یەکتر تەنیا بەرانبەر بێگانە بووە (بۆ نموونە یۆنانییەکان)؛ دەنا هەموو نەتەوەیەکی خۆبیاتیکار (إنقسامی) وەکو عەرەب رەفتار دەکەن. تا برا هەبێ دژی برا دەوەستن؛ کە ئامۆزا پەیدابوو دژی ئەو دەوەستن؛ کە بەرەبابێکی دیکە پەیدابوون، هەموو ئامۆزاکان دژی ئەو دەوەستن. بەپێچەوانەوەش، هەر کە مونافیسێک نەما یەکسەر بەبەرەکانێکە وردتر دەبێتەوە و «خۆمان و بەس» دەبێتە «خۆم و بەس». ئینجا کە ئینتیمای عەشیرەتگەری دەگۆڕنەوە بۆ ئینتیمای گوند، ئینجا شار، هەمان خۆبیاتی بەرگێکی جودا دەپۆشێ. جاران دەیانگوت «تیرە و عەشیرەتی خۆمان»؛ دواتر دەڵێن «گوند، شار و ناوچەی خۆمان». یۆنانیش هەر وا بوون و سۆمەریش هەر وا بوون.

٣- زینۆفۆن دیاری دەخات کە کاردۆخییەکان بەدرێژایی ناوچە شاخاوییەکە راویان ناون تا گەیشتوونەتە یەکەمین دەشت؛ لەوێدا کاردۆخییەکان کشاونەوە و ناوی نەتەوەیەکی دیکە دێتە ئارا. کەواتە کاردۆخی لە ناوچەی شاخاوی سەختدا دەژیان و نەگەیشتوونە دەشتێکی ئاواڵە. ئەم باسە مەسەلەی خۆ حەشاردانی نەتەوەکانی زاگرۆس دیار دەخات لەنێو جغزی تەسکی شاخدا.

دەردی راستەقینەی کورد لەم خاڵەدایە، بە هەموو پێلە جوداکان هاتوون و لە زاگرۆس نیشتەجێ بوونە، سەرەتا هەندێک رووحی عەسکەری و دەوڵەتپەروەرییان هەبووە کەچی زوو لەت دەبوون بۆ نێو دۆڵ و چیای دابڕاو. ئینتیماکەش لەت دەبوو. لە زۆربەی شەڕ و پێکدادانی نێوان عەشایەری زاگرۆسی لەگەڵ عەشایەری تورک، دەبیسین تورک سەردەکەون. فەرقی نێوان خەڵکی شاخ و خەڵکی دەشتی ئاواڵە ئەوەیە کە خەڵکی شاخ هەندە دوچاری یەکیەتی نین وەکو خەڵکی بیابان و دەشتی بێ



سنوور. وێڕای ئەوە شاخ و دۆڵی تەسک مەیلی خۆجوداکردنەوە و خۆ بەلاوەنان دەبووژێنێتەوە. ئینجا کە مەسەلەی باوکسالاری و عەشیرەتگەری تێکەڵ بە مەیلی دەروونییەوە بووە، گرفتێکی کوشندەی لە ئینتیمای کورددا دروست کردووە؛ کەوا لە لایەکەوە بەچەشنێ کۆمەڵگەی مێ بێگانەبەدەری دەکەن. لەهەمان کاتیشدا نێرسالارییەکەی توند و تیژ بووەتە حاکمی عەقڵییەتی زۆربەی خەڵکەکە و جا وەرە چارەی بۆ بدۆزەوە. زۆربەی کەموکوڕییەکانی نێرەتی و مێیەتیمان لە خۆدا بەرجەستە کردووە لە یەک کاتدا.

کورد تا ئیستا گرفتی ناسنامەی هەیە لەگەڵ شارەکانی دوور لە چیا. ئەم کاردۆخییانە چەند کیلۆمەترێک دوور بوونە لە جەرگەی شارستانەتیی ئەو سەردەمە، کەچی خۆیان لەنێو قەپێلکەکی تەسکدا حەشار داوە. بێ لەوەش، ئەگەر هێڵێک رابکێشین لە نێوان شاری ورمێ و مووسڵ بە پانایی ١٠٠ کیلۆمەترێک، ئەو شاخانە سەنتەری جیۆگرافی کوردستانن؛ کەچی خەڵکی ئەو سەنتەرە ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیانتوانی ناسنامە و شێوەژیانی کوردێنی بگەیێننە ئەو دوو شارە (مەبەستیشم ئەوە نییە کورد خەریک بێ مووسڵ و ورمێ بکاتە کورد؛ نەخێر با بەدوای کڵاوی بابردوو نەکەوین و بەسیەتی ئەو ملیۆنان زاگرۆسییەی کە مووسڵ قووتی داون بەدرێژایی مێژوو).

لەم دواییانەدا نەخشەی کوردستان پەیدا بوونە. هێڵی نێوان مووسڵ و ورمێ وەک بڵێی پیاوێکی قەڵەو قایشی توند کردووە خەریکە کەمەری ببڕێت؛ ئەمە چ تەفسیرێک هەڵدەگریت؟ سەنتەری جیۆگرافی وڵاتەکەمان لەپەنا خۆیدا شارێکی شین کردووەتەوە (مووسڵ) کە بەدرێژایی مێژوو دژی خەڵکی سەنتەرەکە وەستاون. زۆر کەس ئێستا دەڵێن مووسڵ کوردە و یان نیوەی کوردە و هتد. جا یان ئەوەتا قسەکە راست نییە، کەواتە تا کەی

خۆمان بشێوێنین؟ یانیش ئەوەتا قسەکە راستە؛ ئەوسا نەفرەتەکانی جیۆگرافیای زاگرۆس بەشێوەیەکی زەقتر دیار دەکەون و یەکسەر بەرەوڕووی پرسیارێکی زۆر تاڵ دەبینەوە: بۆچی شاری وەک مووسڵ و ورمێ بەشێکی گەورەیان لە زاگرۆسەوە بێت کەچی هەموو ئینتیمایەکیان بەباشتر زانیوە لە ئینتیما بۆ زاگرۆس؟ هەڵوێستی سیاسیشیان هەمیشە دژی ئەو ئەسڵە شاخاوییە بێت؟ بۆچی ئینتیماکەیان بەپێچەوانەی زاگرۆسییەکان دەوڵەت پەروەر بێت؟ چییە مەسەلە؟

## دیمەنی دووەم:

نامیلکەیەکی دکتۆر «مصطفی جواد» هەیە دەربارەی خێڵی گاوان. باسی زنجیرەیەک رووداوی سیاسی و جموجۆڵی عەشایەری دەکات لە کۆتایی سەردەمی عەبباسیدا. نامیلکەکە ئەوە رادەگەیێنێ کە گاوانەکان هۆزێکی کورد بوونە لە ناوچەی گەرمیانەوە بەرەو دەشتاییەکانی عێراق خشاون و شوێندەستیان لە باری سیاسیدا هەبووە. با بە کورتی هەندێک ڕاستی لەم نامیلکە وەرگرین، دەڵێ: گاوانییەکان یەکێک بوون لە دامەزرێنەرانی شاری حیللە.... ابن بطوطة دیتوونی و گوتوویەتی «خەڵکی حیللە زۆربەیان شیعەی ئیمامین لە دوو بەش پێک دێن. یەکەمیان کوردن، دووەمیان بە أهل الجامعین، ناسراون. ئەم دوو بەشە لەگەڵ یەکدا هەمیشە لە ئاژاوەدان»[1].

ئینجا باسی سەردەمی ئێڵخانی (مەغۆلی) دەکات دەڵێ: «شهاب الدین» ناوێک لە حیجازەوە دێت بۆ بەغدا. خۆ لە بەهادارخان- نەوەی هۆلاکۆ- نزیک دەکاتەوە و دەبێتە داردەستی ئەو خاقانە مەغۆلییە لە حیللە و رۆژ بە رۆژ لایەنگری زیاد دەبن. کە بەهادارخان دەمرێ، ناوبراو

(١) مصطفی جواد، جاوان القبیلة الکردیة المنسیة. المجمع العلمي العراقي، ١٦



والییەکەی حیللە دەکوژێت و خۆ دەکاتە والی. بۆ ماوەی هەشت ساڵ هەر ستەم دەکات و باج و سەرانەیەکی زۆر دەستێنێ تا ئەو رۆژەی کە حەسەنی بزورگ بە لەشکرێکی گەورە لە ناوچەی ئەنبارەوە بۆی دەچێت. لایەنگرەکانی هەر کەس بەلایەکدا دەڕوات، ئەویش پەنا بۆ کوردەکان دەبا. کە دەبینن ئەوها بێ کەس ماوەتەوە، سوێندی بۆ دەخۆن کە پشتی بەرنەدەن؛ کەچی بەگوێی کوردەکانیش ناکات و خۆ دەداتە دەست حەسەنی بزورگ. حەسەنی بزورگ پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر هەموو پارەکەی لێ دەستێنێتەوە ئینجا دەیکوژێ. لەم کورتە باسە دەتوانین چەند راستییەک هەڵێنجین:

١- وەک دیتمان عەرەبەکانی حیللە خەڵکێکی شارستانیی خۆبەخۆ بوون لەژێر دەسەڵاتی پیاوێکی عەشایەریدا.
٢- شهاب الدین ئەو کاتە لایەنگری زۆر بوون کە ستەمی کرد. کەچی لە کاتی تەنگانەدا پشتیان بەرداوە و هەرکەس بەلایەکدا رۆیشت؛ تەنیا کوردەکە نەبێت، دواتر باس دەکرێ.
٣- حەسەنی بزورگ لە ناوچەی ئەنبارەوە لەگەڵ فوراتدا ڕۆیشتووە و لەشکری بەرەو حیللە بردووە. (حیللە) واتە (بابل) ئێمەش باسی ئەو جۆرە هێرشانەمان کرد کە بەدرێژایی مێژوو لە باکووری فوراتەوە کراوەتە سەر ناوچە نزمەکانی باشوور؛ هەر بۆ نموونەش لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ سوپای عێراق لە ئەنبار سووڕانەوە سەر نەجەف و کەربەلا و خەڵکەکەیان ورد و هەڕا کرد.

٤- باسی حەسەنی بزورگ دەکات، مەبەستیش لە ئۆزون حەسەنی تورکە، ئەوە پێشانمان دەدات چۆن لە ئەنجامدا ئینتیمای تورکایەتی هەموو کورد و مەغۆل و عەرەبی پێچاوەتەوە. رەنگە لە داهاتوودا کتێبێکی تایبەتی پێشکەش بە خوێنەران بکەم دەربارەی تورک و «عەشایەری دوو قۆناغی» کە جیاوازییەکی بنەڕەتییان هەیە لەچاو «عەشایەری

سەرەتایی»؛ وەک کورد و عەرەب و ئەفغان. بەسیەتی بگوترێ <u>تەتریک</u> لە کاتێکدا رووی دەدا کە تورک مەحکوومی مەغۆل بوون؛ واتە حاکمە مەغۆلەکە و نەتەوەی دیکە هەموو بەتورک دەکران بەبێ ئەوەی تورک حاکم بێت چ جا ئەگەر حوکمی گرت؟

ئینجا دەگەینە سەر کوردە گاوانەکان و ئەم چەند خاڵە سەرنجی خوێنەر رادەکێشن.

١- لە نامیلکەکەدا بەدرێژی باس دەکات چۆن گاوانەکان لە کوردستاندا هەر خەریکی عەشیرەتگەری و شەڕ و شۆڕ بوونە. ئینجا لەگەڵ چۆڕانەوەی سامانی مرۆیی لەکوردستان خزیون بەرەو هەندەران و لەوێدا شارێکیان ئاوەدان کردووەتەوە و بوونەتە تیرەیەکی شارستانی لە شارێکی عێراقدا و لە چەند وەچەیەکدا بوونەتە عەرەب.

٢- کوردە گاوانەکان بەبێ ئەوەی ئاگادار بن، بەچەشنی کاشییەکان، هەزاران ساڵ پێش خۆیان، بەرەو دەشتە بەراوەکانی عێراق خزیون و شوێنەواری بابلییان زیندوو کردووەتەوە؛ بەڵام لەسەر سکێڵێکی بچووکتردا. ئێستاش دەبینین شاری حیللە ئەگەرچی مەزاری ئیمامەکانی تێدا نییە، واش هەر گەورەترین شارە لە هەرێمی ناوەندی فورات (هەرێمی بابل).

٣- گاوانەکان و هاوسێ عەرەبەکانیان تیرەپەرستی و خۆییاتیان بەگەڕ هێناوە دژی یەکتر.

٤- ئینجا دەگەینە مەسەلەی خۆشباوەڕی و هەڵبژاردنی لایەنی دۆڕاو؛ وێڕای ئەوەی کە پێشتر لە کوشتن و ستەم بەولاوە هیچیان لە «شهاب الدین» نەدیتبوو، واش هەر ئامادەبوون لە کاتی شکستدا خۆ بەقوربانی ئەو کابرایە بکەن (وەی چەند گوناحە).

هەروەها مەسەلەی کاتاندن (توقیت)ی ئەم هەڵوێستە. گاوانەکان لە کاتێکدا پشتی ئەو پیاوەیان گرتووە کە بازاڕی نەماوە و هەموو خەڵک



پشتی تێ کردووە. سوبحانەڵڵا زۆربەی جار گرەو لەسەر لایەنی دۆڕاو دەکەین.

٥- لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ناوبراو گوێی نەداوەتە کوردەکان؛ بەڵکو خۆی بەدەست حەسەنی بزورگ داوە. من دەپرسم «چییە مەسەلە؟» ئایا «شهاب الدین» پەرۆشی هەبووە بۆ کوردەکان، نەیویستووە تووشی مەرگەسات بن؟ یاخۆ مەرگی بەباشتر زانیوە لەوەی کە پشتی بە «سەپانی پووش» ببەستێ. باشە ئایا بۆچی تورکمانی کەرکووک ئێستاش بەعسێکی خوێنڕێژ بەباشتر دەزانن لە حیزبە کوردییەکان، وێڕای ئەو هەموو خاترگرتن و لاواندنەوەیە؟ و بۆچی شا عەبباسی سەفەوی ژنێکی کوردی هێناوە کەچی لەباتی وەکو خەلیفەکانی بەغدا خزمی ژنە فارس و تورکەکان رەپێش بخەن، شاعەبباس خزمی ژنەکەی قەلاچۆ کرد. بۆچی «شهاب الدین»یش خۆی داوەتە دەست ئوزون حەسەن کە ئەشکەنجەی داوە و کوشتوویەتی واش هەر پێی باشتر بووە لە کوردەکان. مەسەلە چییە؟ تۆ بڵێی چ رەوشتێکی ئەوتۆمان هەبێت وا بکا خەڵک نەفرەتمان لێ بکەن؟ پێشتر باسی کاردۆخییەکان کرا چۆن دوورەپەرێز و شەڕانگێز بوون بەرانبەر یۆنانییەکان، ئایا هەمان رەوشت نییە وا دەکات کەم کەس حەز لە تێکەڵاوی و برادەرایەتیمان بکات وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی؟

ڕەنگە رەفتاری تاکە کەسێکی کورد لەگەڵ بێگانەدا زۆر ئاسایی و باش بێت. بەڵام یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لە یەک کەس و یەک خێزان گەورەتر وەکو «بەرەبابێک، گوندێک، گەڕەکێک، تیرەیەک، هۆزێک، شارێک، ناوچەیەک» لەم یەکە کۆمەڵایەتییانەی کورد زۆربەی جار مەیلی خۆییاتی و بێگانەبەدەری هەڵدەداتەوە. لە هەمان کاتیشدا کێشەی خۆبەخۆیی نێو ئەم یەکانەش پەیدا دەبێت. برادەرێک باسی رووداوێکی کرد لە ئەورووپا، دوو گەنجی کورد لەسەر دەمەقاڵێی حیزبایەتی (یەکیەتی و پارتی) تێر لێک

دەدەن. برادەرەکانیان لێکیان دەکەنەوە و یەکیان کە دەڕوا، جارێ دوور نەکەوتووەتەوە تووشی شەڕێکی دیکە دەبێ لەگەڵ هەندێک بێگانە. ئەو کوڕەی دیکە کە پێش دوو دەقیقە شەڕیان بوو، هەڵدەستێ بەغار لە بینایەکە دێتە خوارێ و بەمست بەردەبێتە بێگانەکان.

خۆی بەسەرهاتی ئەوها پێش چەند سەدەیەک رووی دابایە کوڕەکەی دووەم بەبێ سەرئێشە پشتی بێگانەکەی دەگرت. ئێستا نیوە بەنیوە هەستێکی ئینتیمامان پەیدا کردووە و ئەوها رەفتار دەکەین. جا ئەگەر سەری یەکتر نەخۆین و لە خۆمانی تێک نەدەین رەنگە وەچەی داهاتوو نە ئەوها و نە ئەوهاش دەکات؛ بەڵکو دەبنە خەڵکێکی خاوەن ئینتیمایەکی ئاسایی. ئەو شەڕە لەسەر چی و شەڕەکەی دیکە لەسەر چی؟ برام! چ قەوماوە. باوەڕم وایە کە هەر ئەوەیە بەدرێژایی مێژوو ناحەز و دوژمنمان زۆرتر دەکات لەچاو دۆست و برادەر و لایەنگر.

مامۆستا نەوشیروان مستەفا کە باسی میرنشینیی بابانی کردووە، ئەوەندەی من ئاگادار بم تاکە نووسەرێکی کوردە بە چاوی رەخنەگرتن و بەبێ پینە و پاساو باسی میرنشینییەکی کوردی کردبێت؛ بەمەرجێکیش کە شار و ناوچەی خۆی دەگرێتەوە. لەوێدا راستییە تاڵەکان وەکو خۆیان باس کراون. دەبینین زۆربەی تەمەنی ئەو میرنشینییە بریتی بووە لە خۆبەخۆیی ناوەکی (نێو بەرەبابە جوداکانی بابان) ئینجا کێشەی دەرەکی کە زۆربەی کات لەگەڵ ئەردەڵان و سۆران بووە (واتە وەک هەڵوێستی ناوچە یۆنانییەکان، هاوسێ دژ بە هاوسێ)، ئینجا بەڕادەی هەرە کەم خەریکی هێزی بێگانە بوونە. بۆ نموونە ٢٠ ساڵێک لە سەردەمی فەرمانڕەوایی «عبدالرحمن پاشای بابان»؛ دەنا زۆربەی کات هەر خۆبەخۆیی بوو. باوەڕم وایە لەمەوپاش پێویستە خەریکی رەخنە بین نەک پینە و پاساو بۆ شکست و ژێردەستەیی هەمیشەیی.


ئێستا کاتی ئەوە هات باسی دیاردەی چۆڕانەوە بکەین.



## چۆڕانەوە

«مسعود محمد» شکست و دواکەوتوویی کوردی دەخستە پاڵ دیاردەیەکی دیمۆگرافی، بەعەرەبی پێی دەگوت «*نزیف حضاري*». دەیگوت: *وەک چۆن رووبارەکانی کوردستان بۆ وڵاتانی دەوروبەر دەچۆڕێنەوە، هەمان شت بەسەر گەنجینەی شارستانەتیی داهاتووە کەوا زۆربەیان بەرەو دەرەوەی کوردستان دەڕۆن؛ چونکە کوردستان کەوتووەتە نێوان سێ جەمسەری شارستانی (عێراق، ئێران، تورکیا) ئەوانە بەچەشنی ماگنێت خەڵکەکەیان راکێشاوە.*

بەشێوازێکی دیکە، دەشێ بڵێین سامانی مادی (الثروة المادية) وەکو پارە، مادەی خاو، ئاو، نەفت، بەرهەمی ئاژەڵی، بەرهەمی وەرزێری، ژێرخانی ئابووری و هتد لەگەڵ سامانی مرۆیی (الثروة البشرية) وەکو سەرمایەدار، هونەرمەند، بەهرەدار، زانیار، پیشەساز، ئافرەتی شارستانی، رۆشنبیر، مەلای باش، چەکدار، عەشیرەت و هتد، هەموو دەچۆڕێنەوە بۆ



دەرەوەی کوردستان. مەسەلەش هەر کوردستان نییە، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە پێشتر باس کرا لە مەسەلی خاکی نێر (بدەر) و خاکی مێ (وەرگر). کوردستانیش خەڵکی هاتووەتێ و وردە وردە لێی چۆڕاونەوە.

مەرج نییە هەموو شوێنێک تا سەر بدەر بێت یان وەرگر. شار هەیە وەکو لەندەن سەردەمێک گەورەترین وەرگر بوو و ئێستاش لە زۆر وڵات وەردەگرێت؛ بەڵام بۆ نموونە بەرانبەر نیوویۆرک بووەتە شارێکی بدەر. زاگرۆس لەمێژوودا وەکو جامێکی سەراوژێر بووە کە چەندە باران بەسەریدا باریوە زۆربەی بۆ دەوروبەر چۆڕاوەتەوە و تەنیا چەند پریشکێک بەدەوریەوە ماوە؛ کەچی عێراق و میسر و فارس جامێکی دامەزراو بوون، هەرچی بەسەریاندا دەباری لەنێو جامەکەدا جێگیر دەبوون و دەتوانەوە. بەم پێیە یەکێک لە مەرجە هەرە گرینگەکانی گۆڕینی چارەنووسی کورد ئەوەیە کە ئەم چۆڕانەوەیە کەم بکرێتەوە یاخۆ ئەگەر بکرێ، ئەم بارە سەراوژێر بکرێتەوە؛ واتە لەباتی ئەوەی کوردستان بدەری سامانەکان بێت، دەبێ ببێتە وەرگری سامانەکان و زاگرۆسییەکانی لێی نەچۆڕێنەوە، بەڵکو (ئەگەر بکرێ) خەڵکی دەرەوەش رووی تێ بکەن. ئەمەش بەوە دێتە دی:

***یەکەم***: رەوشتی کوشندەی بێگانەبەدەری کەم بکرێتەوە و بزانین کە بێگانە کلک و قۆچیان نییە. مەبەست ئەوە نییە کە بێگانەپەرست بین؛ نەخێر. بێگانەبەدەری کاردانەوەی هەیە کە دەبینی کوردەکە دواتر دەبێتە بێگانەپەرست. نە وا و نە واش؛ واتە کوردی ئاسایی زۆربەی کات بێگانەبەدەری دەنوێنێ کەچی لە چرکەیەکدا، عادەتەن پاش ئەزموونێکی تاڵ، بادەداتەوە بۆ ڕەوتی پێچەوانە.

***دووەم***: ئاسوودەیی و ئارامی سەقامگیر بن نەک هەر رۆژە هەرایەک و هەڵلایەک لە ئارادا بێت.

کەناڵە ئاسمانییەکانی عەرەب ئێستا زۆر باسی «هجرة العقول» دەکەن



کەوا پسپۆڕ و زانیار و دکتۆر دەچۆڕێنەوە بۆ شارستانەکانی خۆرئاوا. ئەگەر ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێکی نوێ بێت، لە کوردستاندا شتێکی هەمیشەبی بووە کەوا لە سەردەمی شانەدەر و هەزارمێردەوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم سامانی کوردستان بۆ دەوروبەر چۆڕاونەوە.

با باسی دوو برا بکەین؛ یەکیان چۆتە هەندەران، ئەوەی دیکە لە کوردستان ماوەتەوە و تووشی کێشەیەکی ناوەکی بووە لەگەڵ دەروونی خۆیدا «*ئایا بڕۆم؟ ئەدی کوردستان؟ جا بۆچی هەر من وا هەموو بار دەکەن و دەڕۆن*». ئەم وردەکارییە دەروونییانە بەسەر زۆربەی کوردی «ماوەکان»دا هاتووە و بەو هۆیە کە چۆڕانەوە دیاردەیەکی هەمیشەیی بووە لە مێژووی زاگرۆسدا، دەشێ تێکڕای خەڵکی زاگرۆس (کورد و نا کورد) خۆیان بە نەوەکانی ئەو برایە یان ئەو بەشە خەڵکە بزانن کە ماونەوە و ئەگەرچی ئەوانیش چاویان لە هەندەران بووە. بەڵام کە پێیان نەکراوە ئەوسا هەستێکی شایستەیی و مەغدووری تێیاندا بووژاوەتەوە کە «*ئێمە ئەسڵی ئەسڵەکەین و هەر خۆمان شایستەین*»

### کوردی ناوەوە

مەبەست لە کوردی کوردستانە. ئەگەر لە روانگەیەکی تایبەتەوە سەیری بکەین دەبینین ئەو ڕاکەڕاکە هیستیرییە بۆ پاسپۆرت و قاچاغەڕێ کە لە هەشتاکان و نەوەتەکان رووی دا، گشتیان لە هەزاران ساڵەوە روویان داوە؛ بەڵام هەر جارە بە شێوەیەکی جودا. لە نەوەتەکاندا پاسپۆرت و قاچاغەڕێ هەبوو، لە سەدەکانی پێشوودا چۆڕانەوەی عەشیرەت و تیرە و تاکە کەس رووی دەدا. نالی و حاجی قادر هەردووک لە ئەستەنبووڵ مردوون. خۆ حاجی قادری (ناشاری) دەتوانین بڵێین بێگانەبەدەریی لەگەڵدا کرا و دەرپەڕێندرا. کەسێک بڵێ ئاخر وابوو ئاخر واچوو، هیچ لەو

قسانە سوودیان نابێت و ڕاستییەکە ئەوەیە کە ملیۆنانی وەک خۆی بەدرێژایی مێژوو دەرپەڕێندراون؛ چ وەکو بنەماڵەی سەرلەبەر، چ وەکو هۆز، چ وەکو تاکە کەس. زۆربەی کاتیش ڕوویان لە ئینتیمای تورکایەتی و ئی دیکە کردووە (پێشتر ئاشووری). حاجی قادر لەو تاک و تەرایانە بوو کە ئینتیماکەی پتەوتر کرد لەباتی بادانەوە ئاساییەکە دژی ڕابردوو.

چۆڕانەوەی سامانی مادی یەک ئەنجامی سەرەکی دەبێت، خاپووربوونی وڵاتەکە و کەم دەرامەتی بۆ خەڵکەکە. کەچی کە سامانی مرۆیی دەچۆڕێتەوە، ئەمەیان ئەنجامێکی قووڵتری هەیە. دەبێ ئەم قسە لە من قەبووڵ بکرێ کەوا چۆڕانەوەی هەمیشەیی، ڕادەی نەفامی و ناشارەزایی خەڵکەکە زیاد دەکات. سەعیدییەکانی میسر بۆچی هەندە ساکار بن ئەگەر بەهۆی مێشک چۆڕانەوەیەکی ٥٠٠٠ ساڵییەوە نەبێت. بەڵێ، منیش دەزانم کە تاک تاکە بلیمەتی سەیر لەنێو سەعیدییەکان هەڵدەکەون، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە بەشیان بە تێگەیشتنەوە کەمتر دەبێت لەچاو خەڵکی قاهیرە. حیجاز بەدرێژایی مێژوو لەژێر چۆڕانەوەدا بووە کەچی لە چرکەیەکی مێژوودا کۆمەڵە بلیمەتێک پەیدابوون کەوا عەقڵی هەموو وڵاتە شارستانییەکانی دەوروبەریان بزر کرد؛ بەچەشنی فلاشی کامیرە تیشکی دایەوە و گۆڕانکاریی تێدا هاتە دی. بەڵام دیسان حیجاز خامۆش بووە و گەشاییەکە بۆ شام و میسر و عێراق مایەوە. کوردستانیش هەمان شت، تاک و تەرایەک عەقڵیەتی گەورە پەیدا دەبوون زۆربەیان دەچۆڕانەوە تەنیا لە سەدەی ڕابردوو نەبێت کە وای لێ هات هەندێک بە خاکەوە بنووسێن.

لە کوردستانی عێراقدا ماوەیەکە گۆڕانکاری گرینگ ڕووی داوە و سامانەکان ڕووی تێ دەکەنەوە. ئەوەش تەنیا لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو بەهۆی حوکمی سەدامەوە و دواتر بەهۆی تیرۆریستەکانەوە بووە؛ دەنا خودا نەکا، ڕەنگە ڕۆژێک دیسان دەست پێ بکاتەوە چونکە مامڵەت کردنمان بەرانبەر حاڵەتی «وەرگری»دا (ان تکون انت المستَقبِل ولیس مانح) لەو



باشانە نەبووە تا ئێستا.

سویسرا نموونەیەکی زەقە بۆ وڵاتی هەمە چەشن کە وڵاتێکی شاخاوی پەرت و بڵاوە و هەمیشە مەیدانی لەشکرکێشی و «چۆڕانەوە» بووە. لەهەمان کاتدا سویسرا بەڵگەیە کە هەمان جۆرە وڵات لەباتی ئەوەی مایەی ئاژاوە بێت، دەشێ ببێتە هێلانەی ئاسوودەیی و دەشێ ببێتە جەمسەرێکی گرینگ بۆ سامانەکان. سویسرا تاکە وڵات بوو ئاگری جەنگی جیهانی دووەم نەیگرتەوە؛ ئەگەرچی هەر چوار لای ئاگر بوو. ڕەنگە بگوترێ: کوردستان کوجا مەرحەبا لەگەڵ سویسرا؟ بەڵام بەگوێرەی هەمان پێوەرەکانی پێشوو دەبینین: وڵاتێکی شاخاوی فرە ناوچە و بێ پایتەختە[1]. چەندین میرنشین و ناوچەی هەبووە کە کەس دانی بەکەس نەناوە و هەمیشە خەریکی خۆبەخۆیی بوون. لەنێوان دوو، سێ جەمسەری شارستانیدا بوون کە ئێستا سێ زمان بەکار دەهێنن. هەر چوار لای ئاوەڵەن بۆ چۆڕانەوەی شارستانەتی و ڕاکێشانی سامانەکان و ڕاکێشانی وەلائی خەڵکەکە و «استقطاب»ێکی توندیان لەسەر بووە و هەمیشە مەیدانی لەشکرکێشیی نێوان فەرەنسا، ئیتاڵیا و نەمسا بووە. چۆڕانەوە بەوە دیار دەبێت کە پاسەوانەکانی پاشایەکانی فەرەنسا و ئیتاڵیا زۆریان سویسری بوون؛ تەنانەت ماکیاڤیللی بایەخێکی گەورە بەو بەکرێگیراوە سویسرییانە دەدات کە چۆن دەبێ بە جەنگێکەوە بخافڵێندرێن دەنا ڕوو لە چەتەیی و ڕێگری دەنێن. هەروەها ڕۆسۆ بە ئەسڵ سویسرییە کەچی هەموو خەرمانی زیرەکایەتییەکەی لە قازانجی کولتووری فەرەنسی بوو. بە گشتی ئەوانیش وەکو کورد ناسرابوون بە جەنگاوەری و دەستپاکی بۆ بێگانە.

بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە

---

(١) یەکیەتی سویسری کە دامەزرا ساڵی ١٩٤٨ بریتی بوو لە ٢٢ ناوچەی فیدراڵی.
د. عصام العطیة. القانون الدولي العام. ل ٢٢٣

جاران دەم نا دەم جەنگ و نەخۆشی پەیدا دەبوون کە لە هەندێک شوێن خەڵکەکە بە یەک ساڵ بەنیوە دەبوون. بۆ نموونە لەسەدەی نۆزدەمدا بەغدا چەندین جار تووشی تاعوون و لافاو بووە و شارەکە بەنیوە کراوە. ئێستا دەرمان و تەکنۆلۆجیا وای کردووە شاری ١٠ ملیۆنی و ٢٠ ملیۆنی پەیدابن و سەرژمێر لە هەموو جیهاندا زۆر بووە. یەک لەوانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وای لێ هاتووە سەرژمێری بەغدا دوو هەندی سەرژمێری ١٩٢٠ەکانی هەموو عێراق بێت. ئەم ئاوسانە بەقازانج گەڕاوەتەوە بۆ کورد کەوا وێڕای زیادبوونی سەرژمێر، پاڵەپەستۆیەکی پێچەوانەی خستووەتە سەر دیاردەی چۆڕانەوە.

لەلایەکی دیکەوە لە زاگرۆس بەرهەڵستی بۆ «استقطاب»ی دەرەکی پەیدا بووە و سەدەیەک زیاترە کە هەستی ئینتیما بۆ خاکی پەیدابووە؛ واتە تەمەنی راستەقینەمان تەنیا یەک سەدەیە لە چاو گەنجترین هاوسێمان، تورک، کە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٣-١٤سەدە» . هەروەها کەموکوڕییەکانی وڵاتانی دەوروبەر هاندەر بوون بۆ گەشانەوەی ئینتیما؛ بۆ نموونە بەغدا[١] تا رادەیەک ئێستا بووەتە بدەری سامانەکان. ئێران بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ناوەخۆ توانای راکێشانی سامانەکانی کەم بووەتەوە. تورکیا

(١) سەبارەت بەچۆڕانەوەی سامانەکانی عێراق، ئوردن دەیان هەزار لە چینی هەرە پێگەیشتووی عێراقی هەڵمژی بەخۆ بە سەرمایەوە. سووریا بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانی بە ڕادەی دووەم هات. هەرێمی کوردستان دەبایە پەناگەیەکی ئارام دابین بکات بۆ زۆربەی سامانی مادی و مرۆیی، کەچی لە زۆر هەڵوێستدا بەپێچەوانەی ئەوە جووڵاوینەوە. تەنانەت لە خەڵکی «رۆشنبیر»م بیستووە گوتوویانە «چۆن دەبێ خەڵکی دیکە بێن لە کوردستان بژین» . عەقڵییەتی کورد کە پڕە لە بێگانەبەدەری نەک هەر رێگە لە هاتنی سامانی مرۆیی دەگرێت، بەڵکو بایەخ بە پرۆژەی گەشتیاریش نادەین کەوا، بۆ نموونە ئێستا ملیۆنان عێراقی هاوینان ئامادەن ملیۆنان دۆلار خەرج بکەن لەپێناو شنە بایەکی فێنکدا.



هەر خۆی جامەکەی پڕ بووە و دەیانەوێ لێشاوی کۆچکەرانی ئەنەدۆڵ ڕابگرن.

گریمان لە داهاتوودا تورک ئومێدی لە یەکیەتی ئەورووپا نەما و جەختی کردە سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لە خۆرهەڵاتدا. بێگومان ئەوسا مۆرکی «برایەتیی ئیسلامی» دەپۆشێ. باشە ئەگەر لە نەوەتەکاندا، بۆ نموونە، هولیا ئەفشار و سەبیل جان و چەند هاوشێوەیەکی خۆی هاتبانە سەر تەلەفزیۆن و داوایان لە «*برا کوردی موسوڵمانی قارەمانی خۆشەویست!*» کردبایە کە خەبات بکەن بۆ «*برایەتیی ئیسلامی*» ئینجا قسەیەکیش بڵاو بکرێتەوە کەوا «فلان کەس چووەتە تورکیا و پارە و خانوو و ژنیشیان داوەتێ» ئەوسا مەگەر خودا بزانێ کوردی کەم ئینتیما چی دەکرد؟ ئێستاش نەچووە بچێ و رۆژێک لە ڕۆژان ئەوەمان تووش دەبێتەوە. هێشتا لە گەشانەوە و سەرکەوتنداین؛ بەڵام ئەزموونی راستەقینە لە کاتی تەنگانەدا دیار دەبێ ئایا نێرێکی چاوتێرین وەکو رۆم؛ یاخۆ نێرێکی چاوبرسین وەکو قەرتاج و گۆت؟

## کوردی دەرەوە (چۆڕاوەکان)

مەبەست لەوانەیە کە ئەمڕۆ یان پێش سەد ساڵ و هەزار ساڵ لە زاگرۆس باریان کردووە. کە باسی کورد و کوردایەتی دەکرێ جار نەبووە ئەگەر خەڵکەکە باسی چەند کەسایەتییەکیان نەکردبێت کە بەئەسڵ کوردن. خەڵکەکە زۆربەیان وا دەزانن ئەمە شتێکی باشە؛ جا دەمەقاڵێیەکی توندوتیژ دەکەن لەگەڵ نەتەوەی دیکە لەسەر ئەوەی کەوا، «باس العقاد» کوردە و سەڵاحەدین کوردە، هایدە و مەهەستی کوردن و «محمد عبدە» کوردە و هتد. برام، داری تێ وەرمەدە. ئەوە بەڵگەیە کەوا خەڵک و خاکی کوردستان هەندە بێ توانا بوون بۆ بووژاندنەوە و بەخۆگرتنی بەهرەکانی ئەو بلیمەت و ناودارانە.

پرسیار دەکرێ کە «ئایا دەتوانین خۆمان بکەین بە خاوەنی ئەو خەرمانە ئەدەبیەی و عباس العقاد،[1] ؟» یان خۆ بکەینە خاوەنی ئەو خەرمانە هونەرییەی خانم هایدە و ئیبراهیم تاتلّساس؟ بەڵێ ئێمەش بۆمان هەیە شانازییان پێوە بکەین؛ بەڵام بەرهەمەکانی ئەم نووسەر و هونەرمەندانە لە سایەی شارستانەتی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا گوڵیان داوە. ئەگەر عَقّاد لە ناوەندی سەدەی بیستەمدا ئەم رایانەی دژی هیتلەر و ستالین نووسیبایە، ئایا کورد و عەرەب پارچە پارچەیان نەدەکرد؟ خۆم شایەدی

(١) کانت لنا ایام فی صالون العقاد، انیس منصور. لەم کتێبەدا دەیان جار باسی ئەوە دەکات کە عقاد لە سەیدەکانی باکوری عێراقە. لە سەرگوزەشتێکدا گەنجێکی ئێرانی دانیشتووی میسر بە عقاد دەڵێ ئێمە شیعەین، باوەڕمان بە هەستانەوەی ئیمامی غائیب هەیە؛ بۆیەش من باوەڕم وایە تۆ (مەبەستی لە عقاد بوو) ئەو ئیمامەیت. عقاد بە پێکەنینەوە وەرامی دەداتەوە کەوا ئەو لە سەیدە کوردەکانی باکووری عێراقە ئەوانەش سوننەن و بەهیچ شێوە لەگەڵ مەزهەبی دوازدە ئیمامی ناگونجێن. گەنجێکی دیکە نیگارێک بۆ عقاد دەکێشێت پڕی دەکا لە رەنگی سوور. لێی دەپرسن بۆچی؟ دەڵێ ئەدی عقاد بەئەسڵ کورد نییە؟ کورد ئارین دەبێ ڕەنگیان سوور بێت.
ئەوانە نموونەی دیمەنەکانی ئەم کتێبەن. جا رەنگە هەندێک کەس خەنی بن و بڵێن «ئەها! نەمگوت عقاد کوردە» وا دەزانێ بەو قسە شوققەیەکی دەست دەکەوێت لە قاهیرە. لەراستیدا شاگەشکەیی کورد بەرانبەر وڵاتانی شارستانی کاری کردووەتە سەر دەروونی کورد کە چاوی لە دەرەوەی کوردستانێکی خاپوورە. بەڵام ئەوەی ئەو کەسەی ئەم کتێبەی خوێندووەتەوە دەبێ سەرنج بداتە راستیەکی کە دەیان نموونەی تر باس دەکرێت لە کەسایەتی نامیسری و ناعەرەب. هەموویان چینێکی رۆشتنبیریان پێک هێناوە لە میسردا و بەوپەڕی ئازادی و مێشک فراوانییەوە قسە دەکەن و ئینتیمای هاوبەش پەیدا دەکەن؛ واتە خاکەکە خاکی میسرە کەوا هەوایەکی پڕ لە تێکگەیشتن و ژیانپەرستی بۆ ئەو هەموو خەڵکە تێکەڵە رەخساندوون.



ئەوەم کە باوکم چ نەفرەت و رقایەتیی لەگەڵدا کراوە لەلایەن هەندێک کوردی عەقیدەپەرستەوە هەر بەهۆی رایەکانی بەرانبەر بە خواوەندێکی وەک ستالین.

سەبارەت بە مەسەلەی هونەرمەندان، دەرهێنەرێکی لوبنانی لە تەلەفزیۆن قسەی دەکرد گوتی «هونەرمەندی لبنانی ژمارەیان زۆرە بەڵام پیشەی سینەما (سەنعەتەکە) هەرگیز لە وڵاتی ٣-٤ ملیۆنیدا سەرکەوتوو نابێت. دەبێ وڵاتەکە بەلای کەم ٢٠ ملیۆنێک بن». هەمان راستی مەسەلەی ئەو هونەرماندانە دەگرێتەوە. ئەوانە ئەگەر سترانەکانیان تەنیا بە کوردی بایە و ئاراستەی ٣٠-٤٠ ملیۆن فارس و ٤٠-٥٠ ملیۆن تورک نەکردبایە، ئایا چۆن ئەو بازاڕەیان دەبوو؟ کوا ئەو دەرامەتە و ئەو بازاڕە. تاک و تەرایەک نەبێت دەنا هونەرمەند و نووسەری کورد گوزەرانێکی زۆر خراپ بەسەر دەبەن. خەڵکەکەش بەرانبەریان دەستە و ئەژنۆ دەوەستن تا دەمرن ئەوسا «بگری». ئینجا ئەگەر هایدە و مەهەستی باس بکەین، بڵێم چێ؟ فەرموون ئەوەتا لەیلا فەریقی، بەڵام با وازی لێ بێنین. کولتووری کۆمەڵایەتیی کورد تا ئێستا نازانێ مامڵەت لەگەڵ دوو شتی زۆر سەرەکی ژیان بکات، جینس و پارە. هەردووکیان لەژێر پەردەی «بڤە و عەیبە و نابێ»دا چەقیون. هەموو دەزانین هەندێک لە ئیسلامییەکان تووشی چ گرفت و ئاڵۆزیی دەروونی بوونە؛ بەڵام هەندێک مارکسی، تا کۆتایی نەوەتەکان بەزەقی دیار بوون، رەنگە بەشێوەیەکی ئاڵۆزتر ڕوانیبێتیانە هەموو دیاردەکانی پارە و ژیانی نەرم وەک جۆرێک خیانەت و خوێنمژییان دەزانێ.

ئینجا دەگەینە مەسەلەی سەرکردە ناودارەکان.

دووبارە ئەوانە لە بۆشاییییەوە دەوڵەتیان دروست نەکردووە؛ بەڵکو دەوڵەتەکانی میسر و فارس لە هەزاران ساڵەوە هەبوون. زۆربەی جاریش بنەماڵەیەکی بێگانە حوکمی کردوون؛ دەبا جارێکیش لە جاران زاگرۆسی بووبن. ئەخمینی کە لە بانی ئێران پەیدا بوون ئەوسا پێلێکی عەشایەریی ئاسیایی بوون وەکو بێگانەیەک و داگیرکەرێک خشابوونە نێو بانی ئێران و زاگرۆس. دواتر دەیان پێلی عەشایەری تورک و ئەفغان و مەغۆل هاتوون دەبا یەک لە عەشایەرە حاکمەکان زاگرۆسی بووبێت؛ خۆ زاگرۆسیش خاکێکی بدەرە، بەڵام بدەرێکی هەناسە کورت. لەلایەکی دیکەوە، میسر لە دەوری ٥٠٠ پ.ز تا ١٩٥٢ ز کە دواترین پاشای میسری لێ دەخرێت، یەک پاشای نەبووە بەرەچەڵەک لە سەعیدی میسرەوە هاتبێت؛ بەڵکو زۆربەیان ئاسیایی و ئەورووپایی بوون. دەبا یەکێکیش لەو ئاسیاییيانە زاگرۆسی بووبێت. ئەم دوو کەسایەتییە بەرزەی کورد پێکچوونێکی گەورەیان تێدا بەدی دەکرێت وەکو تاکە کەس. بەڵام جیاوازییەکی گەورەش هەیە لەنێو جۆری بزووتنەوە و گەیشتنیان بە پایەی بەرز و ئینجا ئەنجامی کۆتایی بزووتنەوەکانیان.

بەڕای من دەوڵەتی ئەیيووبی دەکەونە بەر پێوەرەکەی «ابن خلدون» سەبارەت بەتەمەنی ئاسایی دەوڵەتی بنەماڵە (٣ وەچە)؛ بەڵام زەندییەکان دەکەونە ڕیزی ئەو پێڵە عەشایەرییانەی کە تەمەنیان پابەندی تەمەنی یەک دەسەڵاتدار بووە بەچەشنی هوون و ئاڤار و ئەفشار و تەیموری و هتد. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ هەستی ناسکی هەر کەسێکی کە خۆی بە هاوسۆزی ئەو کەسایەتییە دەزانێ، خۆم پێش ئەوان شانازی بەو ناوە پیرۆزەوە دەکەم، بەڵام وەک چۆن نابێ خۆمان لەخەڵکی دیکە بە کەمتر بزانین، دەبێ لەهەمان کاتیشدا هۆپێک بگرین و خۆمان بەزیاتر نەزانین.



## کەریم خان

لە ١٧٢٢ بەرەو سەر، ئێران کەوتە گێژاوێکی سیاسی - عەشایەری. دەوڵەتی سەفەوی لاواز بووبوو، پێلێک عەشایەری لە ئەفغانستانەوە راستەوخۆ بیابانیان بڕی و بەسەر جەرگەی شارە فارسەکانیان دادا و کۆتاییيان بە حوکمی ٢٠٠ ساڵەی سەفەوییەکان هێنا. پێشتر باس کرا کە ئەو ڕووداوە تاکە جارێک بوو لە بیابانەوە هێرش بکرێتە سەر وڵاتی دابڕاوی فارس. سەرگوزەشتی ئەو سەردەمە سەرمان لێ دەشێوێنێ بەهۆی ناوی سەدان ئاغا، پاشا، خان، میرزادە و شازادە، هەر یەک بە چەند هەزار چەکدارێکەوە شەڕی کردووە و هەر جارە بەرەیەک پەیدا دەبوو و ناوچەیەکیان خاپوور دەکرد. مۆدیلی ئەو سەردەمە وابوو کە چاوی یەکتریان دەردەهێنا؛ دەبیسین کەوا «لە فلان شەڕدا هەندە هەزار چاو کۆ کرایەوە». هەبوو لە شەڕێکدا بەدیل دەگیرا، یەک چاوی دەردەهێندرا، پاش ساڵێک دیسان دەگیرا، ئەوسا چاوەکەی دیکەی دەردەهات. هەروەها مۆدیلی *سەنگەرگۆڕین* و ناپاکی و تۆڵەکاری لەژمار نایەت. هۆزی ئۆزبەک، جۆرێک عەشیرەتی کورد، تورکمان، ئەفغان، گورج، بەلووچ، عەرەب هەر یەک بە چەند پارچەیەک و چەند تاقمێکی جودای خۆبەخۆ دەیان ساڵ شەڕیان کردووە؛ خۆزگەم بە سەردەمی کووفە، با بە کورتی سەرگوزەشتەکە باس بکەین:

١- جەنگ لەگەڵ عوسمانییەکان سەفەوییەکانی لاواز کرد و هێرشێکی ئەفغانی دەوڵەتی سەفەویی تێک دا و دەستیان بە کاولکاری کرد دژ بە شیعە *کافرەکان کە سیخەیان هەیە* و هەر زوو دەیان عەشایەری تر قیت بوونەوە.


٢- ئەفشاری خۆرهەڵات بە رابەرایەتی نادر قولی خان (دواتر بوو بە نادر شا) جێگەی بە ئەفغان لەق کرد و دواترین دیاردەی وەک تەیموور و

جەنگیزخانی نواند. لە دەلهییەوە تا بەغدا تا قەفقاس هەر کوشتاریان ناوەتەوە و دەیان شاریان خاپوور کردووەتەوە و دەیان هۆزیشیان پەراگەندە و ژێردەستە کردووە؛ یەک لەوانە زەند کەوا بۆ ١٥ ساڵ خزمەتی ئۆردوگای نادرشایان کردووە.

٣- نادر شا دەکوژرێت و بەرەڵڵاییەکە لەجاران تیژتر دەبێ؛ چونکە هەر نەبێ جاران «یەک سەدام هەبوو». یەک لەو تاقمانەی کە لە یەخسیری بۆ نادرشا رزگار بوون، زەند.

٤- زەند ئەسڵەن لە کوردستان هەڵقەندرابوون وەکو عەشایەری گاوان و کووتی و کاشی لە زاگرۆس دوور کەوتبوونەوە بۆ شاری مەلایەر.

پاش مەرگی نادرشا هاتوونەوە لەوەرگەکانی خۆیان لە مەلایەر و دەستیان بە جموجۆڵی عەشایەری کردووە؛ بەمەرجێک کەوا پاش ١٥ ساڵ






دەربەدەری و ژیانی جەنگی ئینتیمایەکی تایبەتییان تێدا بووژاوەتەوە. من ناوی لێ دەنێم *ئینتیمای کۆڕەو*. هەمان شت لە کەسایەتیی کۆڕەوی بارزانییەکان بۆ رووسیا ١٩٤٧-١٩٥٨ بەدی دەکرێ؛ بەڵام با لە بابەتەکە دوور نەکەوینەوە.

لەو سەردەمەدا دوو رەوت هەبوون: رەوتێکی عەشایەری سوننە ئەوانە خۆیان بە دوژمنی دەوڵەتی سەفەوی شیعی دەزانی. لەبەرانبەردا رەوتێکی عەشایەریی پێچەوانە هەبوو وەکو قاجاری یووخارباشی، بەختیاری، هەندێک کورد، لەوانە زەند. ئەوانە خۆیان بە دڵسۆزی ئێران و یادی بنەماڵەی سەفەوی پێشان دەدا. بەڵام مەرج نییە هیچیان تاسەر لە یەک رەوت مابن، دیاردەی «گۆڕینی سەنگەری خەبات» زۆر ئاسایی بوو.

هەرچۆنێک بێت، کەریم خان و زەندە کۆچەرەکان خۆوبەخت لەنێو ریزەکانی رەوتی دووەمدا سەریان هەڵ دا و خۆوبەخت لەچاو ئەوانی دیکە لەگەڵ شارەکانی فارس نەرمتر بوون لەچاو هێزە دڕندەکانی دیکە. واش هەر دواکەوتوویی زەندەکان راستییەکی زۆر زەقە؛ ئەوان کە چۆڕاونەوە بۆ نێو هەمبانەکەی فارس پیتاندنیان ئەنجام نەدا، نە خۆیان بوونە شیعە «یاخۆ بڵێم شارستانی، وەکو میللەتی ژێر دەستیان، نە خەڵکەکەیان کردە سوننە وەکو خۆیان و نە بانگەشەیان بۆ کوردایەتیش کرد. ئەگەر ویستوویانە کوردایەتی بکەن، کوردایەتیی چی؟ لە ١٧٥٠ کەریم خان لە ئەسفەهانەوە بەسەر میرنشینی ئەردەڵان و شاری سنەدا دەدات بۆ تۆڵەی شەڕێکی پێشوو. میرزادە ئەردەڵانییەکان بە پیرییەوە دەچن کەچی کەریم خان هەموو پاڕانەوە و پێشنیازەکانی ئاشتی رەت دەکاتەوە و سنە وردو خاش دەکات.

مامۆستا نەوشیروان مستەفا دەڵێ: *کەریم خانی زەند کە خۆی بە وەکیلی دەوڵەت و وەکیلی رەعایا نەک پاشا داناوە، بە یەکێک لە دادپەروەرترین حوکمڕانەکانی ئێران ناسراوە؛ کەچی مێژوونووسانی*

*ئەردەڵان بە چاکە باسی ناکەن و هەندێکیان هێرشیان بردووەتە سەری.* ناوی هەندێک لە نووسەرەکان دێنێت ئینجا دەڵێ: *کەسیان هۆی ئەم کارەیان روون نەکردووەتەوە*[1].

سەبارەت بەهەڵوێستی زەند بەرانبەر بەکورد دەشێ بگوترێ هیچ شتێک نییە پێشانی بدات کەوا مێشکی زەندەکان شتێکی تێدابوو بەناوی ئینتیما بۆ خاکی کوردستان. مەسەلەکە بۆ زەند بریتی بوو لە یەک وشەی تەسک «*خۆمان*». با مەسەلەکە بە هەستیاری وەرنەگرین، چونکە هەر عەشایەری کورد ئەوها نین. لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا لۆرەنس کە دەیەوێ عەرەبی حیجاز بەگژ عوسمانییەکاندا بەرێت، لە رێگەدا تووشی عەشیرەتێکی عەرەب دەبن. لۆرەنس بە ئاغاکەیان دەڵێ «*ئەم شتە لەپێناو عەرەبدا دەکەین*». کابرا دەڵێ «*عەرەب! عەرەب کێین؟*» توومەز هەموو هەست و هۆش بریتی بووە لە «عەشیرەتی خۆمان، عەشایەری دیکە».

هەموو کوردەکانی دیکە بەدەگمەن ئەگەر هاوپەیمانەتیان لەگەڵ زەند و لەگەڵ هەر کوردێکی «ناخۆیی» کردبێت. زۆربەی کاتیش کورد بە دوژمنی زەند دەژمێردران و هاوپەیمانەتیان لەگەڵ قاجار و ئازاد خانی ئەفغان و لایەنی دیکە کردووە لە دوژمنانی زەند؛ واتە تێکڕای عەشایەر و شاری کورد وەکو یەکەی سەربەخۆ رەفتاریان کردووە هەرکەس بۆ ئینتما تەسکەکەی خۆی. ئینتیمای تەسک وا دەکا ئەگەر کابرا- بۆ نموونە- پرۆفیسۆری زەرە بێت، هەستی ئاشنایی تەنیا لەگەڵ جغزێکی تەسک دەبێت و لەوان بەولاوە، هەموو جیهان بێگانەن.

کەریم خان هەرگیز ئەوها توند نەبووە بەرانبەر شارە فارسەکان؛ تەنانەت بەرانبەر شار و عەشایەری قاجار لە مازەندەران زۆر جار پاش شەڕ

(١) نەوشیروان مصطفی ئەمین. کورد و عەجەم، مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان. لاپەڕە ٥٧١.



ویستوویەتی دڵیان رابگرێت، دەنا بەرانبەر سنە و کرماشان هەرگیز بەزەیی نەنواندووە. زەند وەکو گاوان، وەکوو کووتی و کاشی، تەنیا یەکێک بوون لە «تۆوە»ەکانی زاگرۆس بەرەو یەکێک لە «هیلکەکانی» هەندەران. هەموو هەست و هۆشیان لە «هێلکەکە» بووە و نەفرەتیان لە هەموو «تۆوەکانی» هاوچەشنی خۆیان کردووە. ئازا و شەڕکەر بوون؛ بەڵام ئازایەتی بەبێ عەقڵ و ئینتیما سوودی چییە؟ جارێک محمد خان و شێخاڵی خان، ئامۆزاکانی کەریم خان، ئەوانە لەگەڵ هەندێک لە ژنانی ئەو عەشیرەتە (لەوانە دایکی کەریم خان) بەدەست چەکداری ئەفغانەوە بەدیل دەگیرێن و رەوان دەکرێن بۆ ورمێ. لە رێگەدا دەستیان دەبێتەوە و پاسەوانەکانی خۆیان دەکوژن و ژنەکان لەپیاوەکانیان دەستوەشێنتر دەبن و دەگەڕێنەوە نێو ئۆردوگای کەریم خان. بێگومان گەنجێکی خوێنگەرم دەڵێ «چەند ئازان» بەڵێ ئازان بەڵام هەر ئەو محمد خان و شێخاڵی خانە کە دەستیان دەبێتەوە بەسەر کرماشاندا دەدەن. لە سێ رۆژدا بەجۆرێک دەیهاڕن کەوا هیچ کام لە هێزە چەکدارەکانی سەدەی هەژدەم، ئێرانی و نا ئێرانی ئەوها کرماشانی کاول نەکردووە. *ئەشهەدوو کوردێنییە بەڵام کوردایەتی نییە*؟

بەدرێژایی سەرگوزەشتی کەریم خان، کوردەکانی ئەردەڵان، موکریان، کرماشان، و هەندێک جار سەلیم پاشای بابان. هەروەها کوردەکانی کە پەراگەندەی خوراسان کرابوون، ئەوجار ئیزدی و بلباس و هەرکی لە دەوروبەری ورمێ لە شەڕەکاندا هەموویان کەوتوونەتە ریزی ئەو لەشکرانەی کە کەریم خان بەگژیاندا چووەتەوە و زۆربەی جار بەزاندوونی. کەچی ئەفشارەکانی ورمێ. ئەگەرچی تورک بوون، بەڵام پاش گەمارۆدانێکی درێژ لەگەڵ کەریم خان ئاشت دەبنەوە و ڕێزیان لێ دەگرێت و ئەوسا بەوپەڕی دڵسۆزی بۆ دەوڵەتی ناوەندی بەگژ کوردەکان و تورکە عوسمانییەکانیش و هەموو دوژمنانی دەوڵەتدا دەچوون. کەچی عەشایەری کورد ئیش و کاریان ئەوە بوو پەلاماری لەشکری زەند دەدەن. گومان نییە کە کوردایەتی ئەگەر

لەو سەردەمەدا هەبووبێت، ئەوە ئاخیر شت بووە بەخەیاڵی زەند و کەریم خاندا هاتبێت. ئەوان ئینتیمایان ئینتیمایەکی تەسک بووە بۆ خەڵکی خۆیی نەک بۆ «خاکی خۆیی». بەدەردی «صفي الدين الحلي» دەڵێ «اينما حللت، فالارض ارضي والناس ناسي» دەبوو قسەکە تەواو بکات و بڵێت «الا ارضي وناسي».

هەر کەس لە ڕوانگەی کوردایەتییەوە سەیری دیمەنەکە بکات، ڕێگەی چەپڵەڕێزان و ئافەریم کردنی نامێنێت بۆ زەند. فارسێک و کەسێکی وەک حەمە ڕەزاشای پەهلەوی کە لە سەدەی بیستەمدا شمشیری کەریم خانی لەخۆ بەستووە، ئەوانە دەبوو پەیکەری زێڕ بۆ کەریم خان دروست بکەن؛ دەنا وەکو کوردستان پەروەرێ چۆن دەبێ وا بکەین گەنجەکانمان شاگەشکە بن ئەگەر فارسێک بڵێ «بەخوا کەریم خان قازانجێکی باشی بەمن گەیاند». من دوژمنی فارس نیم و تەنانەت دەستخۆشییان لێ دەکەم کەوا نیشتیمانی خۆیان لەهەموو شتێک بەپیرۆزتر دەزانن. خۆزیا پریشکێک لەو ئینتیما ڕەسەنە بۆ کوردیش هاتبایە.

با بەچاوی بێ لایەنێک سەیری بابەتەکە بکەین. لەم دواییانە کتێبێک گەیشتووەتە بازاڕ دەربارەی کەریم خان. جۆن پێری دەڵێ کەریم خان لەنێو تاقمی ڕێگر و چەتە هەڵکەوتووە؛ بەڵام عەقڵ و زیرەکایەتی و نەرمیی نواندووە بۆیە لایەنگر و ناوبانگی پەیداکردووە[1]. باسی ڕەوشتی دەکات

(١) کەریم خانی زەند، مێژووی ئێران لەنێوان ساڵانی ١٧٤٧-١٧٧٩ نووسینی، جۆن ئار پێری، وەرگێڕ، سەلاحەدین ئاشتی. ل ٣٩. هەروەها لە لاپەڕە ٤٧ لەوێدا وەرگێڕ بەم جۆرەی تۆمار کردووە دەڵێ (دوازدە مانگی رابردوو، سەردەمێکی قەیراناوی بوو کە کەریم خانی خستە سەر ڕێ و ڕەوگەی مەزنایەتی. ناوبراو لەنێو تاقم و دەستە دز و ڕێگرەکانی خۆولاتی سەری هەڵدا و بەڕێی تێکەڵی و پێوەندییەکی ترسناک و سەداقەتێکی ئاشکرادا کە تێکەڵ بە بڕشت و میانڕەوی سیاسیی بوو، بوو بەپیاوی سەرکەوتووی، سەرکەشانی ئێرانی خۆرئاوا و هتد.



وەکو مرۆڤێکی ئاسایی، دەڵێ شەوانە تا بەیانی خوراوەتەوە و کەریم خان بۆ خۆی ١٢٠ ئافرەتی لە حەرەم ڕاگرتووە بێ لە کچانی جوو و مەسیحی و موسوڵمانیش لە دیلەکانی کە لە غەزاکاندا دەگیران یاخۆ هەندێک ماستاوچی بۆیان دەهێنا. ئەوەش دەڵێ کە کەریم خان ئەگەر هەڵەیەکی کردبایە، بەگوێرەی ئامۆژگاری لەسەر هەڵەکەی سوور نەدەبوو؛[1] کەواتە هەر باشتر بووە لە دڕندەکانی دیکە.

ئینجا مەسەلەی خۆبەخۆیی کە لەنێو زۆربەی تیرە و عەشایەری کورددا باوە. شێخاڵی خان کە گەورەترین سەرکەوتنەکانی زەند لەسەر دەستی ئەودا بەدی هاتن (بۆ نموونە کاولکردنی کرماشان) کەریم خان بەدەستی خۆی چاوی دەرهێناوە. با کەس وا نەزانێ ئەوە لەبەر کوردایەتی بووە یان شتێک، ئەوە تەنیا بەهۆی کورتەغیرەتی و لەقسەدانەوە بووە، لەسەر مەیخواردنەوە کەریم خان کەوتووەتە سەر سینگی و بە خەنجەری خۆی چاوی شێخاڵی خانی هەڵکۆڵیوە. لەوەش زەقتر ئەو کاتەیە کە کەریم خان دەمرێ. قسەیەک گوتراوە دەڵێن وەزرێک سەگەکەی دەتۆپێ، هەموو شارەکە دەچنە دڵدانەوەی وەزیر. کە جەنابی وەزیر دەمرێ کەس لەگەڵی ناچێتە سەر قەبران. کە کەریم خان دەمرێ تەرمەکەی کەریم خان بۆ چوار ڕۆژ بەجێ دەهێڵن؛ چونکە ئەشرافی زەند یەکسەر دەکەونە گیانی یەکتر. ئێمە ڕەخنەمان لە موهەللەب ئەبی سوفرە گرت؛ بەڵام سەد خۆزگەم بە هەڵوێستی کوڕەکانی ئەو. گەورە پیاوانی زەند، کە تێکڕا برا و ئامۆزای یەکتر بوون، ئەو ڕۆژەی کەریم خان دەمرێ یەکسەر ٢٣ کەس لە یەکتر دەکوژن. لەوانە کوڕانی محمد خان و شێخاڵی خان. ئینجا هەر بابایە و بەلایەک رادەکێشێت، پیاو نازانێ بڵێ چێ؟

بێ لە مەسەلەی کوشتار و خۆبەخۆیی، ئاساییترین شت ئەوەبوو کە هەر

(١) هەمان سەرچاوە لاپەڕە، ٥٩٤ .

یەک لە خانەکانی زەند تووشی تەنگژەیەک دەبوو هەڕەشەی لە ئامۆزاکانی دەکرد ژن و منداڵیان بکوژێت. یەک دیاردەش نەبیستراوە لەکاتی لێ قەوماندا فارسێک و کوردێک پشتی زەندەکانیان گرتبێت. بەڵکو لە روانگەی مەزهەبییەوە موجتەهیدی شیعە تۆڵەی ئەو ٥٠-٦٠ ساڵە لە سۆفییەکانی سوونە دەکەنەوە و لە روانگەی عەشیرەتگەری کۆمەڵێک عەشیرەتی کورد داخداری زەند بوون. لە روانگەی شارپەرستی و ناوچەگەرییەوە، کرماشان و سنە بە خوێنی سەری زەند تینوو بوون. ئیتر کوردایەتی چی.

ئەفشاری ورمێ بەهەمووی ٢٠٠ ساڵ بوو هاتبوونە ناوچەکە و کوشتاریان دژی موکریان و برادۆست (قەڵای دمدم کە بووەتە ئەفسانە و شیوەن) ئەنجام دابوو. ئەگەر یەک زەڕە هەستی ئینتیمای هاوبەش بەخەیاڵی بچووکترین کورد (زەند و نا زەند) هاتبایە دەبوو تۆڵەی ئەو کوشتارانە بکەنەوە کەچی زەند و نا زەندیش کار و پیشەیان ئەوەبوو پشتی هەر لەشکرێک بگرن دژی هەر کەس، زەند و نازەند، کورد و ناکورد. نە ئینتیما ونە عەقڵ و نەهیچ لە گۆڕێدا نەبووە.

کەسانێکی داوای مافی ئافرەت دەکەن با لەروانگەی ئافرەت و مێیەتییەوە سەیرێکی دیمەنەکە بکەن. یەک لەوانە هەڵوێستی کچانی عەشایەرە بەزیوەکانی وەک قاجار و عەشایەری دیکە، باوەڕ دەکەم کە لەترسی کوشتن بەولاوە هیچ بەزەیی و خۆشەویستی نەبووبێت بەرانبەر مێردەکانیان. دوو ئافرەتی قاجار هەردوو بەتۆبزی مێردیان بە خانە زەندەکان کردبوو یەکیان بەوەی دیکە دەڵێ: *هەی ژنی هێسترەوانان*[1]. هەروەها مێیەتی مەرج نییە پابەندی خودی ئافرەتان بێت. ئاغا محمد خانی قاجار- ئەوەی کە دواتر زەندەکانی قەڵاچۆ کرد- لە منداڵییەوە

(١) جۆن پێری، کەریم خان، ٣٠٤ .



خەسێندرابوو؛ واتە بەبەر مێیەتی دەکەوێت، ئەو رقەی کە ناوبراو هەیبوو بەرانبەر عەشایەری سوننە بەگشتی و زەند بەتایبەتی شتێکی سەیر بوو. ئەم راستییە لە دوای مەرگی کەریم خاندا یەکسەر دیار کەوت. ناوبراو بە خوێنی سەری هەزار دیلی زەندی تێر نەدەبوو[1]. ئەوە بۆچی وابوو؟ ئەم

(١) رەوشتی قاجار تا رادەیەک بەڕەوشتی قازاقەکانی رووسیا دەچێت سەبارەت بەپابەندبوونیان بەپاراستنی دەوڵەت. قاجار بەشێک بوون لە عەشایەری کۆچەری تورکمان لەسەردەمی جەنگیزخان (سەدەی ١٣م) و دواتر لە سەردەمی تەیموور لەنگ (١٣٣٦-١٤٠٥) تا هەرێمی شام رۆیشتوون و گەڕاونەتەوە. یەکێک بوون لەو ٧ هۆزەی کە داردەستی دەوڵەتی سەفەوی بوون بەرانبەر بەعەشایەرە مەغۆل و تورکەکانی دیکەی دژبە بەدەوڵەت (لێرەدا عەشیرەی ماد دێتەوە بیرمان کەوا لە ٧ هۆزی سەرەکی پێک دەهاتن). دوو بەش بوون، یووخار باش، ئیشاق باش. یەکیان سەر بەدەوڵەت ئەوەی دیکە کەمتر. لەسەردەمی هێرشی ئەفغانی بۆ ئێران (١٧٢٢-١٧٣٠) و دواتر لەسەردەمی نادر شا گێژاوی عەشایەری، قاجار ناوچە ستراتیجییەکانی نێوان خوراسان و قەزوین (هێڵی ئاوریشم) کۆنترۆڵ دەکەن. علی قولی خان، برازای نادر شا، لە ١٧٥٨ محمد حسین خانی یووخاری دەکوژێت. کوڕێکی بچووکی لەدوادا دەمێنێ بەناوی ئاغا محمد خان. ئەو کوڕە دەنێرن بۆ خوراسان لەوێدا دەیخەسێنن و ئەشکەنجەی دەدەن. تووشی رق و تۆڵەیەکی بێ دەرمان دەبێت. دواتر بەبارمتە دەیدەنە کەریم و ١٦ ساڵ لە شیراز دەمێنێ. ١٧٧٩ کە کەریم خان نەخۆش دەکەوێ، ناوبراو بەیارمەتی پوورەکەی -کە ژنی کەریم خان بوو- خۆ دەدزێتەوە بۆ ناوچەی تاران (مەڵبەندی عەشیرەتەکەی خۆی). لەوێدا هێز کۆ دەکاتەوە و جەنگێک دەست پێ دەکات (١٧٧٩-١٧٩٤) کە ئەو بەجەنگی پاکسازیی ئێرانی زانیوە. ئاغا محمد خان ناسرەوێت تاکو تێکڕای دوژمنانی دەرەکی و ناوەکیی (شارستانیی شیعە) قەڵاچۆ دەکات. زەند تێک بەردەبن کەچی قاجار لەگەڵ یەک و لەگەڵ فارس و کوردیش رێک دەکەون. دیارە مەسەلەی زوحاکی کورد و کاوەی ناکورد شتێکی هەمیشەیی بووە. لوتف علی خان، میراتگری کەریم خان، چوار مانگ خۆی لە کرمان راگرت بەڵام دەیگرێت و رەشبکوژییەکی ترسناک بە مۆدیلی ئەو سەردەمە ٢٠,٠٠٠ جووتە چاو لە یەک=

راستییە پێویست بە تێڕوانین دەکات و نابێ ڕێگە خۆش بکەین بۆ قسەی وەک «ئاخ هەر خراپەکان سەر دەکەون». ئایا بۆچی ژنانەکان و ئاغا محمد خان بەهیچ شێوە یادی کەریم خان و عەشیرەتەکەی بەقوڕگیاندا نەدەچووە خوار؟

لە مەیدانی دادپەروەری و ئازایەتی و رابەرایەتیدا کەسایەتییەکانی سەلاحەدین و کەریم خان هەندێک پێک دەچن. کەریم خان لە زۆر هەڵوێستدا گەورەیی و دووربینی و بەخشندەیی نواندووە؛ تەنانەت کە قاجار حوکمی ئێرانیان کردووە نەیانتوانیوە یادی کەریم خان بە یەکجاری بسڕنەوە. صەلاحەدین ئەوە هەر باسکردنی ناوێت کەوا هەر لە دوژمنەکانی، خاچییەکان، تا عەرەب و تورک و تێکڕای نەتەوەکانی دیکە ڕێز لەو زاتە پیرۆزە دەگرن.

کەواتە وەکو تاکە کەس پێکچوونیان هەیە؛ بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەنێوان جۆری بزووتنەوە یاخۆ بڵێم لە کاکڵی ئەو ئینتیمایەی کە ئەو دووە نواندوویانە و تێدا بوونەتە سەرلوتکە. کەریم خان عەشیرەتێکی لەگەڵ خۆی بردە نێو فارس و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی و خەڵکی شارستانی کرد. لەپێناو ئەو «مێییەدا» ئەفغانەکانی قەلاچۆ کرد و بەگژ

---

= شوێن کۆ دەکاتەوە. دواتریش لە زەماوەندێکدا لە تاران پاشماوەی خانە زەندییەکان دەکوژێت. ئیتر من و تۆ بۆ کێ بگرین؟

خاڵی هەرە گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ناوبراو تارانی کردە پایتەخت. زۆربەی شەڕکەرەکانی ئەو سەردەمە دوچاری کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە بوونە و لە کاتی خۆیدا کەریم خان بۆساڵێک لە تاران ماوەتەوە و جۆن پێری دەڵێ بیری کردووەتەوە لەوێ دامەزرێت؛ بەڵام دیارە شیرازی پێ باشتر بووە. ئەسفەهان کاول کرابوو و قاجارەکان خۆوبەخت تاران دەکەنە پایتەخت. ئەمە کارتی هەرە گرینگ بوو بۆ حوکمەتەکەیان کەوا تا بیستەکانی سەدەی بیستەم بەردەوام بوون؛ واتە ٢٢٠ ساڵێک.



تورکمان و کورد و بەختیاری و عەرەبدا چووەتەوە. بەڵام عەشایەری زەند و شارستانییەکانی فارس هەرگیز یەکیەتییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی هاوبەشیان پەیدا نەکرد.

زۆر سەیرە، ئایا بابایەکی زەند نیازی وابوو ملیۆنەها فارس بتوێنەوە و بینە زەند؟ گریمان ئەوەبوو نیازەکەیان. باشە، بەڵام ئایا عەشایەری کورد دان بەکەس دەنێن بێ لە تیرە و خوێنی خۆیان؟ ئایا بابایەکی شیرازی و کرمانی و یەزدی و ئەسفەهانی لەژێر دەسەڵاتی زەندەکاندا چی کردبایە؟ حاکمەکە دەڵێ من *زەندم و سوننەم و نابم بەفارس و شیعە و ئەگەر ژنەکەم زاری بەش کردەوە ورد و هەڕای دەکەم و ئەگەر کابرایەکی فارس خوشکێکم داخوازی بکات کابرا و خوشکەکەم و هەموو خوشکەکانی خۆی و خۆم دەکوژم. عەنتەروڵڵاین خۆمان و هەر خۆمان و بەس.* لە هەمان کاتیشدا دان بەهیچ کەس نانێن کە بڵێ «باشە منیش لە خۆتانم» بەداخەوە وەرامی کورد بۆ هەر کەسێکی ناکورد کە ویستبێتی ببێتە کورد، ئەوە بووە کە «تۆ لەخۆمان نیت». ئایا ئەوەیە دەوڵەتپەروەری؟

سەرمایەی بزووتنەوەی زەند هەر ئەوەندەبوو کە شتێک لە عەشایەری دیکە باشتر بوون (ئەوەش تەنیا بەهۆی دووربینییەکی کە کەریم خان و تاک و تەرایەک لەوانەی ئینتیمای کۆڕەویان تێدا بووژابۆوە) دەنا ئەوەی پێی دەگوترێ پیتاندن و ئینتیگرێشن لەنێوان زەند و فارسدا نەکرا. دەشێ بە مارەیییەکی کاتی (سیخە) بزانرێت هەر کە کاتژمێرەکەش لێی دا هەر کەس بۆماڵی خۆی چوو؛ زەند بۆ نێو قەبر. خانمی فارسیش تا ئێستا قیت راوەستاوە ئەمڕۆ، خەریکی ئەمەریکایە بزانێ مێیەتیی کێهەیان زیاتر کار لە تۆوە بەرەڵڵاکانی عێراق دەکات.

زەند بەرانبەر کورد هەر لە ئەسڵەوە دوژمن بوون. جا کە خۆیان کەوتوونەتە گیانی یەکتر و دواتر قاجار قەلاچۆیان کردوون، کەس پەرۆشی نەبووە بۆ مان و نەمانی زەند. ئەوان هەوەس و موغامەرەی خۆیان کرد و

قازانجی خۆیان و رابواردنی دڵی خۆیان کرد و لە جینس و پارە و خوێنڕێژی تێر بوون، ئیدی دەبا هەڵی بگرنەوە. شیوەن و واوەیلا بۆ کێ دەکەین و بۆچی هەمیشە فرمێسک بۆ لایەنی دۆڕاو بڕێژین؟

رەنگە هەندێک کەس وا بزانێ کوردایەتی ئەوەیە بەغدا و ئەستەنبۆڵ و حەڵەب داگیر بکەین؛ بەڵام ئەو بۆچوونەش هەر بەشێکە لە چۆڕانەوە؛ لەوانە چۆڕانەوەی ئینتیما. دیارە نیازی فێربوونمان نییە و لە یەکەم دیاردەی دەسەڵاتدا باغر دەبین؛ چونکە لەم دواییانەدا بەرپرسێکی کورد (بەبێ ناوهێنان) باسی مافی نەتەوەیی کوردی کردووە لە «بەغدا»؛ گوایە بەغداش کوردە و ئەم قسانە. پەه لەو نیگبەتییە زگماکییەی کورد.

قسەی ئەوها تەنیا ئەوەیە کە دەبێتە هۆی وروژاندنی خەڵکی بەغدا و دواتر کوردی بەغدا بەدەردی زەندەکان و یۆنانییە فەنارییەکان[1] قەڵاچۆ دەکرێن. بەوە نییە ئەمرۆ دوو تفەنگۆڵە و هەندێک دەفتەرە دۆلارمان هەیە. هەموو خاکێک ناسنامەیەکی خۆی هەیە. بەغدا وەکو هەولێر و کەرکووک لە سەدەی نۆزدەمدا زمانی عەرەبی تێدا بەدەگمەن دەبیسترا؛ بەڵام ناسنامەی خاکەکە پابەندی گوندی و عەشایەرە کە عەرەبن و هەر دەبێتەوە عەرەب. کە ئێمە دان بە شناسنامەی نەتەوەیی خەڵکی دیکە نەنێین، ئەوان بۆچی لە ئێمە پیاوتر بن؟

هیچ شتێک وەکو ئەم قسانە بەختی کوردیان رەش نەکردووە. دەباشە کەواتە ئەگەر تورکمانێک داوای نیوەی هەولێر و هەموو کەرکووکی کرد دەبێ ئێمەش «سپۆرت!» بین. نەک هەر ئەوە، گریمان خوا لە عەرەبی شێواند و هەموو گوتیان «*باشە کاکە، بەغدا کوردە و هەموومان کوردین*». ئایا خودی ئەو کوردەی کە داوای بەغدا دەکات پێیان دەڵێ «باشە ئێوە لە خۆمانن؟» ئایا ئێمەی کورد برا کوردەکەی خۆمان بە «خۆیی» دەزانین تا

(١) گەڕەکی فەنار لە ئەستەنبووڵ پڕ بوو لە دەوڵەمەندی یۆنانیی.




بەسەر عەرەبەکە رادەگات؟ ئێمە هەڵەی خۆمان نابینین و تەنیا یەک شت لە مێشکماندایە «*من مەغدوورم، من شایستەم، من فەرقم هەیە*». با بگەڕێینەوە سەر باسەکە.

صەلاحەدین و باوک و مامەکانی بنەماڵەیەکی بچووک بوون. کە لە تکریت هەڵدێن بۆ شام، ڕەگەڵ هەزاران جەنگاوەری لەشکرەکەی نورەدین زەنگی دەکەون. ناوبراو خاقانێک بوو لە خاقانەکانی ناوەندی ئاسیا. لافاوی عەشایەری گەیاندبوویە هەرێمی حەڵەب و رەوتی چۆڕانەوەکە بەرەو میسری دەبرد (دوور نییە باپیرەکانی قاجار لەگەڵ ئەو پێڵە عەشایەرییە بووبن). هەرچۆنێک بێت لەم کەین و بەینەدا باوک و مامەکانی سەلاحەدین لەمەیدانەکانی سوپاسالاری و سیاسەتدا توانا و لێوەشاوەیی خۆیان دەسەلمێنن. ئینجا لە نێویاندا ئەستێرەی خودی صەلاحەدین دەدرەوشێتەوە. هەروەها لەو سەردەمەدا دوژمنێکی هاوبەش هەبووە لە نێوان ئەو هەموو تورکمان و کورد و عەرەبەدا ئەوانەش «خاچییەکان» بوون؛ ئەوەبوو مایەی سەرەکی بۆ یەکیەتی «وەلاء».

کە نورەدینی زەنگی دەمرێ، ئەو لەشکرە تێکەڵاوە سەلاحەدینیان پەسند کردووە؛ *نەک لەبەر ئەوەی کە ئەییوبییە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئەییوبی نییە*. یاخۆ بڵێم لەبەرئەوەی بانگەشەی بۆ سووپێریۆریتیی تیرە و ئینتیمایەکی تایبەت نەکردووە؛ بەڵکو بۆ وەلا و ئینتیمایەکی بەرفراوان و رەوتێکی گشتی. ئینجا دەبێ باش بزانین کە تا نورەدینی زەنگی مابوو، کەس نەدەوێرا فزەی لێوە بێت بەڵام کە مردووە، یەکسەر صەلاحەدین بە سوڵتان پەسند کراوە.

ئەوەیە جیاوازی بنەماڵەیەکی پاشایەتی Dynesty، لەچاو عەشیرەتی حاکم. با دیسان سەیری هەمان نەخشە بکەینەوە؛ سێگۆشەی دەستەچەپ بنەماڵەیەکی بچووک دەنوێنێت، ئینگلستان، ئیسپانیا، صەلاحەدین. هێڵەکانی ناوەکی باریکن کەچی سنووری دەرەکی ئەستوورە. کۆمەڵگە




لەوێدا بریتییە لە یەکەی وردتر لەچاو کۆمەڵگەی دیکە. سێگۆشەی دەستەراست شتێک دەنوێنێت وەکو حوکمی سەدام، ئەمەوییەکان، زەند. لەهەمان کاتیشدا حوکمی شاری ئەسینا و ئوور و پایتەختی ناوچەیی دەنوێنێت. حوکمی ئەوانە ئەگەر وەکو بنەماڵەیەک بێت یاخۆ وەکو پایتەختی ناوچەیی، کوتلەیەکیان جودا کردووەتەوە وەکو «عەشیرەتی حاکم یاخۆ شاری حاکم».

بەپێچەوانەش هەر راستە عەرەب گوتەنی «والعکس صحیح وقد یکون اصح»؛ واتە ئەگەر خودی کۆمەڵگەکە بریتی بێت لە کوتلەی گەورە، ئەوسا کوتلەی دەسەڵاتدار دەبێتە ئینتیمایەکی سەربەخۆ وەکو شار و عەشیرەتی سەرلەبەر. ئەو یاسایەی کە لەبەشی عێراق باس کرا رۆنتر دەبێتەوە «خەڵکی لەت لەت دەکەونە بەر دەسەڵاتی کەمینەیەکی یەکگرتوو» (الاکثریة المتناحرة تغلب علیها أقوی أقلیة متحدة).

ئێمە دەیان ساڵە بەکێشەی حیزبایەتییەوە گرفتارین. خۆی لە ناخدا هەندێک کەس وادەزانن چونکە عەشیرەت لە بنەماڵەی پاشایەتی گەورەترە، کەواتە ئینتیما و هێزێکی گەورەتر دابین دەکات. هەندێکیش وا دەزانن ئەگەر خەڵکی یەک شاری پێشکەوتوو باڵادەست بن ئەوسا ئیشەکە باش دەبێت. کەچی لەراستیدا ئەوانە ١٠٠٪ بەپێچەوانەی راستین و لە مێژوودا بنەماڵەی پاشایەتیی سەرکەوتوو ئەو بنەماڵانە بوون کە ئینیتمای



گشتییان نەنواندووە دوور لە یەک عەشیرەت و یەک شار و یەک ناوچە. من دەپرسم ئەگەر ئەمڕۆ خوان کارلۆس ناوچەیەک رەپێش بخات ئەوسا چ دەقەومێت. کەتەلییەکان (هەرێمی کەتەلۆنیا) و باسکییەکان تا چەند رادەوەستن، پێش ئەوەی کاردانەوە پەیدا بکەن بەرەو جودابوونەوە؟ نازانم ئایا نیازمان هەیە تێ بگەین یان سوێند و تەڵاقمان خواردووە کە خۆبیاتی بکەین تا کاول دەبێت؛ ئەوساکەش دیسان فنە فن و گریان دەست پێ دەکاتەوە کە *«ئای هەیش بەختمان نییە»*. با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی سەلاحەدین.

با پرسیارێکی راستگۆ لە خۆمان بکەین «ئەگەر سەلاحەدین و کەریم خان لە کوردستان مابانەوە ئایا کێ بەدوایان دەکەوت»؟ سەبارەت بە کەریم خان، سەدان کەریم خان هەبوون و ئێستاش هەن و تەنیا ئەو کەسە سەری دەرکرد کە پابەندی فارس بوو؛ تارادەیەک زەند ئینجا لەوان پابەندتر، قاجار، ئینجا صەلاحەدین، ئەگەر بە خۆ و بە لەشکرەوە هاتبایەوە کوردستان. بێ لە نەفرەت و نامۆیی بەرانبەر هەموو بێگانەیەک و هەموو سەرکردەیەکی زیندوو و دیتراو، کوا دەرامەتی هەڵسووراندنی دەوڵەت و سوپای گەورە و کێ ئامادەبوو باج بۆ ئەو لەشکرەی پڕ لە تورکمان و عەرەب و کوردی «ناخۆیی» کۆ بکاتەوە؟ *(تۆ ئامادە نی پارەی کارەبا بدەی چۆن لەشکرت پێ بەخێو دەکرێ؟)* پاشان کێ دەڵێ من و تۆی شارستانی لەگەڵ جۆری بیرکردنەوە و رەفتاری سوپاپەروەر دەگونجێین. کوردی شارستانی هەمیشە عاشقی ناوی سەرکردە و رابەری دوور بووە؛ بەڵام کە بەچاوی خۆی دیتوونی یەکسەر بایداوەتەوە. بەسەرهاتێکی راستی دەگێڕنەوە دەڵێن کوڕێک بە شێتانە عاشقی کچێک بوو. پاش کۆمەڵێک کێشە و چاوەڕوانی و «ئاخ ئەگەر بۆ من دەبوو» دەچێ بۆ خوازبێنی. کچ پێشکەش دەکرێت و هەموو شتێک دەبڕێتەوە؛ بەڵام ئەوەبوو کە کوڕەکە لە دوورەوە دیتی کچەکە چوو بۆ ئاودەستخانە. یەکسەر

لەبەر چاوی کەوت و پشتی تێ کرد؛ بۆچی؟ توومەز وای دەزانی ئەو کچە فریشتەیە، کە دیتی وەکو هەر مرۆڤێک دەچێتە سەراو، ئیش گۆڕا. ئێمەش بەسیەتی خەیاڵاتی سەیر بکەینەوە بەرانبەر حوکم و دەسەڵات. دنیا بریتییە لە «ئێرە» و «ئەمڕۆ» و «دوارۆژ».



## تەمەنی ئینتیما

سیستەمی عەسکەری زادەی کۆمەڵگە خێڵەکییەکانە. لە مێژوودا قۆناغ بەقۆناغ مەسەلەکە گۆڕاوە تا وای لێ هاتووە وەکو «وەزیفەیەک»ی لێ بێت. هەندێک عەشایەر لە یەک دوو وەچەدا رووحی سەربازییان پووکاوەتەوە؛ واتە باپیرەکە جەنگاوەرێکی دەشت و مەیدان بووە؛ کوڕەکەی شارستانییەکی باوکسالاری بووە، وەچەی سێیەم تووشی ژنسالاری و رەنگە «مندالّسالاری» بووبن. هەشە وەکو تورک و قازاقەکانی رووسیا و رۆم و ئاشوور و تا رادەیەک ئینگلیز دەیان و سەدان وەچەی خایاندووە.

لە وڵاتی وەرگردا کە ئەم چەرخە روو دەدات، هەستانەوەی بەدوا دادێت؛ واتە وەچەکانی چوارەم و پێنجەم هەستانەوەیەک بەخۆوە دەبینن نەک بەرەو ئاغایەتی یاخۆ باوکسالارییەکی ئاسایی، بەڵکو رەنگە لەشێوەژیانی سەربازیدا خۆ بنوێنێ. کەچی لە وڵاتی بدەر، کوردستان، زۆربەی جار ئەم چەرخە پچڕانێکی دەکەوێتێ کەوا رەنگە لە وەچەی دووەم، سێیەم، چوارەمەوە (پاش هاتن بۆ شار) یان ئەوەتا بەهۆی چۆڕانەوە لە کوردستان دوور کەوتوونەتەوە و بوونەتە تورک و عەرەب و فارس و ئەڵمان و سویدی و هتد، یان ئەوەتا ئەگەر مابن بوونەتە تورکمان، لەکاتی خۆیدا ئاشووری.

مەبەست لە قسەکە دیارخستنی یەک راستییە کە ئایا نەتەوەیەک لە چەند وەچەدا لە نێرسالاری دەگۆڕێ بۆ ژنسالاری. رووبار هەن وەکو نیل و دۆناو و ڤۆڵگا و فورات کە لە کانیاوەکان هەڵدەکوڵێن تا دەگەنە دەریایەکی سوێر هەزاران کیلۆمەتر دەبڕن. رووباریش هەن (بۆ نموونە لە ژاپۆن) ماوەی نێوان کانیاوەکە بۆ دەریا تەنیا چەند کیلۆمەترێکە. توانای هەر نەتەوەیەک لەوەدا دیار دەکەوێ کە تا چەند وەچە رووحی عەسکەری و ئیلتیزامی نەتەوایەتی و شارستانیی تێدا دەمێنێ؟ (ئینتیمای عەسکەریی گەنج نەک عەشیرەتگەری و پێشمەرگایەتی).

با پرسیارێک بکەم، کورد *لەنێوان باوکەکەی خەنجەر بەستوو و ئاربیجی لەشان کە هاتووتە شار ئایا بە چەند وەچە کوڕە شارستانییەکەی بووەتە کوڕێکی گوێ بە گوارە و کچێکی شوونەکەر (رافضة للزواج)*؟ توانا و هەناسەدرێژی و بەرحەیاتبوونی هەر نەتەوەیەک لەوەدایە کە وەچەکانی ناوەندی زۆرتر بن. نەک هەر ئەوە بەڵکو شلبووەکانیش دەشێ بە پەروەردەی وەرزشی و سەربازی[1] زیندوو بکرێنەوە. وڵاتە پێشکەوتووەکان جارەهای جار تووشی مێیەتی و پیری بوونە و دیسان گەنج بوونەتەوە. کوردیش ئەگەر مەسەلەی چۆڕانەوە و کۆچ و بار نەبایە هەمان شت دەبوو. شتێکی دیکەش دەبوو کەوا چەرخی کۆچ و بار، بۆ نموونە *لە گوند بۆ هەولێر بۆ بەغدا، مووسڵ، ئەورووپا* و هتد، رووی نەدەدا؛ *بەڵکو گوند، شار، دیسان گوند، دیسان شار*. ئەوسا ئەو خەڵکەی کە هەندێک کەس بەبێزەوە پێیان دەڵێ دەشتەکی دەبوونە شتێکی زۆر جودا و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئاستی رۆشنبیری و ئینتیمای خەڵکی لادێ دەهاتە دی. با بگەڕێینەوە سەر نێر و مێ.

لە وڵاتێکی وەکو کوردستان وەچە باوکسالارییەکان چەندە پێ داگرن لەسەر سادیزم و لەسەر حاشاکردن لە دیاردەکانی مێیەتی و شارستانەتی، ئەوە یەک ئەنجامی دەبێت کەوا ژمارەی وەچە ناوەندییەکان کەمتر دەبن و لەیەکەمین شکستدا یاخۆ لە یەکەمین دەرفەتی ئازادیدا وەچەکەی پاش خۆیان کاردانەوەیەک دەگرن بەرەو مێیەتی و شلبوونەوە و ماسۆشیزم؛ یانیش ئەوەتا دەردەپەڕن بەرەو ئینتیمایەکی جودا. خۆم شایەدی ئەو

(١) لە کوردستاندا مەنهەجەکانی خوێندگەی ئاسایی و خوێندنی دینی زۆربەی لەسەر دەرخکردن دروست کراون. بایەخێکی زۆر کەم بە وەرزش و چالاکی بە کۆمەڵ دەدەین. تێکڕای ئەوانە رادەی پیری و بێ زیپکی و بێ ورەیی کۆمەڵگەکە دەسەلمێنن.



راستییەم کە لە هەفتاکانەوە تا ئەمڕۆ لەوەتی «وەزیفەی دەوڵەتی و پانتۆڵ لەبەرکردن و سفوور» لەنێو کوردی عێراقدا بووتە شتێکی ئاسایی و هیچی تر پێی ناگوترێ «حەیاچوون و بێناموسی و ناپاکی و نامەردایەتی و هتد» رێژەی کورد زیاد بووە و بەتورکبوون و بەعەرەببوون کەمتر بووەتەوە. نەتەوەی دیکە زۆرن ئەوانەی کە جۆرەها نەفرەتیان لە شێوەژیانی شارستانی کردووە و هەر لەسەر یەک هێڵی لاچەپ رۆیشتوون. کەچی ئەوان و دەیان نموونەی تر هەموو بەهەمان ئەنجام گەیشتوون کەوا لە یەکەمین شکستدا وەچەکانی پاش خۆیان بەجۆرێک تووشی میووعەت بوونە هەر خودا بیزانێ.

ئێستا کە لایەنە بەدەکانی نێرایەتیمان ١٠٠٪ زانی با روو بکەینە دیوەکەی دیکە؛ کوردی شارستانی و ژنسالاری، با پرسیارێک لە خۆیان بکەن کە تا چ رادەیەک ئەو رەفتارەیان بەهۆی ئەو کاردانەوە رووی داوە کە پێشتر باس کرا؟ ئایا بەخۆ دانایەنەوە؟ ئەوەیە مەبەستم لە تەجەڕود کردن و میانگیری. ئەو هەموو سووربوونە لەسەر مێیەتییەکی نەزۆکی پڕ لەگرێی دەروونی و هەزاران رۆژ مشتومڕ و «ئاخ من نازانم چم دەوێ لەم ژیانە» ئەوەی لەنێو بەشێکی گەورەی شارستانییەکان روو دەدات، ئەوە بریتییە لەو چەرخە ئاساییەی کە نەتەوەی سەرەتایی پێدا تێپەڕ دەبێ. ئەم وەرچەرخانە بەرەو ژنسالارییەکی نەگونجاو هەر ئەوەندە نیشان دەدات کە تا چەند کورد هەناسەی کورتە و ئینتیمای ناوەندیی نییە و لە یەک دوو وەچەدا لەم سەر پاز دەدات بۆ ئەو سەر. مۆشنەکە Motion ئەوهایە، لە دەشت و شاخدا ئەوپەڕی نێرەتی و سادیزم، کە دێن بۆ شار کاردانەوە بەرەو ژنسالاری و ماسۆشیزم دەبێ (کەمتر یان پتر). جا ئەگەر شارەکە لە ناوچە شاخاوییەکان دوور بێت، ئەوسا وەرچەرخانەکە قالبی نەتەوەیی دەگرێت هەر وەکو هەولێر و کەرکووک و نەغەدە و شارانی شار لە کوردستانی تورکیا؛ هەروەها ئەورووپا. لەوێدا وەرچەرخانەکە لە شێوەژیان و شێوەزمان

ڕەت دەبێت بەرەو وەرچەرخانێکی بنەڕەتی. دەبا یەک قسە بکەم، کورد و مەغۆل -کە هەردووک عەشایەری یەک قۆناغین- گەورەترین کانگە بوون بۆ دروستکردن و تیژکردنی تورکایەتی لەمێژوودا. وەک باسیش کرا کاتی خۆی دەبووینە ئاشووری.

ئایا ئەم وەرچەرخانە لە چەند وەچەدا روو دەدات؟ ئەم خاڵە پابەندی دوو شتە.

یەکەم، ئەگەر خێزانەکە دەوڵەمەند بن وەرچەرخانەکە درەنگتر روو دەدات؛ پارەش تاسەر بۆ کەس نەماوەتەوە. ئیتر کە دەگەڕێنەوە بۆ چینی ناوەندی، وەرچەرخانەکە بە یەک چرکە روو دەدات.

دووەم، ئەگەر خێزانەکە لە سەرەتاوە توندوتیژ نەبووبن دژی ئافرەت و مێیەتی.

دووبارەی دەکەمەوە، چەندە مافی ئافرەت، (مافی ئافرەت نەک بەرەڵڵایی) لە نێو خێزانە کوردەکەدا پەسند و پێڕەو کرابێت، هەندەش بەزەحمەتتر و درەنگتر دەبنە تورکمان و عەرەب؛ هەندێکیان تاسەر ناگۆڕێن. ئەو کەسەی وا دەزانێ پاراستنی رووحی عەسکەری و ئیلتیزامی شارستانی بەوە دەبێ کە پتر سادیزم و دژ بەئافرەت بین. با بزانێ کە بەم ڕێگە یان ئەوەتا نەوەکانمان دەبنە تورک و ئینتیمای دیکە. یانیش ئەوەتا وەچەی دواتر تووشی ژنسالارییەکی ماسۆشییانە دەبن.

## کوردێنی

ئینتیمای کوردێنی بەڕێژەی سەرەکی ئاڵوودەی ئازادی و دژایەتیکردنی دەوڵەت بووە لە ڕێگەی خۆهەڵکێشان بە دوورکەوتنەوە لە شار و یاسا؛ چ بە عەشیرەتگەری چ بە پێشمەرگایەتی. کە هەردووکیان زادەی دەشت و دەر و کوێستانن. ئەوپەڕی تێگەیشتنمان بەرانبەر بەحوکم ئەوەیە کە بابایەکی زیرەک قسەی پوخت بکات یەکسەر هەموو پارە و عەقڵ و



هۆشمان دەیخەنە بەردەستی. هەروەها ئەوپەڕی تێگەیشتنمان بەرانبەر یاسا ئەوەیە کە دەڵێین «دەبێ ئەوها و ئەوها بکەین؛ بەڵام قەیناکە لە بەینی *خۆمان* شتێکی دیکەیە» ئیتر نە یاسا و نە ئلتیزام دەمێنێ. خۆبیاتی و بەس. بەداخەوەش ئازادی لە دەروونماندا واتایەک دەگەیێنێت کە تێکەڵ بە هەر شتێک کراوە تەنیا بە دەوڵەت نەبێت. کتێبێک هەیە بە ناوی «داغستانی من» نووسینی «ڕەسوول حەمزەتۆف» پڕە لە کانیاو و ئاگردان و خەنجەر و سوارچاک. ئەو کتێبە کە سەرنجی زۆر گەنجی ڕاکێشاوە بەتایبەتیش لە هەولێر کە دەشتە و گەرمێنە و شارستانە و هەمیشە یاسای تێدا سەقامگیر بووە. ئەوەش ڕەخنە نییە لە کتێبەکە بەڵکو تێگەیشتنمان بەرامبەر وشەی ئازادی دیار دەخات. بەڵێ ئەو تەرزە سروشت خوازییە پێویستە بەڵام تەنیا وەکو میوە لەسەر خوانەیەکی ڕازاوەدا، مسۆگەریشە کە ناکرێ خوانەیەکی سەرلەبەر بڕازێنەوە بەس بە میوە.

ئینتیمای کوردێنی لایەنی کەم و کۆڕیی زۆرە، کەچی ئێمە هەر گوتوومانە کوردستان خۆشترە، فێنکترە، جوانترە، کانیاوی زۆرە، میوەی زۆرە، نەفتی هەیە و کورد زیرەکە، ئازایە، شەڕکەرە، ڕێکە و هتد. ئەوجار ئاهێک هەڵدەکێشین و دەڵێین «ئای هەیش پیلانەکانی ئیستعمار». ئەو پیلانانەی ئیمپریالیزم بۆچی تەنیا لە کوردستاندا سەریان گرت؟ من دەپرسم ئەگەر ئینگلیز وەکو ئێمە و عەرەب خەریکی خۆهەڵکێشان بان، دەبوو واز لە ئیش و کاریان بێنن و تەنیا باسی ڕابردووی خۆیان بکەن کە چۆن سەرتاسەری جیهانیان داگیر کرد و سەرە گەورەکانی جیهانیان بەزاند و هتد.

## کورد و دەوڵەت . کورد و ئافرەت

«برمێ دەوڵەت» دروشمێکە کورد لە منداڵییەوە فێری دەبێ کەچی تازە بە تازە دەمانەوێ فیری دەوڵەتپەروەری ببین. ئینتیمای کوردێنی بریتییە لە کاردانەوە دژی حوکمەت و دەوڵەتانی دەوروبەر. سەیر نییە لە کوردستانی تورکیا ئەوپەڕی مارکسیزم و ئیسلامەتیی کۆبێتەوە، بۆچی؟ چونکە تورک دایکسالارییان هەیە و حوکمەتەکەیان عەلمانییە و سەر بە وڵاتانی خۆرئاوایە؛ واتە دەوڵەت چۆن بێ ئێمە بە پێچەوانە دەڕۆین. جا دەبینی ئەوانەی دەردەپەڕێنرێن لەهەموو کەسێک تیژتر دەبێت دژی کورد. هەمان شت لە یۆنان رووی داوە؛ بەڵام لەنێو کورد بەهەبوونی دینێکی هاوبەش لەگوڵ تورک دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە تورکچییەکانی پانتۆرانیزمی بەئەسڵ کوردن. هەر لە سلەیمان نەزیفەوە (والییەکەی مووسڵ کە شێخ عبد السلام بارزانیی لە سێدارە دا، ١٩١٤) تا زۆربەی عەلمانی و کەمالییەکان بە بنەڕەت کورد بوون. مەسەلەکە بریتییە لە شتێکی زۆر بچووک و ئاسان، تورکایەتی ئینتیمایەکی فراوانتر پێشکەش دەکات لە چاو کوردێنی؛ هەروەها ئافرەت لەوێدا وەکو یەخسیر مامڵەتی لەگەڵدا ناکرێ.

کوردی عێراق بەختی لەوە دابوو کەوا نەتەوەی حاکم نەتەوەیەکی عەشایەری و خۆبیاتیکار بوو. کاردانەوی کوردی عێراق بەبێ سێ و دوو بەرەو دژایەتی کردنی توندڕەوی و خوێنڕێژی بووە واش هەر ئەگەر بمانەوێ تەنیا بەگوێرەی کاردانەوە و رقایەتی رەفتار بکەین، دەبێ پێش هەموو شتێک خۆبیاتی بەرپەرچ بدەینەوە، بۆ نموونە؛ لەهجەبازی و حیزبایەتی، چونکە لە ناخدا ئەوەیە هۆی ئەم حاڵەی کە برا عەرەبەکانی عێراق تێدان.

خەباتی رۆشنبیری بۆ پتەوکردنی مافی ئافرەت و بەئاسایی کردنی دیاردەکانی مێیەتی لەکۆمەڵگەدا. مەسەلەکە بەڕای من هەندێ خەباتی



چەکداری گرینگە. بەڵام چەند مینێکی کوشندە هەن لەسەر ئەو رێگەدا. بەداخەوەش لایەنگرانی مافی ئافرەت لەنێو رۆشنبیرانی کورددا پێیان لێ ناون و رۆژانە دەتەقنەوە و کاردانەوە زیانبەخشەکەیان -ماشەڵڵا- بەوپەڕی کاریگەرێتی هاتووەتە کایە. مینەکان بریتین لەوانەی خوارێ.

کوردستان هەندێک شاری تێدایە کە لە ژنسالاریدا گەیشتوونەتە ئاستێکی رۆن و ئاشکرا؛ بەڕای من دەبێ پشوویێک بدەنەوە. رۆشنبیری هەر ئەوە نییە کە ئێمە لە رقی کوڕسالاری بچین مێیانەتر و شلتر بین. رۆشنبیری ئەوەیە کە چەند شادیخواز و پێشکەوتن خواز بین، هەندەش رەند و کراوە بین. ترسی راستەقینە لەوەدایە کە مەسەلەکە تێکەڵ بە خۆبیاتی و ناوچەگەری بکرێت. ئەم شتە لە ناوچەکانی دیکەدا کاردانەوە دروست دەکات بەرەو توندڕەوی دینی و دژایەتی کردنی هەموو دیاردەکانی شارستانەتی و پێشکەوتن. وەک ئەوەی کە هەمیشە لە سۆمەر و ئەکەد و یۆنان رووی داوە.

ئەگەر بەڕاستی مەبەستمان ئەوەبێت، با بڵێین باری ژیانی نیو ملیۆن ئافرەت لە بادینان باشتر بکەین، ئەوسا نابێ روو بکەینە دوو ئافرەت و هەندە هەڵیان بکێشین بە شێوازێکی ورووژێنەر؛ ئینگلیز گوتەنی، Pro-vocing. یاخۆ بچین لە بابان پیاوەکان پتر بچەوسێنینەوە، ئینگلیز گوتەنی، Much more provocative. مارکس دەڵێ چەندە پارە و سەرمایە لە شوێنێک کۆ ببێتەوە، لەبەرانبەریدا هەژاری و دەسکورتی کۆ دەبێتەوە. بەڕای من ئەم گوتەی مارکس تەنیا بەبەر سامانی مادی ناکەوێت، بەڵکو سامانی رۆشنبیریش هەمان شتی بەسەر دادێت. لەو شوێنانەی کە ئافرەت تێدا ئازادن، ئازادییەکە تیژتر دەکەن ئاگاشیان لەخۆ نییە کەوا -بەمەبەست یاخۆ بەبێ مەبەست- کاردانەوە دروست دەکەن دژی ملیۆنان ئافرەتی بەدبەخت. زۆربەی جاریش کاردانەوەکە بەدەستی خودی ئافرەتەوە روو دەدات. جا دەبینی لە یەک شوێندا هەندێک ئافرەت مافیان

دەبێت، کەچی لە بەرانبەردا ئافرەتی دەیان شوێن بەختڕەش دەبن. ئایا ڕقایەتی شتێکی باشە؟ با پرسیارەکە ڕۆنتر بکەم، ئایا مەبەست لە مافی ئافرەتە یاخۆ مەسەلەکە لە بنەڕەتەوە ڕقایەتییە؟

ترسناکتر و زیانبەخشتر ئەوەیە کە مەسەلەی ئافرەت تێکەڵ بە ناوچەگەری و شارپەرستی، ئینجا حیزبایەتی، بکرێت. مەسەلەکە لەوە دەرچووە کە شتێک بێت لە ڕێی خوا بکرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکانی نێر بگەڕێنەوە سەر ڕێگەیەکی مامناوەنجی و ڕوو لە پێشکەوتنێکی ڕاستەقینە بکەن. نەخێر، مەسەلەکە بووەتە ڕقکردنەوە و حیزبایەتی و ناوچەگەری. لە منی وەرمەگرن لە مێژووی وەربگرن کەوا تاکو ڕێگەکە ئەم ڕێگە بێت، ئەوسا هەر هەنگاوێک بەرەو پێش، دە هەنگاوی بەدوادا دێت بەرەوپاش. ئەوە ئەرز و ئەمە گەز.

## کوردی کەیوانی

تاقمە کوردێک هەن دەوڵەتێکی گەورەیان هەیە لە حەبەشە تا ئێستا کەس ناوی نەبیستوون؛ پێیان دەڵێن کەیوانی. ئەوانە تاکە خەڵکێکن لە زاگرۆس دوور کەوتبنەوە و سەدان ساڵ دەسەڵات و زمانی خۆیان لەدەست نەدابێ. تا ئێستا چینی حاکمی یەمەن و حەبەشە لەوان پێک دێت، بەڵام کەوا مەیلەو ئەسمەر و باڵابەرزن ئەوە بەهۆی کەش و هەوای حەبەشەیە و بەهۆی تێکەڵاوییە؛ چونکە بەپێچەوانەی کوردی دیکە کەیوانی ژنیان دەدا و ژنیان دەخواست و گوێیان نەدایە تیرەپەرستی و خۆییاتی.

سەردەمی شا ئیسماعیل و دواتر شا عەبباس سەفەوی کوشتارێکی زۆر لە نێو کورددا کراون. بنەماڵە گەورەکان کە کولتووریان پڕە لە شەرم و لووتبەرزی و بێگانەبەدەری، کە زۆربەی پیاوەکان دەکوژرێن منداڵ و بێوەژنێکی زۆریان لەدوادا بەجێ دەمێنێت. زۆر لە ژنەکان خوێندەوارییان هەبووە و زۆربەیان لە ماڵی میر و بەگزادەدا ژیاون؛ کەچی ئەو هەموو شەرم



و لووتبەرزییە لە خاک وەردەدرێت و هەندێک یەخسیر دەکرێن و هەندێکیان هەتک دەکرێن و هەندێکیان خۆ دەکوژن. ئیتر ئەوانەی کە دەمێنن ڕۆژ بەرۆژ لە کوردستانی ئێرانەوە هەڵدێن بەرەو کوردستانی عێراق.

کە گەیشتوونەتە کوردستانی عێراق دیمەنیان وەکو دۆم و قەرەج وابووە. خەڵکەکە سووکایەتی و نەفرەتیان لێ دەکەن. کوڕەکانیان گەورە دەبن و ڕوو لە چەتەیی و هەموو ڕێگەیەک دەکەن لەپێناو مانەوەدا. لەهجەکانیان دەبێتە تێکەڵاوییەکی سەیر لەنێوان کۆمەڵێک لەهجە، بەڵام هیچی تر کاتی ئەوەیان نەماوە لەهجەبازی و خۆییاتی دژی یەکتر بکەن چونکە مەسەلەکە مان و نەمانە.

والیی بەغدا بەسەر شارۆچکەکانی کفری و تکریت و چەمچەماڵ و کەیوانی کەرکووک بڵاویان دەکاتەوە و ئەرکی پاراستنی ڕێگەی بازرگانی بەوان دەسپێرێ. وشەی کەیوان بەسەر خۆیان دادەهێنن و بەدرۆ بە خەڵک دەڵێن ئێمە عەشایەری کەیوانین و ئاغامان هەیە، تاکو لێیان بترسن. والییەکەی بەغدا دەمرێت و کەس ئاگادارییەکی ئەوتۆی نامێنێ دەربارەی ئەو پەناهەندانە. خەڵک وا دەزانن ئەوانە عەشیرەتێکن؛ بەڵام عەشیرەتێکی سەیر چونکە ژن سەرپەرشتییان دەکردن و کچەکانیان لە مسکێنی گوند و عەشایەری دیکە مارە دەکرد و دەیانخستنە کاری پاسەوانی. پاش سەدەیەک هەواڵی ئەو کەیوانییانە بیستراوە کە عەشیرەتێکی کۆچەر بوون لەنێوان مووسڵ و حەڵەب هەم بازرگانی و هەم پاسەوانییان دەکرد.

٣٠٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ کە عەشیرەتی شەممەر لە باشووری عێراق کۆچ دەکەن بۆ ناوچەی میسۆپۆتامیا (جەزیرەی مووسڵ) کەیوانییەکان سەرەتا تووشی شەڕ دەبن و لەبەر پاڵە پەستۆی شەممەر دەخزن بەرەو حەڵەب و

شام. دواتر تێکەلاوی لەگەڵ مسکێن و شوانەکانی شەممەر و عەشایەری دیکەش پەیدا دەکەن و بەشێکی گەورە لەو عەرەبە باڵابەرزانە رەگەڵ ژنە کەیوانییەکانیان دەکەون. یەکەمجار بوو لەمێژوودا پیاوی عەرەب بێتە سەر زمانی ئافرەتی کورد؛ ئەوەش بۆچی؟ چونکە ئەو عەرەبانە لە شەڕی عەشایەری دیکەدا بەزیبوون و نەیاندەویست بە عەرەب و عەنتەر بناسرێن بەڵکو دەیانگوت ئێمەش کەیوانین و خەڵک چ دەڵێن با بڵێن.

پاش ئەوە بەختیان بەیەکجاری دەگۆڕێ. والیی دیمەشق پاراستنی رێگەی حەجیان پێ دەسپێرێ. لەماوەی ٥٠ ساڵدا بازرگانی لەنێوان شام و مەککە بەتەواوی دەکەوێتە دەست کەیوانییەکان. زمانی ئەو هێڵە بازرگانییە دەبێتە زمانی کەیوانی کە شێوازێکی ئاسانە لە شێوازەکانی ناوچەی شنۆ، بەڵام وەک بڵێی گرامەری کرمانجی سەروو بەکار دێنن؛ واتە وشەی موکریانی بەڵام بە گرامەری کرمانجی. هەموو عەشایەری عەرەب، ئەوانەی کە وازیان لە کۆچەری هێناوە و بوونەتە بازرگان و شارستانی دەست پێ دەکەن بەو زمانە بدوێن بۆیە وشەیەکی زۆر لە زمانی عەرەبی دەکەوێتە ناو زمانی کەیوانی.

ساڵی ١٨٠٥ ئاژاوەیەکی گەورە لە یەمەن روو دەدات. یەمەنیش وڵاتێکی بێ پایتەختە و هەمیشە جۆرەها خۆبەخۆیی رووی داوە. پاشای بەشی باکووری یەمەن داوای یارمەتی لە کەیوانییەکان دەکات و بە یەک ساڵ هەموو یەمەنی بۆ دەپێچنەوە. داوەتێکیان دەکرد و لە پڕ ئاغا شۆڕشگێڕەکانی یەمەنیان قەڵاچۆ دەکرد. سەیریشیان پێ دەهات کەوا لە هەر کاتێکدا عەشیرەتێکی یەمینیان قەڵاچۆ دەکرد عەشیرەتەکانی دیکە یارمەتییان دەدان. ئیتر بە یەکە یەکەیاندا هاتن. پاشاکە دەمرێت و کوڕەکانی شل دەبنەوە و تێک بەردەبن کەچی یاسا و سیستەمی حوکم لەدەست کورد دەمێنێت؛ چونکە بنەماڵەی ئەو پاشایە تێکەڵ بە خەڵکی یەمەن نەدەبوون و خۆیان لە قەڵاتێکدا بەلاوە نابوو. عەشیرەتێکی نەجدی



هێرش دەکەنە سەر ئەو قەڵاتە و قەڵاچۆیان دەکەن. لەبەرانبەردا کەیوانی تۆڵەیان بۆ دەکەنەوە و یەکێک لە تیرە کەیوانییەکان تا ئێستا حوکمی یەمەن دەکات. بەزمانی ئەوان قسە دەکەن و لەوان عەرەبتر و دەوڵەتپەروەرترن و یەکیەتیی یەمەن بەوان وەستاوە و دەست لە هیچ لادەرێک ناپارێزن.

لە ١٨٧٠ هەمان شت لە حەبەشە روو دەدات. بەشێکی کەم لە کەیوانییەکان لە یەمەن دەمێنن بەشی گەورەیان لە دەریا دەپەڕنەوە. ئەو کۆچە نەبایە بۆ حەبەشە رەنگ بوو یەمەن بەیەکجاری بتوێنەوە و ببن بە کورد. هەرچۆنێک بێت لە ئەفریقیا تووشی عەشایەرە دڕندەکانی سۆماڵ دەبن. بەڵام یەکسەر بەسەر فێڵەکە دەکەون، ئەوان تامەزرۆی ئافرەتی سپین. هەروەها عەشیرەت و یەکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو پابەندی یەک پیاو دەبوون «ئاغای عەشیرەت، شێخی تەریقەت و هتد». کە هەر یەک لەوانە دەمردن یان دەکوژران لایەنگرەکانیان بەدەستی ئەوانی دیکە راو دەنران. ئیتر خوا دای، بەهەزاران لایەنگر بۆ کەیوانییەکان پەیدابوون. چ بکەین چ نەکەین؟ ئەو عەشایەرانە لەمێژبوو داخداری پاشا مەسیحییەکانی حەبەشە بوون. گوتیان با بچینە غەزا و جیهاد. زۆربەی هەرە زۆری عەشایەری سۆماڵی بەدوا کەیوانییەکان کەوتن و لەوێدا لە ماوەی ١٠-٥٠ ساڵێکدا تێکڕای دەشت و دەریان رامالّی و خودی خەڵکی حەبەشە دەهاتنە سەر دینی ئیسلام و مەسەلەکە لە هەموو لایەک خۆش هاتبوو. فەرقی حەبەشە و یەمەن لەوەدا بوو کە حەبەشە وەکو یەمەن زمانێکی دینی و دەوڵەتیان نەبوو، بۆیەش لە حەبەشەدا زمانی کەیوانی تا ئێستا بەکار دێت و خەڵکی حەبەشە خۆیان بە ئاسیایی دەزانن. تا ئێستاش کام عەشیرەتی دواکەوتوو بیەوێ تێکەڵ بە شار و دەوڵەت بێت ناچارە واز لە لەهجە لاوازەکانی ئەفریقی بێنێت و زمانی کەیوانی بەکار بێنێت و لە چەند وەچەیەکدا هەموو دەبن بە شارستانی کەیوانی و هیچی

تر. ئاوڕ لە گرفتی جینسی و کێشەی عەشایەری نادەنەوە؛ بەڵکو زمان و ئینتیمایان بریتییە لە یەک شت، زمانی دەوڵەت و وەلا بۆ سوپا و بۆ دەوڵەت. جارانی جار کوشتاریان لەنێو عەشایەردا کردووە، بەڵام کەم خۆ لە شارستانی دەدەن؛ چونکە شارستانی بە ئاسانی لەگەڵیان ڕێک دەکەون و زۆربەی جار دەتوێنەوە.

ئێستاش با ڕاستی بە خوێنەران بڵێم کەوا وشەی کەیوان وشەیەکی ئینگلیزییە (K1) و ئەسڵەن ئەم چیرۆکە وجوودی نەبووە؛ هەموو هەڵبەستنێکی خەیاڵی بوو. نە کەیوان عەشیرەتە و نە کورد حوکمی یەمەن و حەبەشە دەکات. مەسەلەکە بریتییە لە بەسەرهاتەکانی عەشایەری ئاسیا و هێڵی ئاوریشم (هێڵی بازرگانی لەنێوان چین، ئێران، ئەوروپا). زمان و ئینتیماکەش زمان و ئینتیمای تورکە کەوا جارانی جار خەڵکی شار و عەشیرەتی حاکم لە ناوەندی ئاسیادا قەڵاچۆ کراون و لە ژیانی شارستانییەوە کەوتوونەتە کۆچەری؛ ئینجا دیسان شارستانی. بۆ نموونە عەشیرەتی خیتای لە سەدەی هەفتەمی زاینیدا لە پیکین حوکمیان دەکرد. هێرشێکی مەغۆلی لە چینیان دەر دەکات بۆ بیابانی تورکستانی خۆرهەڵات، لەوێدا بوونە کۆچەر بۆ ماوەی چەند وەچەیەک. کچەکانی خانەکان دۆست و مێردیان هەڵدەبژارد لەنێو جەنگاوەرە هەرە باشەکانی عەشایەر، خیتای و نا خیتای. هەروەها لە باوک و براکانیان سوورتر دەبوون لەسەر ئیلتیزامی عەسکەری. یەکیان دۆستەکەی هێناوەتە نێو خەڵکەکە و بەدەستی خۆی کوشتوویەتی تاکو خۆبەخۆیی و ئاژاوە لەنێو عەشیرەت، یاخۆ بڵێم سوپای خیتای، ڕوو نەدات.

پیاوانی عەشایەری دیکە بەئاسانی وەردەگیران و دەبوونە ئەندامی ئەو هۆزە کۆچەرانە کەوا ئینتیمای ڕاستەقینە لەنێوانیاندا خزمایەتی و خوێن نەبوو، بەڵکو بەچەشنی سوپایەکی نیزامی ئەفسەر و ژنە ئەفسەر و سەرباز



و سەردەستەیان هەبوو و لە هەرکاتێکدا پێویستییان بە چەکدار هەبووبێت عەشایەر و گوندی خەڵکی دیکەیان خستووەتە نێو سیتسەمی سوپاکانیان و هەمیشە ئامادەبوون ئەرکی دەوڵەتی سەرلەبەر لە ئەستۆدا بگرن. لە دەشت بۆ شار ئینجا بۆ دەشت هەر جارە چەند وەچەیەکی خایاندووە و هەر جارە پابەند دین و دەوڵەتی جودا دەبوون. جارانی جار شکاون، بەڵام شکستەکانیان وەکو شکستی خەڵکی ئاسایی نەدەبوو؛ چونکە زوو تێکەڵ بە لایەنی سەرکەوتوو دەبوونەوە و خودی لایەنی سەرکەوتوو دوچاری ئەو ئیلتیزامە عەسکەرییە دەبووەوە. پابەندبوونیان بە دینی دەوڵەتەکان و زمانی دەوڵەتەکان لەلایاندا هەندە گرینگ نەبوو وەکو «خودی پابەندییەکە». خۆ هەندەی نەمابوو ئەسکەندەر مەکەدۆنییەکان بەلاوە بنێت و فارس و ماد (فارسی ئەو سەردەمە) بەخۆوە بگرێت. ئیتر خیتای یەک نموونە بوو لەنێو دەیانی نموونەی وەک خۆیان.

بەسەرهاتی ئەوها جارانی جار لە ناوەندی ئاسیادا ڕووی داوە؛ چونکە نە جار و نە دوو جار دەوڵەتی عەشایەری کۆچەر (دول بدوية) و دەوڵەتی شار (دویلات المدن) هەم چینی حاکم تووشی قەڵاچۆ و یەخسیری دەبوون. هەم خەڵکە شارستانییەکە دەبوونە کۆچەر و لە شارستانێکی دیکەدا خۆیان دەگرتەوە. ئەوەیە کە تۆینبی دەڵێ خەڵک ئەسپی ڕەسەنیان بە خێو دەکرد کەچی تورک پیاویان بەخێو دەکرد بۆ سوپا و شێوەژیانی سەربازی.

سەبارەت بە کوردستان، پێش تورک هەمان جۆر پێڵی «کۆچەری سەربازی» وەکو میتانییەکان هاتوون و بەشی باکووری زاگرۆسیان تواندووەتەوە. دواتر هەمان شت بەدەستی ماد کراوە و ئەو جارە بەشی باشووری کوردستانیان تواندووەتەوە. تورک لە پاش سەردەمی عەبباسییەوە دەست پێ دەکەن بەدرێژایی ١٠٠٠ ساڵێک بڕژێنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێیدا نیشتەجێ دەبن و بەشی زۆریان تواندەوە. ئەگەر ڕاکەڕاکە بۆ داگیرکردنی تورکیا نەبایە، ڕەنگ بوو تا ئێستا بەشی

گەورەیان لێرە مابانەوە بەچەشنی ماد و میتانی. هەروەها یەک شت پێویستە بگوترێ، ئێستا زۆر کەس دەڵێن ئەگەر کورد موسوڵمان نەبووبایە دەوڵەتی دەبوو. باشە ئایا ئومێد دەکەن کورد لە ئەرمەن و سریانییەکان باشتری پێ کرایە؟ چەندی خۆمان بێنین و بەرین، دەردەکەمان دەردە ئینتیمایە. دین بۆ تێکڕای نەتەوەکانی خاوەن دەوڵەتی ئەم جیهانە تەنیا تەواوکەری ئینتیمایە و ئامێرێکە بۆ بەڕێوەبردن و کۆمەڵایەتی دەنا کە ئینتیما نەبوو دین دەبێتە ئینتیما. جا ئەگەر مەسیحی و هەر دینێک بووباین، هەمان مەسەلە (هەندێک کەمتر یان هەندێک پتر) رووی دەدا.

مەبەست لەم چیرۆکەی پێشوو ئەوەبوو کاڵی ئینتیمای کۆڕەو (عەشایەری دوو قۆناغی) دیار بخرێت و ئەو جیاوازییە گەورەش بزانین لەچاو عەشایەر و گوندیی یەک قۆناغی. میسر و فارس و عێراق هەمان شت بوون (یەک قۆناغی) بەڵام بەراو و شارستان و پایتەخت و سنووریان هەیە. ئێمە وێڕای هەموو بەدبەختییەکانی جیۆپۆلیتیک بەرەوڕووی ئەو جۆرە ئینتیمایە بووینەتەوە و نازانین بۆچی هەر ئەوان سەر دەکەوتن؛ بەڵێ کورد، عەرەبیش، لە مەیدانی عەشیرەتگەریدا دەیان هۆزی تورک و مەغۆلیان تواندووەتەوە. بەڵام مەرج و تەحەدای راستەقینە لە شار و شارستانەتیدایە. وەک باس کرا، کورد لە شاری نێو شاخ خۆبیاتیی گوند و عەشیرەت دەگۆڕێتەوە بە شارپەرستی و لە شاری دوور لە شاخ دەیکاتە تورکایەتی. هەندێکیان هێشتا خۆ بەکورد دەزانن هەندێکیشیان بەوە ناوەستن و کاردانەوەکەیان دژی «جۆرەها خۆبیاتیی کورد» تیژتر دەبێ. هەرچۆنێک بێت با زگمان بەخۆ نەسووتێت و شەرم و خۆخواردنەوەی پێ ناوێ. ئێمە هێشتا لەدایک نەبووین. دەشێ بگوترێ وا بەرە بەرە لەدایک دەبین ئەگەر دیسان پەلەقاژەکەمان وا نەکا لەبەرچین.

ئەمڕۆ نا دە وەچەی تر، خەڵکی زاگرۆس و هاوسێکانی خەڵکی زاگرۆس دەبێ رێگە چەوتەکانی هەمیشەیی دووبارە نەکەنەوە. گرینگیشە کە وا



نەزانین زانست و رۆشنبیری سوودیان نییە و هەچی بیکەین هەر خراپەکان سەردەکەون و ئەم قسانە. فیتەرێک یان دکتۆرێکی نەفام هەر بڵێ «کاکە وەڵڵاهی هیچ عەیبت نییە؛ بەڵام چ بکەین بەختەکە وایە» و ئیتر نووزەنووز و فرمێسکم بۆ بڕێژێت و منیش بگرێنێت، ئەوە دادی کەس نادا. فیتەری باش ئەوەیە عەیبەکە دەبینێتەوە و پێم دەڵێ چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێلەکە هەندەی پێویستە یان دەڵێ پێی چاک ناکرێت. ئەوسا منیش یان ئەوەتا لە شوێنێکی دیکە چاکی دەکەمەوە یانیش ئەوەتا بیری خۆمی لێ دەکەمەوە کە یەکجاری واز بێنم نەک هەموو رۆژێ خۆ بەمن بەخێو بکات و هەر پارەم پێ خەرج بکات بەبێ سوود. فیتەری چی، ئۆتۆمۆبێلەکە دیزڵە، ئەو بەنزینی تێ دەکا. ئەگەر جارێک خەڵەتام خوا بیگرێ، ئەگەر دووجار خەڵەتام دەک خوا رەگ و ریشەم نەهێڵێ.

## کۆتایی

کتێبەکەمان بە کۆڵن ولّسن دەست پێ کرد، دەبا هەر بە شێوازی ئەویش کۆتایی پێ بێت کە زۆربەی نووسینەکانی ناوبراو بریتین لە باسکردنی رۆمان و چیرۆک. بەرهەمە کوردییەکان نرخێکی بێ سنووریان هەیە لەوەی کە رەخنەی توندوتیژیان لەخۆ گرتووە؛ بەڵام بەداخەوە هەر بە شێوازی کۆمیدی دەکرێن.

سەبارەت بە فیلمی بیانی، بریا هەموومان لە فیلمی American Beauty قووڵ بووباینەوە کەوا لەوێ پێشانت دەدات ژنسالاری لەوپەڕیدا و باوکسالاری لەوپەڕیدا چ تاوانێکیان هەیە بەرانبەر بە ئازادی و شادمانیدا. بەڵام وەکو جۆرێک «لێدانی زەنگی خەتەر» حەز دەکەم باسی زنجیرەی ستارتریک بکەم کە لە هەفتاکاندا پێشکەش دەکرا. ستارتریک بەرهەمێکی تەلەفزیۆنیی خۆش و سەرکەوتوو بوو. بێ لە پاڵەوانەتی و ئەکتەری بالاّ خشت و گەڕان بەنێو ئاسماندا، خەیاڵی زانستی و شتی فەلسەفیی گرینگی تێدا بوو. لە ئەڵقەیەکدا کاپتن کرک (پاڵەوانی زنجیرەکە) لەگەڵ هەڤاڵەکانی دەچنە سەر هەسارەیەکی پڕ لە جۆرە جانەوەرێکی ناشیرن. دیار بوو کە ئەو جانەوەرانە هەموو یەک رەچەڵەک بوون کەچی بووبوونە دوو تاقم و یەکتریان دەکوشت. تاقمێکیان وەکو دڕندە بەدەست و جنجرۆک شەڕیان دەکرد، تاقمەکەی دیکە چەکی لێزەریان بەکار دەهێنا دژی وەحشییەکان. تاقمە چەکدارەکان کاپتن کرک و هەڤاڵەکانی دەگرن و دەیانەوێ بیانکوژن. لێرەوە دەمەقاڵێیەکی فەلسەفی دەست پێ دەکات لەنێوان کاپتنەکە و سەرۆکی جانەوەرەکان، بەدەستکارییەوە دەیگێڕمەوە:

کاپتن: کاکە بۆچی دەمانکوژن؟

جانەوەر: ئێمە لە هەموو کەس بەهێزترین و «لەخۆمان» بەولاوە نابێ



کەس بمێنێ. سەیر بکەن ئەو جانەوەرانەی کە شێوەیان لە شێوەی ئێمە دەکات، ئەوانە باپیرەکانمانن. ئێمە زانیاریمان هەبوو کە باپیرەکانمان شەڕکەر بوون؛ بەڵام شەڕکەرێکی نەفام. جا هاتین فێرە دەوڵەت و سوپاپەروەری بکەین بەڵام دیارە سوودی نییە و قەت پێش ناکەون.

کاپتن: جا چ جیاوازییەکیان هەیە، ماشەڵڵا ئیش و کارتان هەر شەڕ و کوشتنە. بەڵام توخوا با پرسیارێک بکەم، ئێوە دەڵێن ئەو دڕندانە باپیرەکانی ئێوەن، چۆن وایە؟

جانەوەر: ئاخر ئێمە ئامێری زەمان بەکار دێنین. ئێمە شاندێکین ١٠٠٠ ساڵ گەڕاوینەوە دوا.

کاپتن: راوەستە با بزانین، ئایا لە سەردەمی ئێوەدا فلان ئەستێرە بەم جۆرە بوو؟

(ئەستێرەیەکی کردە نیشانە، ئەستێرەکە تەقیبوو و بووبوو بە سەدیم).

جانەوەر: ئۆ! ئەو ئەستێرە ئەوها نەبوو، کەی ئەوهای لێ هات. دیارە ئامێرەکەمان تەواو نییە و لەباتی رابردوو ئێمە هاتووین بۆ ١٠٠٠ ساڵ دوای خۆمان.

کاپتن: تازە تێ دەگەیت هەی نەفام؟ ئەم وەحشییانە باپیرەکانتان نین بەڵکو ئەوانە نەوە و نەتیجەی ئێوەن و تاکو ئەوها باغر و لالووت بن هەر بەم ئەنجامە دەگەنەوە.

## پێڕست


سەرگوزەشت ..... 5
ڕێ خۆشکردنێک بۆ تێگەیشتنی ئینتیما ..... 11
هەندێک خەڵک و خاک ..... 17
وڵاتی بێ پاتەخت ..... 39
کوردستان وڵاتی زاگرۆس ..... 41
عێراق ..... 45
کاردۆنیاش ١٥٩٥-١١٦٢ پ.ز ..... 58
ئاشوور، یەکەم ئینتیمای نەتەوەیی ..... 60
یەکەم دیاردەی ڕەگەزپەرستی ..... 63
زاگرۆس لەژێر حوکمی ئاشووردا ..... 67
رووخانی ئاشوور ..... 68
پەیدابوونی ئوممەت، پەیدابوونی تەوحید ..... 70
دوا هەستانەوەی بابل ..... 72
کۆچی هیلال ..... 74
نەمانی بابل ..... 79
میراتە دینییەکەی عێراق ..... 81
یاسا لەنێوان عەشیرەت و شاردا ..... 86
قسە ئاوێنەی دەروونە ..... 99
یاسا ئاشوورییەکان ..... 106
عەرەب ..... 112
عەرەب، عێراق ..... 115
ئاگری خۆییاتی ..... 117
کاردانەوەی عێراقی ..... 119
علی، معاویە، تحکیم ..... 123
حەجاج ..... 125
عەبباسییەکان، کاردۆنیاشی دووەم ..... 133
سەدە تاریکەکان ..... 139
سەدەی بیستەم ..... 152





یۆنان ..... 165
زنجیرەی مێژوو ..... 169
جەنگی میدی (٤٩٠-٤٧٩ پ.ز) ..... 172
پاش سەرکەوتنی ئەسینا ..... 174
جەنگی پیلۆپۆنیز (٤٣١ - ٤٠٤ پ.ز) ..... 177
پاش سەرکەوتنی سپارتا ..... 180
زینۆفۆن ..... 182
سەردەمی هێلینی - لە ئەسکەندەرەوە تا کیلیۆپاترا ..... 193
رۆم ..... 199
قودس ..... 205
وەرگەڕانی یۆنانییەکان بۆ مەسیحیاتی ..... 216
مەسیحیاتی لە رۆما ..... 222
بیزەنتە، یەکەم پایتەختی سروشتیی یۆنانییەکان ..... 227
دیسان ئاژاوە ..... 233
لە ١٩٥٠ تا ئەمڕۆ ..... 240
کوردستان ..... 242
دوو دیمەنی مێژوو ..... 252
چۆڕانەوە ..... 268
کوردی ناوەوە ..... 270
کوردی دەرەوە (چۆڕاوەکان) ..... 274
کەریم خان و سەلاحەدین ..... 277
کەریم خان ..... 278
تەمەنی ئینتیما ..... 294
کوردێنی ..... 297
کورد و دەوڵەت. کورد و ئافرەت ..... 299
کوردی کەیوانی ..... 301
کۆتایی ..... 309